حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی گەرمیان

كۆلێجی پەروەردە

بەشی زمانی كوردی

# دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی كوردیداو

# لێكدانەوەیەكی واتایی

نامەیەكە

**تریفە محەمەد فەرەج**

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی پەروردەی زانكۆی گەرمیانی كردووە و بەشێكە

لە پێویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا

**سەرپەرشت**

**پ.ی.د.دارا حەمید محەمەد**

( ٢٧١٦)ی كوردی

(٢٠١٦) ی زاینی

ئەم نامەیە بە سەر پەرشتی من لە زانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو:پ.ی.د.دارا حەمید محەمەد

ڕۆژ:

بەپێی ئەو پێشنیازە،ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:پ.ی.د.دارا حەمید محەمەد

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ:

# پێشکەش:

–ئەم نامەیە پێشکەشە بەهەمو ئەو کەسانەی،کە بە خوێن و نوکی خامەیان بەرگری لە خاك و نەتەوەی کورد دەکەن.

–پێشکەشە بە هەمو خوێنەرێك،کە هەوڵی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەدات.

–پێشکەشە بەوانەی، ئەم نامەیە دەخوێننەوە.

**تریفە**

# سوپاس و پێزانین:

-زۆری سوپاسی مامۆستای بەڕێزم (پ.ی.د.دارا حەمید محەمەد)دەکەم،کە ئەرکی سەرپەشتیکردنی نامەکەمی لە ئەستۆ گرت.

-زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان،کۆلێژی پەروەردە،بەشی زمانی کوردی دەکەم کە دەرفەتی خوێندنی باڵا(ماستەر)یان بۆ ڕەخساندین لە بەشەکەمان.

-زۆر سوپاسی هەمو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە لەکۆرسی خوێندنی ماستەر وانەیان پێوتوم.

-زۆر سوپاسی خانەوادەکەمدەکەم ، کە هەمیشە پاڵپشتیکەرو یارمەتیدەرم بون لە تەواوکردنی خوێندن و گەیشتنم بەو پلەیەی کە ئامانجم بووە.

-زۆر سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم(خۆشی ئەنوەر)دەکەم ، لە بەدەستخستنی سەرچاوە ئیگلیزییەکاندا یارمەتی داوم و بەشێکی زۆری وەرگێڕانەکانی بۆ کردوم.

-زۆر سوپاس هاوڕێی خۆشەویستم(م.میدیا ڕەفیق)دەکەم لە کاری وەرگێڕاندا یارمەتی داوم.

-زۆر سوپاسی هەمو ئەو بەڕێزانە دەکەم لە تەواوکردنی ئەم نامەیەدا هاوکارییانکردوم.

**تریفە**

## لیستی هێما و کورتکراوەکان:

| | | |
|---|---|---|
| ڕستە | Sentence | S |
| فرێزی ناوی(ف.ن) | Noun Phrase | Np |
| فرێزی کاری(ف.ك) | Verb Phrase | VP |
| فرێزی ڕادە | Quantity Phrase | QP |
| دۆخی بکەری | Nominative Case | NoC |
| دۆخی بەرکاری | Accusative Case | AcC |
| دۆخی بانگکردن | Vocative Case | VoC |
| دۆخی دیارخەری | Determiner Case | DeC |
| سەرە | Head | H |
| ئەگریمێنت،ڕێکەوتن | Agreement | Agr |
| دەسەڵات و بەستنەوە | Goveernment And Binding | GB |
| ڕێزمان نادروست | | * |
| واتا ناڕاست | | ? |
| ڕونکردنەوە | | ⋆ |
| دەبێتە | | ⬅ |
| لێکسیك | Lexicon | Lx |
| دروستەی قوڵ | Deep Structure | DS |
| دروستەی ڕوکەش | Surface Structure | SS |
| فۆرمی لۆجیکی | Logical Form | LF |
| فۆرمی فۆنەتیکی | Phonatic Form | PF |
| سینتاگماتیك | Syntagmatic | Sy |
| سەرەی حوکمکار لە ڕاستەوە بۆ چەپ | | ← |
| سەرەی حوکمکارلە چەپەوە بۆ ڕاست | | → |
| پێشگریمانە | Presupposition | >> |
| گرتنەوە | Entelment | << |
| هەڵوەشاندنەوەی گرتنەوە | | ≤≤ |
| کورتکراوەی تیۆری ستانداری فراوانکراو | Extended Standard Theory | EST |
| کورتکراوەی تیۆری ستانداری فراوانکراوی هەموار کراو | Resive Extanded Standard Theory | ReST |

# لیستی زاراوەكان:

| | |
|---|---|
| ء | |
| ئەبستراكت | Abstract |
| ب | |
| بكەری لۆجیكی | Logical subject |
| بكەری ڕێزمانی | Grammatical subject |
| پ | |
| پێشگریمانە و كەلتور | presupposition&cultures |
| پێشگریمانەی لۆجیكی | logical presupposition |
| پێشگریمانەی پەسنی | description presupposition |
| پێشگریمانەی لێكەوتەیی | implicative presupposition |
| پێشگریمانەی ڕاستەقینەیی | factive presupposition |
| پێشگریمانەی بەراوردی | Comparative presupposition |
| پێشگریمانەی پرسیاری | interrgative poresupposition |
| پێشگریمانەی پراگماتیكی | Pragmatics poresupposition |
| پێشگریمانەی بون | existential presupposition |
| پێشگریمانەی سیمانتیكی | Semantics Presupposition |
| پێشگریمانەی ناڕاستەقینە | no factive presupposition |
| پێشگریمانەی لێكسیكی | lexicon presupposition |
| پێشگریمانەی دروستەیی | strucural presupposition |
| پێشگریمانەی دەرونی | Phycho poresupposition |
| پێشگریمانەی نەرێكراو | negation presupposition |
| ت | |
| توخم | Gender |
| توانست | Competence |
| توانستی پراگماتیكی | Pragmatic competence |
| توانستی كەلتور | Calture competence |
| توانستی كۆمەڵایەتی | Soico competence |

| | |
|---|---|
| Discription competence | توانستی پەسنکردن |
| observation competence | توانستی تێبینیکردن |
| interpretative competence | توانستی شیکەرەوەیی |
| standard theory | تیۆری ستاندارد |
| Extended standard theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| Revised Extended standard theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو |
| | ج |
| Replacement | جێگرتنەوە |
| Alternative | جێگرەوە |
| Fixture | جێگۆڕکێ |
| | د |
| Nominative case | دۆخی بکەری |
| Accusative case | دۆخی بەرکاری |
| inherent case | دۆخی بنجی/ڕۆنانی |
| Gramattical case | دۆخی ڕێزمانی |
| Vocative case | دۆخی  بانگکردن |
| Goal case | دۆخی ئامانج |
| Structural case | دۆخی دروستەیی |
| determiner case | دۆخی دیارخەری |
| Non-structural case | دۆخی نا دروستەیی |
| Abbasive case | دۆخی نادیاری |
| Antonyms | دژواتا |
| Convereseness | دژواتای پێچەوانە |
| Incompatibility | دژواتای جیاوازی |
| | ڕ |
| Conditional sentence | ڕستەی مەرجی |
| Grammatical agreement | ڕێکەوتنی ڕێزمانی |
| Semantic agreement | ڕێکەوتنی واتایی |

| | |
|---|---|
| Word order | ڕیزبونی وشە |
| | ز |
| Addition | زیادکردن |
| | س |
| functional head ingramatical case | سەرەی حوکمکار لەدۆخی ڕێزمانیدا |
| | ش |
| Form | شێوە/ڕوخسار |
| | ك |
| Causative | کۆزەتیڤ |
| | ل |
| Deletion | لابردن |
| | ن |
| Case marker | نیشانەی دۆخ |
| | و |
| generative semantics | واتای بەرهەمهێنانی |
| interperative semantics | واتای لێکدانەوە |
| | ه |
| Synonym | هاوواتا |
| Perfect Synonym | هاوواتای تەواو |
| Partial Synonym | هاوواتای ناتەواو |
| | ی |
| obligatory rules | یاسابەخورتییەکان |
| optional rules | یاسا سەرپشکییەکان |

## ناوەرۆك:


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ١-٢ |
| **بەشی یەكەم :دروستەی ڕستەی مەرج** | ٣-٦ |
| پاری یەكەم:چەمك و پێناسەی ڕستەی مەرج | ٦-١٦ |
| تایبەتمەندییەكانی ئامرازی لێكدەر | ١٢-١٣ |
| تایبەتمەندییەكانی ئامرازی گەیەنەر | ١٣ |
| ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی ڕستەی مەرج | ١٦-٢٠ |
| پاری دووەم:تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | ٢٠-٢٢ |
| تیۆری دۆخ | ٢٢-٢٦ |
| چەمك و زاراوەی دۆخ | ٢٧-٢٩ |
| دۆخ و توخم | ٢٩-٣٢ |
| دۆخ و ڕێكەوتن | ٣٢-٣٤ |
| ڕێكەوتنی ڕێزمانی | ٣٤-٣٥ |
| ڕێكەوتنی واتایی | ٣٥-٣٦ |
| دۆخی ڕێزمانی | ٣٧ |
| دۆخی بنجی/زگماكی | ٣٧-٣٨ |
| دۆخی دروستەیی | ٣٨ |
| سەرەی حوكمكار لە دۆخی ڕێزمانیدا | ٣٨-٣٩ |
| دۆخ و كات و كەس | ٤٠ |
| دۆخ و ژمارە | ٤٠ |
| دۆخی بەرجەستە | ٤٠-٤١ |
| دۆخی بكەری | ٤١-٤٣ |
| دۆخی بەركاری | ٤٣-٤٤ |
| دۆخی دیارخەری | ٤٤-٤٥ |
| پاڵێوەری دۆخ | ٤٥-٤٧ |
| پێدەری دۆخ | ٤٨-٤٩ |
| دۆخی ئەبستراكت | ٤٩-٥٠ |
| دۆخی ناستراكچەری | ٥٠-٥١ |

| | |
|---|---|
| دۆخی خستنەسەر | ٥١-٥٢ |
| پاری سێیەم | ٥٢ |
| بەشەکانی دروستەی ڕستەی مەرج:أ-کرداری مەرج | ٥٢-٥٤ |
| بەشەکانی ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج | ٥٤-٥٥ |
| چەمکی کرداری مەرج | ٥٥-٥٦ |
| دۆخ و ڕستەی مەرج | ٥٦-٥٧ |
| دۆخی بکەری لە ڕستەی مەرجدا | ٥٧-٥٨ |
| بکەری ڕێزمانی | ٥٨-٥٩ |
| بکەری لۆجیکی | ٥٩-٦٠ |
| کۆزەتیف | ٦٠-٦١ |
| دۆخی بەرکاری لە ڕستەی مەرجدا | ٦١-٦٢ |
| دۆخی خستنەسەر لە ڕستەی مەرجدا | ٦٢-٦٣ |
| دۆخی بانگکردن لەڕستەی مەرجدا | ٦٣-٦٤ |
| دۆخی ئامانج | ٦٤-٦٥ |
| دۆخی نادیاری | ٦٥-٦٦ |
| ڕستەی وەڵامی مەرج:چەمکی ڕستەی وەڵامی مەرج | ٦٦ |
| دۆخ لەڕستەی وەڵامی مەرجدا | ٦٦-٦٧ |
| دۆخی ڕێزمانی لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا | ٦٧-٦٨ |
| دۆخی بکەری لەڕستەی وەڵامی مەرجدا | ٦٨ |
| دۆخی بەرکاری لەڕستەی وەڵامی مەرجدا | ٦٨-٦٩ |
| دۆخی نادیاری لەڕستەی وەڵامی مەرجدا | ٦٩ |
| **بەشی دووەم :سیمانتیکی ڕستەی مەرج** | ٧٠ |
| پاری یەکەم: ١-تیۆری پێویست | ٧٠-٧١ |
| ٢-ئاستەکانی توانست و ڕستەی مەرج | ٧١-٧٣ |
| توانستی کۆمەڵایەتی | ٧٣-٧٥ |
| توانستی پراگماتیکی | ٧٥-٧٨ |
| توانستی کەلتوری | ٧٨-٨٠ |
| توانستی تێبینیکردن | ٨٠-٨٢ |
| توانستی پەسنکردن | ٨٢-٨٣ |
| توانستی شیکەرەوەیی | ٨٤-٨٦ |

| | |
|---|---|
| پاری دووەم:تیۆرەکانی واتا | ٨٦ |
| أ–سیمانتیکی لێکدەرەوەیی | ٨٦–٨٩ |
| ب–مۆدێلەکانی تیۆری ستاندارد | ٨٩ |
| تیۆری ستاندارد | ٨٩–٩١ |
| تیۆری ستاندارد فراوانکراو | ٩١–٩٥ |
| تیۆریستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو | ٩٥–٩٧ |
| پ–سیمانتیکی بەرهەمهێن | ٩٧–٩٩ |
| پاری سێیەم:أ_واتاو سێبەرەکانی واتا | ١٠٠ |
| ١_دروستەی قوڵ | ١٠٠ |
| پێکهاتەی ڕستەی مەرج لە دروستەی قوڵدا | ١٠٠–١٠١ |
| واتای ڕستەی مەرج لە دروستەی قوڵدا | ١٠١–١٠٢ |
| ٢_دروستە ناوەندییەکان | ١٠٢ |
| پێکهاتەی ڕستەی مەرج لە دروستە ناوەندییەکاندا | ١٠٣ |
| یاسا بەخورتییەکان | ١٠٣–١٠٤ |
| یاسا سەرپشکییەکان | ١٠٤–١٠٥ |
| واتای ڕستەی مەرج لە دروستە ناوەندییەکاندا | ١٠٥–١٠٧ |
| ٣_دروستەی ڕوکەش | ١٠٧ |
| فۆرمی فۆنەتیکی و ڕستەی مەرج | ١٠٧–١٠٨ |
| فۆرمی لۆجیکی و ڕستەی مەرج | ١٠٨–١٠٩ |
| هاوواتا لە فۆرمی لۆجیکی ڕستەی مەرجدا | ١٠٩–١١٠ |
| هاوواتای تەواو | ١١٠–١١١ |
| هاوواتای ناتەواو | ١١١–١١٢ |
| دژواتا لە فۆرمی لۆجیکی ڕستەی مەرجدا | ١١٣ |
| دژواتای پێچەوانە | ١١٣ |
| دژواتای جیاوازی | ١١٣–١١٤ |
| دژواتای بەرانبەری | ١١٤–١١٥ |
| ب_بۆچونەکانی کاتز و فۆدەر و ڕستەی مەرج | ١١٥–١١٦ |
| **بەشی سێیەم: پراگماتیکی ڕستەی مەرج** | ١١٧ |
| پارییەکەم:أ–پراگماتیك و پێشگریمانە(پەیوەندی و بابەتێتی ) | ١١٧–١١٩ |
| ب–پێشگریمانە دیاردە و پێناسە | ١١٩–١٢٥ |

| | |
|---|---|
| پێشگریمانە و کەلتور | ١٢٥–١٢٨ |
| پاری دووەم:پۆلێنکردنی پێشگریمانە وڕستەی مەرج | ١٢٨–١٣٠ |
| پێشگریمانەی پراگماتیکی و ڕستەی مەرج | ١٣٠–١٣٢ |
| پێشگریمانەی سیمانتیکی و ڕستەی مەرج | ١٣٢–١٣٥ |
| پێشگریمانەی دەرونی و ڕستەی مەرج | ١٣٥–١٣٩ |
| پێشگریمانەی لۆجیکی و ڕستەی مەرج | ١٣٩–١٤١ |
| پێشگریمانەی پەسنی و ڕستەی مەرج | ١٤١–١٤٢ |
| پێشگریمانەی لێکەوتەیی و ڕستەی مەرج | ١٤٢–١٤٤ |
| پێشگریمانەی ڕاستەقینەیی و ڕستەی مەرج | ١٤٤–١٤٥ |
| پێشگریمانەی بەراوردی و ڕستەی مەرج | ١٤٦–١٤٧ |
| پێشگریمانەی پرسیاری و ڕستەی مەرج | ١٤٧–١٤٩ |
| پێشگریمانەی بون و ڕستەی مەرج | ١٤٩–١٥٠ |
| پێشگریمانەی ناڕاستەقینە و ڕستەی مەرج | ١٥٠–١٥١ |
| پێشگریمانەی لێکسیکی و ڕستەی مەرج | ١٥١–١٥٣ |
| پێشگریمانەی دروستەیی و ڕستەی مەرج | ١٥٤–١٥٥ |
| پێشگریمانەی نەرێکراو و ڕستەی مەرج | ١٥٥–١٥٧ |
| ئەنجام | ١٥٨–١٥٩ |
| سەرچاوە | ١٦٠–١٦٦ |
| الخلاصە | ١٦٧–١٦٨ |
| Abstract | ١٦٩–١٧٠ |

## بەشی یەکەم

–چەمك و پێناسەی ڕستەی مەرج

–ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ڕستەی مەرج

–تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

–تیۆری دۆخ

–دۆخ و توخم

–دۆخی ئەبستراکت

–دۆخی بەرجەستە

–دۆخ و ڕستەی مەرج

## بەشی دووەم:

-تیۆری بەرهەمهێنان

-ئاستەکانی توانست و ڕستەی مەرج

-تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی

-تیۆری ستاندارد

-تیۆری ستانداردی فراوانکراو

-تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو

-تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێن

-واتای ڕستەی مەرج لە دروستە ناوەندییەکاندا

-بۆچونەکانی کاتز و فۆدەر و ڕستەی مەرج

# بەشی سێیەم

-پراگماتیك و پێشگریمانە پەیوەندی و بابەتێتی

-پێشگریمانە دیاردە و پێناسە

-پێشگریمانە و کەلتور

-پۆلێنکردنی پێشگریمانە و ڕستەی مەرج

-پێشگریمانەی پراگماتیکی و ڕستەی مەرج

-پێشگریمانەی سیمانتیکی و ڕستەی مەرج

-پێشگریمانەی دەرونی و ڕستەی مەرج

-پێشگریمانەی نەرێکراو و ڕستەی مەرج

# پێشەکی

**ناونیشان و بواری نامەکە:**

ناونیشانی نامەکە(دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەیەکی واتایی) یە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ خستنەڕوی دروستەی ڕستەی مەرج و لێکدانەوەی واتای ڕستەی مەرج بەپێی هەردوو ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك.

**ڕێبازی نامەکە:**

لەم نامەیەدا میتۆدی(پەسنی شیکەرەوەیی)پێڕەو کراوە ، لەبەرئەوەی سروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێت چونکە شرۆڤەکردنی ئاخاوتنی هەنوکەیی زاری ناوەڕاستە.

**گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی نامەکە:**

ڕستەی مەرج جۆرێکی ڕستەی ئاڵۆزە ، کە لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی لەبارەوە کراوە ، بەڵام هەمو لایەنەکانی زمان پێویستییان بە شیکردنەوە هەیە ،لەبەرئەوەی لایەنی واتایی ڕستەی مەرج کارێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە لەم سۆنگەیەوە گرفتێکی زمانەوانی لە زمانی کوردیدا سەرهەڵدەدات . کە خۆی لە دروستە و لێکدانەوەی واتایی ڕستەی مەرجدا دەبینێتەوە ، گرنگی ئەم توێژینەوەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت ، کە هەولێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە زمانییە و لێکۆڵینەوە لە دروستەو لێکدانەوەی واتایی ڕستەی مەرج بە مەبەستی گرتنی کەلێنەکە لە زمانی کوردیدا.

**کەرەستەی نامەکە:**

لە نوسینی ئەم نامەیەدا(زمانی کوردی–زاری ناوەڕاست–شێوەزاری سلێمانی) بەکارهێنراوە ، نمونەکانیش ڕستەی ئاسایی ئاخاوتنی ڕۆژانەن.

**بەشەکانی نامەکە:**

ئەم نامەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە **سێ** بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم**: بە ناونیشانی دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدایە و لەسێ پار پێکهاتوە:

**پاری یەکەم**:دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا.

**پاری دووەم**:تیۆری پێویست بە نامەکە کە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە ، بەتایبەتی تیۆری دۆخ وەك تیۆرێکی سەرەکی لەم پارەدا بەکارهاتوە.

**پاری سێیەم**:باس لە تیۆری دۆخ و ڕستەی مەرج کراوە چەند جۆرێك دۆخ لە هەردوو بەشی ڕستەکە(ڕستەی مەرج، ڕستەی وەڵامی مەرج) دیاریکراوە.

**بەشی دووەم**: بەناونیشانی سیمانتیکی ڕستەی مەرج ، ئەم بەشە لە**سێ** پار پێکهاتوە:

**پاری یەکەم**: لەم پارەدا باس لە تێۆری بەرهەمهێنان کراوە. هەروەها باس لە توانست و ئاستەکانی کراوە لەگەڵ دەستنیشانکردنی چەند جۆرێك لە توانست و بەستنەوەی بە ڕستەی مەرجەوە.

**پاری دووەم**:لەم پارەدا باس لە تیۆرەکانی واتا دەکات ، تێیدا هەردوو تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و سیمانتیکی بەرهەمهێن خراونەتەڕو.

**پاری سێیەم** :ئەم پارە لە **دوو** وەچە پار پێکهاتوە:

**لە وەچە پاری یەکەم** دا:باس لە واتاو سێبەرەکانی کراوە ، هەروەها باس لەپەیوەندییە واتاییەکان بە نمونەی (هاوواتا و دژواتا) کراوە.

**لە وەچە پاری دووەم دا:** بۆچونەکانی کاتزو فۆدەر پەیوەست بە ڕستەی مەرج باسکراوە.

**بەشی سێیەم**: بەناونیشانی پراگماتیکی ڕستەی مەرج ، ئەم بەشە لە **دوو** پار پێکهاتوە.

**پاری یەکەم**:باس لە پراگماتیك و پێشگریمانە کراوە ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە پەیوەندی نێوان ئەم دوو بابەتەو خستنە ڕوی کەلتور وەك یەکێك لە بنەماکانی پێشگریمانە.

**پاری دووەم**:ئەم پارە بەناونیشانی پۆلێنکردنی پێشگریمانەو ڕستەی مەرج،لەم پارەدا بەپێی ڕستەی مەرج چەند جۆرێك پێشگریمانە خراونەتە ڕو لەگەڵ هێنانەوەی نمونە و کارەکی کردنی لە زمانی کوردیدا.

لە کۆتایشدا ئاماژەمان بۆ گرنگترین ئەنجامەکان کردووە ، پاشان هەمو ئەو سەرچاوانەی لە نامەکەدا سودیان لێوەرگیراوە ، لەگەڵ کورتەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕو.

## بەشی یەکەم:دروستەی ڕستەی مەرج:

### پاری یەکەم:سەرەتایەکی تیۆری:

ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا جۆرێك لەجۆرەکانی ڕستەی ئاڵۆز پێکدەهێنێت ، ڕستەی مەرج مەرجی ڕودان ، یان ڕونەدانی دیاردەیەك ، بەدەستهێنان ، یان بەدەست نەهێنانی شتێك ڕوندەکاتەوە ، کە ڕەنگە لە ئێستادا ، یان لە داهاتودا ڕوبدات یان بەدەست بێت ، یان ڕەنگە هەر ڕونەدات و بەدەست نەهێنرێت.

ڕستەی مەرج ، دابەش دەبێت بۆ دوو بەش کە بریتین لە:( ڕستەی کرداری مەرج،ڕستەی وەڵامی مەرج) لەگەڵ ئامرازی مەرج.(بەزۆری ڕستە مەرجییەکان دابەش دەبنە سەر دوو جۆر ئەوانیش:ڕستەی مەرجی کراوە (open condionals)کە تێیدا بەدیهێنانی مەرجی ڕستەکە بە ڕاست یان گونجاو دادەنرێت ، و جۆرەکەی تریان بە دور لە مەرجی ڕاستی یان دژە ڕاستی (counterfactual conditionals)ناو دەبرێت ، کە بەدەستهێنان ، یان بەدیهێنانی مەرجی ڕستەکە دورە لە ڕاستییەوە یان (هێنانەدی)ان ئەستەمە( **R.L,trask, 1993:55**)بەم شێوەیە:

أ- مەرجی کراوە(ڕاستی) بۆ نمونە:

**١-ئەگەر یەکبگرین،سەردەکەوین.**

لەڕستەی ژمارە(١)دا ، قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو ، بۆ ئەوەی سەربکەوین، ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە هەمومان یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین. لەم ڕستەیەدا مەرجی بەدیهاتنی ڕستەی شوێنکەوتو لەڕاستییەوە نزیکەو دەکرێت ڕوبدات.

ب- مەرجی دژە ڕاستی بۆ نمونە:

**٢-ئەگەر زمانی ئینگلیزیم باش بزانیبایە، دەمتوانی ئیشێك لەبەریتانیا بدۆزمەوە.**

لە ڕستەی ژمارە(٢)دا، قسەکەر زمانی ئینگلیزی بەباشی نازانێت و بەدیهێنانی ئەو بەشەی ڕستەی سەرەکی ئەستەمە ، دەرئەنجامیش قسەکەر ناتوانێت ئیشێکی باش بدۆزێتەوە. واتە بەدیهێنانی لەکاتی ئاخاوتنەکەدا ئەستەمە.

چوار جۆری سەرەکی لە مەرج هەیە، کەبە ئامرازی (ئەگەر)، دەردەبڕدرێن: (**Geoffrey ,leech ,2001:206-207**)

أ–مەرجی ئێستا:کاتێك بەدی دێت دەبێت ، لە هەردوو ڕستەکەدا کاتی ڕانەبردوی سادە هەبێت، و واتای ڕاستی مەرجەکە دەگەیەنێت.

**٣-ئەگەر ئێستا بڕۆیت، بەڕێوەبەر دەبینیت.**

لە ڕستەی ژمارە(٣)دا، کاتی ڕستەکە ڕانەبردوی ئێستایە ، هەربۆیە دەتوانێت ئەو بەشەی ڕستەی سەرەکی بەدیبهێنێت ، ئەگەر ئەو مەرجەی کە لە ڕستەی شوێنکەوتوی مەرجیدا خراوەتە ڕو جێبەجێ بکرێت.

ب–مەرجی داهاتو یان هەندێك جار(مەرجی یەکەم)یشی پێدەوترێت:هەستکردن بە ئەنجامێك کە لە داهاتودا ڕودەدات.

**٤-ئەگەر ئەم ئێوارەیە باران بباریت، ئێمە تەڕ دەبین.**

لەڕستەی ژمارە(٤)دا، ئاماژە بە مەرجێك کراوە ، کە لەداهاتودا ڕودەدات و ڕەنگە ڕوشنەدات ، ئەگەر ئەو مەرجە بێتە دی، ئەوا وەڵامەکەی تەڕ بونی ئێمە دەبێت.

پ–مەرجی لەجێ دانان(مەرجی دووەم):واتای دانانی خۆزگەیەك لە ئێستا یان داهاتودا دەگەیەنێت ، کە جیاواز بێت.

**٥-ئەگەر لەجێی تۆ بومایە،یەکسەر ئیشم دەست دەکەوت.**

لە ڕستەی ژمارە(٥)دا، قسەکەر دەخوازێ کە لەجێگەی کەسی دووەم بایە ، چونکە ئەگەری بەدیهێنانی ئاواتێکی دەبو ، ئەمەش نابێت چونکە قسەکەر لەجێی گوێگر نییە. بۆیە ئەو ڕستەیە تەنیا خەیاڵکردنەو بەدیهاتنی لەوکاتەدا نابێت و ناکرێت.

ت–مەرجی خەیاڵکردن(مەرجی سێیەم):خەیاڵکردنی شتێکە کە ( ڕودانی ئەستەمە).شتێك کە ڕوینەداوە لە ڕابردودا ، واتە قسەکەر وێنای ڕابردویەکی جیاواز دەکات. لەکاتێکدا ڕابردو ناتوانرێت بگۆڕدرێت.

**٦-ئەگەر وریاتر شۆفێریی بکردبایە، بریندار نەدەبو.**

لە ڕستەی ژمارە(٦)دا، قسەر باس لە ڕوداوێك دەکات لە ڕابردودا ڕویداوە و لەو ڕوداوەدا بریندار هەبووە، هەربۆیە ئەو مەرجەی قسەکەر خستویەتیە ڕو ڕونادات ، چونکە ئەو ڕوداوە لە ڕابردودا بووە و باس لەشتێك دەکرێت ، کە نایەتەدی ، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت ڕابردو دەستکاری بکات و بیگۆڕێت ، بەو واتایەی کات بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك ئامراز بەشداری داڕشتنی ئەم دروستەیە (ڕستەی مەرج)دەکەن ، و ڕۆڵیان لە دروستبونیدا هەیە ، ئەوانیش بریتین لە (ئەگەر،گەر،مەگەر،تا،کە،هەرکە،با)، هەرچەندە ئامرازی(تا) چەمکی کات و ماوە دەگەیەنێت ، بەڵام ڕۆڵی بەرچاوی لەڕستەی مەرجدا هەیە. هەروەها ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین پارتیکڵی(با) وەکو ئامرازێك لە دروستەی ڕستەی مەرجدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

بەپێی هەندێ بۆچون ئەم ئامرازە (با) ئامرازی ڕستەی شوێنکەوتوی ئاگادار کردنەوەیە ، بەشداری داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوی ئاگادارکردنەوە دەکات.(**ئەرکەکانت جێبەجێ بکە ، با دوا نەکەویت**)(**عەلی،بەکر عومەر،٢٠١٤ :٩٠**)

**٧-با ئارین بێت،کتێبەکانی دەدەمێ.**

**٨-با لە پێشبڕکێیەکە یەکەم بیت،خەڵاتت دەکەم.**

بەوردبونەوە لەڕستەکانی ژمارە (٨,٧) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، ئەم ئامرازە بەشداری داڕشتنی ڕستەی مەرجیش دەکات ، بۆیە دەتوانین ئەم ئامرازە وەك ئامرازی مەرج بناسێنین.(**محەمەد،فەریدون عەبدول،١٩٩٧ :٢٠٢**) لە ڕستەی ژمارە(٧)دا، قسەکەر دەیەوێت کتێبەکان بە ئارین بدات ، بەڵام بۆ پێدانی کتێبەکان مەرجی ئەوەی داناوە ، کە ئارین خۆی بچێت بۆ وەرگرتنی کتێبەکان. هەروەها لە ڕستەی ژمارە(٨)دا ، دیارە پێشبڕکێیەك ئەنجامدەدرێت و گوێگر لەو پێشبڕکێیەدا بەشداریکردوە ، قسەکەریش بەڵێن بە گوێگر دەدات ، کە ئەگەر لە پێشبڕکێیەکەدا پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، خەڵاتی بکات. کەواتە دەتوانین ، بڵێین ، ئامرازی(با) وەك ئامرازێك بەشداری داڕشتنی ڕستەی مەرج دەکات. هەر تایبەت بەم ئامرازە دەکرێ بوترێت، ئامرازی (با) لە ڕوی واتاوە بەرانبەر بە ئامرازی (تا)و هاوواتاکانی (هەتا، هەتاوەکو، تاوکو)لە ڕستەی مەرج دەوەستێتەوە ، بەوەی کە ئامرازی(با)بەشداری لە داڕشتنی ئەو جۆرە ڕستانەدا دەکات ، کە هەردوو کرداری ڕستە(ڕستەی کرداری مەرج،ڕستەی وەڵامی مەرج)ئەرێ بێت. بەپێچەوانەوە ئامرازەکانی (تا،هەتا،هەتاوەکو،تاوکو) بەزۆری بەشداری داڕشتنی ئەو ڕستانە دەکەن ، کە کرداری هەردوو ڕستەکە(ڕستەی کرداری مەرج،ڕستەی وەڵامی مەرج)نەرێ بێت.

**٩-با بتبینم،هەواڵەکەت پێدەڵێم. ⟵ تا نەتبینم،هەواڵەکەت پێناڵێم.**

**١٠-با خانویەکی باشمان دەستکەوێت،ماڵەکەمان دەگوێزینەوە.⟵ تا خانویەکی باشمان دەستنەکەوێت،ماڵەکەمان ناگوێزینەوە.**

کەواتە دەکرێت ، بوترێت ، ئەمە تایبەتمەندییەکی ئەو دوو ئامرازەی(ڕستەی مەرج)ە لە زمانی کوردیدا.

هەندێك جار ڕستەی مەرج پەیوەست دەبێت بە سوێند(Swear)،پرسیار(Interrogate)ەوە ، ئەوەش بەپێی کۆنتێکست و چوارچێوەی گوتنەکە ڕون دەبێتەوە. تایبەت بەم نامەیە ئێمە لێرەدا باس لە دروستەی مەرج دەکەین لەڕوانگەی واتاوە و لە هەردوو لایەنی (سیمانتیك و پراگماتیك)ەوە ، لێکدانەوەی بۆ دەکەین ، چونکە ئاشکرایە لە ناو هەمو ڕستەیەکدا تەنها مەرجی ڕێکەوتنی گراماتیکی بەس نییە بۆ ئەوەی ڕستەکانی زمان بە دروست دابنرێت ، بەڵکو دەبێت لە هەردوو لایەنی (Gramatic و Semantic)ڕێکەوتن لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەکەدا هەبێت. (مەحوی،محەمەد،٢٠٠١) هەروەها لایەنی پراگماتیکی ڕستەی مەرج بەشێکی تری ئەم باسەی ئێمە دەبێت ، ئاشکرایە ڕستەکانی زمان جگە لەواتای لێکسیکی کەرەستەکانی ڕستە زۆرجار واتا و مەبەستێك دەگەیەنن ، جیاوازە لە واتای دانە دانەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە یان ئەو واتایەی لە ستراکچەری ڕستە لە(SS)هەیانە. واتە ڕستەکانی زمان بەپێی کۆنتێکستە جیاوازەکان کۆمەڵێك واتای جیاواز دەگەیەنن.

## چەمك و پێناسەی ڕستەی مەرج:–

زاراوەی مەرج (conditional)(الشرط) بریتییە لە دانانی مەرجێك لە ڕستەدا بۆ ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێك. یان بەدەست هێنان یان بەدەست نەهێنانی شتێك. ڕستەی مەرج جۆرێکی ڕستەی ئاڵۆزە بەیارمەتی کۆمەڵێك ئامراز پێکدەهێنرێت ، وەك (ئەگەر،مەگەر،کە، هەرکە،گەر،تا ،هەتا،هەتاوەکو ، تاوەکو،با) دروستەی ڕستەی مەرج لەم بەشانەی لای خوارەوە پێکدێت:

**ڕستەی سەرەکی**:بەشێکی سەرەکی لە ڕستەی مەرج پێکدەهێنێت ، لەهەردوو لایەنی(سینتاکس و سیمانتیك)ەوە، ڕۆڵی لە دروستبونی ڕستەی مەرجدا هەیە(ئەو بەشەی ڕستەیە ، جێبەجێبون یان جێبەجێ نەبونی بە ڕستەی مەرجەوە پەیوەستکراوە(دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :٢١٥).

**١١- ئەگەر هەوڵی زیاتر بدات، لە تاقیکردنەوەکە دەردەچێت.**

لەڕستەی ژمارە(١١)دا ، مەرجێك خراوەتە ڕو ، ئەویش هەوڵدانی زیاترە، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکەدا دەر بچێت ، واتە وەڵامی مەرجی پەیوەستە بەو مەرجەی لە ڕستە مەرجەکەدا خراوەتە ڕو.

**ڕستەی کرداری مەرج:** بەشێکی گرنگی ڕستەی مەرجە و بەهۆی ئەم بەشەی ڕستەوە ڕستە مەرجییەکان دەناسرێنەوە ، ڕستەی مەرج بریتییە لە خستنەڕوی مەرجێك بۆ بەدەستهێنان یان جێبەجێ بونی کارێك لە ڕستەی وەڵامی مەرج(ڕەشید،لاوین تەحسین،٢٠١٢ :٨).

**١٢-مەگەر ئارۆ نەبینم، خۆم دەزانم چی پێدەڵێم.**

لە ڕستەی(١٢)دا ، قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو، ئەویش بینینی ئارۆیە ، بۆ ئەوەی قسەکانی خۆی پێبڵێت ، واتە قسەکردنەکە لە وەڵامی مەرجدا بە مەرجی ڕودانی ڕستەی مەرجەوە پەیوەستە.

**١٣- گەر وەڵامی پرسیارەکەت زانی، خەڵاتت دەکەم.**

لە ڕستەی (١٣)دا ، قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو، بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر(گوێگر) خەڵات بکات ، ئەویش زانینی وەڵامی پرسیارەکەیە کە ئاراستەی کراوە. واتە خەڵاتکردنی گوێگر بە جێبەجێبونی ڕستە مەرجەکەوە پەیوەستە.

**١٤-تا ماندو نەبیت، تامی سەرکەوتن ناکەیت.**

لە ڕستەی(١٤)دا ، مەرجێك خراوەتە ڕو ، جێبەجێ بونی ڕستەی وەڵامی مەرج پەیوەستە بەم مەرجەوە، کەواتە بۆ ئەوەی چێژ لەسەرکەوتنەکانت ببینیت پێویستە هەوڵبدەیت و خۆتی بۆ ماندو بکەیت.

**ئامرازەکانی مەرج**: زمانەوانان لە دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی مەرجدا هاوڕا نین ، بەڵام بەگشتی دەکرێت، ئەم ئامرازانە وەك ئامرازی ڕستەی مەرج دابنێین(ئەگەر،مەگەر، کە،هەرکە،گەر،تا،هەتا، هەتاوەکو ،تاوکو، با، ئەگینا ،دەنا،ئەگەرنە) (محەمەد،فەریدون عەبدول،١٩٩٧ : ٢٠٤ و محەمەدئەمین، یوسف نوری،٢٠١٥ :١١٨)

**١٥-با لە تاقیکردنەوەکەم دەر بچم، پاکەتێك شیرینیتان بۆ دەهێنم.**

لە ڕستەی(١٥)دا، قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو ، ئەویش دەرچونیەتی لەو تاقیکردنەوەی کە ئەنجامی داوە، هەروەها وەڵامی مەرج پاکەتێك شیرینیتان بۆ دەهێنم بە دەرچونی لە تاقیکردنەوەکەوە پەیوەستە.

**١٦-هەر کە سەربەخۆیی ڕاگەیەنرا، ئاهەنگێك ساز دەکەین.**

لە ڕستەی(١٦)دا ، قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو ، بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە ساز بکات ، ئەویش ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە ، واتە ئەنجامدانی ئاهەنگەکە و سازکردنی بە ڕستە مەرجییەکە پەیوەستە، کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە.

**١٧-کە ئێمە ئیرادەمان بەهێز بو، بە ئاواتەکانمان دەگەین.**

لە ڕستەی (١٧)دا ، بونی ئیرادەیەکی بەهێز هۆکارێکە بۆ گەیشتنمان بە ئاواتەکان ، واتە وەڵامی مەرج بە ئاواتەکانمان دەگەین بە ڕستە مەرجییەکەوە ، کە بونی ئیرادەیەکی بەهێزە پەیوەستە.

دەکرێت، هەندێ جار ئامراز لە ڕستەی مەرجدا لابرێت،بەبێ ئەوەی واتای گشتی ڕستەکە تێك بچێت.(ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە ، کە جۆری شکانەوەی کردارەکە مەرجییە ، بۆیە جێگای پارتیکڵەکە دەگرێتەوە (مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :١٠٩).

**١٨-ئارا بێت،من نایەم.**

**١٩-بڕۆم،ناگەڕێمەوە.**

لەڕستەکانی ژمارە(١٩,١٨)دا ، هەردوو کرداری(بێت و بڕۆم) بۆ مەرج شکاونەتەوە، بۆیە پێویستیان بە پارتیکڵی مەرجی نییە.

**٢٠-أ-ئەگەر ئێمە یەکبگرین، سەردەکەوین.**

**ب- pro ئێمە یەکبگرین, سەردەکەوین.**

لە ڕستەی(٢٠،ب)دا دەبینین ، بەبێ بونی ئامرازە مەرجییەکە ڕستەکە دروستبووە ، چونکە کرداری ڕستەکە(یەکبگرین) لەو کردارانەیە کە بۆ مەرج شکاوەتەوە ، لابردنی ئامرازەکە کاریگەری لەسەر واتای گشتی ڕستەکە نابێت.

ڕستەی مەرج، بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕستەی کرداری مەرج و ڕستەی سەرەکی پێکدێت.( **betty, azar (schrampfer,1998:412**

**٢١-ئەگەر باران ببارێت،شەقامەکان تەڕ دەبن.**

هێڵکاری ژمارە(١)



ڕستەی مەرجی:بەشێکی پاشکۆیە یان ڕستەیەکی شوێنکەوتوی ئەدڤێربڵییە ، لە دوو ڕستە پێکهاتووە ڕستەی سەرەکی (main sentence) (ڕستیلەی تەواوکەری–complement)و ڕستەی مەرجی.

ڕستەی مەرجی: بۆ پیشاندانی کارێك لەناو ڕستەی سەرەکیدا بەکاردێت (بەبێ ئامرازی ئەگەر)تەنها کاتێك ڕودەدات،ئەگەر دۆخێکی تایبەت لە ڕستەی مەرجی بەرجەستەکرابێت.(**abbas,abbas Mustafa,2012:41** ) بەو واتایەی کاتێك دەتوانرێت ئامرازەکە دەرنەبڕدرێت ئەگەر کرداری ڕستەکە خۆی کردارێکی مەرجدار بێت.

–it rains,I shall stay at home. باران ببارێت ، دەبێت لەماڵەوە بمێنمەوە.

it rains. ڕستەی مەرج.

I shall stay at home. ڕستەی سەرەکی.

ڕستە مەرجی: جۆرێکی ڕستەی ئاوەڵکردارییە . تێیدا مەرجێك دەخرێتە ڕو ، کە ڕستەی سەرەکی(وەڵامی مەرج)پێوەی پەیوەست دەبێت(**matinet&Thomson,1986 :197**).

ڕستەی مەرجی لە دوو ڕستە پێکهاتووە ، ڕستەیەکیان ئەو مەرجانە دەخەنە ڕو ، کە بەدەستهێنانیان یان بەدەست نەهێنانیان بەستراوە بەڕێژەی ئەو ڕاستییەی ، کە لە ڕستەی دووەم دا هەیە (**R.L, trask,1993:55**) واتە ڕاستی ڕستەی وەڵامی مەرج بە ڕاستی ڕستەی مەرجەوە پەیوەستە.

**٢٢-ئەگەر بخوێنیت،دەردەچیت.**

لەڕستەی ژمارە(٢٢)دا ، دەبینین ، ئەو ڕاستییەی کە لە ڕستەی دووەم خراوەتەڕو کە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسییە(*)

---

*–لە ڕستە مەرجییەکاندا دەکرێت هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس تێکەڵ بەیەك بکرێن ، و ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەم بهێنن، لەم تێکەڵکردنەدا چۆنیەتی سەرەوڕیزبونی وشە و کەرەستەکانی ناو ڕستە دەگۆڕێن. مۆرفۆسینتاکس بریتییە ، لەو پرۆسەیەی کە تێیدا هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لە دروستەی ڕستەیەکدا تێکەڵدەکرێن ، ئەویش لەڕێگەی بە کلیتیکردنی کەرەستەکانی ناو ڕستەوە و بەستنەوەیان بە قەدی کردارەکەوە.(ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە ، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك فرێزی ناوی ، یان فرێزی جێناوی، لە جێکەوتەکانی بەرکار و تەواوکەر و سەربار و دیارخەردا پاش گوێزانەوەیان بە جێناوی لکاو(نوسەك)لە دروستەی ڕوکەشدا جێگیر دەکرێن ، و بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە دەلکێن.(**برزو،ئومێد بەرزان،٢٠١٠ :١٣٢**).(مۆرفۆسینتاکس ، دروستەیەکی ئاڵۆزی لەناو یەکدا شکاوەیە ، کە بە کرداری ئاڵۆز(چڕ)یان دروستەی مۆرفۆسینتاکس ناسراوە(**حەمەد،یارا قادر،٢٠١٣ :٧٠**).

ئەگەر کتێبەکەیان پێدایت، بۆ منی بهێنە. ← ئەگەر پێیان دایت، بۆمی بهێنە.

دروستەی ڕستەی مەرج دروستەی مۆرفۆسینتاکسی مەرج

(دەردەچیت) بەو مەرجەی کە لە ڕستەی مەرجەکەدا هاتوە پەیوەستە، ئەویش کرداری (بخوێنیت)ە. ئاشکرایە ، ئەگەر کەسێك بخوێنێت و هەوڵبدات، بێگومان دەردەچێت. بۆیە مەرجی(خوێندن) هۆکارە بۆ هاتنەدی ڕستەی وەڵامی مەرج کە(دەرچون)ە.

ڕستەی مەرج،شتێکە پێویستە جێبەجێ بکرێت، پێش ئەوەی شتێکی تر ڕوبدات.ڕستەی مەرج دەربارەی ئەو ڕوداوانە نین ، کە ڕویانداوە ، بەڵکو دەربارەی ئەوانەن کە دەکرێ ڕوبدەن یا نا.( L.G.Alexander,1983 :273)

**٢٣-ئەگەر نرخی سوتەمەنی دابەزێت ، خەڵکی زیاتر دەتوانن بیکڕن.**

لە ڕستەی(٢٣)دا ، باس لەوە دەکرێت، ئەگەر بێت و نرخی سوتەمەنی لەم نرخەی ئێستای کەمتر بێتەوە، ئەوا خەڵکێکی زیاتر دەیکڕێت ، لەبەرئەوەی ئێستا نرخەکەی گرانە کەمتر دەیکڕن. هەربۆیە هاتنەدی ڕستەی دووەم بە جێبەجێ بونی ڕستە مەرجییەکەوە پەیوەستە. واتە ڕستە مەرجییەکە باس لەو ڕوداوانە دەکەن، کە دوای دابەزینی نرخی سوتەمەنی ڕودەدەن.

بەڵام دەکرێت ، ڕستە مەرجییەکان باس لە ڕوداوێك بکەن ، کە لە ڕابردودا ڕویداوە ، قسەکەر تێیدا مەرجێکی خستۆتەڕو، کە ئەگەر لە ڕابردودا جێبەجێ بکرابایە، ئەوا ئەنجامی ڕستەکان بەشێوەیەکی تر دەبو.

**٢٤-ئەگەر زیاتر خۆیان ماندو بکردبایە ، ئە نجامی باشیان بەدەستدەهێنا.**

ڕستەی(٢٤) ، باس لە ڕوداوێك دەکات ، کە کاتەکەی ڕابردووە، تێیدا قسەکەر مەرجێکی خستۆتە ڕو، ئەویش زیاتر خۆماندو کردنە ، کە ڕستەی وەڵامی مەرج ئەنجامی باشیان بەدەستدەهێنا، پێوەی پەیوەستە.واتە ڕستە مەرجییەکان دەتوانن باس لە ڕوداوێك بکەن ،کە لە ئێستا یان ڕابردو یان داهاتودا ڕویدوە، یان ڕودەدات.

ڕستەی مەرج ، زاراوەیەکە لە ڕێزمانی پەسنیدا بەکاردێت ، بریتییە ، لەو ڕستیلە(نیمچە ڕستە)انەی کە واتاکانیان بە گریمانە یان مەرجی دەردەبڕدرێت. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم ڕستیلانە(نیمچە ڕستە)، مەرجیانە بە (ئەگەر،ئەگەرنە) دەست پێدەکات (D,crystal, 2003:94). واتە وەڵامی ڕستەکە پەیوەندی بەو مەرجەوە هەیە، کە لە ڕستە مەرجەکەدا خراوەتە ڕو ، دەکرێ وەکو شیمانە کۆمەڵێك ئەگەر بۆ هێنانەدی یان نەهێنانەدی ئەو ڕستەیە دابنرێت.

ڕستەی مەرج لەڕوی ستراکچەرەوە لە ئامرازی مەرج و دوو ڕستە پێکدێت ، زۆرجار ئامرازی مەرج لەپێش ڕستە مەرجەکەوە دەبێت. لە خوارەوە ئاماژە بە کۆمەڵێك پێناسە دەکەین ، کە زمانەوانەکانمان خستویانەتە ڕو:

–ڕستەی مەرج، مەرجی ڕودان و دیاردەی ڕستەی سەرەکی ئاشکرا دەکات ، ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر،هەکە) لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتوی مەرجدا بەکاردێت.(**موکریانی،کوردستان،١٩٨٦: ٨٤**)

–ڕستەی مەرج، ڕستەیەکی دوولاییە ، لە فرمانی مەرج و وەڵامی مەرج بەیاریدەی هەندێك لە نیشانە و ئامرازی تایبەتی پێکدێت.(**فەخری،نەسرین،١٩٩٩: ٦٥**)

–مەرج، لەشێوەی پاڕستەی شوێنکەوتودا دەبێت ،ئەمەش هەرکاتێك بە ئامرازی مەرجی وەك(ئەگەر،تا،...) دەست پێبکات.(**عەلی،بەکر عومەر،١٩٩٢: ٤١**)

–ڕستەی مەرج، لەزمانی کوردیدا ڕستەیەکی لێکدراوە ، ڕستەی کاری مەرج مەرجی ڕودان یان ڕونەدان و دیاردەی ڕستەی وەڵامی مەرج ئاشکرا دەکات ، تێیدا جۆرە کار و کاردانەوەیەك هەیە ، کە کارەکە لەڕستەی کاری مەرج و کاردانەوەکە لەڕستەی وەڵامی مەرج دایە(**عەلی،ئازاد ڕەمەزان،١٩٩٩: ٨٣**) (*)

–ڕستەی مەرجی، جۆرێکە لە ڕستەی ئاڵۆز کە لە دووبەش پێکهاتووە ، یەکێکیان شاڕستەیە(ڕستەی سەرەکییەکەیە) وەڵامی مەرجە، ئەوەی تریان کە پاڕستەیە(ڕستەی شوێنکەوتوە)ڕستەی مەرجە(**سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩: ٩٠**).

ڕستەی مەرجی، ڕستەیەکی لێکدراوە لە دوو ڕستەی سادە پێکدێت ، دەستەیەك یاسا سروشتی دەرکەوتنی جۆر و کاتی ئەم دروستەیە دەستنیشاندەکەن. (**ئەمین،وریا عومەر،٢٠٠٩ : ٧١**). لەم پێناسەیەدا دەستیشانکردنی ڕستەی مەرج وەك جۆرێك لە ڕستەی لێکدراو لەگەڵ چەمکی ڕستەی مەرجدا یەکناگرێتەوە و بۆچونی ئێمە لەم ڕووەوە جیاوازە ، چونکە ڕستەی مەرج بەشێکی ڕستەی ئاڵۆز و هەندێ جار لێکدراو پێکدەهێنێت ، واتە بەپێی ئەو ئامرازانەی بەشداری ڕستە مەرجییەکە دەکەن جۆری ڕستە مەرجییەکە دەستنیشاندەکەن ، واتە دەستنیشانی(ئاڵۆز و لێکدراو)دەکەن. هەروەها ڕستەی ئاڵۆز دەکرێت لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکبێت.

---

*–هەندێك لە لێکۆڵەران لە دەستنیشانکردنی ڕستەی مەرج وەك بەشێکی ڕستەی لێکدراو مەبەستی خۆیان بەباشی نەپێکاوە، بڕوانە(ئەمین،وریا عومەر ،٢٠٠٩، عەلی،ئازاد ڕەمەزان،١٩٩٩)هەرچەندەهەندێك ئامراز وەك (ئەگینا ،دەنا،ئەگەرنە)کە لە ڕستەدا دێن ڕستەی لێکدراوی مەرج دروستدەکەن ، بەڵام هەمو کات ناتوانین ڕستەی مەرج وەك بەشێکی ڕستەی لێکدراو دابنێین ، چونکە ڕستەی لێکدراو لە دوو ڕستەی سەرەکی پێکدێت ، و پەیوەندی نێوان ئەو ڕستانە سەربەخۆیە ، هەروەها ئامرازی لێکدەر بەشداری دارشتنی ئەو ڕستانە دەکات. بەڵام لە ڕستەی ئاڵۆز دا پەیوەندی نێوان ڕستەکان شوێنکەوتوییە، واتە ڕستەیەکیان سەرەکییە و ڕستەکەی تر شوێنکەوتوییە، و دەبێتە تەواوکەر بۆ ڕستەکەی سەرەکی ، واتە واتای گشتی ڕستە مەرجییەکە تەواو دەکات ، هەروەها ئەو ئامرازانەی بەشداری داڕشتنی ئەم ڕستانە دەکات ئامرازی گەیەنەرن تایبەتمەندی ئەم ئامرازانە جیاوازە لە ئامرازە لێکدەرەکان.

ڕستەی مەرج، ئەو ڕستانەن ، کە مەرجێك دەخەنە ڕو ، ڕودانی یان ڕونەدانی کرداری ڕستە سادەکە پێوەی پەیوەست دەبێت ، ئامرازەکانی (تا،ئەگەر) لەپێش ئەم ئەدڤێربڵە ڕستەییەوە دێت.(عەلی،بەکر عومەر٢٠١٢ :٨٥)

ڕستەی لێکدراوی مەرج ، ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە ، کە ڕودانی ڕستەیەك مەرج بێت ، بۆ ڕودانی ڕستەیەکی تر ، بەڵام هەردوو ڕستەکە لەڕوی ڕۆنانەوە هەمان پلەی سەربەخۆییان هەبێت.(محەمەد ئەمین، یوسف نوری،٢٠١٥ :١١٧)، (نوسەر) دوو جۆر ڕستەی مەرجی دەستنیشانکردووە، جۆری یەکەم ڕستەی مەرجی لێکدراوە جۆرەکەی دووەمیان ڕستەی مەرجی ئاڵۆزە.ئەو ڕستانەی کە ئامرازەکانی(کە،ئەگەر،تا)بەشداری داڕشتنیان دەکەن ، ئەوا ڕستەی مەرجی ئاڵۆزن ، و ئەو ڕستانەی ئامرازەکانی (ئەگینا،دەنا) بەشداری داڕشتنیان دەکەن ئەوا ڕستەی مەرجی لێکدراون(محەمەدئەمین، یوسف نوری،٢٠١٥ :١١٨). هەروەها ئامرازی (ئەگەرنە)وەك ئامرازی لێکدەر لە ڕستەدا هەڵسوکەت دەکات و بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی لێکدراوی مەرجی لە زمانی کوردیدا دەکەن. هەریەکە لەم دووجۆرە ئامرازە (لێکدەر،گەیەنەر) کۆمەڵێك سیمای تایبەتیان هەیە بەهۆیانەوە دەتوانین ڕستەی لێکدراو لە ڕستەی ئاڵۆز جیا بکەینەوە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەهەندێك لە تایبەتمەندییەکانی هەریەك لەو دوو جۆرە ئامرازە لە زمانی کوردیدا دەکەین:

**تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر:**

١-ئامرازە لێکدەرەکان لە فرێز و ڕستە لێکدراوەکاندا بەکاردێت.

٢-لە ڕستە لێکدراوەکاندا ، ئەو بەشەی کە ئامرازە لێکدەرەکەی لەگەڵدایە زۆرجار ناتوانرێت ڕستەکان بە ئامرازەکانیانەوە پاش و پێش بکرێت، واتە لەڕوی واتاوە بەو ڕستەیەوە کە لەگەڵیدا دێت پەیوەستە.

**٢٥-زۆری هەوڵدا ،کەچی ئیشەکەی بۆ نەکرا.**

***کەچی ئیشەکەی بۆ نەکرا،زۆری هەوڵدا.**

لە ڕستەی(٢٥)دا دەبینین ، ڕستەکە بە ئامرازەوە پاش و پێش کراوە ، ڕستەیەکی نادروست لە ڕوی گرامەرەوە دروستبووە چونکە لە زماندا ئەمجۆرە ڕستانە بونیان نییە.

٣-فۆرمی ئامرازە لێکدەرەکان ئەمانەن:(بەڵام،کەچی،ئەگینا،دەنا،ئەگەرنە،...)

٤-ئامرازە لێکدەرەکان بەزۆری لەناوەڕاستی ڕستە لێکدراوەکەدا دەردەکەون و ناکەونە سەرەتای ڕستە.( محەمەدئەمین،یوسف نوری،٢٠١٥ :٨٧)

**٢٦-ئارین هات و ئاران ڕۆشتەوە.**

***و ئارین هات ئاران ڕۆشتەوە.**

**٢٧-ئارینا زۆری هەوڵدا، بەلاّم دەرنەچو.**

***بەلاّم ئارینا زۆری هەوڵدا، دەرنەچو.**

**تایبەتمەندییەکانی ئامرازی گەیەنەر:**

١-تەنیا لە ڕستەی ئاڵۆز دا بەکاردێن.

٢-بەشداری داڕشتنی ڕستەی ئاڵۆز دەکەن ، لەڕستەدا ئەرکیان بەستنەوەی ڕستەی شوێنکەوتووە بە ڕستەی سەرەکییەوە.

٣-ئامرازە گەیەنەرەکان لە سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەی ئاڵۆز دا دەر دەکەون.

**٢٨-أ-ئەگەر ئارینم بینی، کتێبەکەت بۆ دەنێرم.**

**ب-کتێبەکەت بۆ دەنێرم، ئەگەر ئارینم بینی.**

**٢٩-أ-کە ئێمە هاتین، باران ئەباری.**

**ب-باران ئەباری، کە ئێمە هاتین.**

٤-ئەگەر لە ڕستەیەکدا هەردوو جۆری ئامرازی(لێکدەر،گەیەنەر)هەبێت،ئەوا ئامرازە لێکدەرەکە پێش ئامرازە گەیەنەرەکە دەکەوێت. "**بخوێنە،یان ئەگەر ناخوێنیت،ئیشێك بکە.**"(١)

٥-فۆرمی ئامرازە گەیەنەرەکان بریتیین لە:(ئەگەر،مەگەر،تا،هەتا،هەتاوەکو،با).

بۆیە ئەو سیمایانەی کە لەم ئامرازانەدا هەیە، زیاتر لەگەڵ ڕستەی لێکدراودا دەگونجێت نەك ڕستەی ئاڵۆز. دەتوانین بڵێین ئەم ئامرازانە(ئەگینا،دەنا،ئەگەرنە) ئامرازی گەیەنەر نین لە زمانی کوردیدا ، بەڵکو ئامرازی لێکدەرن و ڕستەی لێکدراوی مەرجی دروستدەکەن. **(محەمەدئەمین،یوسف نوری٢٠١٥ :١١٧)**

**٣٠-أ-زو برۆ، ئەگینا پاسەکە بەجێت دەهێڵێت.**

---

١-عەلی،بەکر عومەر،وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر، ٢٠١٥.

**ب-کتێبەکەم بۆ بهێنەوە، دەنا ئیتر کتێبت نادەمێ.**

**پ-کتێبەکەم بۆ بهێنەوە، ئەگەرنە ئیتر کتێبت نادەمێ.**

ئەگەر بەوردی لەڕستەکانی ژمارە(٣٠.أ،ب،پ)بڕوانین ، دەبینین ، لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتون ، بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە پێکەوە بەستراون ، هەروەها ئامرازەکان لە ناوەڕاستی هەردوو ڕستەکەدان ، بۆیە ڕستەکان بە ئامرازەوە ناتوانن پاش و پێش بکرێن. دیارە ئەمەش بەپێچەوانەی ڕستەی ئاڵۆزەوەیە ، ڕستەی ئاڵۆز لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتو پێکدێت ، زۆرجار ئەگەر ڕستەکان پاش و پێش بکرێن، هیچ کاریگەرییەك لەسەر ڕێزمانێتی و واتای ڕستەکان دروستناکات ، واتە دەتوانین ڕستەکان بەئامرازەوە پاش و پێش بکەین. کەواتە ڕستەکانی(٣٠ ،أ،ب،پ) ڕستەی لێکدراوی مەرجن نەك ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج، کە هەندێ زمانەوان بە ڕستەی مەرجی ناڕاستەوخۆ ناوی دەبەن.(عەلی،ئازاد ڕەمەزان،١٩٩٩ :٣٨)

سەبارەت بە ئامرازەکانی (ئەگینا،دەنا،کە،هەرکە،با) ئەم ئامرازانە لەڕوی واتاوە بەرانبەر بە ئامرازی (تا)و هاوواتاکانی دەوەستنەوە ، (کرداری ئەو ڕستانەی ئامرازەکانی(ئەگینا،دەنا،کە،هەرکە)ی تێدایە ئەرێن ، لەکاتی گۆڕینی ئەو ئامرازانە بۆ ئامرازی گەیەنەر(تا) کرداری ڕستەکە بە نەرێیی دەردەبڕێت(سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :٩١).

**٣١-خۆت وەرە،ئەگینا/دەنا کتێبەکەت پێنادەم. ⟵ تا خۆت نەیەیت،کتێبەکەت پێنادەم.**

**٣٢-با بتبینم،کتێبەکەت پێدەدەم. ⟵ تا نەتبینم،کتێبەکەت پێنادەم.**

بەڵام دەکرێت، ئامرازی(تا)لەو ڕستانەشدا بێت ، کە کردارەکانیان (ئەرێن).

**٣٣-ئەگەر زیاتر بخوێنیت، نمرەی بەرز بەدەستدەهێنیت⟵تازیاتر بخوێنیت، نمرەیبەرزتربەدەستدەهێنیت.**

هەروەها دەکرێت، هەمو ئامرازەکانی مەرج بە (ئەگەر) پڕ بکرێتەوە ، واتە ئامرازی گەیەنەری(ئەگەر)وەکو ئامرازێکی سەرەکی دەکرێت هەمو ڕستەیەکی مەرجی پێدەرببڕێت و لەشوێنی ئامرازەکانی تر بەکاربێت. (هەندێك لە ئامرازە گەیەنەرەکان بۆ هەمو جۆرە ڕستەیەکی مەرجی دەستنادەن، و لەبار نین بۆنمونە ئامرازەکانی (تا،هەتا،هەتاوەکو،تاوەکو،با)ناتوانرێت لەکاتی بەکارهێنان و دانانی هەمو جۆرە کردارێکی مەرجدا بەکاربێن ، بەپێچەوانەشەوە هەندێ ئامرازی تر دەتوانن لە هەمو ڕستەیەکی مەرجیدا بەکاربێن بۆ نمونە (ئەگەر،گەر،کە) لەگەڵ هەمو جۆرە ڕستەیەکی شوێنکەوتوی مەرجیدا بەکاردێ ، بێ ئەوەی گوێ بدەینە جۆری ئەو کارەی کە بەدوایدا دێت. (محەمەد،فەریدون عەبدول،١٩٩٧ ،٢٠٤)

**٣٤-أ، ئەگەر/کە دەچیت، زو بچۆ.**

**ب-ئەگەر/کە بچیت منیش دێم.**

**پ-ئەگەر چویت/کە چویت منیش دێم.**

ڕستەی مەرج ڕستەیەکی ناسادەیە (لێکدراو،ئاڵۆز)، و لە دوو ڕستە پێکدێت بەیارمەتی کۆمەڵێك ئامراز ، ئەم جۆرە ڕستەیە مەرجی ڕودانی ڕوداوێك ، یان دیاردەیەك یان جێبەجێ بونی کارێك دەخاتە ڕو ، کە ڕەنگە لە ڕابردودا ڕویدابێت و جێبەجێ بوبێت ، یان لە ئێستا یان لە داهاتودا ڕوبدات و جێبەجێ بێت. هاتنەدی و نەهاتنەدی کرداری ڕستە سەرەکییەکە بەو مەرجەوە کە لە ڕستە مەرجییەکەدا دەخرێتە ڕو پەیوەستە ، پەیوەندی لۆجیکی لەنێوان ڕستەکاندا هەیە ، و ئامرازی گەیەنەری مەرج بەشداری داڕشتنی ئەم ڕستەیە دەکات وەك(ئەگەر،گەر،با،تا،تاکو،کە،هەرکە)، لەو ڕستانەدا کە کردارەکە کردارێکی مەرجییە دەتوانرێت ئامرازەکە هەڵبگیرێتەوە و دەرنەبردرێت. هەمو ڕێژەکانی(mood)ەکانی تێیدا بەکار دێت.

| ژ | کرداری مەرج | وەڵامی مەرج |
|---|---|---|
| ١ | ڕابردوی سادە<br>ئەگەر(نە)هات | داهاتوی سادە/داخوازی/ئینشائی<br>من دەردەچم/دەرناچم،-تۆبڕۆ/مەڕۆ،-چاوەڕێم بکات/نەکات. |
| ٢ | داهاتوی بەردەوام<br>ئەگەر(دە-نا)<br>خوێنێت،نویت | داهاتوی بەردەوام/داخوازی<br>من دەردەچم/دەرناچم،دەرگاکە داخە/دامەخە. |
| ٣ | ڕابردوی مەرجی تەواو<br>ئەگەر(نە)بهاتایە | ڕابردوی بەردەوام<br>وای بەسەر(نە)دەهات. |
| ٤ | ڕابردوی بەردەوام<br>ئەگەر (نە)دەهات | ڕابردوی بەردەوام<br>خۆم دەمزانی چیم دەکرد. |
| ٥ | مەرجی داهاتوی دانانی<br>ئەگەر(نە) هاتبێ | داهاتوی سادە/داخوازی<br>خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم ، ناکەم. / تۆ خۆت بشارەوە، مەشارەوە. |
| ٦ | داهاتوی مەرجی سادە<br>ئەگەر(نە)بچێت | داهاتوی سادە/داخوازی<br>پاداشتەکەی دەدەمێ/نادەمێ،ئاگادارم بکە/مەکە. |

**سەرچاوەی خشتەی ژمارە(١).(ئەمین،وریا عومەر،٢٠٠٩، ٧٢)**

واتە ئەگەر کرداری ڕستە مەرجییەکە ڕابردوی سادەبێت ، ئەوا وەڵامی مەرج لە ڕستەی سەرەکی دەکرێ داهاتوی سادە ، داخوازی ، ئینشائی ، بێت ، وەك لە خشتەکەدا دیارە. هەروەها گەر کرداری ڕستە مەرجییەکە

داهاتوی بەردەوام بێت ، ئەوا دەکرێ وەڵامی مەرج بەشی ڕستەی سەرەکی داهاتوی بەردەوام یان داخوازی بێت ، گەر کرداری ڕستە مەرجییەکە ڕابردوی تەواو(نزیك)بو، وەڵامی مەرج لە ڕستەی سەرەکی ڕابردوی بەردەوام دەبێت ، گەر کرداری ڕستە مەرجییەکە ڕابردوی بەردەوام بو، وەڵامی مەرج لەڕستەی سەرەکی ڕابردوی بەردەوام دەبێت ، گەر کرداری ڕستە مەرجییەکە داهاتوی تەواو(نزیك)بو، ئەوا وەڵامی مەرج لە ڕستەی سەرەکی داهاتوی سادە ، یان داخوازی دەبێت ، گەر کرداری ڕستە مەرجییەکە داهاتوی مەرجی سادە بو، ئەوا وەڵامی مەرج داهاتوی سادە ، یان داخوازی دەبێت.

## ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ڕستەی مەرج:

بەپێی تیۆری ئەرکی ڕستەکانی زمان دەتوانن بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکان (کۆنتێکست)ئەرکی جیاواز بەجێبهێنن.تیۆری ئەرکی زمان کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە پاش تیۆری بونیادگەری سەری هەڵدا، (جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان دەکات ، زمان لای ئەرکییەکان هۆکارێکە بۆ بەجێهێنانی کردەی پەیوەندیکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ، بەمەش زمان ئەرکێك بەجێدەهێنێت ، ئەرکەکانی زمان کاریگەرییان لەسەر سیستم و پێڕەوی زمان هەیە.**(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٣ :٨٥)**

بەپێی تیۆری ئەرکی زمان دوو ئەرك جێبەجێ دەکات ئەوانیش: (ئەرکەکانی ناوەوەی زمان ، ئەرکەکانی دەرەوەی زمان)ە. ئەرکەکانی ناوەوەی زمان ئەو ئەرکانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە ئاستەکانی زمان (فۆنەتیك، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیك)ەوە هەیە ، هەرچی ئەرکەکانی دەرەوەی زمانە بریتییە ، لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ، واتە ئەو ئەرکانەی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێیان دەکات.(زمان لەم ئاستەدا کۆمەڵێك ئەرکی تێکچرژاو بەجێدەهێنێت، کە پێویستییەکانی تاك و کۆمەڵی لە تێگەیشتن تێیدا جێبەجێ دەکرێت، و مەبەستەکان بەدیدێن.**(رحیم،نعمە،٢٠٠١ :٥٠)** [٢]ڕستە مەرجییەکان دەتوانرێت بەچەند شێوەیەك و بۆ چەند مەبەستێك بەکار بهێنرێت ( **eastwood,j,1994 :33-334**لە**:42 mustafa,abas,2012**). ئەو ئەرکانەی کە ڕستە مەرجییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بەجێیدەهێنن ، بریتین لە:

**١–داواکردن:** لەم جۆرەدا قسەکەر داوای شتێك دەکات ، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ بەشێوەی مەرج ڕستەکە بەگوێگر دەگەیەنێت. کاتی کرداری ڕستە مەرجییەکە ڕانەبردووی ئێستایە ، و داواکردنەکە بۆ کاتی دوای قسەکردنەکەیە.

---

٢–بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ،محەمەد، دارا حەمید،٢٠١٣ :٩٨.

**٣٥-ئەگەر چویت بۆکتێبخانە ،ئەم کتێبەم بۆ بهێنە.**

لەڕستەی(٣٥)دا ، قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەکات ، ئەگەر چو بۆ کتێبخانە کتێبێکی بۆ بهێنێت، قسەکەر ئەم داواکردنەی لە چوارچێووەی ڕستەی مەرجدا خستۆتە ڕو.

**٢– ئامۆژگاری:** لەم جۆرەدا قسەکەر ئامۆژگاریی گوێگر دەکات ، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك بە ناڕاستەوخۆ و بەشێوەی ڕستەی مەرج ئامۆژگارییەکەی بە گوێگر دەگەیەنێت.

**٣٦-ئەگەر پێویستت بە نمرەی باشترە،زیاتر هەوڵبدە.**

لە ڕستەی (٣٦)دا ، ڕستەیەکی مەرجییە ، قسەکەر ئامۆژگاری گوێگر دەکات ، بەوەی کە ئەگەر نمرەی باشتری پێویستە یان دەیەوێت نمرەی بەرز بەدەست بهێنێت ، پێویستە زیاتر هەوڵبدات ، واتە جگە لەواتای مەرج واتای ئامۆژگاریکردنیش دەگەیەنێت.

**٣–ڕەخنەگرتن:** لەم جۆرەدا بە زۆری قسەکەر ڕەخنە لە گوێگر دەگرێت ، واتە ڕستە مەرجییەکان جگە لەواتای ئاشکرای ڕستەکان دەکرێت ، چەند مەبەستێکی شاراوە لە ڕستەکاندا هەبن ، بەزۆری کاتی کرداری ڕستە مەرجییەکان کە بۆ مەبەستی ڕەخنە لێگرتن بەکاردێت کاتی ڕابردووە ، و ئەو بابەتەی کە قسەکەر ڕەخنەی لێدەگرێت پێش ئەم کاتەیە کە قسەکەر قسەی تێدا دەکات.

**٣٧-ئەگەر خۆتـان ماندو بکردبـایە،ئێمە بـراوە دەبوین.**

لە ڕستەی (٣٧)دا ، قسەکەر ڕستەیەکی مەرجی دەربڕیوە و تێیدا ڕەخنە لە کەسی بەرانبەر دەگرێت ، کە هۆکاری نەبردنەوەیان بون لە یارییەکەدا بەوەی خۆیان ماندو نەکردووە.

**٤–پێشنیازکردن:** زۆرجار قسەکەر ڕستە مەرجییەکان بۆ پێشنیازکردن بەکاردەهێنێت ، بۆ ئەوەی شێوازێکی جوان بە دەربڕینەکان بدات ، واتە قسەکەر خۆی بەدور دەگرێت لەشێوازی دەربڕینی وشك.

**٣٨-ئەگەر حەز بکەیت ،دەتوانی بە پێ بڕۆیت.**

لە ڕستەی(٣٨)دا ، قسەکەر پێشنیازی بەپێ ڕۆشتن بۆ گوێگر دەکات ، بەڵام بۆ ئەوەی دەربڕینەکە نەبێتە دەربڕینێکی وشك قسەکەر لەچوارچێوەی ڕستەی مەرجدا پێشنیازەکەی خستۆتە ڕو.

**٥–پێشکەشکردن:** لەم جۆرەیاندا قسەکە داوایەك پێشکەشی بەرانبەر دەکات، بۆ دەربڕینی داواکەشی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕستەی مەرج ، واتە جگە لەواتای ئاشکرای ڕستە کە ڕستەیەکی مەرجییە ، واتای

پێشکەشکردنیش لەخۆ دەگرێ ، کاتی ڕستەکەش داهاتوە، واتە جێبەجێ بونی دەکەوێتە دوای ئاخاوتنەکەوە.

**٣٩-ئەگەر بتەوێت، دەتوانین ببین بە هاوبەش.**

لەڕستەی(٣٩)دا ، قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات ، ببێت ، بەهاوبەشی بەڵام قسەکەر نایەوێت ڕاستەخۆ ئەم داوایەی پێشکەش بکات ، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ڕستەی مەرج ، ئەگەر بتەوێت ، واتە بەجۆرێك کە ئەگەر تۆ بتەوێت، حەزدەکەم ببین بەهاوبەش.

**٦–ئاگادارکردنەوە:** لەم جۆرەدا گوێگر ئاگادار دەکرێتەوە ، لە ئەگەری ڕودانی ڕوداوێك یان شتێك کە ئەگەر بێتو ئەو کارە بکات، ڕەنگە ئەنجامەکەی باش نەبێت.

**٤٠-ئەگەر بچیتە دەرەوە، سەرمات دەبێت.**

لەڕستەی(٤٠)دا ، قسەکەر گوێگر ئاگادار دەکاتەوە، بەوەی کە ئەگەر بچێتە دەرەوە سەرمای دەبێت ، سەرما بونەکەی بە چونە دەرەوەیەوە پەیوەستە ، واتە قسەکەر ڕستەی مەرجی بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە بەکارهێناوە.

**٧–هەڕەشە:** هەندێك جار قسەکەر ڕستە مەرجییەکان بەمەبەستی ترساندن و هەڕەشە بەکار دەهێنێت ، واتە جگە لە واتای مەرج واتای ترساندن و هەڕەشەش دەگەیەنێت.

**٤١-ئەگەر لێرە نەڕۆی، بە باوکت دەڵێم.**

لەڕستەی(٤١)دا ، قسەکەر گوێگر دەترسێنێت بۆیە بە باوکت دەڵێم بە ڕستە مەرجییەکەوە پەیوەستە ئەگەر نەڕۆیت ، واتە ئەگەر بڕوات بە باوکی ناڵێت.

- هەروەها دەکرێت ڕستە مەرجییەکان ئەم ئەرکانەش بەجێبگەیەنن:

**٨– پەڵپگرتن/پێداگری:** لێرەدا قسەکەر ڕستە مەرجییەکان بەمەبەستی پەڵپگرتن و پێداگریکردن بۆ بەدەستخستنی شتێك بەکاردەهێنێت ، ئەم جۆرە ڕستەیە زیاتر لای منداڵان بەکار دێت.

**٤٢ -تا پاسکیلەکەم بۆ نەکڕیت، نایەمەوە.**

له ڕستەی(٤٢)دا قسەکەر پەڵپی گرتووە، تاپاسکیلەکەم بۆ نەکڕیت ، واتە ڕۆشتنەوەی بە کڕینی ئەو پاسکیلەی کە داوایکردووە پەیوەستە. زۆر جاریش گوێگر ناچار دەبێت بە جێبەجێ کردنی ئەو داوایەی کە قسەکەر کردویەتی.

**٩–تکا کردن:** هەندێك جار قسەکەر لەبری بەکارهێنانی وشەی(تکایە) ، ڕستەیەکی مەرج بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گوێگر کارێك جێبەجێ بکات یان وازی لێبهێنێت.

**٤٣–ئەگەر ڕێزی منت لا هەیە،واز لەو کارە بهێنە.**

له ڕستەی(٤٣)دا، قسەکەر لەبری بەکارهێنانی وشەی(تکایە)ڕستەیەکی مەرجی بەکارهێناوە،بۆ ئەوەی گوێگر واز لەو کارە بهێنێت ، کە دەیەوێت ئەنجامی بدات ، بەکارهێنانی ئەم ڕستە مەرجییانە بۆ مەبەستی تکاکردن لەلایەن قسەکەرەوە بۆ ئەوەیە ، قسەکەی لەلایەن گوێگرەوە زیاتر بایەخی پێبدرێت ، و گوێی لێبگیرێت.

**١٠–دڵنیا کردنەوە:** لەم جۆرەیاندا قسەکەر گوێگر دڵنیا دەکاتەوە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەش ڕستەی مەرجی بەکاردەهێنێت ، واتە ڕودان و ڕونەدانی کارەکە یان ڕوداوەکە بە ڕستە مەرجییەکەوە پەیوەستە.

**٤٤- ئەگەر واز لە خوێندن بهێنیت،زەرەر دەکەیت.**

له ڕستەی(٤٤)دا قسەکەر ڕستە مەرجییەکەی بۆ مەبەستی دڵنیاکردنەوە و وریاکردنەوە بەکارهێناوە، واتە زەرەر دەکات ئەگەر بێتو واز لە خوێندن بهێنێت ، وەڵامی مەرجەکە بە ڕستە مەرجییەکەوە پەیوەستە.

**١١–بەدەستهێنان:** زۆر جار قسەکەر ڕستەکانی زمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستەی کە هەیەتی بەکار دەهێنێت ، زۆرجاریش ڕستە مەرجییەکان دەتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن[٣].

**٤٥–ئەگەر دەنگمان پێبدەن،موچە بۆ کابانی ماڵ دابیندەکەین.**

له ڕستەی(٤٥)دا ، قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات کە دەنگیان پێبدەن ، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو مەبەستەی هەیەتی پێی بگات و بەدەستی بهێنێت بەشێوەی مەرج داواکەی کردووە ، ڕستەی وەڵامی مەرج ، موچە بۆ کابانی ماڵ دەبڕینەوە ، بە پێدانی دەنگەوە پەیوەستە ، واتە ئەگەر توانیان دەنگ بەدەستبهێنن، ئەوکات موچە بۆ کابانی ماڵ دابیندەکەن.

---

٣–بۆ زانیای زیاتر دەربارەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان بڕوانە:

فەرهادی،ساجیدە عەبدوڵڵا،٢٠٠٣ ، فەرەج،شاخەوان جەلال،٢٠١١، محەمەد،پێشکەوت مەجید،٢٠١٣ ، محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٣

واتە دەکرێت ، ڕستە مەرجییەکان تەنها خستنە ڕوی مەرجێك نەبێ لە ڕستەکەدا وەك لە فۆرمدا دیارە، بەڵکو لە ناوەڕۆکدا ، چەندین مەبەست و واتای جیاواز لەخۆ بگرێت ، ئەمەش لەکاتی شیکردنەوە و کۆنتێکستی گوتنەکان مەبەستی قسەکەر ڕوندەبێتەوە.

**پاری دووەم:تیۆری پێویست:**

## تیۆری دەسەلات و بەستنەوەGovernment And Binding Theory(GB)

تیۆری دەسەلات و بەستنەوە یان حوکمکردن و بەستنەوە کورتکراوەکەی(GB)یە ، لەلایەن چۆمسکییەوە دانراوە، ئەم تیۆرە شێوازێکی تازە بو لە ڕێزمان کە لەساڵی(١٩٨٠) چۆمسکی خستویەتیە ڕو ، سەرەتای ئەم تیۆرییە لە زنجیرە وانەیەك پێکهاتبو دواتر لەساڵی(١٩٨١)دا لەژێر ناوی(چەند وانەیەك لەبارەی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە)وە چاپ و بلاوکرایەوە.(چەمکی دەسەلات لە تیۆرە گشتییەکەدا لەگەڵ خۆیدا دۆخی ئەبستراکت( Abstract Case)دەهێنێ ، کە جۆرەها پەیوەندیی( Themantic Relation )لە ڕستە جێگیرەکاندا بەرجەستە دەکات ، ئەو پەیوەندییە واتاییانەی وەکو کاراagent کارلێکراو،بەرکاری ڕاستەوخۆ( Patient )و سەربار(beneficiary )و گەلێکی تر(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٨٣)، (GB لەناو بنەمایەکی گشتیدا پەرەی پێدەدرێ ، کە حوکمی پێکهاتەییان دەکەن. لەچوارچێوەی GB دا ، چەمکی بنەمای تیۆری دەسەلات بریتییە لە پێوەندی نێوان سەرەی ڕۆنانێك و کەتیگۆرییە شوێنکەوتوەکانی) (ڕەسول،سەلاح حەوێز،٢٠١٤ :٥٤)واتە GBبنەمایەکە لەسەر پەیوەندی نێوان کەرەستەی حوکمکەر و کەرەستەی حوکمکراو دا دروستبووە.(دەسەڵاتداری ئەو بیرۆکەیە دەگرێتەوە ، کە وەچە پێکهاتەیەك دەسەڵاتی هەیە بەسەر وەچەپێکهاتەکانی تردا. بیرۆکەی بەستنەوەش لە بەستنەوەی ئایتمەکان لەگەڵ یەکتردا دەکۆڵێتەوە. (قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٥)

دەسەڵاتداری دوو پەیوەندی دەنوێنێت ، پەیوەندییەکی ستونی کە دەسەڵاتگیری دانەیەکی سەرەوەیە بەسەر دانەیەکی ژێرەوە ، هەرچی پەیوەندی دووەمە پەیوەندیی نزیکایەتییە لەنێوان کەرەستەکانی ڕستە.(دزەیی،عەبدولواحیدموشیر،٢٠١٤ :٢٥٥) واتە کەرەستەیەکی ڕستە باڵا دەستەو دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەیەکی تر (ئەو بەشەی کە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت) هەیە لە ڕستەکەدا ، ئەو دەسەڵاتداریەش بەپێی پەیوەندی نێوان کەرەستەکان و نزیکایەتییان لەگەڵ یەکتردا جێبەجێ دەبێت. بۆ نمونە لە ڕستەدا کردار نزیکترین کەرەستەیە لە (بەرکار)ەوە، هەربۆیە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێتەوە و دەتوانێت حوکمی بکات. مەبەست لە (دەسەلات)، حوکمکردن ئەوەیە ، کە کەرەستەیەکی ڕستە حوکمی کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە دەکات ، و دەسەڵاتی بەسەر تەواوکەرەکەیدا هەیە.(حاڵەتێکی جڵەوگرتن و ڕێکخستنی

پەیوەندییەکانی  ئاماژە بەندەکانی(Refrence Relations)دەربڕینە بکەرییە قرتاوەکانە و بەتایبەتی ئەوەی توخمی( PRO )ی پەیکاڵیانە لە پێکهاتووە چاوگیەکاندا( infinintive-Consurction )لە ڕستەی تەواوکەرانەدا، دوای کرداری "پەیماندان،گفتپێدان"ئەو فۆرمە جێناوییەی( pro-form)  کە لەجێی بکەری بنەڕەتی ئاستی قوڵی پێکهاتە چاوگیەکەیە ، لەلایەن بکەری شاڕستەکەوە( matrixsatr  )کۆنترۆڵ دەکرێ.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠ :٣٣)مەبەست لە بەستنەوەش بەستنەوەی فرێزە ناوییەکانە لەگەڵ یەکتردا کەرەستەکانی ڕستە لە پەیوەندی ئاسۆییدان و پێکەوە بەستراون.(چۆمسکی دەڵێت: تیۆری بەستنەوە لێکۆڵینەوە لە بەستانەوەی گرێ ناوییەکان لەنێوان خۆیاندا دەکات و هەندێ ئەدگاری سیمانتیکییان هەیە، وەك جێگیربون لەسەر سەرچاوە، ئەم جۆرە پەیوەندییەش لەنێوان جێناو و سەرەکەیدا(Antecedent) هەیە ( دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :٢٥٧).

بەپێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە بەشێکی گەورەی ڕێزمان لەهەمو زمانەکاندا هاوبەشە.(محەمەد،حاتەم ولیا،٢٠٠٩ :٦٤)واتە بەپێی ئەم تیۆرییە چوارچێوەی گشتی ڕێزمانی زمانەکان وەك یەکن بۆ نمونە.(گرێ)لەهەمو زمانەکاندا لەتاقە وشەیەکی سەرە و دیارخەرێك پێکدێت ، ئەمە یەکێکە لە بنەماکان بەلام چۆنیەتی ڕیزبونیان بە دوو شێوە دەبێت یان سەرە سەرەتایە یان سەر کۆتایە.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :٣٢) هەروەها کەرەستەکان(ئەلەمێنتە)ەکانی ڕستە وەك (بکەر،بەرکار،سەربار،...) لەهەمو زمانەکاندا هەن و وەك یەکن تەنیا چۆنیەتی ڕیز بونیان جیاوازە ، چونکە هەر زمانێك بەپێی یاسا تایبەتەکانی ڕێزمانی زمانەکەی کەرەستەکان ڕیز دەکات. ئاشکرایە ، هەر زمانێك یاسای تایبەت بە خۆی بۆ ڕیزکردن و خستنە تەك یەکی کەرەستەکانی ڕستە هەیە ، بۆنمونە زمانی کوردی یاسای(S. O. V.) بۆ خستنە تەك یەکی ئارگومێنتەکانی ڕستە پەیرەو دەکات. لە زمانی کوردیدا کردار سەرەی ڕستەیە و حوکمی ڕستەکە دەکات بەپێی پێویستی خۆی جێکەوتەکانی تر لە ڕستەدا هەڵدەبژێرێت. بۆ نمونە کردارە تێنەپەڕەکان تەنیا داوای یەك جێکەوتە لە ڕستەکە دەکەن، ئەویش جێکەوتەی(بکەرە)، بەلام کردارە تێپەڕەکان پێویستیان بە دوو جێکەوتە یان زیاتر هەیە(بکەر،بەرکار،تەواوکەر)بۆ تەواوکردنی واتای گشتی ڕستەکە.(لە ڕێزمانی کوردیدا بۆ دەربڕین ، و دەرنە بڕینی بکەری ڕستەکانی ناوەوەی ڕستەی ئالۆز خۆی وەك کۆنترۆڵێکی فۆنۆلۆژیانەیش دەردەخات.( مەحوی،محەمەد،٢٠٠١:١) واتە بکەرێکە بە سیمانتیکیی هەیەو کۆنترۆڵکراوە، دەشێت بە فۆنەتیکی بەرجەستە بکرێت و ببیسترێت یان نا.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠ :٣٤) (بەپێی بۆچونی دەسەلات و بەستنەوە دەشێ ڕێزمانی گشتی لەڕێی دوو پێکهێنەری سەرەکییەوە دەربخرێ، ئاستەکانی نواندن و سیستەمە سنوردارکەرەکان (کۆتەکان) (حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :٣٩).  ئاستەکانی نواندن لەچوار ئاستی نواندن پێکدێت ، دروستەی قوڵ(DS) ، دروستەی ڕوکەش(SS) ، فۆرمی فۆنەتیکی(PF) ، فۆرمی لۆجیکی(LF).

کەرەستە فەرهەنگیەکان لە ئاستی ژێرەوە(DS)یەکدەگرن واتە لە(DS)دا کردار جێکەوتەکانی خۆی پڕدەکاتەوە و هەڵیاندەبژێرێت ،پاشان بە قۆناغی($a$بجولێنە)تێپەڕ دەبێت ، کە کۆمەڵێك یاسای گواستنەوەن ، لەوێشەوە نەخشە بۆ ئاستی سەرەوە(SS) دەکشێن و ڕستەکان لە(DS)ەوە بۆ (SS) دەگوێزنەوە ، کە نواندێکی سینتاکسییە.(DS )ئەبستراکتەو ناتوانرێت ڕاستەوخۆ ڕاڤە بکرێت، بۆیە (SS) دابەشدەبێت بۆ (PF) کە تێیدا یەکەکان ڕاستەوخۆ بەشێوەی دەنگ دەنوێنرێن و گۆدەکرێن.(LF) تایبەتمەندییە سینتاکسییەکان و چۆنیەتی ڕیزبونی ئەو کەرەستانە دەخاتە ڕو( ئاستی لۆجیکی ڕستەیەك لە ڕاستیدا ، دارشتەی واتاکەی نییە ، ئاستی لۆجیکی بە تەنها دارشتەیەکە ، ڕستەسازی و واتا بەیەکەوە گرێ دەدات.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :٢٦) واتە فۆرمی لۆجیکی ئەو ئاستەیە کە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ڕستەی ڕێزماندروست و واتا دروستی پێبەرهەم بهێنرێت. (LF) هەردوو لایەنی سینتاکس و واتا دەگرێتەوە ، چونکە وشەو کەرەستەکانی زمان کە دەخرێنە پاڵ یەك دەبێت لەڕوی واتاوە وشەو کەرەستەکان پەیوەندی لۆجیکی لەنێوانیاندا هەبێت ، ئەگینا ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی ناڕاست دەبێت.

تیۆری GB بە چەند وەچە تیۆرێکی جۆراو جۆر دادەنرێت ، کە تێکەڵدەبن بۆئەوەی ڕێ بە بەرهەمهێنانی ڕاسترین دروستە بدرێت.(قادر،تارا موحسین،٢٠٠٤ :١٧)ئەم تیۆرە دەسەلآت و بەستنەوە لە چەند وەچە تیۆرێك پێکهاتووە ، تیۆرە سەرەکیەکانی حوکمکردن و بەستنەوە ئەمانەن:

١–تیۆری حوکمکردن.( Goveernment Theory )

٢– تیۆری بەستنەوە.(Binding Theory)

٣–تیۆری دۆخ.(Case Theory)

٤– تیۆری سێتا. (Theta Theory)

٥–تیۆری X- بار.(X-Bar Theory)

٦–تیۆری کۆنترۆڵ.(Control Theory)

٧– تیۆری بەندێتی.( Bounding Theory )    (قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٧)

### ١–تیۆری دۆخ: Case Theory

ئەم تیۆرییە بۆ بیرۆکەی کۆنی سینتاکس دەگەڕێتەوە ، کە تێیدا پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە (ئەلەمێنتەکان)، لە ڕێگەی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکان و ڕیزبونی وشەکانەوەword Orderدەردەکەوێت،

واته چ وشەیەك لەدوای ئەوی تر دێت.(cook&newson,1996:225 ) بیرۆکەی دۆخ بۆ یەکەمجار لەلایەن گریکییەکانەوە واتە زۆر پێش سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە سەری هەڵداوە، بەهۆیەوە بەشەکانی ناو ڕستە لێکجیاکراونەتەوە.( تیۆری دۆخ بۆ یەکەمجار وەك تیۆرییەك لە چوارچێوەی کارەکانی چۆمسکی کە بە(GB) ناسراوە پێشکەشکراوە، بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندی ئەلەمێنتەکان (کەرەستەکان)ی ناو ڕستە خراوەتە ڕو (Jonthan, David Bobaljik,...1.GB لە کۆمەڵێ لقە تیۆری پێکهاتووە ، تیۆری دۆخ یەکێکە لەو لقە تیۆرییانەی کە بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی سینتاکسی نێوان ئایتمەکان (دانەکان)ی ناو ڕستە بەکاردێت ، کە دروستە و چەشنی پەیوەندی نێوان ئەو یەکانە دەگرێتەوە، واتە دۆخ سیستمێکە ناوەکان لەگەڵ جۆری پەیوەندییان لەگەڵ کرداردا دیاریدەکات.(مەودای کارکردنی لە چوارچێوەی دەسەلات و بەستنەوەدا دەکەوێتە ئاستی دەرەوەی ڕستە.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :٩٧)بەپێی تیۆریGB لەپاش گواستنەوەی ڕستە لە(DS)بۆ(SS) کە دابەشدەبێت بۆ(PF) و(LF)ی، دەنگ و واتا بەکەرەستەکان دەدرێت.(ئەم تیۆرە ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزی ناویی ، و هەندێك جاریش بۆ جۆری پێکهێنەرەکانی تر دەکات کە پشت بە ئەرکی ڕێزمانی فرێزەکە دەبەستێت.(عەبدوڵلا،مەهاباد کامیل،٢٠١٠ :١٤) واتە بەپێی ئەو ئەرکەی کەرەستەکان لە ڕستەکەدا دەیبینن ، لەلایەن دۆخ پێدەرەکانیانەوە دۆخیان پێدەدرێت.

تیۆری دۆخ ئاماژە بە بەخشینی دۆخی ڕێزمانی بە هەمو فرێزێکی ناوی لەلایەن دۆخ پێدەرێکەوە دەکات، کە توانای پێدانی دۆخی بە(ئەلەمێنتەکان)کەرەستەکانی ناو ڕستەکە هەیە.(تیۆری دۆخی ڕێزمانی ، دۆخی ڕێزمانی تیۆریی و زاراوەیەکی زانستی زمانە ، کە بۆ دەرخستنی پەیوەندییە سینتاکسیەکانی ڕستەیەو ئەمیش دروستەو چەشنەکانی و پەیوەندیەکانی نێوانیان دەگرێتەوە.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠ :٣٩) دۆخ بریتییە، لە دەستنیشاکردنی(NP)ەکان و هەمو ئەو ئارگومێنتانەی وەك فرێزی ناوی هەڵسوکەوت دەکەن ، هەروەها دیاریکردنی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجییەکان کە بەهۆی دۆخ پێدانەوە لەزماندا دیاریدەکرێن.(سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :١٤)

تیۆری دۆخ لەناوەرۆکەکەیدا پاڵێوەری دۆخ وپێدەری دۆخ لەخۆ دەگرێت ، کە لەچوارچێوەی GB دا ئاماژەی بۆکراوە و تێیدا چۆمسکی کۆمەڵێك بیرۆکە و پرسیاری نوێی وروژاند ، تیۆری دۆخ پشت بە دەربڕینی سەرکەوتو و پێدەرەکانی دۆخ و ئەو دۆزینەوانەی لە تیۆری حوکمکردندا ئاماژەی پێدراوە دەبەستێت ، بوارێکی تری تیۆری دۆخ دۆزینەوەی جیاوازییە هەمەچەشنە زمانییەکانە(Jonthan, David Bobaljik,...5)، کە ئەرکی دۆخ لەخۆیدەگرێت واتە لەڕێگەی پێدانی دۆخ جیاوازی کەرەستە زمانییەکان ڕوندەبێتەوە.

تیۆری دەسەلات و بەستنەوە بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دۆخ وەرگرتن پەنا بۆ لێکدانی هەردوو پەیوەندی ستراکچەری و سیمانتیکی دەبات. تیۆری دۆخ دوو جۆر دۆخ لەیەکتر جیادەکاتەوە ، جۆرێکیان لە بنجدا

دەردەکەوێت ئەبستراکتە، جۆرەکەی دیکەیان دۆخێکی ستراکچەرییە ، و بەهۆی ڕیزبونی کەرەستەکان ئەرکیان لە ڕستەدا دەردەکەوێت، ئەم جۆرەیان بەرجەستەیەو لە ڕوخساردا دەردەکەوێت. وەك دۆخی (نۆمینەتیڤ، ئەکیوزەتیڤ، داتیڤ،...) بەڵام مەرج نییە دۆخ لە هەمو زمانەکاندا لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەربکەوێت، واتە لەشێوەی زیادەیەك بە ناوەکە یان کەرەستەکانی دیکەی ڕستەکەوە بلکێت. لەو زمانانەدا کە نیشانەی مۆرفۆلۆجی نییە بۆ ناسینەوەی بەشەکانی ڕستە بەهۆی ئەرکە گراماتیکییەکانیان لە ڕستەدا دۆخیان پێدەدرێت.**(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩)**

دۆخ هەمو ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە لەئەنجامی پەیوەندی نێوان فرێزی ناویی و سەرەی حوکمکەر لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت. بۆیە ئەگەر وەك سیستەمێکی جیهانی لە دیاردەی دۆخ بڕوانین دەکرێ دۆخ بە(DSوSS)ەوە ببەستینەوە.(دروستەی قوڵ زاراوەیەکی تیۆرییە لە ڕێزمانی گواستنەوەدا ، واتە بەپێچەوانەی دروستەی ڕوکەشەوەیە.**(قادر،تاراموحسین،٢٠٠٤ :١٤)**هەرچەندە لەم ئاستەدا کەرەستەکان (ئەبستراکت)ن بەڵام هەر لەم ئاستەوە دەتوانین (SS)بەرهەمبهێنین. واتە ئەم ئاستە دەبێتە بناغە بۆ (SS).

(DS) [(*)(٤)]ئاستێکی ئەبستراکت و نادیارە لەئاوەزی قسەکەردایە ، هەڵگری واتای بنجی ڕستەکانە، و قۆناغی یەکەم ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەیە پێش ئەوەی بە یاساکانی گوێزانەوەدا تێپەڕبێت.

DS،ئاستێکی ئەبستراکت و پێکهێنەرێکی ڕستەیە بۆ ڕۆنانی هەر ڕستەیەك پێویستە ، سەرەتا ئایتمەکان کە لێکسیك هەڵیاندەبژێرێت لە(DS) دیاریبکرێن و ڕۆڵی بابەتانەیان پێدەدرێت.

دروستەی قوڵ واتە دروستەی ژێرەوە، ئەو دروستەیەیە ، کە لە دوای دانان و دامەزراندنی کەرەستە فەرهەنگیەکانەوە کۆتا زنجیرەیە بەهۆی هەڵگواستنی سیمانتیکی دەگوێزرێتەوە و بەرهەمدێن.**(حسەین،شیلان عومەر،٢٠١١ :٦٠)** واتە ئاستی یەکەمی ڕیزبونی ئایتمەکانە کە فەرهەنگ دیاریکردون ، پاشان لە ئەنجامی یاساکانی گواستنەوە($a$بجولێنە)بۆ(SS)دەگوێزرێنەوە.

دروستەی ڕوکەش (SS)ئاستی بەرهەمهاتوی ڕستەیە ، لەپاش(DS)و تێپەڕبونی بەیاساکانی گواستنەوەدا ڕستەکە بۆ (SS)دەگوێزرێتەوە ، لەم قۆناغەدا ئایتمەکان گۆکردنێکی فۆنەتیکیان دەبێت و کەرەستەکان بەپێی یاسای زمانەکان ڕیز دەکرێن و پەیوەندی لۆجیکی لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەکەدا دروست دەبێت ، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دروستەی ڕوکەش.

---

★–(ڕۆنانی ژێرەوە،دروستەی ناوەکی،دروستەی ژێرەوە یان بنەڕەتی،بنجی،قوڵ بنەما)شی بەرانبەر بەکار هاتووە.

٤–بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،مەحوی،محەمەد،٢٠٠١.کەمال،دیار عەلی،٢٠٠٢.قادر،تارا موحسین،٢٠٠٤. حسەین،شیلان عومەر،٢٠١١.

بەواتایەکی تر(قۆناغی کۆتایی ڕۆنانی ڕستەیە، دەکەوێتە دوای جێبەجێکردنی یاساکانی گوێزانەوە، ئەو شێوە و بەرجەستەیە کە دەگوترێ و دەبیسترێ و دەبینرێ (محەمەدئەمین،یوسف نوری،٢٠١٥ :٢١).

لەم ئاستەدا ئایتمە لێکسیکیەکان دەبنە خاوەن فۆرمی فۆنەتیکی لە(SS)دەردەبڕدرێن ، پاشان بەپێی لۆجیك و یاساکانی زمانەکە ڕیز دەکرێن و دەخرێنە تەك یەك ، بەهۆی داڕشتە سینتاکسییەکەیەوە دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. ((بەهۆی ئەم دروستەیەوە دەتوانرێت خزمایەتی یان لێکچون و جیاوازی لەنێوان دوو زمان ، یان زیاتر دەستنیشان بکرێت)).(حسەین،ئازادئەحمەد،٢٠٠٨ :٤) واتە لە ئەنجامی خستنە ڕوی یاسا سینتاکسییەکانی زمان دەتوانین خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکان بزانین ، بەمەش نزیکایەتی نێوان زمانەکان ڕوندەبێتەوە.

دروستەی ڕوکەش(SS)هەردوولایەنی فۆرمی فۆنەتیکی و فۆرمی لۆجیکی دەگرێتەوە.فۆرمی لۆجیکی(LF)،زمان بە پێڕەوەکانی درکپێکردن و پراگماتیکەوە دەبەستێت ، بەڵام فۆرمی فۆنەتیکی(PF) زمان بە پێڕەوی درکپێکراوی (دەربڕین/دەرکردە)وە دەبەستێت. (قادر،کاروان عومەر،٢٠١٢ :٥٣) لەم ئاستەدا(DSدۆخی ڕێزمانی بە ئارگومێنتەکان، کەرەستەکان دەبەخشرێت ، لەلایەن دۆخ بەخشێنەرەکان کە(سەرە حوکمکەر)ەکانی ڕستەکەن.

هەمو زمانەکانی جیهان خاوەن سیستەمێکی تایبەتی دۆخن ، بەڵام لەڕوی دەرکەوتنی نیشانەکانی دۆخ جیاوازن ، چونکە لە هەندێ زماندا دۆخ لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەکەوێت ، وەك نیشانەیەك بەکۆتایی ناوەکەوە دەلکێنرێت لەهەندێ زمانیشدا دۆخ نادیارە. هەروەها لە هەندێ زماندا دۆخ بە زۆری بەرچاو دەکەوێت ، بەڵام لە هەندێ زمانی دیکەدا کەمتر دەردەکەوێت ، بۆ نمونە زمانی عەرەبی خاوەن سیستمێکی دەوڵەمەندی دۆخە ، لەم زمانەدا دۆخ لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەکەوێت بەڵام زمانێکی وەك کوردی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەو ناوانەی دەکەونە دۆخەوە ، هیچ نیشانەیەکی تایبەت بەخۆیان نییە بۆ جیاکردنەوەیان.(قادر،سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩:٧٠)

نمونە بۆ زمانی عەرەبی:

**٤٦-آ-أكلتُ البنتُ التّفاحةَ.**

لە زمانی عەرەبی بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ڕستە نیشانەی تایبەت دانراوە ئەو ناوەی کە نیشانەی بۆر( ُ)ی لەسەرە ، ئەوا ئەو ناوە دۆخی بکەری وەردەگرێت ، ئەو ناوەی سەر( َ ) وەردەگرێت ، ئەوا ئەو ناوە هەڵگری دۆخی بەرکارییە. واتە نیشانەکان لەشێوەی مۆرفیمی بەند بە ناوەکانەوە دەلکێن.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :١٥٥)

بەڵام زمانی کوردی لە هەندێ باری تایبەتدا نەبێت ، هیچ نیشانەیەکی تایبەت بە دۆخ نەماوە بۆ جیاکردنەوە (ناسینەوە)ی بەشەکانی ڕستە.

**٤٦- ب-کچەکە سێوەکەی خوارد.**

لەڕستەی (٤٦،ب)دا(کچ )لەبەرئەوەی ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە بۆیە دۆخی بکەری وەرگرتووە، سێو ئەو بەشەیە کە کاری ڕستەکەی دەکەوێتە سەر و دۆخی بەرکاری لە ڕستەکەدا وەرگرتووە.

**کەواتەبەپێی تیۆری دۆخ:**

١-لە هەمو زمانەکاندا دۆخی ڕێزمانی هەیە ، واتە هەمو زمانەکانی جیهان خاوەنی ئەم دیاردەیەن ، و بەهۆیەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ناو ڕستە لێکدەدرێتەوە ، کە لەنێوان سەرە(H)و تەواوکەرەکانیاندا (com) هەیە. لە هەمو زمانەکاندا بەپێی تیۆری دۆخ ئارگومێنتەکانی ناو ڕستە ڕیز دەکرێن.

٢-زمانەکان لەڕوی دەرکەوتنی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکانی دۆخ وەك یەك نین ، لە هەندێ زماندا دۆخ لەڕوی مۆرفۆلۆجیەوە دەردەکەوێت ، هەندێ زمانیش هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی تایبەت بە دۆخیان نییە.

٣- هەمو زمانەکان خاوەن سیستمی تایبەتی دۆخن ، بەڵام زمانەکان لەڕوی ژمارەو جۆری دۆخەوە وەك یەك نین ، واتە لەنێوان زمانەکاندا جیاوازی لە سیستمی دۆخدا هەیە ، چونکە لەهەندێ زماندا وەك زمانەکانی (گریکی کۆن، لاتینی،سانسکریتی،هەنگاری،تامیلی،ڕوسی،پۆڵیش،ئۆکرانی،چیکی،سیربی وکرواتی ،سلۆڤاکی ،فینلەندی،لاتیڤی،لیتوانی) سیستمی فراوانی دۆخیان هەیە لەگەڵ ناو ، جێناو،ئاوەڵناوەکان، دیاریکەرەکان دێن. هەمو ئەوانەی کردار دروستدەکەن (زۆرجار لەلایەن واتاکانەوە پاشگرەکان جیاوازدەبن) هەروەها ئەم زمانانە لەڕوی ژمارەی دۆخەوە وەك یەك نین بۆ نمونە زمانی ڕۆمانی پێنج جۆر، لاتیڤی و لیتوانی و فینلەندی پازدە جۆر، هەنگاری هەژدە جۆر دۆخیان هەیە بەگشتی دۆخەکان لەدەوری (نۆمینەتیف، ئەکیوزەتیف، داتیف،جێنەتیف)دەسورێنەوە.ئەم زمانانە خاوەن نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخن لەڕوی نیشانەی دۆخەوە زۆر دەوڵەمەندن ، نەك تەنیا ناوەکان بەڵکو ئاوەڵناو و دیاریکەرەکانیش دۆخ وەردەگرن ، ناوەکان کە دەکەونە دۆخەوە نیشانەی تایبەتی بۆ دیاریکراوە، [٥] واتا ناوەکان لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بەکاربهێنرێت نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخی پێدەدرێت ، هەندێ زمانیش هەیە لەڕوی نیشانەکانی دۆخەوە هەژارن وەك زمانی(کوردی،...).

5– http\\www.wikpediaorg.com

## ٢-چەمك و زاراوەی دۆخ:Case

زاراوەی دۆخ لە وشەی لاتینی (clause)ەوە هاتوە ، کە وەرگێڕدراوی وشەی گریکی (ptosis) بەواتای (fallبەربونەوە) دێت ، کە ئەرستۆتالیس بۆ جیاکردنەوەی ناوەکان لە کردارەکان بەکاریهێناوە (ئەحمەد،مزگێن عەبدوڵلا،٢٠٠٦ :١٧).

دۆخ حاڵەتێکی ڕێزمانییە ، و بەهۆیەوە پەیوەندییەکانی ناو ڕستە دەستنیشاندەکرێت.(لێکۆڵینەوە لە دۆخ وەك بابەتێکی ڕێزمانی سەربەخۆ ، بەشێوەیەکی چڕو پڕ لەدوای دەرچونی کتێبەکەی چۆمسکی لەساڵی(١٩٦٥) سەری هەڵداوە.(ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٦) چۆمسکی لەیەکەم تێڕوانینی بۆ دیاردەی دۆخ وای بۆ چووە ،دۆخ تایبەتمەندییەکی هەمو فرێزە ناوییەکانە ، کە بەشێوەیەکی وەك یەك نیشانە دەکرێن ، هەتا ئەگەر هەندێکیشیان شێوەی مۆرفۆلۆجییان نەبێت.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :٩٧) بەهۆی دۆخ بەخشێنەرەکانەوە دیاردەی دۆخ دیاریدەکرێت بۆ هەمو فرێزە ناوییەکان. (cook&newson,1996:227) واتە هەمو(NP) لە ڕستەدا لەلایەن سەرە حوکمکەرەکەیەوە دۆخ وەردەگرێت، بەمەرجێك(NP)ەکە خاوەن دەرکەوتەی فۆنەتیکی بێت ، واتە چۆمسکی لە تیۆرەکەیدا دۆخی پەیوەستکردبو بە (PF)، (مەبەست لە دۆخ ئەو پەیوەندییە سینتاکسیانەیە ، کە ناو ئەو ڕۆنانە دەگرێتەوە، کە تێیدا بەکاردێت ، ئەم پەیوەندیانەش لەڕوی واتاوە گرنگن(عومەر،نەوزاد ئەنوەر،٢٠٠٨ :٧٠)، واتە ئەو پەیوەندییەیە کە بەهۆی ئەرکی سینتاکسی و پەیوەندی نێوان کەرەستەکان لەڕستەدا دروستدەبێت و بەهۆیەوە واتای ڕستەکە ڕون دەبێتەوە.زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزێکی ناویی ، و هەندێ جاریش بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی تری وەك فرێزی ئاوەڵناویی دەکات و دەوەستێتە سەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی فرێزەکە.بۆنمونە دۆخی(Nomenetive )بە Np بکەر دەبەخشرێت، دۆخی(Accusative)دەدرێتە پاڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ هەروەها دۆخی(Dative)یش بە بەرکاری پێشناوەکان دەدرێت(محەمەد،حاتەم ولیا،٢٠٠٩ :١٨٧).دۆخ سیستمی پێدانی نیشانەیە کە ناوەکان پشتیان پێدەبەستن، لەگەڵ ئەو بەشەی کە لەگەڵی هاوپەیوەندە.( دۆخ بەیەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندی ڕێزمانی دادەنرا و پەیوەندی ڕێزمانیش لەڕێی ڕیزبونی وشە(word order) و ڕێکەوتن و نیشانەکردنی دۆخ (case marking)ەوە دیاریدەکرا(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٤٠).

دۆخ بریتییە لەو پەیوەندییە کە لە نێوان بەشەکانی ڕستەکەدا هەیە و دروستدەبێت ، بەهۆیەوە کەرەستەکانی ناو ڕستە بەپێی یاسای زمانەکە ڕیز دەکات و ئەرکی ئەو کەرەستانە لە ڕستەدا دیاریدەکات. لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا دۆخ ئەو سیمایەیە، یاخود ئەو فۆرمە نیشانکراوە دیارەیە کە گرێیەکی ناوی

وەریدەگرێت بۆ ئاماژەکردن بە هەندێ لە سیما و پەیوەندییە ڕێزمانی ، یان واتاییەکانی تەواوی ڕستەکە کە گرێ ناوییەکە هەڵدەگرێت.(حاجی ،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :٩٥)

دۆخ، کەتیگۆرییەکی ڕێزمانییە نرخ و بەهاکەی لە ئەرکە ڕێزمانییەکەوە ڕەنگدەداتەوە، کە لەلایەن ناوێك یان جێناو، لە فرێز و ڕستەدا دەخرێتە ڕو. لەهەندێ زماندا ناو و جێناو ، مۆدیفایەرەکانیان شێوازی جیاواز وەردەگرن بەپێی ئەو دۆخەی تێیدان. زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فراوان سیستمی دۆخی خۆی لەدەستداوە ، هەرچەندە هەندێ لە جێناوەکان تایبەتکراون بە دۆخی بکەری و هەندێکی تریشیان تایبەتکراون بە دۆخی بەرکاری (personal pro noun) بۆ نمونە (me,him,us/i,he,we)ڕۆڵی بکەر و بەرکار دەگێڕن لەڕستەدا.[٦]

**٤٧-أ—**I kicked the ball.- **من شەقم لەتۆپەکە هەڵدا**. (I)ڕۆڵی بکەری لە ڕستەکەدا بینیوە.

**ب-**John kicked me.-**ئازاد لەمنی دا**.(Me)ڕۆڵی بەرکاری لە ڕستەکەدا بینیوە.

دۆخ بریتییە، لە حاڵەتێکی گراماتیکی، کە بەهۆیەوە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە ڕێکدەخرێت، دۆخ لەلایەن هەندێ ئارگومێنتەوە>> کەرەستە<< ی ڕستەوە بەئارگومێنتەکان >>کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە وەك (بکەر،بەرکار،سەربار،...) لەلایەن دۆخ بەخشێنەرەکانەوە دەدرێت، مەبەست لە دۆخ بەخشێنەر سەرەی ڕێزمانین(H)، و لە ڕستەدا توانای بەخشینی دۆخی ڕێزمانیان هەیە ، واتە ئەو کەرەستانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر تەاوکەرەکانیاندا(com) هەیە و دەتوانن دۆخ بە تەواوکەرەکانیان ببەخشن. هەر ئارگومێنتێك تەنیا بۆی هەیە یەك دۆخ بەکەرەستەیەك ببەخشێت ، پێدانی دۆخ لەسەر دوو بنەما دەبێت(دەسەڵاتداری ، نزیکایەتی کەرەستەکان)، لەهەمان کاتدا ناکرێت سەرەکان دوو دۆخ بە ئارگومێنتێك ببەخشن ، هەربۆیە هەر سەرەیەك تەنیا یەك دۆخ بەو ئارگومێنتەی دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە دەبەخشێت. لە ڕستەدا بەهۆی دۆخ بەخشێنەرەکانەوە دۆخ بە هەمو(NP) دەدرێت بۆنمونە دۆخی بکەر (NoC) لەلایەن کات و کەسی کردارەوە دۆخی پێدەدرێت، بەرکار(AccC)لەلایەن کردارەوە دۆخی پێدەدرێت، سەربار(DaC)، لەلایەن پریپۆزشنەکانەوە دۆخ وەردەگرن. دیاریکراوەکانیش لە لایەن دیاریکەرەکانەوە (DetC)ەکانەوە دۆخ وەردەگرن.

**٤٨-منداڵەکە بە پەلە نان دەخوات.**

---

6– http\\ww.wikpediaorg.com

له ڕستەی ژمارە(٤٨)دا، ناوی(مندالّ)دۆخی نۆمینەتیڤی لەلایەن کەس و ژمارە وەرگرتووە(ات) بۆ کەسی سێیەمی تاك دەگەڕێتەوە، بەرکاریش لەلایەن کردارەوە دۆخی ئەکیوزەتیڤی وەرگرتووە کرداری (خوارد) پێویستی بە تەواوکەرێکە کە لەگەڵ کردارەکە ڕێکەوتوبێت ، سەرباریش لەلایەن پریپۆزشنەکەوە دۆخی داتیڤی وەرگرتووە.

ناوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا خاوەنی دوو جۆر دۆخن، بڵاو(common) بەبێ نیشانە(unmarked) (boy) کوڕ، و نیشانەدار markedدۆخی خاوەنێتی وەك (boys)، لەکاتێکدا دۆخە بێ نیشانەکان تەنیا دەتوانن بۆ ڕیکخستنی پەیوەندی سینتاکسی لە نێوان ناو و فرێزەکاندا بەکاربێن، وەك (بکەر،بەرکار،...) واتە تەنیا لە سینتاکسی برگە ناوییەکاندا دەتوانرێت ببینرێت ، بەڵام دۆخی نیشانەدار پێویستی بە وردبینی زیاترە ، کە پێویستە بەپێی ئەرکەکانیان ، و ڕێکخستنەکان جێناوی خۆیی و خاوەنێتی (نیشانەدار) لەیەك جیا بکەینەوە(**Quik,Greenbaum,leech,svartvik,1973:9**).

## ٣-دۆخ و توخم: Case And Gender

دۆخ تایبەتمەندییەکی سینتاکسییە لەسەر بنەمای دەسەڵاتداریی و نزیکایەتی لە ڕستەدا بە کەرەستەکان دەدرێت. توخم تایبەتمەندییەکی لێکسیکی و ڕێزمانییە ، کە بەهۆیەوە توخمی ناوەکان لەیەکتر جیا دەکرێنەوە ، لە هەر زمانێکدا بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە توخمی ناوەکان لە یەکتر جیادەکرێنەوە. بەهۆی کەتیگۆرییەکەوە ناوەکان بەسەر چەند توخم و پۆلێکدا دابەشبون ناوی(نێر-مێ-بێلایەن-دوولایەن/جوت ڕەگەز).لە هەندێ زماندا بەهۆی نیشانەی تایبەتەوە توخمەکان لە یەکتر جیادەکرێنەوە وەکو زیادەیەك بە ناوەکەوە دەلکێ .(**ئەحمەد،بروا ڕەسول،٢٠١١: ١٦**) لە زمانی کوردیدا بە تایبەت لە هەردوو زاری کرمانجی ژورو و شێوە زاری هەورامیدا نیشانەی تایبەت بە توخمەکان لەکاتی وەرگرتنی دۆخدا دیاریکراوە[*][٧]بەڵام لە زاری ناوەڕاستدا نیشانەکانی دۆخ کەمتر بەرچاو دەکەون ، لە هەندێ باردا نەبێت ، ئەو نیشانانە نەماون. بۆنمونە لە زاری ناوەڕاست لەدۆخی بانگکردندا نیشانەی تایبەت بۆ توخمەکان جیاکراوەتەوە نیشانەی(ە)بۆ تاکی نێر ، نیشانەی(ێ) بۆ تاکی مێ ، بەڵام لە باری کۆ دا بۆ هەردوو توخم (نێر و مێ)(ینە) بەکاردەهێنرێت. (**سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩: ١٣**) بۆ نمونە:

---

*-لەزای کرمانجی ژورودانیشانەی توخم بۆ مێ(ێ)بۆ نێر(ۆ)یە،هەرۆوەها لە شێوەزاری هەورامیدا نیشانەی توخم بۆ مێ( ێ ) بۆنێر(ە)

کچێ وانە بخوینە. کورۆ وانە بخوینە. کناچەکێ وانە بوانە. کورە وانە بوانە.

٧-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:محەمەد،فەریدون عەبدول،١٩٩٩.

**٤٩-أ-کوڕە وانەکەت بخوێنە.**

**ب-کچێ وانەکەت بخوێنە.**

سەبارەت بەم دوو بابەتە دۆخ و توخم دیارە نزیکییەك لەنێوانیاندا هەیە ، ئەویش ئەوەیە ئەو نیشانەیەی کە بەناوەکەوە دەلکێنرێ زۆر جار دەبێتە نیشانە بۆ دۆخەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم دوو بابەتە لە یەکتر جیاوازن(چونکە توخم تایبەتمەندییەکی لێکسیکییە، و توخمەکان لە لێکسیکەوە لە یەکتر جیادەکرێنەوە، بۆیە ناوەکان لەهەر جێگەیەکی ڕستە بەکار بهێنرێن هەمان تایبەتمەندی خۆیان هەیە بەپێچەوانەی دۆخ، کە تایبەتمەندییەکی سینتاکسییە ، بەهۆی ڕێکەوتنی کەرەستەکانەوە دۆخ بە کەرەستەکان دەدرێت، بۆیە بەگۆڕینی شوێنی ئارگومێنتەکان نیشانەی دۆخەکەشی دەگۆڕێت.(**ئەحمەد،بروا ڕەسول،٢٠١١ :١٩**) بەواتایەکی تر کاتێك ناوێك دەکەوێتە دۆخەوە ئەوا ئەو ناوە ئەگەر توخمی بۆ دیاریکرابێت ، بەپێی توخمەکە ئەو ئامرازە وەردەگرێت ، کە لەگەڵ ناوەکە دەگونجێت و لێکسیك بۆیانی هەڵبژاردون ، دۆخیش بەپێی شوێنی کەرەستەکان بە ناوەکان دەدرێت وەك (نۆمینەتیڤ،ئەکیوزەتیڤ،...).

لەخوارەوە بەراوردی نێوان ئەم دوو بابەتە بەچەند خاڵێك دەخەینە ڕو:

١-دۆخ گشتییە ، واتە لەهەمو زمانەکاندا هەیە بەتایبەت دۆخی (ئەبستراکت)، بەڵام توخم تایبەتمەندییەکی زمانەکانە ، و هەر زمانێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی توخمی ناوەکان لەیەکترجیادەکاتەوە ، مەرجیش نییە لەهەمو زمانەکاندا ناوەکان بەپێی توخم جیا کرابێتنەوە. بۆ نمونە لەزاری ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانی جگە لە دۆخی بانگکردن بۆ هیچ بارێکی تر نیشانەی تایبەت بە توخم دیارینەکراوە.(**هەمان سەرچاوە:٢٠**)

٢-دۆخ بەهۆی ئەرکی سینتاکسییان لە ڕستەدا دەستنیشاندەکرێن وەك(دۆخی نۆمینەتیڤ،ئەکیوزەتیڤ،...) بەگۆڕینی شوێنی کەرەستەکان جۆری دۆخەکە دەگۆڕێت ، بەڵام توخم تایبەتمەندییەکی لێسیکی زمانەو توخمەکان لە لێکسیکەوە جیاکراونەتەوە.

**٥٠-أ-ئەگەر یاران ئاکام ببینێت،باوکی لێی تورە دەبێت.**

**ب- ئەگەر ئاکام یاران ببینێت،باوکی لێی تورە دەبێت.**

لە ڕستەی(٥٠،أ)دا(یاران)دۆخی نۆمینەتیڤ و(ئاکام)دۆخی ئەکیوزەتیڤیان بەهۆی ئەرکی سینتاکسیان لە ڕستەکەدا وەرگرتووە ، بەڵام لە(٥٠،ب)دا(ئاکام)دۆخی نۆمینەتیڤ و(یاران)دۆخی ئەکیوزەتیڤیان لەڕستەکەدا وەرگرتووە.

لەزاری کرمانجی ژوورودا ناوەکان بەپێی توخم جیاکراونەتەوە ، ئەو کەرەستانەی کە دۆخ وەردەگرن لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بەکاربهێنرێن هەمان نیشانەی دۆخ بەپێی توخمەکان وەردەگرن :

**٥١-أ-ئارازێ یاران ئینا.**

**ب-یارانێ ئاراز ئینا.**

ئەگەر ناوەکان لە شوێنی تردا بەکاربێن هەمان نیشانەی دۆخ بەپێی توخم وەردەگرن.

**٥٢-أ-خوشکا من کتێبەك بۆ یارانێ هنارت.**

**ب-سەیدایێ کتێبەك بۆ ئارازێ هنارت.**

بەڵام لەزاری ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانی تەنیا لە دۆخی بانگکردندا نیشانەکان دەردەکەون.

بۆ نمونە:

**٥٣-أ-کورە بەباشی بخوێنە.**

**ب-کچێ بەباشی بخوێنە.**

**پ-باش بخوێنە کورە.**

**ت-باش بخوێنە کچێ.**

لە ڕستەی(٥٣،أ)دا ناوی (کورە) بەپێی ئەرکی لە ڕستەکە بکەرە هەربۆیە دۆخی (نۆمینەتیڤ)ی وەرگرتووە، نیشانەی تایبەتی توخم بۆ نێر لەکاتی بانگکردندا(ە)یە.لەبەرئەوەی ناوی کوڕ لە هەر شوێنێکی تری ڕستەدا بەکاربێت ئەو نیشانەیە وەردەگرێت ، چونکە ئەم نیشانەیە بەپێی لێکسیك و تایبەتمەندی ناوەکان بە ناوی(کوڕ)دراوە. نەك بەپێی شوێن و ڕیزبونی کەرەستەکان لە ڕستەدا. بەهەمان شێوە ڕستەی(٥٣،ب)ناوی (کچێ) بەپێی ئەرکی سینتاکسی دۆخی(نۆمینەتیڤ)ی وەرگرتووە، بەپێی تایبەتمەندی لێکسیك و توخمی ناوەکە نیشانەی(ێ)ی وەرگرتووە نەك بەپێی ڕیزبونی کەرەستەکان و ئەرکی لە ڕستەکەدا.

ئەم شێوازە(جیاکرنەوەی ناوەکان بەپێی توخم) بەتایبەتی لە زارەکانی کرمانجی ژورو و هەوارامیدا بەرچاو دەکەوێ. لەم دوو زارەدا هەمو ناوە تایبەت و گشتییەکان و هەمو شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ بەپێی تایبەتمەندیی ئەو زارانە(توخم)بۆ هەمو ئەو ناوانە دیاریکراوە، بۆ نمونە لە زاری کرمانجی ژورودا (پەرتوك)

مێیە(تێنوس)نێرە.(ئەحمەد،بڕوارەسول،٢٠١١ :١٦)هەربۆیە لەکاتی وەرگرتنی دۆخی ڕێزمانی ئەو نیشانانە وەردەگرن کە تایبەتن بە توخمەکانیان. هەروەها لەم دوو زارەدا جێناوەکان(بەتایبەتی لە کەسی سێیەمی تاك) بەپێی توخم جیاکراونەتەوە ، بۆنمونە لە زاری کرمانجی ژورو دا جێناوە سەربەخۆکانی دەستەی(من–مە،تە–وە،ئەوی–ئەوێ)کاتێك لە ڕستەدا لە بری ناو بەکاردێن ئەوا ئەوا جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاك و کۆ دەکەونە دۆخەوە.(ئەوی،ئەوێ –ئەوان)

بۆ نمونە(من–مە،تە–وە،ئەوی،"بۆ تاکی نێر"،ئەوێ،"بۆتاکی مێ"–ئەوان) لە ڕستەدا دۆخ وەرگرن:

**٥٤-أ-ئەز ئەوی دبینم. من ئەو دەبینم.( ئەوی-تاکی نێر )**

**ب-ئەز ئەوێ دبینم. من ئەو دەبینم.( ئەوێ-تاکی مێ )**

**پ-ئەوی ئەز دیتم. ئەو منی بینی.( ئەوی-تاکی نێر )**

**ت-ئەوێ ئەز دیتم. ئەو منی بینی.( ئەوێ-تاکی مێ )**

٣–دۆخ و توخم لە زۆربەی زمانەکاندا بەهۆی نیشانەی تایبەت دەناسرێنەوە و لەشێوەی زیادەیەك بەو ناوە یان ئەو کەرەستەوە دەلکێت کە نیشانەی(توخم یان دۆخ)ن. بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتنی ئەو زیادەیە وەك نیشانەی دۆخ لەزۆربەی زمانەکاندا کەمبۆتەوە، بۆ نمونە لە زاری ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانی جگە لەدۆخی بانگکردن هیچ نیشانەیەکی تر وەك نیشانەی دۆخ نەماون ، بەڵکو تەنیا شوێنی کەرەستەکان دۆخەکان دیاریدەکات.

لە زمانی ئینگلیزیدا زۆربەی جێناوەکان وەك ناوەکان خاوەن دوو جۆر دۆخن ، بڵاو >>common<< (some bodey)و خاوەنێتی>>Genitive<<(some body's). بەڵام شەش لە جێناوەکان دۆخی بەرکاری هەیە.

لەو کاتانەدا سیستمی دۆخ سێ دانەیە ، لەکوێ دۆخی بڵاو هەبێت ، لەگەڵ بکەری ، یان بەرکاری، شوێنەکانیان دەگۆڕێت لەوێش جیاوازی لەنێوان بەرکاری و خاوەنێتی ئاشکرادەبێت**Quik,Greenbaum)** **.,leech,svartvik,1973:10)**

## ٤- دۆخ و ڕێکەوتن Case And Agrement:

بۆ دروستبون و هاتنەکایەی کردەی لێکگەیشتن پێویستە لەنێوان کەرەستەکانی هەمو ڕستەکانی ئاخاوتندا دووجۆر ڕێکەوتن(Agr) بێنە ئاراوە ، ئەوانیش(ڕێکەوتنی سینتاکسی کە بریتییە، لەبەیەکەوە

گونجاندنی کەرەستەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتردا کەرەستەکانی ڕستەش بریتین لە(بکەر،بەرکار،کردار،بەرکاری سەربار، تەواوکەر)هەندێك لەم کەرەستانە کەرەستەی سەرەکین و بەلابردنیان لە ڕستەدا واتای ڕستەکە تێکدەچێت وەك (بکەر،بەرکار،تەواوکەر)،هەر زمانێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی کەرەستەکانی لە ڕستەدا هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ڕستەیەك بەرهەمبهێنێت ، کە هەردوو لایەنی سینتاکس و سیمانتیکی دروست بێت. بۆنمونە لە زمانی کوردیدا کردار کەرەستەی باڵا دەستەو بەپێی پێویستی خۆی کەرەستەکان هەڵدەبژێرێت ، و لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێکەووتن لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەکەدا دێتە ئاراوە، بۆنمونە بکەر ڕێکەوتنی لەگەڵ کەس و ژمارەدا دەبێت ، و بەرکار لەگەڵ کردار.(ڕێکەوتن ئەو جۆرەیە لە دراوسێیەتی کەرەستەکان کە تێیدا یەکێك لە کەرەستە دراوسێیەکان کارێکی ڕێزمانی لەسەر ئەویتر یان ئەوانیتر دەکات و وایان لێدەکات، کە هەمیشە پێکەوە بن وەك بەرکار و کردار لە ڕستە تێپەڕەکاندا(**فەرهادی،ساجیدە عەبدوڵلا،٢٠٠٣ :١٦**).

ڕێکەوتن ، بریتییە لە ڕێکەوتنی نێوان بەشەکانی ڕستە لە هەردوو لایەنی گرامەری و سیمانتیکی ، کەرەستەکانی ڕستەش بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی پشت بە ڕێکەوتنی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکە دەبەستن ، واتە کاتێك کەرەستەیەك لەگەڵ کەس و کاتی کردار ڕێکدەکەوێت ، ئەو کات دەتوانێت دۆخی نۆمینەتیڤ بەو ئارگومێنتە ببەخشێت کە جێکەوتەی بکەری پڕ کردۆتەوە ، کرداریش کاتێك لەگەڵ بەرکاری ڕستەکە ڕێکدەکەوێت، حوکمی بەرکاری ڕستەکە دەکات و دۆخی ئەکیوزەتیڤی پێدەبەخشێت. جۆرەکەی تری ڕێکەوتن ڕێکەوتنی(سیمانتیکی)یە، کە بریتییە ، لە ڕێکەوتن و بەیەکەوە گونجاندنی واتایی نێوان کەرەستەکانی ڕستە. بۆ ئەوەی ڕستەیەکی دروست لە ڕوی واتاوە بەرهەم بهێنرێت ، واتە پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا هەبێت.(چۆمسکی و لاسنك(١٩٩٣) بۆچونی ڕێکەوتن و دۆخی مۆرفۆلۆجی بەپێی نیشانەی دۆخی نابەرجەستە یەکدەخەن، دۆخ پێوەندیی بەXPو(سەرە)وەHهەیە.H سەرەیەکەX، کە دۆخیXPی دەکات، یان پاساو دەدات.کاتێ ئەوسیمایە لەسەرXPوHدا دەرکەوێ، بەو پێوەندییە دەڵێن ڕێکەوتنبەڵام کاتێ بەتەنیا لەسەر XPدەرکەوێ، پێی دەڵێن دۆخ case.(**ڕەسوڵ،سەلاح حەوێز،٢٠١٤ :٧٤**)

هێڵکاری ژمارە(٢)

**٥٥-دایکەکە منداڵەکەی خەواند.**




لەڕستەی ژمارە(٥٥)دا، فرێزی ناوی دایکەکە لەگەڵ(ی)لە کەس و ژمارەدا ڕێکەوتوە، هەروەها کرداری **خەواند** کردارێکی تێپەڕە ، بۆیە پێویستی بە دوو جێکەوتەی تر دەبێت، بۆ ئەوەی لەلایەنی گرامەرییەوە ڕستەیەکی دروست بەرهەمبهێنێت،هەربۆیە ڕێکەوتن لەنێوان ئەو بەشانەی ڕستەکەدا واتە(بکەر،بەرکار،کردار) دروستبووە، ئەگەر لایەنی سیمانتیکی ڕستەکە وەربگرین ، دەبینین کرداری ڕستەکە ئەوە دەسەپێنێت ، کە پێویستە دوو جێکەوتەمان هەبێت ، ئەوانیش"بکەر ، بەرکار"ن، هەروەها کرداری (خەواند) پێویستە شتێك بێت، توانای ئەنجامدانی کارەکەی هەبێت کە گیانلەبەرە، بۆیە ناوی (دایك)هاتوە، و بەرکاریش پێویستە کەسێك بێت کە پێویستی بە کەسێك هەبێت ، بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە ئەنجامدانی کارەکە، بۆیە وشەی منداڵمان بەکارهێناوە. دەبینین لەهەردوو لایەنی سینتاکس و سیمانتیکەوە ڕێکەوتن لە نێوان بەشەکانی ڕستەکەدا هەیە. دیاردەی ڕێکەوتن بە تیۆری دەسەلات و بەستنەوەوە پەیوەستە، چونکە بەپێی ئەم تیۆرە کەرەستەیەکی ڕستە بالا دەستەو دەسەلاتی بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەکەدا هەیە ، هەر ئەو کەرەستەیەش بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ، کە دۆخی ڕێزمانی بەپێی شوێن و ئەرکیان لە ڕستەدا بە کەرەستەکانی ڕستە بدات.

## أ- ڕێکەوتنی ڕێزمانیGrammatical Agreement:

کەرەستە بنچیەکانی ناو ڕستە لە ئاستی ئاسۆیی (SY)دا لەناو خۆیاندا لەسەر کەس و ژمارە و توخم و دۆخ ڕێکدەکەون.(ڕێکەوتن کار لەسەر تاك و کۆیی بکەری ڕستە دەکات ، واتە دەیەوێت بزانێت بکەر تاکە یان کۆیە لە ڕوی ژمارەوە (cook. newson,1996 :52)(بۆنمونە لە هەندێ زماندا ناو لەڕستەدا لەچ "کەس و ژمارە و توخم و دۆخ"ێکدا بێت ئەوا ناوی ئاماژە ، یان هەمو ئەو ئاوەڵناوانەی لەگەڵیدا دەردەکەون سەر بۆ هەمان(کەس،ژمارە،توخم،دۆخ)دادەنەوێنن.(ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٢٥)،بەواتای ئەوەی ناوەکە لەهەر دۆخێکدا بێت ، یان کەس و ژمارە و توخم ئەوا ئەو ناوە یان ئەو ئاوەڵناوەی لەگەڵیدا بەکاردێت ، بۆ هەمان کەس و ژمارە وتوخم و دۆخ دەگەڕێتەوە. لەزمانی کوردیدا ڕێکەوتن لەنێوان بکەر و کرداردایە.

هێڵکاری ژمارە(٣)

**٥٦-ئەگەر ئێوە یارییەکەتان بردەوە،ئێمە خەڵاتتان دەکەین.**




لەڕستەی ژمارە(٥٦)دا، جێناوی(ئێوە)لەگەڵ(تان)لەڕوی کەس و ژمارەوە ڕێکەوتون ، هەروەها (ین)بۆ (ئێمە دەگەڕێتەوە). کەواتە ڕێکەوتن لەنێوان بەشەکانی ڕستەکەدا دروستبووە.

## ب–ڕێکەوتنی واتایی Semantic Agreement:

بۆ ئەوەی ڕستەکانی زمان بەپەسەند بزانین ، تەنیا ڕیکەوتنی ڕێزمانی نیوان ئەلەمێنتەکان بەس نییە ، بەڵکو دەبێت لەلایەنی واتایی ئەو ڕستەیە ڕێکەوتن دروستببێت ،ڕێکەوتن لەنێوان ئەلەمێنتەکانی ڕستەکەدا لەڕوی واتاوە هەبێت. واتە ئەلەمێنتەکانی ڕستە لەڕوی واتاوە تەواوکەری یەکتربن ، و پەیوەندییان پێکەوە هەبێت ئەگینا ئەو ڕستەیە بە ڕێزمان دروست و واتا ناڕاست لە قەڵەم دەدرێت . کەواتە بۆ ئەوەی ڕستەکانی زمان بەپەسەند دابنێین دەبێت ڕێزمان دروست و واتا ڕاست بن.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢: ١٠)

**٥٧-بەردەکە منداڵەکەی خوارد ؟**

**٥٨-ئەگەر خۆمان بپارێزین، توشی نەخۆشی دەبین ؟**

لە ڕستەی ژمارە(٥٧)دا، ڕێکەوتنی سیمانتیکی لەنێوان کەرەستەکان دروست نەبووە، چونکە(خوارد) کردارێکە پێویستی بە بکەرێکە کە توانای خواردنی هەبێت ، بێگومان(بەرد)ئەو توانایەی نییە ، هەروەها بەرکاریش پێویستە شتێك بێت کە نەرم بێت و بخورێت ، بۆیە ئەم ڕستەیە هەرچەندە لایەنی (گراماتیکی) دروستە ، بەڵام لایەنی(سیمانتیکی)نادروستە. بۆیە بە ڕستەیەکی نادروست لە زمانی کوردیدا هەژماردەکرێت.

هەروەها لە ڕستەی ژمارە(٥٨)دا، ڕێکەوتن لەلایەنی سیمانتیکی لەنێوان کەرەستەکاندا دروست نەبووە، چونکە لۆجیك نییە خۆپاراستن ببێتە هۆی توشبون بە نەخۆشی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ توش نەبون بە نەخۆشی خۆمان دەپارێزین. لەبەرئەوە ڕستەکانی زمان پێویستیان بە ڕێزمان دروست و واتا ڕاستە، هەربۆیە ڕستەی(٥٨) بە ڕستەیەکی نادروست لە لایەنی واتاوە هەژماردەکرێت.

**٥٩-ئەگەر یەکەم بیت، دیارییەکی جوانت بۆ دەکڕم.**

**٦٠-ئەگەر هەوڵ بدەیت، سەردەکەویت.**

ئەگەر سەرنج لە هەریەکە لە ڕستەی (٦٠،٥٩) بدەین ، دەبینین چ لەلایەنی گراماتیکی و چ لە لایەنی سیمانتیکییەوە ڕێکەوتن لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەکەدا هەیە ، بۆیە ئەو ڕستانە بە ڕێزمان دروست و واتا ڕاست ناو دەبرێن. لە ڕستەی ژمارە(٥٩)دا، ڕێکەوتنی گراماتیکی و سیمانتیکی لە نێوان بەشەکانی ڕستەکەدا دروستبووە ، چونکە بۆ ئەوەی دیاری بۆ بکرێت، مەرجی بون بە یەکەمی بۆی داناوە. هەروەها لە ڕستەی ژمارە(٦٠)دا، دیارە ڕێکەوتن لەنێوان بەشەکانی ڕستە لەڕوی سینتاکس و سیمانتیکییەوە هاتۆتە ئاراوە ،

کەسێك هەوڵبدات، سەردەکەوێت. بۆیە ڕستەکانی ژمارە(٦٠,٥٩)بە ڕستەی دروست لە زمانی کوردیدا هەژمار دەکرێن.

## ٥-دۆخی ڕێزمانی Grammatical Case:

دۆخی ڕێزمانی کەتیگۆرییەکی گراماتیکییە ، پەیوەندییە سینتاکسییەکانی پێکهێنەرە سینتاکسییەکان ڕێکدەخات.(مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :٦) دانانی دۆخی ڕێزمانی پەیوەستە بەشوێنی سینتاکسی، کە فرێزە ناوییەکان داگیری دەکەن، ئەوەی کە سیماکانی دۆخ دیاریدەکات پێشی دەوترێ پێدانی دۆخ case assignment(ڕەسول،سەلاح حەوێز،٢٠١٤ :٥٨)دۆخی ڕێزمانی ، بەهۆی ڕیزبون و ئەرکی کەرەستەکان لەڕستەدا دیاریدەکرێت ، لە ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوەدا دۆخی ڕێزمانی بۆ دوو جۆر دابەشکراوە(دۆخی بنجی-زگماکی، دۆخی ڕۆنانی-دروستەیی.

### أ-دۆخی بنجی یاخود زگماکی Inherent Case:

دۆخی بنجی لە(DS)دا، لەلایەن دۆخ بەخشێنەرەکانەوە وەك کردار بە هەندێ کەرەستەی ڕستە دەدرێت.(cook&newson,1996:227).(دۆخی بنجی، یان دۆخی واتایی ، ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی ئەو پێوەندییە واتاییەی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا دەدرێتە پاڵ فرێزی ناوی.(ڕەسول،سەلاح حەوێز،٢٠١٤ :٦٩)واتە ئەو جۆرە دۆخەن کە لە(DS)دا بە کەرەستەکان دەدرێن و لەکاتی گواستنەوەیان بۆ(SS)نیشانەی دۆخەکەی لەدەستنادات، واتە بەهەمان شێوەی خۆی لە(DS)بۆ(SS)سەردەکەون(ئەو دۆخانەن کە بە هەندێ ئارگومێنتی تایبەتی پریدیکاتەکان دەدرێ ، و لە DS بەدەردەکەون.( قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٦) دۆخی بنجی لە(DS)دا بە کەرەستەکان دەدرێت.(بەو دۆخە ڕێزمانییانە دەوترێت ، کە بەپێی شوێنی فرێزە ناوییەکان لە دروستەی قوڵی ڕستەدا بە چەند ئارگومێنتێکی تایبەتی دەدرێن ، واتە پێش ئەوەی گواستنەوە ڕوبدات.(قادر، تارا موحسین،٢٠١١ :٤٢)دۆخی زگماکی تایبەتە بەو زمانانەی کە فرێزە ناوییەکانیان توانای جوڵانیان هەیە، بەبێ ئەوەی نیشانەی دۆخەکە لەدەست بدەن، هەروەها کردارەکانیشیان لەو کردارانەن کە دەتوانێت لەیەك کاتدا حوکمی دوو بەرکاری ڕاستەوخۆ بکات.(دۆخی زگماکی زیاتر لەو زمانانەدا دەردەکەوێت ، کە کردارەکانیان توانای هەیە دەست بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەخۆدا بگرێت ، کە بێگومان کردار لە زمانی کوردیدا ئەم توانایەی نییە.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٦) بۆیە ئێمە دۆخی (زگماکی) مان نییە.

**٦١-أ- مَنَحَ المدربُ اللاعبَ جائزةً.**

لەڕستەی(٦١أ)دا (المدربُ)بەهۆی نیشانە گرامەرییەکەیەوە بۆر( ُ )دەرکەوتووە کە دۆخی (بکەر)ی وەرگرتووە ، هەریەك لە جێکەوتەکانی(اللاعبَ،جائزةً )بەهۆی بونی نیشانەی گرامەری سەر( َ) دۆخی بەرکارییان وەرگرتووە. ئەگەر هەمان ڕستە بکەین بە بکەر نادیار ئەوا:

**ب- مُنِحَ اللاعبُ جائزةً.**

لە ڕستەی (٦١ب)دا، دەبینین بەرکاری یەکەمی ڕستەی یەکەم لەکاتی گۆڕینی ڕستەکە بۆ بکەر نادیار بوە بە بکەر و نیشانەی ڕێزمانییەکەی گۆڕاوە، بەڵام (جائزةً) لەهەردوو ڕستەکەدا وەك خۆی ماوەتەوە و هەمان دۆخی وەرگرتووە. (یەکێك لە مەرجەکانی بونی دۆخی بنجی پاراستنی نیشانە گرامەرییەکان و دۆخی کەرەستەکەیە لە هەردوو ئاستی (DS,SS)دا.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :١٥٤)

### ب–دۆخی دروستەیی– ڕۆنانی Structural Case:

بنەمایەکی دەسەڵات و بەستنەوە(GB)یە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەموNPیەك لەڕۆنانێکی–Sدا دۆخی هەیە (ڕەسول،سەلاح حەوێز،٢٠١٤ :٦٥) (بە پێچەوانەی دۆخی زگماکییەوە ، ئەم دۆخە لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا بە ئارگومێنتەکانی دەدرێت.(مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :١٠) واتە ئەم جۆرە دۆخە دوای گواستنەوەی دروستەی ڕستە لە(DS) بۆ(SS) بە کەرەستەکان دەدرێت ، بەپێی ڕیزبون و شوێنی کەرەستەکان. (دۆخدەرێك (ئا)دۆخ دەداتە (ب)یٚ ئەگەر(ئا) دەسەڵاتی بەسەر (ب)یٚ دا هەبێ و (ئا و ب)یٚ هاوسێ بن، واتە لەسەر دەسەڵاتدای و هاوسێیەتی دەستنیشان دەکرێن .(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١١٣) واتە ئەو دۆخانەن کە بەپێی شوێنی کەرەستەکان لە(DS) بە کەرەستەکان دەدریت. ئەم دۆخانە لەپاش گواستنەوەی (DS)بۆ (SS) بە ئارگومێنتەکان دەدرێت ، ئەگەر پەیوەندییەکی پتەو لەڕوی واتاوە لەنێوان دۆخ پێدەرەکان و دۆخ وەرگرەکاندا هەبێت بۆ پێدانی دۆخی زگماکی ، ئەوا پەیوەندییەکی ڕێکی دروستەیی پێویستە بۆ پێدانی دۆخی دروستەیی، چونکە بەشێك لە زمانەکان بەهۆی ستراکچەری ڕستەو شوێنی کەرەستەکان دۆخ بەو کەرەستانە دەدەن ، واتە لەسەر بنەمای جێکەوتەی ڕستە هەر کەرەستەیەك لە(SS)چ چاڵێکی پڕ کردەوە ئەوا ئەو دۆخە وەردەگرێت ، وەك جێکەوتەکانی (بکەر،بەرکار،دیاخەر،...) کە خاوەن دۆخی دروستەیین.

### سەرەی حوکمکار لە دۆخی ڕێزمانیدا: Functional Head In Gramatical Case

مەبەست لە سەرەی حوکمکار، ئەو کەرەستە ڕێزمانییە کە دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەدا هەیە ، و دەتوانێت دۆخ بە کەرەستەکان لە ڕستەدا ببەخشێت.(توخمێك کە دۆخی ڕێزمانی دەبەخشێت

بريتييه ، له پۆله ڕەگەزێك كه دۆخی ڕێزمانی به گرێیەكی ناوی دەدات.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠ :٤١) (aكەرەستەی حوكمكار bدەبێ، ئەگەرa دەسەلاتی بەسەرbیدا نەشكێ هەر yیێ دەسەلاتی بەسەر a یەوە ، هەبێ دەبێ دەسەلاتی بەسەرbییەوە هەبێ.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٨٠) (بۆنمونه كار له گرێی كاریدا دەسەلاتی بەسەر تەواوكارەكەی(بەركاری)دا هەیه و گیرەكی گەردانی دەسەلاتی بەسەر بكەری ڕستەكەدا هەیه.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١٠٠).

له زمانی كوردیدا كەس و كاتی كردار دۆخی بكەری (NoC) دەبەخشێت و سەرەی حوكمكەرە، هەروەها كردار حوكمی تەواوكەرەكەی دەكات و دۆخی (AcC)ی پێدەبەخشێت، پریپۆزشنەكانیش له ڕستەدا حوكمی بەركاره ناڕاستەوخۆكان دەكەن ، و دۆخی (DaC)یان پێدەبەخشن.(له زمانی كوردیدا ڕەگ و پێشناو ، و (infl)كات و كەس ، سەری حوكمكەرن. جگه لەوانەش لەناو دروسته فرێزەكاندا دیارخەرو ئاوەڵناو و ناو ، و جێناوه سەربەخۆكانیش سەری ڕێزمانیین و دۆخ به ناو دەدەن و كۆتایی دەگرن. (مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :١٨) كاتێك ئەلەمێنتێك دۆخ وەردەگرێت، كه پێشتر لەلایەن هەمان سەرەوە حوكمكرابێت(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٤٤ ) كەواته دەسەلات و دۆخ پێكەوە پەیوەستن ، كەرەستەیەك كاتێك دۆخ وەردەگرێت ئەگەر بێت و لەلایەن هەمان كەرەستەوە حوكم كرابێت ، واته تاكو حوكمكردنی كەرەستەیەك نەبێت ئەوا پرۆسەی پێدانی دۆخ و وەرگرتنی دۆخ ڕونادات. حوكمكردنیش له زمانی كوردیدا لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبێت، واته زمانی كوردی سەره كۆتایه. بەڵام هەندێك جاریش دەكرێت سەره سەرەتا بێت، بەڵام بەشێكی ئامرازەكه له دۆخی سەربار دەچێته كۆتایی ناوەكه. هەروەها ئەلفبێی نوسینەكه (ئارامی،لاتینی) دەستنیشانی ئاراستەی حوكمكردنەكه دەكەن(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٩٤).

ئەلفبێی ئارامی. ⟶

ئەلفبێی لاتینی. ⟵

**٦٢-ئەگەركوڕەكەت بینی،كتێبەكەی پێ بده.**

**٦٣-ئەگەرئەم كتێبه بخوێنیتەوە،سودی زۆری لێدەبینیت.**



وشەی نیشانە(ئەم.....ە)دەبینین بەشێکی ئەم وشەیە چۆتە کۆتایی ناوەکەوە، واتە تاڕادەیەکی زۆر پارامێتەرەکانی زمانی کوردی سەرە کۆتان.

**دۆخ و کات و کەس Case And Infl :**

جێناوە کەسییە لکاوەکان و کات و دەمەکانی ، لەگەڵ کرداری ڕستەکە ڕێکدەکەون و حوکمی بکەری ڕستە دەکەن و دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ بەهۆی کات و کەسی کردارەوە بەو کەرەستەیە دەدرێت ، کە لە شوێنی بکەر دایە.(لەناو دروستە سینتاکسیەکەدا ڕەگ دۆخی ڕێزمانی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ (تەواوکەری ناوەکیی)، و کاتی تافیش بە بکەر(تەواوکەریی دەرەکیی) ، دەبەخشێت.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠: ٤٥) لەبەرئەوەی زمانی کوردی جۆری حوکمکردن لە لای چەپەوە بۆلای ڕاستە ، واتە کات و کەسinfl حوکمی بکەری ڕستەکە دەکەن و دۆخی ڕێزمانییان پێدەبەخشن.

**٦٤-سیڤی وانە دەنوسێت.**

لە ڕستەی(٦٤)دا

دە:نیشانەی کات

ێت:کەس و ژمارە دەنوێنێت ، لەگەڵ بکەری ڕستە ڕێکەوتون و دۆخی نۆمینەتیڤیان پێبەخشیوە.

**دۆخ و ژمارە Case And Number :**

مەبەست لە ژمارە جێناوە کەسییەکانە ، بە سەربەخۆ و لکاوەوە ، چونکە ناو و ئاوەڵناو لەکاتی کۆکرنەوەشدا هیچ نیشانەیەکی دۆخی ئاشکرا پیشان نادەن ، بەڵکو تەنیا لە جێناوەکاندا ئەم جیاوازییە دەردەکەوێت. جێناوەکان بەپێی بکەری ڕستە بەشداری کردار دەکەن و حوکمی بکەری ڕستە دەکەن و دۆخی نۆمینەتیڤی پێدەبەخشن.

**٦٥-ئەگەر ئێوە هەوڵبدەن، منیش پارمەتیتان دەدەم.**

لەڕستەی ژمارە(٦٥)دا (ن) جێناوی کەسی دووەمی کۆیە ، و حوکمی بکەری ڕستەکەی کردووە و دۆخی نۆمینەتیڤی پێ بەخشیوە ، هەروەها لە ڕستەی وەڵامی مەرج (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک حوکمی بکەری ڕستەکەی کردووە ، و دۆخی نۆمینەتیڤی پێ بەخشیوە.

**دۆخی بەرجەستە:**

مەبەست لە دۆخی بەرجەستە ئەو دۆخانەن، کە لە(SS)دا بە کەرەستەکان دەدرێن ، و بەهۆی ئەرکی گراماتیکییانەوە لە ڕستەدا دەردەکەون . مەرج نییە لە هەمو زمانەکاندا دۆخی بەرجەستە لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەربکەوێت ، واتە وەکو زیادەیەك بەو ناوە یان ئارگومێنتانەی ڕستەوە بلکێت. دۆخی بەرجەستە وەك:

## أ-دۆخی بکەری Nominative Case:

کردار لە ڕستەدا بەپێی پێویستییەکانی خۆی جێکەوتەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەك لە(DS) دیاریدەکات، لە زمانی کوردیدا کردار حوکمی ڕستە دەکات، و ئاڕاستەی حوکمکردنەکە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبێت.ئەگەر کرداری ڕستە تێنەپەڕ بو، ئەوا تەنیا یەك جێکەوتە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستە دیاریدەکات، بەڵام ئەگەر کرداری ڕستە تێپەڕ بو، دوو جێکەوتە یان زیاتر بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە دیاریدەکات.

بەپێی یاسای زمانەکان شوێنی ئەم دۆخە بەدیدەکرێت ، لە زمانی کوردیدا کە سیستمی(SOV)پێڕەو دەکات، جێکەوتەی یەکەمی ڕستە(NoC) وەردەگرێت. لە هەندێ زماندا نیشانەی تایبەت بۆ جۆری دۆخەکان دیاریکراوە ، وەك زمانی عەرەبی ، بەڵام لەهەندێ زمانی تردا تەنها بەهۆی شوێن و ئەرکیان لە ڕستەدا دۆخەکان دیاریدەکرێن ، وەك زمانی کوردیی زاری ناوەڕاست.(NPدۆخی ڕێزمانی بکەریی هەڵدەگرێت، ئەگەر لەلایەن کات و کەسەوە حوکمبکرێت.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :١٦٣)، واتە دۆخی بکەری دۆخێکی گرامەرییە و بەو ئارگومێنتە دەدرێت ، کە جێکەوتەی بکەریی لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە و لەلایەن کات و کەسەوە حوکمدەکرێت و دۆخی بکەری پێدەدرێت (ئەو دۆخە ڕونانیەیە ، بەو فرێزە ناوییانە دەدرێت کە چاڵی بکەر پڕ دەکەنەوە (ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٤٢)، واتە ئەو دۆخە ڕێزمانییە کە لە ڕستەدا ئەرکی بکەر دەبینێت.(لەم سیستەمەدا هەردوو ئارگومێنتی بکەرو کارا لەیەك دۆخدا کۆ دەبن ، واتە یەك دۆخ وەردەگرن، کە دۆخی بکەرییە.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١١٥) لەبەرئەوەی سیستەمی زمانەکەمان خاوەن دۆخی ڕۆنانی (دروستەییە)، بۆیە ئەم جۆرە دۆخە واتە دۆخی بکەری لە زمانەکەماندا هەیە.(سەعید،یوسف شەریف،١٩٩٠ :١٩)

دۆخی دروستەیی بەهۆی دروستەی ڕستەکەوە ئەم جۆرە دۆخە بە کەرەستەکان دەدرێت ، لەبەرئەوەی زمانی کوردی سیستەمی(SOV)یە، هەربۆیە جێکەوتەی یەکەمی ڕستە دۆخی(NoC) پڕیدەکاتەوە . ئەگەر ڕستەکە ڕستەیەکی( Topicalization باسمەند)نەبێت.(ئەم جۆرە دۆخە لەلایەن کات و کەسی کردارەوە بە جێکەوتەیەکی دەرەکیی دەدرێت ، کەبەزۆری بە فرێزێکی ناوی پڕ دەبێتەوە. (مەعروف،عەبدولجەبارمستەفا،٢٠٠٩ :١٠) واتە هەمو فرێزە ناوییەکان لە زمانەکەماندا ڕاستەوخۆ ئەم جۆرە دۆخە وەردەگرن بە مەرجێك فرێزە

کرداریيەکە کەس و کاتدار بێت ، واتە خاوەن کات و کەس بێت.( ئەم جۆرە دۆخە بکەر لەگەڵ کەس و ژمارەی کرداردا ڕێکەوتوە ، لەبەرئەوە هەرچی وەچە پێکهاتەیەك هاونیشانە بێت لەگەڵ بەشی کردار لە ڕوی کەس و ژمارەوە لە لایەن کات و کەسەوە حوکمدەکرێت و دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ وەردەگرن. (مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :٨٩) بەواتایەکی تر دۆخی بکەری دۆخێکی ڕێزمانییە و لەلایەن کات و کەسی کردارەوە بە فرێزێکی ناوی هاونیشانە دەدرێت.

Np دۆخی ڕێزمانی بکەری هەڵدەگرێت، ئەگەر لەلایەن(infl)کات و کەسەوە حوکم بکرێت.(محەمەد،حاتەم ولیا،٢٠٠٩ :٢٠٠)ئەم جۆرە دۆخە لەکاتی گواستنەوە بۆ(SS)بەهۆی ڕێکەوتنی فرێزی ناوی ولەلایەن بەشەکانی کردار کات و کەسەوە دەدرێت، هەربۆیە(لەڕستەی ئاڵۆزدا پێویستە ئەم ڕێکەوتنە دووجار جێبەجێ بکرێت لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوشدا.(هەمان سەرچاوە :٢٠)لەبەرئەوەی ڕستەی مەرج لە دوو ڕستە پێکدێت، ئەگەر هەردوو ڕستەکە خاوەن کات و کەس بن ، واتە ئەگەر بەشێوەی فۆنەتیکی بکەری هەردوو ڕستە دەربڕدرا بن، ئەوا دوو دۆخی بکەریمان دەبێت، جارێکیان لەلایەن کات و کەسی ڕستەی مەرجەوە بە بکەری ڕستە مەرجەکە دەدرێت، جارێکی دیکەشیان لەلایەن کات و کەسی ڕستەی وەڵامی مەرجەوە بە بکەری ڕستەی وەڵامی مەرجەکە دەدرێت.هێڵکارە ژمارە(٤)

**٦٦-ئارینا کتێبەکەی کڕی.**




ئارینا:دۆخی بکەری (نۆمینەتیڤ)ی لەلایەن کات و کەسەوە وەرگرتووە.

**٦٧-ئەگەر تۆ کتێبەکەت خوێندەوە،منیش دەیخوێنمەوە.**

لە ڕستەی ژمارە(٦٧)دا، ئەو کەرەستانەی کە هێڵیان بەژێردا هاتوە(تۆ،من) دۆخی (NOC) لەلایەن کات و کەسی ڕستەکانیانەوە وەرگرتووە، لەبەرئەوەی دوو ڕستەی جیان، بۆیە کات و کەسی ڕستەی مەرج ناتوانێت دۆخی نۆمینەتیڤ بە بکەری ڕستەی دووەم(وەڵامی مەرج) ببەخشێت ، هەروەها کات و کەسی ڕستەی وەڵامی مەرجیش دەسەڵاتی بەسەر بکەری ڕستەی مەرجدا نییە ، و ناتوانێت دۆخی ڕێزمانی پێ ببەخشێت ، چونکە ئامرازی مەرج ڕێگرە لەبەردەم کرداری ڕستەی وەڵامی مەرج کە دۆخ بە ڕستەی مەرج بدات.

## ب-دۆخی بەرکاری Accusative Case:

دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ، لە سەربار بەوە جیادەکرێتەوە، کە ئەگەر بەرکارەکە لەلایەن (کردار)ەوە حوکمکرابێت، ئەوا دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت ، بەڵام ئەگەر لەلایەن(pp)ەوە حوکمکرابێت، ئەوا دۆخی سەربار وەردەگرێت. دارشتەکانیان دەتوانرێت بە فۆرمالیستی بەم جۆرە بخرێتە رو (مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :١٧٤):

(a)PP{P-NP}

(b)VP{NP-V}

دۆخی بەرکاری لە(SS)لەلایەن کرداری ڕستەوە بەو کەرەستانە دەدرێت، کە جێکەوتەی بەرکار لە ڕستەکەدا پڕدەکەنەوە.(cook&newson,1996:227)ئەم دۆخە دۆخێکی ڕۆنانییە لەلایەن کردارە تێپەڕەکانەوە بە بەرکاری ڕستە دەدرێت ، چونکە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕیزبونی کەرەستەکان کە(S.O.V.)یە، و نزیکترین کەرەستە لە کردارەوە بەرکارە، هەربۆیە بەرکار لەلایەن ڕەگی کردارەوە دۆخی (AcC) ، وەردەگرێت، (دۆخی بەرکاری ئاماژە بە(NP) یێ دەکا ، کە خوشکەکەی لەگەڵ V یانp (قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٨٦). (لە دروستەی قوڵدا بەرکاری ڕاستەوخۆ لەلایەن کردارەوە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت ، لە دروستەی ڕوکەشدا لەلایەن ڕەگی کردارەوە دۆخ وەردەگرێت(قادر،تاراموحسین،٢٠٠٤ :٥٦).(نیشانە ڕێزمانیەکەی بەرکاریش کە نواندنێکی ئەبستراکتی هەیە، لە ڕێگای حوکمکردن دەتوانێت بەرجەستە بێت و بهێنرێتە دیتن، بۆیە کاتێك دۆخی ڕێزمانی بەرکاری بە فرێزێکی ناویی دەدرێت ، ئەگەر لە شوێنی ڕاست و ڕاستەقینەکەی خۆیدا بێت.(محەمەد،حاتەم وليا،٢٠٠٩ :٢٠٧) لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی بۆ ناسینەوەی نییە.(ئەحمەد،برِوا ڕەسول،٢٠١١ :٦١)بەڵام لە زاری کرمانجی ژورو و هەندێك لە شێوە زارەکانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست نیشانەی تایبەت بەمجۆرە دۆخە ماوە و هەیە.

**٦٨-ئارينا وانە دەخوێنێت.**

لە ڕستەی ژمارە(٦٨)دا، ڕەگی کرداری(خوێندن) دۆخی ئەکیوزەتیڤی بە فرێزی ناوی(وانە) بەخشیوە، هەروەها دۆخی (نۆمینەتیڤ)یش لەلایەن کات و کەسی کردارەوە بە ناوی (ئارین)دراوە.

لە زاری کرمانجی ژورودا ئەگەر کرداری ڕستەکە ڕانەبردوی تێپەڕ بێت ئەوا بەرکاری ڕستەکە دەکەوێتە دۆخەوە واتە کردار لەگەڵ بەرکار ڕێکدەکەوێت ، پێی دەڵێن دۆخی ئێرگەتیڤی و نیشانەی تایبەت لەگەڵ ناوەکە یان جێناوەکە بەکاردەهێنرێت.

**٦٩-ئارینا ئارۆ<u>ی</u> دبینت.**

لە ڕستەی(٦٩)دا، لەبەرئەوەی بەرکار لەلایەن کرداری ڕستەکەوە ، کە نزیکترین کەرەستەیە لە بەرکارەوە حوکمکراوە و نیشانەی دۆخی ڕێزمانی وەرگرتووە. لەهەندێ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا نیشانەی دۆخ دەردەکەوێ وەك شێوەزاری هەولێر.

**٧٠-أ-ئەمن نان<u>ی</u> دەخۆم.**

**ب-ئەمن نانەکە<u>ی</u> دەخۆم.**

(ی)نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخی هەمو ناوێکە لە دۆخی بەرکاریدا بێت.(**قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٩٦**).

## پ–دۆخی دیارخەری: Determiner Case

دۆخی دەرخەری، دیارخەری (DeC) ئەم جۆرە دۆخە لەلایەن ئامرازەکانی خستنەسەرەوە ، بەو فرێزە ناویانە دەدرێت کە لە ڕستەدا ئەرکی دەرخەر دەبینن. لە زمانی کوردی لەزاری ناوەڕاستدا دەتوانین (ی،ە) بەسەرەی حوکمکەر دابنێین.هێڵکاری ژمارە(٥)

**٧١-أ- کچێک<u>ی</u> جوانم ناسی.**




**ب-کچە̱ زیرەکەکە دەناسم.**

**پ-کوڕێ̱ زیرەك دیت.**

**ت-کچا̱ جوان خویندکارە.**

**ح-کچێن̱ جوان خویندکارن.**

لە ڕستەی ژمارە(٧١–أ،ب،پ،ت،ح)دا، نیشانەی(ە،ی،ێ،ا،ێن)نیشانەی خستنەسەرن و دۆخی دیارخەری بەو ناوانە بەخشیوە کە کەوتونەتە پێشیانەوە.

## ت–پاڵێوەری دۆخ:Case Filter

بەپێی ئەم یاسایە(یاسای پاڵێوەری دۆخ)پێویستە هەموو فرێزێکی ناوی خاوەن دۆخی ڕێزمانی بێت، هەر کەرەستەیەك بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێت و ببێتە خاوەن دۆخ دەبێت ئەو فرێزە ناوییە دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێت، بۆ ئەوەی بەر یاسای پاڵێوەری دۆخ بکەوێت.(پاڵێوەری دۆخ ڕێگە نادات دۆخ بە کەرەستەیەك بدرێت کە فۆرمی فۆنەتیکی نەبێت ، واتە فۆرمی فۆنەتیکی بەتاڵ بێت ، بەواتایەکی تر هەمو(NP) دۆخ وەردەگرێ ئەگەر خاوەنی پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆجی بێت ، هەر کەرەستەیەك بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێت و ببێتە خاوەن دۆخ دەبێت ئەو(NP)یە دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێت کە دەتوانێت بە فلتەری دۆخدا تێپەربێت.(Jonthan, DavidBobaljik ...:2 )

چونکە ئەگەر (NP)دەرکەوتنی فۆنەتیکی نەبێت،ئەوا ئەو (NP)نارێزمانی دەبێت.((لەپالێوەری دۆخ ئەوە گرنگ نییە کە چ دۆخێك بۆ چ شوێنێك دەبێت ، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو پرنسیپانەیە کەوا دەکەن دۆخێك گونجاو بێت یان نەگونجاو بێت بۆ شوێنێکی دیاریکراو.(cook&newson,1996:226 )(هەمو فرێزێکی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخێ وەردەگرێ چونکە مەرجی(GB)ئەوەیە، کە هەمو فرێزێکی ناوی(NP)دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێ و هیچ جۆرە دۆخێك وەرنەگرێ ،ئەوا ئەو فرێزە ناوییە نیشانەی (NP*)وەردەگرێ، چونکە بە فلتەری دۆخ تێناپەڕێت (قادر ،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٥).

واتە ئەو فرێزە ناوییەی کە لە دەرکەوتەی فۆنەتیکیدا دۆخ وەرنەگرێت ئەوا ئەو(NP*) واتەناڕێزمانی (ناڕاست) دەبێت.(* گرێی ناوی ، ئەگەر ئەو گرێ ناوییەی فەرهەنگی بێت ، و هیچ دۆخێکی ڕێزمانی وەرنەگرتبێت واتە گرێکە ناڕێزمانییە.(مەحوی،محەمەد،٢٠١٠ :٤٤) بەپێی پالێوەری دۆخ هەمو ئارگومێنتە دەرکەوتوەکان دەبێ دۆخ وەربگرن.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١٠٦). لە پالێوەری دۆخدا دوو دیاردەی بەرچاو هەن ئەوانیش:

یەکەم/هەمو ناوێك دۆخ وەردەگرێت ، ئەگەر پێکهاتەی فۆنەتیکی هەبێت.

دووەم/هەمو ناوێك دۆخ وەردەگرێت ، ئەگەر پێکهاتی واتایی هەبێت.( ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٤٤).

کەواتە بەم پێیە هەمو فرێزێکی ناوی دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێ، ئەگەر خاوەن دەرکەوتەی فۆنەتیکی بێت، چونکە مەرجی سەرەکی پالێوەری دۆخ دەرکەوتەی فۆنەتیکی کەرەستەکانە، ئەگەر کەرەستەیەك لە ڕستەدا دەرکەوتەی فۆنەتیکی نەبێت ، ناتوانرێت دۆخی ڕێزمانی بەرجەستەی پێببەخشرێت.(ئەوەی لە پالێوەری دۆخدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە هەمو NP دۆخێکی هەبێت، ئەگەر نا ئەوا ئەو ڕستەیە NP* (*) واتە ئەو ڕستەیەی کە بەبێ دۆخە، ئەوا بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنرێت.(cook&newson,1996:228 ) بەڵام مەرج نییە دۆخ لە هەمو زمانەکاندا نیشانەی مۆرفۆلۆجی هەبێت ، واتە لەشێوەی زیادەیەك بە ناوەکە یان ئاوەڵناوەکەوە بلکێت. وەك لەم نمونەیەدا ڕوندەبێتەوە: **٧٢-<u>ڤارین</u> <u>نامەکەی</u> خوێندەوە.**

لە نمونەی ژمارە(٧٢)دا (ڤارین)و (نامە) خاوەن دەرکەوتەی فۆنەتیکین، بۆیە دۆخی نۆمینەتیڤ بە(ڤارین)و دۆخی ئەکیوزەتیڤ بە(نامەکە) بەخشراوە. بەڵام هیچ نیشانەیەك بۆ جیاکردنەوەی دۆخەکان، نییە بەڵکو بەهۆی شوێن و ئەرکەکانیان لەڕستەکەدا دیاریکراون.بەڵام ئەگەر هەمان ئەو ڕستەیەی سەرەوە بەم شێوانەی خوارەوە دەربرێت .

---

*- واتە بەپێی یاسای پالێوەری دۆخ پێویستە کەرەستەکانی ڕستە لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکانیانەوە دۆخی ڕێزمانیان پێبدرێت ، ئەگەر نا ئەوا ئەو کەرەستەیەی کە دۆخی وەرنەگرتووە ، لە ڕستەکەدا ناڕێزمانی دەبێت. چونکە بەڕێسای پالێوەری دۆخ تێنەپەڕیوە.

**٧٣-أ- ــــ نامەکەی خوێندەوە.**

**ب-ڤارین ــــــ خوێندیەوە.**

لەڕستەی ژمارە(٧٣–أ)دا، لەبەرئەوەی (ڤارین)دەرکەوتەی فۆنەتیکی نییە، بۆیە دۆخی نۆمینەتیڤ لە ڕستەکەدا ئەبستراکتە، هەروەها لە ڕستەی(٧٣–ب)لەبەرئەوەی(نامەکە)دەرکەوتەی فۆنەتیکی نییە هەربۆیە دۆخی ئەکیوزەتیڤ لەڕستەکە ئەبستراکتە.

**جۆرەکانی دۆخ بەپێی تیۆری دۆخ:**

١–ئەو دۆخانەی کە بەپێی شوێنی فرێزە ناوییەکان لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دیاریدەکرێن.

٢–ئەو دۆخانەی کە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بە چەند ئارگومێنتێکی تایبەتی دەدرێن.

واتە پێش ئەوەی گواستنەوە ڕوبدات و بەدۆخی زگماکی ناسراون.(**محەمەد،حاتەم ولیا،٢٠٠٩ :١٩٠**) ئەم جۆرە دۆخە لەزمانی کوردیدا بونی نییە. (٭)

---

٭–هەرچەندە تارا موحسین لە نامەی دکتۆراکەیدا پێی وایە دۆخی زگماکی لەزمانی کوردیدا هەیە و نمونەی(من کتێبەکەی ئەحمەد دەبەم)ی هێناوەتەوە بە بۆچونی نوسەر(ئەحمەد)دۆخی جێنەتیڤی لە (DS) لە لایەن(ی)وە وەرگرتووە بەڵام بە بۆچونی ئێمە ئەو دۆخە لە(SS) بەهۆی یاساکانی گواستنەوە وە بەو کەرەستەیە دراوە، چونکە ئەگەر ئەو ڕستەیە بەپێی (DS) ڕیز بکەین دەکرێ بەم شێوەیە بێت: **من کتێب ئەحمەد دەبەم. ــــــ کتێبەکە ئەحمەد من دەیبەم.**

(ی) کە ئەرکی(خستنە سەر)ی بینیوە لە(NP)ی(کتێبەکەی ئەحمەد) لە (SS)پەیدا بوە ، واتە لە ئەنجامی یاساکانی گواستنەوە لە (DS) ڕستەکە ئەو فۆرمە لە(SS)وەردەگرێت.واتە (کتێب)دەرخراوە(ئەحمەد)دەرخەر(ی)(ئا.خ).دەکرێت بڵێین کە زیاتر مەبەست دەرخستنی ئەو کتێبەیە کە دەیبات نەک وەك خاوەنێتی. هەروەها کرداری(بردن) ناتوانێت لەیەك کاتدا حوکمی دوو بەرکاری ڕاستەوخۆ بکات، چونکە بەپێی یاسای پێدەری دۆخ هەر کەرەستەیەك تەنیا دەتوانێت دۆخ بە یەك ئارگومێنت بدات کە ئەمەش لەسەر بنەمای نزیکایەتی و ڕێکەوتنە لەنێوان ئەو کەرەستانە(پێدەر و وەرگر)ی دۆخ. هەروەها ئەگەر کەرەستەیەك بۆ ڕستەکە زیاد بکەین ئەوا دۆخی خاوەنێتی نامێنێ و دۆخەکە دەگۆڕێت بەمشێوەیە:

**من کتێبەکەی لای ئەحمەد دەبەم.**

من لای ئەحمەد دەیبەم،دەرخەرن. کتێبەکە،دەرخراو.

کەواتە ئەحمەد دۆخەکەی دەبێت دۆخێکی ناڕاستەوخۆ وە یەکێك لەمەرجەکانی دۆخی زگماکی مانەوەی دۆخەکەیە وەك خۆی لە(SS).هەربۆیە ئێمە پێمان وایە دۆخی بنجی لە زمانی کوردیدا نییە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:**قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٤٢**

## د–پێدەری دۆخ: Case Assigner

ئەو کەرەستانەن کە دەتوانن لەڕستەدا حوکمی تەواوکەرەکانیان بکەن ودۆخیان پێ ببەخشن، واتە پێدانی دۆخ لەسەر بنەمای دەسەڵاتداری کەرەستەکان یان (Head)ەکان لە ڕستەدا دەتوانن دۆخ بە تەواوکەرەکانیان ببەخشن(چۆمسکی وای بۆ چووە کە ڕێسای پێدانی دۆخ پەیوەندییەکی پتەوی بە پەیوەندییە ڕۆنانییەکەی دەسەڵاتداری یەوە هەیە.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١٠٠) پێدانی دۆخ لەسەر بنەمای(ڕێکەوتن و نزیکایەتی یان دراوسێیەتی)کەرەستەکان دەبێت. بەپێی تیۆری دۆخ تەنیا سەرەکان دۆخ دەبەخشن بە فرێزە ناوییەکان.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٨١) سەبارەت بە پێدەرەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا ئەو کەرەستانەی، کە توانای بەخشینی دۆخی ڕێزمانییان هەیە بریتین لە (کردار،کات و کەس،پرپیۆزشنەکان،ئامرازەکان).

لە زمانەکانی جیهاندا بەگشتی سێ کەرەستە پێدەری دۆخن، کە ئەمانەن:

١–ئەرك Inflection (تێنس و ڕێکەوتن) دەگرێتەوە.

٢–کاری تێپەڕTransitive verb

٣–ئامرازی بەند(بە،لە،...هتد)Preposition .(ئەحمەد،بروا ڕەسول،٢٠١١ :٤٦)

هەروەها دیاریکەرەکان Determiner.ئامرازەکان.حوکمی تەواوکەرەکانیان(Com) دەکەن و دۆخی دەرخەری پێدەبەخشن ، کەواتە سەرەی حوکمکەر لە زمانەکاندا بریتیین لە:

١–ئەرکInflection

٢–کاری تێپەڕTransitive verb

٣–ئامرازی بەند Preposition

٤–دیاریکەرەکانDeterminer

لە زمانی کوردیدا کات و کەسی کردار دۆخی (NoC) دەدات بەو کەرەستەیەی کە جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوە، کردار، دۆخی(AcC) بەو کەرەستەیە دەبەخشن کە لە ڕستەدا جێکەوتەی بەرکاری پڕکردۆتەوە.(لەبەر ئەوەی کردار لەیەك کاتدا ناتوانێت دوو دۆخی ڕێزمانی بە ئارگومێنتی ناوەکیی بدات بۆیە لەڕێی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە دۆخ بە ئارگومێنتی دووەم دەدرێت.(مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :١١)

واتەپریپۆزشنەکانیش دۆخی(DaC)بە تەواوکەرەکانیان(Com) دەبەخشن کە جێکەوتەی سەربار لە ڕستەدا پڕدەکەنەوە ، هەر سەرەیەك دەتوانێت یەك دۆخ بە تەواوکەرەکەی ببەخشێت.

**٧٤-ئاکار نامەکەی بە شارا دا.**

لە ڕستەی(٧٤)دا، ئاکار دۆخی(نۆمینەتیڤ)ی لەلایەن کات و کەسەوە وەرگرتووە، نامەکە دۆخی (ئەکیوزەتیڤ)ی لەلایەن کردارەوە(دا) کە لە کرداری (پێدان)ەوە وەرگیراوە ، وەرگرتووە، هەروەها شارا دۆخی (داتیڤ)ی لەلایەن پریپۆزشنی(بە)ەوە وەرگرتووە.

## ٧-دۆخی ئەبستراکت Abstract Case :

لەگەڵ سیستەمی دۆخی ڕێزمانی لە زماندا، دۆخێکی تر هەیە کە تەواو نەبینراو(Abstract)ە ، و نیشانەو شێوەی ڕێزمانی تایبەتی نییە بۆ ناسینەوەی.( ئەحمەد،برِوا ڕەسول،٢٠١١ :٣٣).ئاماژە کردن بە دۆخی (Abc)لە ڕێزمانی نوێدا بو ، چونکە پێشتر لە ڕێزمانی کۆندا تەنیا ئاماژە بە دۆخی بەرجەستە کرابو، کە لە شێوەی پاشگرێك بەکۆتایی ناوەکە دەلکێنرا، بەڵام ڕێزمانی نوێ دۆخ بە هەمو فرێزێکی ناوی دەدات، ئەگەر سەرەیەکی حوکمکەری هەبێت. ئەمەش دیارترین و گرنگترین جیاوازییە کە لەنێوان چەمکی دۆخ لە ڕێزمانی کۆن و نوێدا هەیە.(دۆخی ئەبستراکت بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەمو فرێزێکی ناوی (NP)یی دەدا، هەمو ناوێك دۆخێکی گشتی هەیە لەدەرەوەی ئەرکە سینتاکسییەکەیدا.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٥)بەپێی پاڵێوەری دۆخ پێویستە هەمو(NP)ێك دۆخی (Abc) وەرگرتبێ.(بەپێی بۆچونی چۆمسکی دۆخی ئەبستراکت لە هەمو زمانەکاندا بونی هەیە.(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١١١)،(لە ڕێزمانی نوێدا ئەو دۆخانەی نابەرجەستەن، واتە بۆ دەربڕینیان پێویستیان بە نیشانەی ڕێزمانی نییە، پێیان دەوترێت دۆخی ئەبستراکت.(ئەحمەد،برِوا ڕەسول،٢٠١١ :٣٣)دۆخی ئەبستراکت یاسایەکە لە تیۆری دۆخدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەپێی یاسای پاڵێوەری دۆخ پێویستە هەمو(NP)دۆخی ئەبستراکت وەربگرێ، کەواتە هەمو فرێزێك خاوەن دۆخە، ئەگەر چی لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەربکەوێت، یان دەرنەکەوێت.ئەمەش لە تیۆرەکەی چۆمسکی دا ئاماژەی پێدراوە. (قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٥)

**٧٥-أ-جَلَبَ الوَلدُ الکتابَ.**

**ب-کوڕەکە کتێبەکەی هێنا.**

**پ-**The boy brought a book.

لەزمانەکاندا بەپێی یاسای تایبەتی زمانەکە دۆخەکان لەڕستەدا دیاریدەکرێت ، لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی (سەر و بۆر و ژێر) (الفتحه،الضمة،الكسره)(**هەمان سەرچاوە،١٥٥**) بەڵام لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بەهۆی شوێنی کەرەستەکان و ڕیزبونیان لە ڕستەدا دیاریدەکرێت. ئەگەر بەپێی بۆچونی کۆن سەیری ڕستەکانی ژمارە(٧٥)بکەین ئەوا تەنها ڕستەی(٧٥،أ) خاوەن دۆخە ، چونکە لە زمانی عەرەبیدا نیشانەکان لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەرکەوتون ، بەڵام زمانی کوردی و ئینگلیزی دۆخ لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەرنەکەوتوە ، کەواتە نابێت دۆخ وەربگرن، بەڵام بەپێی بۆچونی ڕێزمانی نویَ دۆخ لە هەمو زمانەکاندا بونی هەیە، مەرج نییە ئەو دۆخە لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەرکەوتوبێت. هەربۆیە کەرەستەکان لە ڕستەی(٧٥–أ–ب–پ) خاوەن دۆخن و لەلایەن دۆخ بەخشێنەرەکانەوە دۆخیان وەرگرتووە. بەمشێوەیە(کوڕەکە) دۆخی نۆمینەتیڤی لەلایەن کات و کەسەوە پێدراوە،(کتێبەکە ) دۆخی ئەکیوزەتیڤی لەلایەن کردارەوە پێدراوە.

## أ–دۆخی ناستراکچەری Non-Stractural Case :

مەبەست لە دۆخی ناڕۆنانی و بنجییە، واتە ئەو دۆخانەن کە بەهۆی ڕۆنانی ڕستەوە بە کەرەستەکان نادرێت، بەڵکو لێکسیکین و لە بنجدا پێش گواستنەوەی کەرەستەکان بۆ (SS) بەو کەرەستانە دەدرێت ، زمانی کوردی خاوەنی دۆخی بنجی نییە، چونکە دۆخی بنجی لەو زمانانە هەیە، کە کرداری ڕستەکە دەسەڵاتی بەسەر دوو بەرکاردا هەبێت ، بەڵام کردار لە زمانی کوردیدا ئەو توانایەی نییە، هەربۆیە ئەم دۆخە لە زمانەکەماندا بەدی ناکرێت.(دۆخی بنجی پەیوەندی بە فرێزی ناوییەوە هەیە و لەزمانی کوردیشدا گوێزانەوەی فرێزی ناوی کەم ڕو دەدات ، دەبێت دۆخەکە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بمێنێتەوە.(**قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٦**)دۆخی ناڕۆنانی لەلایەن سەرەی لێکسیکییەوە لە(DS)دیاریدەکرێت بەشێوەیەکی ناڕێسایی.(بۆ نمونە جێناوەکان لەهەر شوێنێك بن سیمای فۆنەتیکی و تایبەتمەندی خۆیان دەپارێزن، بۆیە ناچار دەبن دۆخ لە شوێنەکەوە وەربگرن.(**ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٣٦**).واتە جێناوەکان خاوەن دۆخێکی تایبەت بۆخۆیان نین، بەڵکو لەلایەن سەرەی حوکمکەر بەپێی دەرکەوتن و شوێنیان لە ڕستەکەدا دۆخ وەردەگرن:

**٧٦-أ-ئەو دەخوێنێت.**

**ب-من ئەو دەناسم.**

**پ-من کتێبەکەم بە ئەو دا.**

لە ڕستەی(٧٦،أ،ب،پ)دەبینین جێناوی(ئەو)، بەپێی شوێن و ئەرکی لە ڕستەدا هەر جارەو دۆخێکی وەرگرتووە.

### ب–دۆخی خستنەسەر(خاوەنێتی) Genitive Case :

ئەم جۆرە دۆخە بەهۆی ئامرازی خستنەسەر بە ناوەکان دەدرێت. لە دۆخی(خستنەسەر–خاوەنێتی)دا نیشانە(ئامراز) سەرەیە و هەر هەمان نیشانەی دۆخ بەو ناوەی کە بەدوای خۆیدا دێت دەبەخشێت. **(حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١٢٤)** لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە دۆخە زیاتر وەك دەرخەر و دەرخراو لە ڕستەدا ڕۆڵدەبینن، بە واتایەکی تر لەزمانی کوردیدا ئەوەندەی کە بۆ دەرخستنی ناوەکە بەکاردێت وەك دەرخراوێك ئەوەندە بەمەبەستی خاوەنێتی و خستنە سەر بەکارنایەت.(لە زمانی کوردی زاری کرمانجی ژورو ، ئامرازەکانی (ێ)بۆتاکی نێر(ا)بۆ تاکی مێ(ێن)بۆ کۆ بەکاردێن ، کە بە کۆتایی ناوەکەوە دەلکێن**(ئەحمەد،مزگین عەبدولڕەحمان،٢٠٠٦ :٤٩)**. بەڵام لە زاری ناوەڕاستدا جیاوازی لەنێوان نێر و مێ دا ناکات، ئامرازی(ی)بۆ خستنەسەر بەکاردێت.

**٧٧-أ-کتێبا من بمفایە.          کتێبەکەی من بەسودە.**

**ب-قەلەمێ تە جوانە.          پێنوسەکەی تۆ جوانە.**

**پ-کتێبێن وە بمفان.          کتێبەکانی ئێوە بەسودن.**

لەڕستەی ژمارە (٧٧–أ–ب–پ).دا(ا،ێ،ێن) سەرەی حوکمکەرن لە زاری کرمانجی ژورودا دۆخ بەو کەرەستەیە دەبەخشن، کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، لە زاری ناوەڕاستدا(ی)سەرەی حوکمکەرە و دۆخ بەو کەرەستە دەبەخشێت، کە لەژێر دەسەڵاتیدایە. . بەڵام لە زاری کرمانجی ژورودا ئەگەر دەرخەر ئاوەڵناو نەبو ئەوا لەم حاڵەتەدا دوو دۆخمان دەبێت دۆخێکیان (خستنەسەر)ە ئەوی دیکەیان دۆخی (ڕێزمانی)دەبێت[٨].

**٧٨-أ-کورێ ئەوێ خویندکارە.**

**ب-کچا وێ زیرەکە.**

لە ڕستەی(٧٨–أ )(ێ)دۆخی خستنەسەر و(ی)دۆخی ڕێزمانییە، هەروەها لە(٧٨–ب) (ا)دۆخی خستنەسەرە، (ێ) دۆخی ڕێزمانییە. دۆخی خستنەسەر زیاتر بۆ ڕونکردنەوەی واتای ئەو ناوە یان ئاوەڵناوەیە کە لەگەڵیدا بەکاردێت.

---

٨–محەمەد،فەریدون عەبدول،وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر،٢٠١٥.

له زاری هەورامیدا ئەگەر ناوێك بو بە دەرخەری ناوێکی تر مۆرفیمی بەستنەوەی نێوان دوو ناوەکە واتە دەرخرا و دەرخەر مۆرفیمی(و)وە. لەم جۆرە گرێیانەش لە زاری هەورامیدا مۆرفیمی دۆخ دەچێتە سەر دەرخەر مۆرفیمی دۆخیش (ی)یە بۆ نێر،(یْ)ی بۆ مێ.(محەمەد،فەریدون عەبدول:١٩٩٩ :٥٧)،(ێ)بەکاردێ ئەگەر ناوەکە کۆ بو(یْ)بەکاردێت.

**٧٩-أ-زاوڵەکەو ئارێزی زیرەکا.-منداڵەکەی ئارێز زیرەکە.**

**ب-زاوڵەکەو ئارینیْ زیرەکەنە.- منداڵەکەی ئارین زیرەکە.**

**پ-زاوڵەکەو ئادیْشا زیرەکەنە.-منداڵەکەی ئەوان زیرەکە.**

## پاری سێیەم–بەشەکانی دروستەی ڕستەی مەرج:

### أ–کرداری مەرج–ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج

بەشێکی ڕستەی مەرجە، ئەو بەشەی ڕستەیە، کە مەرجێك دەخاتە ڕو بۆ ڕودان یان ڕونەدانی کارێك کە ڕەنگە لە ڕابردودا ڕویدابێت یان لە ئێستا یان لە داهاتودا ڕوبدات.

**٨٠-ئەگەر ئەو پرسیار بکات ،من وەڵامی دەدەمەوە.**

ڕستەی مەرج ڕستەیەکی ئاوەڵفرمانییە کە بە(ئەگەر)دەست پێدەکات، بەزۆری لەپێش ڕستەی سەرەکییەوە دێت.(leech,Geoffrey,2001:206 ) ڕستەی شوێنکەوتوی مەرجی، جۆرێکە لە ڕستەی ئاوەڵکرداری و مەرجێك دەخاتە ڕو، کە ئامرازەکانی ڕستەی سەرەکی پشتی پێدەبەستن. ڕستەی مەرجی لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە بە ئامرازی(if/ئەگەر)دەناسرێتەوە.(R.L, trask, 1993:55 ) (ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج ، وەکو جۆرەکانی دی ڕستەی شوێنکەوتو لەڕوی پێکهاتنی سینتاکسی و لەڕوی واتاشەوە هەرگیز بەتەنیا بەکار نایەت، چونکە واتاکەی ناتەواوە و داڕشتنە سینتاکسییەکەی نیوە چڵە ، بۆیە بەندیواری بەتینی بەڕستە سەرەکییەکەوە هەیە.(موکریانی،کوردستان،٢٠٠٤ :٣٨) ڕستەی مەرجی((لاڕستەیەکە بەهۆی ئامرازی گەیەنەری مەرجی (ئەگەر،مەگەر،گەر)ەوە بە شاڕستەی وەڵامی مەرجییەوە دەبەسترێتەوە، گەردانی فرمانی یەکەم مەرجە بۆ ڕودانی فرمانی دووەم زۆربەی دەمەکانی فرمانی لەگەڵدا دێت، بەزۆری لەسەرەتاوە دێت)).(شوانی،ڕەفیق،٢٠٠٢ :١١٠) واتە کرداری ڕستە مەرجییەکە هۆکارە بۆ ڕودانی کرداری ڕستە سەرەکییەکە.

**٨١-ئەگەر باران ببارێت،یارییەکە دوا دەخرێت.**

لە ڕستەی ژمارە(٨١)دا، بارینی باران دەبێتە هۆکاری دواخستنی یارییەکە ، کەواتە ئەگەر کرداری ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج ڕونەدات ، ئەوا کرداری ڕستە سەرەکییەکەش ڕونادات، هەربۆیە دەڵێین ، هاتنەدی و نەهاتنەدی کرداری ڕستەی سەرەکی بە کرداری ڕستەی مەرجەوە پەیوەستە.

ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج ئەو بەشەی ڕستەیە ، کە بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەری"ئەگەر،مەگەر ،گەر، هەرکە ،تا،کاتێك،با" ، دەست پێدەکات و دەکەوێتە پێش ڕستەی مەرجەوە.(ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆر ڕستە، لە ڕستەی شوێنکەوتوی مەرجی ڕاستدا دەمکاتی کاری ڕستەکە ڕابردو، ڕانەبردو ، داهاتو، ئیخباری وەیان دەمکاتی ڕانەبردوی ئیلزامی دەبێت. جۆری دووەمی ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج دەمکاتی کارەکەی ڕابردوی ئیلزامی دەبێت.(**فەخری،نەسرین،٩٩٩:١٥١**)

لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانرێت چوار جۆر لە ڕستەی مەرج جیا بکرێتەوە:

ئەو مۆدلانەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان بۆ خوێندن و تێگەیشتن لەبەکارهێنانی زماندا هەیە ئەمانەن:

١-ڕاستی و دروستی(واقعی)Real .

**٨٢-ئەگەر باران بباریێت،ئەوان تەڕ دەبن.**

٢-ناڕاستی (ناواقیعی) Un Real

**٨٣-ئەگەر باران ببارییایە،ئەوان تەڕ دەبن.**

٣-پێچەوانەی ڕاستی( واقیع) Contrafactual .

**٨٤-ئەگەر باران ببارییایە،ئەوان تەڕبوبون.**

٤-بەخشکەیی(پەنهان)Implicational

**٨٥-ئەگەر باران دەبارێت،دەبێت ئەوان تەڕ ببن.**(**gramley&kurt-michael:159** )

لە ڕستەی ژمارە(٨٢)دا، ڕاستی(Real) ی تێدایە، چونکە مەرجی تەڕبونەکە بەستراوە بە باران بارینەوە، کە لەوانەیە لە کاتی قسەکردنەکەدا باران ببارێت.واتە ئەگەری ئەوە هەیە کە باران ببارێت ، لە ڕستەی(٨٣)دا ناڕاستی(Un Real)ی تێدایە ، چونکە کرداری ڕستەکان دورە لە واقیعەوە چونکە لەکاتی قسەکردنەکەدا یان پێش قسەکردنەکەش باران نەباریوە تاوەکو تەڕ ببن. لە ڕستەی ژمارە (٨٤)دا (Contrafactual) لەبەرئەوە لە واقعدا باران نەباریوە تاوەکو ئەوان تەڕ ببن(ئەوان تەڕ بوبون)پێچەوانەی

ڕاستییه.له ڕستەی ژماره(٨٥)دا ( Implicational )واته به ئاشکرا مەبەستەکە دەرنابڕدرێت ، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاشکرا مەبەستەکە دەگەیەنێت.واته گەر له ڕاستیدا باران ببارێت پێویسته ئەوان تەڕ بوبێتن، به واتایەکی تر به نائاشکرا دەڵێت که ئەو ڕاست ناکات و باران نابارێت.

مۆدولەکان له ڕستەی مەرجدا هەمیشه لەشێوەی پێشگریمانەدا دەرناکەون، لەگەڵ ئەوەدا (دە)بۆ دەربڕینی ویست بەکاردێت، هەروەها ڕستەی سەرەکی به ڕسته مەرجییەکەوه دەبەستێتەوه. مەرجی واقیعی باس له داهاتو دەکات. ڕسته ناڕاستییەکان جیاوازن له ڕاستیەکان و کەمتر کرداری باوەڕ پێکراویان تێدایه.زۆرجار بۆ شتێ بەکاردێت له ڕابردودا ڕویدابێت.

له ڕستەی مەرجدا ، ئەو بەشەی ئامرازی مەرجی تێدایه پێی دەڵێن کرداری مەرج(ڕستەی مەرج ، لاڕستەی مەرج،پاڕستەی مەرج،ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج)ئەو بەشەشی که ئامرازی مەرجی تێدا نییه پێی دەڵێن (وەڵامی مەرج،شاڕسته،ڕستەی سەرەکی) (٩)

**بەشەکانی ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج:**

**١–ئامرازی مەرج :**ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت له دروستبونی ڕستەی مەرج له زمانی عەرەبیدا به (الركن الشرطى) ناودەبرێت .ڕستەی مەرج ئەو ڕستەیەیه ، که ئامرازی مەرجی تێدایه.**(حجازى،فهمى محمود،١٩٨١ :٦–٧)**

**٨٦–ئەگەر زو لەخەو هەڵسابای، له کار دوانەدەکەوتیت.**

**٨٧–با بتبینم ،مژدەیەکی خۆشت دەدەمێ.**

**٢–کرداری مەرج:**کرداری مەرج پەیوەندی لۆجیکی لەگەڵ کرداری ڕستەی سەرەکیدا هەیه، جێبەجێ بون و جێبەجێ نەبونی کرداری ڕستەی وەڵامی مەرج بەم کردارەوه کرداری مەرج پەیوەسته.دەکرێت ، کرداری هەردوو ڕستەکه ئەرێ بێت، یان نەرێ بێت، یان کرداری ڕستەی مەرج ئەرێ بێت ، کرداری ڕستەی وەڵامی مەرج نەرێ بێت ، یان کرداری ڕستەی مەرج نەرێ بێت ، و کرداری ڕستەی وەڵامی مەرج ئەرێ بێت ، واته دەکرێت یەکێك له ڕستەکان ئەرێ یان نەرێ بێت ، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕستەی دووەم هەبێت، یان کرداری هەردوو ڕستەکه پێکەوه ئەرێ بن یان نەرێ بن.

**٨٨–ئەگەر دەنگمان پێبدەن، ژیانێکی شایستەتان بۆ فەراهەمدەکەین.**

---

٩–بۆزانیاری زیاتربڕوانه:موکریانی،کوردستان١٩٨٤.سەعید،یوسف شەریف،١٩٩٠.عەلی،بەکرعومەر،١٩٩٢.ڕەشید،لاوین تەحسین،٢٠١٢

له ڕستەی ژمارە(٨٨)دا، کرداری هەردوو ڕستەکە (ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتو) ئەرێن، ڕیزکردنەکە بەو شێوەیەیە ، کە جەختکردنەکە لەسەر بەدەستهێنانی دەنگە.

**٨٩-ئەگەر منداڵەکان بخوێنن،داهاتوی وڵات پرشنگدار دەکەن.**

**٩٠-ئەگەر خۆت نەهاتی،منداڵەکان بنێرە.**

**٩١-تا هەوڵ نەدەیت،ناگەی بە ئامانج.**

لەڕستەی ژمارە(٨٩)دا، کرداری هەردوو ڕستە مەرج و وەڵامی مەرج (ئەرێ)یە، واتە منداڵەکان هیوای دوارۆژی هەمو گەل و نەتەوەیەکن و ئەگەر بخوێنن داهاتوی وڵاتمان جوان و پرشنگدار دەکەن.

له ڕستەی(٩٠)دا کرداری ڕستەی مەرج(نەرێ)یە، کرداری ڕستەی سەرەکی (ئەرێ)یە.واتە کە خۆتیش نایەی منداڵەکان لەبری خۆت بنێرە.هەرچەندە کرداری ڕستەکان پێچەوانەی یەکترن(ئەرێ،نەرێ)ن، بەڵام پێکەوە دروستەیەکی مەرجییان پێکهێناوە و واتای گشتی ڕستەکەیان تەواو کردووە.

ڕستەی(٩١)کرداری هەردوو ڕستەکە، ڕستەی مەرج،ڕستەی سەرەکی(نەرێ)یە. بێگومان مەرجی گەیشتنی کەسێك بە ئامانجەکانی هەوڵدانی بەردەوامە.

### ١–چەمکی کرداری مەرج:

ئەم جۆرە کردارەپێویستە لە ڕستەیەکدا بێت، کە بە پارتیکڵی مەرجی(ئەگەر،if) دەست پێبکات، لەهەندێ باردا بەگوێرەی مەرجێکی گراماتیکی دیاریکراو پارتیکڵە مەرجییەکە دەردەبڕێت ، یان دەرنابڕێت . ئەو بەشەی بە(ئەگەر–if) دەستپێدەکات پێیدەوترێت ، بەشی مەرجی واتاکەی لەڕستەی سەرەکیدا تەواوکراوە.

کردارە مەرجییەکان بەهۆی پێشگر (پریفێکس) ی (ب) دەناسرێنەوە، کە لەسەرەتای کردارەکەوە دێن. (abbas,abbas Mustafa ,2012:56) واتە ئەوجۆرە کردارانە پێویستی بە ئامرازی مەرج نییە ، کردارەکە خۆی واتای مەرج دەگەیەنێت.

**٩٢-أ-ئەگەر ئەو بڕوات،من ناڕۆم.**

**ب-ئەو بڕوات ،من ناڕۆم.**

**٩٣-أ-ئەگەر ئارین بێت بۆ ئاهەنگەکە،من نایەم.**

ب-ئارین بێت بۆ ئاهەنگەکە،من نایەم.

لەڕستەی ژمارە (٩٢-أ،ب)دا، کرداری مەرجی (بڕوات) لەڕێگەی پریفێکسی(ب) بە ڕەگی کرداری (ڕۆشتن)ەوە نوساوە، لەڕستەی(٩٣-أ،ب) (بێت)کردارێکی مەرجییە، هەروەها بەهۆی پارتیکڵی مەرجی(ئەگەر)کە گونجان لەنێوان سیمانتیك و گراماتیکی ڕستەکاندا دروستبووە. دەشکرێت ئامرازی مەرج لەو ڕستانەدا لابرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەك بەسەر واتای ڕستەکەوە بەجێ بهێڵێت، چونکە کردارەکان لە بناغەدا کرداری مەرجن.

## ٢-دۆخ و ڕستەی مەرج: Case And Conditional Sentence

پەیوەندییەکانی ناو ڕستە لەڕێگەی کۆمەڵێك یاسا و تیۆرییەوە لێکدەدرێنەوە، (GB)یەکێکە لەو تیۆرانە و لەکایەیدا چەندین تیۆری لێهاتۆتە ئاراوە، لەوانە تیۆری (دۆخ)پەیوەست بە بواری نامەکە ، دۆخ لەڕستەی مەرجدا بە یەکێك لە گرنگترین ئەو تیۆرییانە دادەنرێت بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ئارگومێنتەکانی ڕستە بەهۆی دۆخ بەخشێنەرەکان و وەرگرەکانی دۆخەوە پەیوەندی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك و پراگماتیکیش لە ڕستەدا لێکدەدرێنەوە.(کاتێ کە پاڕستەیەك دەم وەردەگرێت ، دۆخی ڕاستەوخۆی بکەری نیشانە دەکرێت ، بەڵام کاتێ پاڕستەکە دەمی نەبێ(لە زمانی ئینگلیزی)دا دۆخی بەرکاری دەردەکەوێت (حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩ :١٠٢).

لەڕستەی مەرجدا ئامرازی مەرج نەك هەر توانای بەخشینی دۆخی نییە، بەڵکو لە ڕستەدا بەربەست دەبێت لەبەردەم پێدانی دۆخ لەلایەن سەرە حوکمکەرەکانی ڕستەی مەرج بە کەرەستەکانی ڕستەی وەڵامی مەرج، وەك لە بەشی یەکەم پاری یەکەم ئاماژەمان بۆ کردووە ڕستەی مەرج لە دوو ڕستە پێکدێت ڕستەیەکیان سەرەکییە و ڕستەکەی تریان شوێنکەوتوویە،بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە،کە ڕستە مەرجییەکان خاوەنی دوو کردارن، لەبەرئەوە کرداری ڕستەی یەکەم (ڕستیلە،پاڕستە،ڕستەی شوێنکەوتو)ی مەرج ڕێگرە لەبەردەم کرداری ڕستەی دووەم (ڕستەی وەڵامی مەرج،ڕستەی سەرەکی،شاڕستە)حوکمی ئارگومێنت (کەرەستە)کانی ڕستەی مەرج بکات و دۆخی ڕێزمانییان پێ ببەخشێت ، چونکە ئەو کەرەستەیەی کە سەرەی حوکمکەرو دۆخ پێدەرە لە ڕستەی شوێنکەوتو ناتوانێت بازبدات بەسەر کەرەستەکانی تردا و دۆخی ڕێزمانی بە ڕستەی سەرەکی ببەخشێت ، هەربۆیە ڕستە مەرجییەکان لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکان لە ڕستە مەرجییەکەدا دۆخ وەردەگرن.بەو واتایەی کە سەرە حوکمکەرەکانی ناو ڕستەی وەڵامی مەرج ناتوانێت دۆخ بە کەرەستەکانی ناو ڕستە مەرجییەکە بدات.

٩٤- ئەگەر <u>پارەکەم بۆ نەهێنێت</u>،من لێرە ناڕۆم.

لەڕستەی(٩٤)(ئەگەر پارەم بۆ نەهێنیت) ڕستەی کرداری مەرجە.ڕستەی سەرەکی، (ڕستەی وەڵامی) مەرج لەلایەن کات و کەسەوە دۆخی نۆمینەتیڤی بەو کەرەستەیە بەخشیوە، کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێت، بەڵام ئامرازی مەرج(ئەگەر) ڕێگرە لەوەی لەلایەن کرداری (نەهێنیت) دۆخ بە بکەری ڕستەی سەرەکی (وەڵامی مەرج ) بدرێت بۆیە لەلایەن کرداری (ناڕۆم) دۆخ بە بکەری ڕستەی سەرەکی دراوە.

## ٣-دۆخی بکەری لە ڕستەی مەرج: Nominative Case in Conditional Sentence

گواستنەوەی هاونیشانە ، کە مەبەست نیشانە تایبەتییەکانی بکەرە بۆ کردار کاتێك ڕودەدات کە (NP)ێك هەبێت و بەشێکی کردارەکەی دوای خۆی بێت ، لەڕستە ئالۆزەکاندا ئەم گواستنەوەیە دوو جار ڕودەدات ، جارێك لە ڕستەی سەرەکی و جارێك لە ڕستەی شوێنکەوتو.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :١٨٣)

بەپێی تیۆرەکەی چۆمسکی(تیۆری دۆخ) ڕستەی شوێنکەوتو بە دوو ڕێگە دەردەهێنرێت ، جارێك لەژێر دەسەڵاتی کاردا دەبێت ، و جارێکی تر دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فریزی ناوییەوە.(سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :٣١) لەبەرئەوەی ڕستەی مەرجی لە دوو ڕستە پێکدێت ، هەربۆیە ڕستەی مەرج دووجار یاسای پێدان و وەرگرتنی دۆخ تێیدا جێبەجێ دەکرێ، دۆخی یەکەم ، لەلایەن سەرە حوکمکەرەکانی ڕستەی مەرج بە(Com)ەکانیان دەدرێت ، دۆخی دووەم ، لەلایەن سەرە حوکمکەرەکانی ڕستەی وەڵامی مەرج بە(Com)ەکانیان دەدرێت، ئەگەر بکەری ڕستەی مەرج لەڕوی فۆنەتیکییەوە دەرکەوتبێت ، لەلایەن کات وکەسی کرداری ڕستە مەرجییەکەوە واتە(ڕستەی شوێنکەوتوی مەرج)ەوە دۆخ وەردەگرێ بۆ نمونە:

**٩٥-أ-ئەگەر تۆ بتوانیت ئەو کارە بکەیت،من پاداشتت دەکەم.**

**ب-ئەگەر تۆ بەشداری پێشبڕکێیەکە بکەیت،تۆ دەیبەیتەوە.**

هەریەك لە ڕستەکانی(٩٥ ،أ،ب)ڕستەی کات و کەسدارن ، لە ڕستەی(٩٥-أ)دا (تۆ)دۆخی (NoC)ی لەلایەن کات و کەسی کردارەوە وەرگرتووە . کرداری ڕستە مەرجییەکە ناتوانێت دۆخ بە ڕستەی وەڵامی مەرج ببەخشێت ، لەبەرئەوە لەلایەن سەرەی حوکمکەری ڕستەی وەڵامەکەوە واتە ڕستەی وەڵامی مەرج دۆخ وەردەگرێت، کەواتە (من) لەلایەن کات و کەسی کرداری ڕستەی وەڵامی مەرجەوە دۆخی (NoC)ی وەرگرتووە. لە ڕستەی (٩٥-ب)دا ، بکەری ڕستەکان ئاماژە بۆ هەمان کەس و ژمارە دەکەن، (تۆ)ڕستەی مەرج دۆخی(NoC)ی لەلایەن سەرەی حوکمکەری ڕستەی مەرج (کات و کەس)ەوە وەرگرتووە ، هەروەها (تۆ)ی ڕستەی وەڵامی مەرج دۆخ(NoC)ی لەلایەن سەرەی حوکمکەری ڕستەی وەڵامی مەرجەوە وەرگرتووە. چونکە هەر سەرەیەك توانای بەخشینی یەك دۆخی هەیە بەو کەرەستەیەی کە دەسەڵاتی

بەسەریدا هەیە.واتە ئامرازی مەرج ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کە کرداری ڕستەی دووەم حوکمی ئارگومینتەکانی ڕستەی یەکەم بکات و دۆخی ڕێزمانی پێ ببەخشێت، چونکە هەر کەرەستەیەك دەتوانێت تەنها یەك دۆخ ببەخشێت بەو کەرەستانەی دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە. ئەگەر ڕستەکە بکەرەکەی بەشێوەی فۆنەتیکی گۆنەکرا بو، ئەوا ناتوانرێت دۆخی گراماتیکی دیاری پێ ببەخشرێت.

٩٦ -( pro ) **نایەم،ئەگەر ئەو بێت**.

لەڕستەی (٩٦)دا، (ئەگەر ئەو بێت) ڕستەیەکی کات و کەسدارە، دۆخی گراماتیکی لەلایەن سەرەی حوکمکەری خۆیەوە وەرگرتووە، بەڵام ئامرازی مەرجی (ئەگەر) ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کرداری(بێت)دۆخی (نۆمینەتیڤ) بە بکەری ڕستەی (نایەم)بدات.

**٩٧-گەر ئێوە ئاقڵ بن، یاری جوانتان بۆ دەکرم**.

لەڕستەی (٩٧)دا،(گەر ئێوەئاقڵ بن) ڕستەیەکی کات و کەسدارە، بکەری ڕستە لەلایەن کات و کەسی کردارەوە دۆخی نۆمینەتیڤی وەرگرتووە، دۆخی بەرکاری لەلایەن ڕەگی کردارەوە بە ئەلەمێنتی(ئاقڵ) دراوە،کە سەرەی حوکمکەرە. هەروەها ڕستەی وەڵامی مەرج(یاری جوانتان بۆ دەکرم)ڕستەیەکی کات و کەسدارە و لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکانی ڕستەکەوە دۆخ بە کەرەستەکان دراوە. بەڵام لە ڕستەی وەڵامی مەرج لەبەرئەوەی بکەر بە ئاشکرا دەرنەبڕاوە ، هەربۆیە دۆخی بکەری لە ڕستەکەدا ئەبستراکتە.

**جۆرەکانی بکەر لە ڕستەی مەرجدا:**

**أ-بکەری ڕێزمانی Grammatical Subject :**

بکەری ڕێزمانی ڕستە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی چاڵی بکەر لە ڕستەدا ڕۆڵی بکەر دەبینێت، چونکە یاسای ڕیزبونی کەرەستەکانی زمانی کوردی(S.O.V)ە ، هەربۆیە ئەو کەرەستەیەی کە لە سەرەتای ڕستەوە بێت بە بکەری ڕستە دادەنرێت ، ئەگەر ڕستەکە ڕستەیەکی (Topicalization /باسمەند) نەبێت (بکەری ڕێزمانی ئەو دانە ڕێزمانییەیە ، کە لە ڕستەدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە لە ڕستەی ئاساییدا شوێنی بکەر دەگرێ.(ئەمین،وریا عومەر،٢٠١٥ :١١)ئەگینا لەڕوی لۆجیکەوە زۆرجار ئەرکی بەرکار یان تەواوکەریان دەکەوێتە ئەستۆ، واتە ئەو جۆرە بکەرەیە، کە خۆی هەڵناسێت بە ئەنجام گەیاندنی کارێك ، بەڵکو کەسێك یاخود شتێك لە پشت بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەوەیە ، واتە ئەنجامدەری ڕاستەقینەی کرداری ڕستەکە نییە.(سەرەی ئەو فرێزە ناوییەی کە جێکەوتەی یان چاڵی بکەر دەگرێتەوە، ناوەکە چ بکەری ڕاستەقینە بێت،چ ڕاستەقینە نەبێت ، کە بکەرێکی مەنتیقی بەرامبەری دەوەستێت.(عەلی،تالیب حوسێن،٢٠١٤ :٥٣)

٩٨-أ-ئەگەر پەنجەرەکە نەشکابایە،منداڵەکان سەرمایان نەدەبو .ـــــــ پەنجەرەکە شکاوە.

ب-ئەگەر ڕەشەباکە بەهێز نەبوایە،کەپرەکە نەدەڕوخا.ـــــــ کەپرەکە ڕوخاوە.

لەڕستەی(٩٨-أ)دا (پەنجەرە)لە جێکەوتەی بکەریدایە و ئەگەر بەپێی یاسای زمانەکەمان شیکردنەوەی بۆ بکەین ئەوا بکەری ڕستەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا(پەنجەرە) خۆی کاری(شکان)ەکەی ئەنجام نەداوە ، بەڵکو کەسێك هۆکار بوە بۆ شکانی پەنجەرەکە ، و پەنجەرەکەی شکاندووە، کە ئەویش(منداڵ یان کەسێکە).واتە (پەنجەرە)تەنیا لە ڕوی گراماتیکییەوە بکەری ڕستەکەیە . ئەم جۆرە بکەرە بە زۆری لەو ڕستانەدا دەردەکەوێت ، کە کاری ڕستە تێنەپەڕ بێت . هەروەها لە ڕستەی(٩٨-ب)دا بە هەمان شێوە(کەپرەکە) بکەری گراماتیکی ڕستەکەیە، چونکە جێکەوتەی یەکەمی ڕستەکەیە ، بەڵام لەڕوی لۆجیك و سیمانتیکەوە کەپرەکە خۆی کاری (ڕوخان)ی ئەنجام نەداوە، بەڵکو هێزێکی دەرەکی هۆکاری ڕوخانی کەپرەکەیە و کاری ڕوخانی کەپرەکەی ئەنجام داوە، کەواتە (کەپر)بکەری گراماتیکی و بەرکاری لۆجیکییە لە ڕستەکەدا.

## ب-بکەری لۆجیکی Logical Subject:

بکەری لۆجیکی ئەو دانە ڕێزمانییەیە،کە کاری ڕستەکە ئەنجامدەدات ، و مەرج نییە، شوێنی ڕێزمانی بگرێ.(ئەمین،وریا عومەر،٢٠١٥ :١٥) واتە بکەری ڕاستەقینەی کارەکەیە ، ئەو کەسە یان ئەو شتەیە کە خۆی بە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە هەڵدەستێ،هیچ هێزێك یان کەسێك لە پشتییەوە نییە بۆ ئەنجامدانی، بەڵکو ویست و ئارەزو و جوڵەو هێزوتوانا دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی کاری ڕستەکە. واتە لەڕوی سیمانتیك و لۆجیکەوە بکەری ڕاستەقینە و ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە. مەرجیش نییە، هەمیشە بکەوێتە سەرەتای ڕستەوە، (پەیوەندی بە ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەوە نییە و لەڕوی لۆجیکەوە دەزانرێت ئەنجامدەری کارەکەیە (ئەحمەد،مزگێن عەبدولڕەحمان،٢٠٠٦ :١٢). بەواتایەکی تر بکەری لۆجیکی(کارا-Agentive)ئەو دۆخە زیندوەیە، کە بەکارێك هەڵدەستێت، یان ڕوداوێك دەنێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیەنێت.(سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :١٩)ئەم جۆرە بکەرە لە ڕوی واتاوە بکەری ڕاستەقینەو ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە.(بکەری لۆجیکی بەوە دەناسرێتەوە،کە توانای ئەنجامدانی کارێکی هەیە.(بکەری لۆجیکی دەبێت یەك لە سیماکانی(+زیندو،+هێز)لە خۆ بگرێت.(ئەحمەد،بروا ڕەسول،٢٠١١ :٦٤)واتە دەبێت ئەو کەسەی یان ئەو شتەی کە جێکەوتەی بکەری لۆجیکی لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە دەبێت ، زیندو بێت، و توانای ئەنجامدانی کارەکەی هەبێت.(دیسانەوە کارەکەش دەبێ لەو کارانە بێت ، کە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت (هەمان سەرچاوە :٢٠).

٩٩-أ-ئەگەر ڤارین کتێبەکەی هێنا،تۆ لێی وەر بگرە.

**ب-ئەگەر کتێبەکە ڤارین هێنای، تۆ لێی وەر بگرە.**

لە ڕستەی(٩٩–أ)دا (ڤارین) بکەری لۆجیکی ڕستەکەیە ، چونکە خۆی کاری ڕستەکەی بە ئەنجام گەیاندووە کە کاری( هێنان)ە. هەڵگری سیمای (+زیندو+هێز)ە چونکە (ڤارین) کەسێکی زیندوە ، و توانای ئەنجامدانی کاری ڕستەکەی کە(هێنان)ە هەیە. هەرچەندە لە ڕستە(٩٩–ب)دا، ڕستەکە ڕستەیەکی (Topicalization)ە، ڤارین لەشوێنی ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهاتوە ، بەڵام بکەری ڕستەو ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە. کرداری ڕستەکە (هێنان) لەو کردارانەیە کە پێویستی بە کەسێکە توانای ئەنجامدانی کاری هەبێت، بۆیە (ڤارین) واتە ناوی مرۆڤی هەڵبژاردووە.

## پ–کۆزەتیڤ Causative :

زاراوەیەکی زمانەوانییە بەواتای(کارتێکراو،بەسەردا هاتو،بەکار،بەرهۆیی)دێت.(کۆزەتیڤ زاراوەیەکە بۆ وەسفێکی ڕێزمانی بەکاردێت ، و هۆکارەکانی پەیوەندی نێوان ئەڵتەرناتیڤەکانی(Alternative) دەقەکانی ڕستە پیشاندەدات (عومەر،نەوزاد ئەنوەر،٢٠٠٨ ،٤٠). ئەم زاراوەیە کە لە ڕێزمانی نوێدا بەکاردێت، بریتییە لە حاڵەتێك ، کە دەتوانرێت لە ڕستەدا جێگرەکانی هەمان کردار بەکاربهێنرێت ، واتە کەسێك لە ژێر کاریگەری کەسێکی تردا کارێك ئەنجامبدات یاخود.(کەسێك هۆکاری ئەنجامدانی کارێ بێت.(ئەحمەد،مزگێن عەبدولڕەحمان،٢٠٠٦ :١٥) زاراوەی بەکار، واتە کەسێکی تر یان شتێك بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەکاردەهێنێت ، و هۆکاری ڕودانی کارەکە دەبێت.

**١٠٠-أ-ئەگەر ئارین منداڵەکەی خستبێت، ئازاری پێدەگات.**

**ب-ئەگەر منداڵەکە لە کۆشی ئارین کەوتبێت، ئازاری پێدەگات.**

لە ڕستەی(١٠٠–أ)دا(خست)کارێکی تێپەڕە، ئەڵتەرناتیڤێك(جێگرەوە)یەکی تێنەپەڕی هەیە کە ئەویش (کەوت)ە لە ڕستەی(١٠٠–ب)دا.لەو ڕستەیەدا ئەوە دەردەکەوێت ، کە ئارین هۆکاری کەوتنی منداڵەکە بووە.

**١٠١-أ-کتێبەکەم بە شارا هێنا.**

**ب-شارا کتێبەکەی هێنا.**

کەواتە لە ڕستەی(١٠١–أ)دا:

م:جێناوی لکاوە دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

کتێب:بەرکاری ڕستەیە

شارا :سەربارە.

لە ڕستەی(١٠١– ب) دا:

شارا:بکەرە، توانای ئەنجامدانی کاری ڕستەکەی هەیە کە( هێنان)ە کاری هێنانەکەی لەدەستی دایە.

کتێبەکە:بەرکار

کەواتە بەپێی ڕستەکانی(١٠١،أ،ب)بۆمان دەردەکەوێت، کە(هەمو کارایەك بکەری گراماتیکی دێرینە لە ڕستەدا ، بەڵام بەپێچەوانەشەوە نابێت ، واتە هەمو بکەرێکی گراماتیکی کارا نییە.(**سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :٢٠**) کۆزەتیڤ تەنیا لە ڕستە کار تێنەپەڕەکاندا بەکار نایەت، بەڵکو لە هەردوو جۆری کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕدا بەکاردێت، لە هەردوو جۆرەکەشدا بریتییە ، لەوەی کەوا کەسێك یان شتێك هۆکارە بۆ ئەنجامدانی کارێك لە ڕستەکەدا. بەواتایەکی تر کەسێك یان شتێك لە پشت بە ئەنجام گەیاندنی کار یان ڕوداوی ڕستەکەوەیە.

## ٤–دۆخی بەرکاری لە ڕستەی مەرجدا Accusative Case In Conditional Sentence :

دۆخی بەرکاری((AcC)لەلایەن ڕەگی کردارە تێپەڕەکانی ڕستەوە بەو بەشەی ڕستە یان ئەو کەرەستەیە دەبەخشرێت، کە جێکەوتەی (بەرکار)ی لە ڕستەدا پڕکردۆتەوە(ئەمجۆرە دۆخە لەلایەن ڕەگی کرداری تێپەڕەوە بە جێکەوتەیەکی ناوەکی دەدرێت ، کە دەشێت لە دروستەی فرێزێکی ناویدا یان لە دروستەیەکی فرێزی پێشناویدا یان دروستەی ڕستەیەکدا بێت.(**مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩ :١١**)، لەڕستەی مەرجدا ڕەگی کرداری ڕستە مەرجییەکە دۆخی بەرکاری بەو ئارگومێنتە دەبەخشێت ، کە جێکەوتەی بەرکاری لە ڕستە مەرجییەکەدا پڕ دەکاتەوە.

**١٠٢–ئەگەر ئێوە خانو بکرن، من دێم بۆماڵتان.**

لە ڕستەی (١٠٢)دا، (ئەگەر ئێوە خانو بکڕن) ڕستەیەکی کات و کەسدارە و لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکانیانەوە دۆخ بە ئەلەمێنتەکان، کرداری (بکەن) دۆخی بەرکار (AcC) ی بە ئەلەمێنتی (خانو) بەخشیوە کە لە ڕستەکەدا ئەرکی بەرکاری بینیوە. هەروەها لەلایەن کات و کەسەوە دۆخ بە بکەری ڕستە مەرجییەکە بەخشراوە کە(ئێوە)یە.

**١٠٣– گەر ئێوە یارییەکە ببەنەوە، خەڵات دەکرێن.**

لە ڕستەی(١٠٣)دا(گەر ئێوە یارییەکە ببەنەوە)ڕستەیەکی کەس و کاتدارە و دۆخی بەرکار(AcC)لەلایەن کرداری ڕستەکەوە(بردنەوە) بەو ئەلەمێنتەی کە چاڵی بەرکاری پڕ کردۆتەوە، کە(زیرەك)ە بەخشراوە.

لەکاتی بەکارهێنانی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دۆخەکان کە لەلایەن کردار و کات و کەسەوە بە بکەر و بەرکار(ئەکیوزەتیڤ و نۆمینەتیڤ)ی ڕستە یان هەندێ جار دۆخی داتیڤ کە لە لایەن پریپۆزشنەکانەوە پێیان دەبەخشرێت یان دیاریکەرەکان (pro)دەبن.

**١٠٤-ئەگەر من تۆم بینی،کتێبەکەت پێدەدەم. ⟵ ئەگەر بینیمیت،کتێبەکەت پێدەدەم.**

ڕستەی مەرجی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی. ڕستەی مەرجی دروستەیسینتاکسی.

لە ڕستەی(١٠٤)دا، هەردوو دۆخی(نۆمینەتیڤ و ئەکیوزەتیڤ)لە ڕستەکەدا ئەبستراکتن ، چونکە تەنیا ئەو جێناوانە دۆخ لە ڕستەدا وەردەگرن کە سەربەخۆن ، و تایبەتمەندییەکانی ناو لەخۆ دەگرن واتە دۆخ بە فرێزێکی ناوی یان هەر کەرەستەیەك کە وەك فرێزی ناوی هەڵسوکەوت بکات لەلایەن دۆخ بەخشێنەرێکەوە دەدرێت، بەڵام جێناوە ناسەربەخۆ(لکاوەکان) ناتوانن لە ڕستەدا دۆخ وەربگرن بەڵکو تەنها دەتوانن دۆخ بەو کەرەستەیە ببەخشن، کە لەجێکەوتەی بکەریدایە.(کات+کەس)پێکەوە دۆخ بە بکەری ڕستە دەبەخشن.

هەروەهادەکرێت ڕستەی وەڵامی مەرج بە مۆرفۆسینتاکس دەبڕێت:

**١٠٥-ئەگەر منداڵەکان هاتن،ئێوە ئەوان ببینن. ⟵ ئەگەر منداڵەکان هاتن،بیانبینن.**

لە ڕستەی(١٠٥)دا (بیانبینن)لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا بە مۆرفۆسینتاکس دەربڕاوە بۆیە لێرەدا دۆخەکانی (نۆمینەتیڤ و ئەکیوزەتیڤ) لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بە ئەبستراکتی ماونەتەوە.

دەشکرێت هەردوو ڕستەی مەرج و وەڵامی مەرج بە مۆرفۆ سینتاکس دەربڕێن:

**١٠٦-ئەگەر منداڵەکان هاتن،ئێوە ئەوان ببینن. ⟵ ئەگەر هاتن،بیانبینن.**

## ٥-دۆخی خستنەسەر لە ڕستەی مەرجداGenative Case In Conditional Sentence :

دۆخی خستنەسەر لە زمانی کوردی زاری ناوەڕاستدا بەهۆی ئامرازی(ی)ەوە دەدرێت، کە سەرەی حوکمکەرە و دۆخی خستنەسەر بەو فرێزە ناوییە دەدات کە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و دەتوانێت دۆخی پی ٚببەخشێت.

**١٠٧-ئەگەر کتێبەکەی خۆمم بۆ نەهێنێتەوە، هەرگیز کتێبی تری نادەمێ.**

**١٠٨-تا بەڕێوەبەری ئێرە نەبینم، لێرە ناڕۆم.**

لە ڕستەکانی (١٠٨,١٠٧) (ی)ئامرازی خستنەسەرە و سەرەی حوکمکەرن لە ڕستەدا دەتوانن دۆخی خستنەسەر بەو ئارگومێنتانە ببەخشن، کە لە ڕستەی مەرجیدان و دەتوانن حوکمیان بکەن.لە ڕستەی(١٠٧)دا ئامرازی(ی)دۆخی بە(خۆم)بەخشیوە و لە ڕستەکەدا کە ئەرکی دیارخەری بینیوە. هەروەها لە ڕستەی (١٠٨) دا ، ئامرازی(ی)دۆخی بە(ئێرە)بەخشیوە کە ئەرکی دیارخەری لە ڕستەکەدا بینیوە.

## ٦-دۆخی بانگکردن لە ڕستەی مەرج Vocative Case In Condtional Sentence:

دۆخی بانگکردن لەکاتی بانگکردن، یان ناوبردنی کەسێك یان شتێك بەکار دەهێنرێت ، یان لەکاتی پێدانی ناونیشان بەشێوەیەکی(ڕاستەوخۆ)، لەڕوی فۆرم و واتاوە سادە دەردەکەون ، دۆخی بانگکردن بۆ ناوی کەس یان ئەو کەسەیە کە لە باری بانگکراویدایە، بەڵام ئاماژە بەهیچ پەیوەندییەك لەنێوان ناوە بانگکراوەکە و "سەرەی" دا ناکات جگە لەوەی بۆ بانگکردنی کەسەکەیە لە گفتوگۆدا.(**حاجی، ڤیان سلێمان ،٢٠٠٩ :١١١**) لە زاری ناوەڕاستدا لەکاتی بانگکردندا بۆ ناوە گشتییەکان نیشانەی دۆخی بانگکردن لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەکەوێت و بەپێی ڕەگەز جیاکراونەتەوە(ە،ێ،ینە)بۆ بانگکردن بەکاردێت. نیشانەی دۆخی بانگکردن بۆ تاکی نێر(ە)،بۆ تاکی مێ(ێ)،بۆ کۆی نێر و مێ(ینە)یە، بەڵام ناوە تایبەتییەکان هیچ نیشانەیەکی تایبەتی دۆخیان بۆ دیارینەکراوە و پێیانەوە نالکێت.(لەم دۆخەدا ناو نیشان دەکرێت بەهۆی پاشگرێك کە دەچێتە سەر ناوەکە لە زاری کرمانجی ژوروودا ئەو ناوەی کە لە باری بانگکردندایە (گشتی و تایبەت) بەپێی توخم جیاکراونەتەوە(ۆ) بۆ نێر(ێ) بۆ مێ(**ئەحمەد،مزگین عەبدولڕەحمان،٢٠٠٦: ٤٥**).ئامرازەکانی بانگکردن سەرەی حوکمکەرن و دۆخی ڕێزمانی بەو ناوە دەبەخشن، کە لەگەڵیدا دێن و دەکەونە پێش ڕستەی مەرجەوە.

**١٠٩-هۆ گە نجۆ هەرە، وانەکەت بنڤیسە.**

**١١٠-هۆ کچێ هەرە،وانەکەت بنڤیسە.**

لە ڕستەی مەرجدا دۆخی بانگکردن دەکرێت بڵێین زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوە و داواکردن و هەڕەشە بەکاردێت.

**١١١-کوڕە بخوێنە، ئەگەرنا دەرناچیت.**(+دۆخ،+توخم،نێر)ـــــ **ئاریز بخوێنە، ئەگەرنا دەرناچیت.** (+دۆخ)

١١٢-كچێ ئەگەر دەتوانی، یارمەتی یاران بدە.(+دۆخ،+توخم،مێ)ـــــ دیە ئەگەر دەتوانی، یارمەتی یاران بدە.(+دۆخ)

١١٣-منداڵینە ژیر بن،ئەگینا بە باوکتان دەڵێم.(+دۆخ،+توخم،نێر و مێ)ـــــ سایە و کانی ژیربن،ئەگینا بە باوکتان دەڵێم.(+دۆخ)

دەکرێت ئامرازی(مەرج)بکەوێتە دوای ناوە بانگکراوەکەوە بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی و واتای ڕستەکە بکات.

١١٤-کوڕە، ئەگەر نەخوێنیت، دەرناچیت.

١١٥-کچێ، ئەگەر هەوڵ بدەیت، سەر دەکەویت.

١١٦-منداڵینە ، ئەگەر ئاقڵ بن، دەتانبەم بۆ شاری یاری.

هەروەها دەکرێ ، دۆخی بانگکردن لەڕستەیەکی مەرجی پرسیاری بەکاربهێنرێت.

١١٧-کوڕە ئەگەر باوکت پرسیاری کردی،من چی پێ بڵێم ؟

١١٨-کچێ ئەگەر مامۆستا پرسیاری لێکردی، چۆن بۆی باسدەکەیت ؟

## ٧-دۆخی ئامانج Goal Case :

ئامانج—نیشانە لێگیراو (شوێن یان بونەوەرێکە لە ئاراستەدا، کە چشتێك بۆی دەڕوات و دەگوێزرێتەوە (مەحوی،محەمەد،٢٠١٠: ٩٥)ئەم دۆخە دەستنیشانی ئەو ئامانجە دەکات، کە لەکۆتایی کارەکە یان گوتنەکەدا هاتۆتەدی، یان ئەو ئامانجەیە کە پێشتر هەوڵ بۆ هاتنەدی دراوە.(دۆخی ئامانج دەرخستنی کۆتایی یان ئامانجی جوڵەیەکە.( ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١ :٧٢)واتە لەدوای تەواوبونی ڕستەکە مەبەستی گوێگر بە قسەکەر دەگات. ئەو ئامانجەی، کە قسەکەر هەیبوە لە دەربڕینی ڕستەکەدا لە پاش تەواو بونی ڕستەکە لەڕێی ئەو کاردانەوەیەی کەلەلایەن گوێگرەوە دروست دەبێت ، مەبەستەکە ڕوندەبێتەوە(دۆخی ئامانج ئەو شوێنە یان خاڵەیە، کە هەندێ شت بۆی دەڕۆن، یان دەکێشن. واتە دەستنیشانی کۆتایی باس یان بار یان کاتێکی دیاریکراو یان شوێنێك دەکات (سەعید،یوسف شەریف،٢٠٠٩ :٢٧).

١١٩-ئەگەر بۆ ڕزگار بون هەوڵبدەین، دەگەینە ئامانج، .

١٢٠-ئەگەر ڤارین ببێت بە مامۆستا، لە خوێندنگاکەی خۆمان دایدەمەزرێنین.

**١٢١-ئەگەر تا بەیانی ئیش بکەیت،کرێی زیاترت دەدەمێ.**

**١٢٢-ئەگەر بچین بۆکتێبخانە،ئارینیش لەگەڵمان دێت.**

لە ڕستەکانی ژمارە(١٢٢,١٢١,١٢٠,١١٩) (بۆ ڕزگار بون، بە مامۆستا، تابەیانی، بۆکتێبخانە)دۆخی ئامانجن لە ڕستەکاندا پێکەوە واتای گشتی ڕستە و مەبەست و ئامانجی گوێگر بۆ قسەکەر ڕون دەبێتەوە.

لە ڕستەی(١١٩)دا، قسەکەر ئامانجێکی هەیە و دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت، کە ئەگەر هەموان بۆ ڕزگار بون هەوڵبدەین ، دەگەینە ئامانج و ڕزگارماندەبێت. واتە دۆخی ئامانجەکە(ڕزگار بون)ە.و لە ڕستەی(١٢٠)دا، ئامانجەکە(بون بە مامۆستا)یە ، بۆئەوەی لە خوێندگاکەی خۆیان وەکو مامۆستا داییمەزرێنن. لە ڕستەی (١٢١) دا قسەکەر ئامانجێکی هەیە ئەویش(تا بەیانی ئیش بکەین )ە، بۆئەوەی کرێی زیاتری بداتێ. لە ڕستەی(١٢٢)دا، ئامانجی دەستنیشانکردنی شوێنەکەیە، کە دەیانەوێت سەردانی بکەن، ئەویش (کتێبخانە)یە.

## ٨–دۆخی نادیاری Abassive Case :

ئاماژە بە نادیاری(غائب)ی ناوێك دەکات لە ڕستەدا بەخشینی دۆخی نادیارییە بە ناوی کەسێك یان شتێك بەیارمەتی فرێزی پیشناوی(بەبێ–without ) دروست دەبێت.(ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١: ٧٤)واتە فرێزی پێشناوی(بەبێ) سەرەی حوکمکەرەو دۆخی نادیاری بەو ناوە دەبەخشێت، کە دەبێتە تەواوکەری ، لەڕستەی مەرجدا فرێزی پێشناوی (بەبێ)دەکەوێتە پاش نیشانە/ئامرازی مەرجەوە.

**١٢٣-بەبێ ئەو بۆ کتێبخانە ناچم.**

**١٢٤- بەبێ پارە سەردانی هەژاران مەکە**

**١٢٥-ئەگەر بەبێ تۆ ڕۆشتم،قسەم لەگەڵ مەکە.**

**١٢٦-ئەگەر بەبێ دیاری بچین،شەرمەزار دەبین.**

لە ڕستەکانی ژمارە(١٢٦,١٢٥,١٢٤,١٢٣) (بەبێئەو،بەبێ پارە،بەبێتۆ،بەبێدیاری–هدیە) دۆخی نادیارین بە ناو و شت دراون لەلایەن فرێزی پێشناوی (بەبێ)ەوە. ڕستەی(١٢٣) دۆخی نادیاری لەلایەن (pp)(بەبێ)بە پرۆنانی (ئەو)دراوە، دۆخەکە نادیارە و نازانرێت مەبەست لە تۆ کێیە.ڕستەی(١٢٤)دۆخی نادیاری لەلایەن(pp) (بەبێ)ەوە بە ناوی(پارە)دراوە کە ناوێکی گشتییە، دۆخەکەش نادیارە لەبەرئەوەی بڕی پارەکەو جۆری پارەکە نازانرێت. ڕستەی (١٢٥) کە ڕستەیەکی مەرجییە ، دۆخی نادیاری لەلایەن(pp)

(بەبێ)ەوە بە جێناوی(تۆ)دراوە، دیسان نازانرێت ، مەبەست لە تۆ کێیە، هەربۆیە دۆخەکە دۆخێکی نادیارە.ڕستەی (١٢٦) ڕستەیەکی مەرجییە دۆخی نادیاری لەلایەن(pp) (بەبێ)ەوە بە ناوی (دیاری/ الهدیە) دراوە، دۆخەکەش نادیارە، لەبەرئەوەی جۆری دیارییەکەی دەستنیشان نەکردووە.

## ب-ڕستەی وەڵامی مەرج-ڕستەی سەرەکی Conditional Answer Sentence-Main Sentence:

### ١-چەمکی ڕستەی وەڵامی مەرجConditional Answer Sentence :

ڕستەی وەڵامی مەرج(Conditional Answer Sentence)، بەشی سەرەکی ڕستەی مەرج پێکدەهێنێت.(لەڕوی ڕیزبونەوە ڕستەی دووەمە، بەرانبەر ڕستەی مەرج.( الشمسان،أبو أوس ابراهیم،١٩٨١ :٧)ئەو بەشەی ڕستەیە کە ڕوداوێك پیشاندەدات ، بەبێ بەشداریکردنی ئامرازەکانی مەرج و تێیدا واتای ڕستەی مەرجی بە تەواوی ڕون دەبێتەوە. بەزۆریش دەکەوێتە پاش ڕستەی مەرجەوە.(ئەو ڕستەیەیە کە سەربەخۆیە، واتە پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نییە(عەبدوڵڵا،یادگار، :١٣٤)، لەڕوی تافەوە هەمو دەمکاتەکانی کرداری تێدا بەکاردێت.

**١٢٧-گەر بتخوێندبا، دەردەچویت.______ ڕابردوی بەردەوام**

**١٢٨-ئەگەر چویت بۆ بازار، منیش دێم.______ ڕانەبردوی هەواڵی**

**١٢٩-ئەگەر یارمەتی بدەن، کیژان منداڵەکەی دەخەوێنێت.______ ڕانەبردوی هەواڵی**

کەواتە ڕستەی وەڵامی مەرج یان ڕستەی سەرەکی بەشێکی گرنگ لە ڕستەی مەرج پێکدەهێنێت ، و ڕاستی ڕودان یان ڕو نەدانی ڕستەی مەرجی تێیدا ڕون دەبێتەوە.

### ٢-دۆخ لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا Case In Conditional Answer Sentence

ڕستەی وەڵامی مەرج دۆخی دروستەیی لەلایەن سەرەی حوکمکەر لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا وەردەگرێت، بەهۆی یاساکانی گواستنەوە بەشێك لە کەرەستەکان لە ڕستەی وەڵامی مەرج دەقرتێنرێن یان گۆڕانیان بەسەردا دێت ، واتە لەڕوی فۆنەتیکییەوە دەرنابڕدرێن ، بۆیە هەندێ لە دۆخەکان لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا لە(SS)نامێنن ، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی دۆخ پێدان پێویستە ئەو کەرەستەیەی دۆخ وەردەگرێت لەڕوی فۆنەتیکییەوە دەربکەوێت بۆ ئەوەی دۆخی بەرجەستە وەربگرێت. لەبەرئەوەی ڕستەی مەرج لە دوو بەش پێکدێت ، بەشێکیان سەربەخۆیە و بەشەکەی دیکەیان شوێنکەوتو یان تەواوکەری ڕستەی سەرەکین،

وەکو دوو ڕستەی جیا دەردەکەون لە کاتی دۆخ بەخشین و وەرگرتنی دۆخ سەرە حوکمکەرەکانی ڕستەی شوێنکەوتو توانای بەخشینی دۆخیان نییە بەو کەرەستانەی کە لە ڕستەی سەرەکیدان ، هەروەها سەرە حوکمکەرەکانی ڕستەی سەرەکی ناتوانن دۆخ بەو بەشەی ڕستەی مەرج بدەن. لەبەرئەوەی زمانی کوردی خاوەن دۆخی زگماکی نییە ، هەربۆیە ڕستەی وەڵامی مەرج کە ڕستەی سەرەکییە و واتای تەواوی ڕستە مەرجەکە دەگەیەنێت،دۆخی دروستەیی لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکانی ڕستەی وەڵامی مەرجەوە وەردەگرێت.

**١٣٠-ئەگەر خوێندنەکەتان تەواو کرد، بچن بۆ یاریکردن.**

لە ڕستەی(١٣٠)دا (بچن بۆ یاریکردن)ڕستەی سەرەکییە و دۆخی ڕێزمانی لەلایەن سەرەی حوکمکەرەکەیەوە وەردەگرێت ، پریپۆزشنی (بۆ) دۆخی داتیڤی بەتەواوکەرەکەی بەخشیوە. لەبەرئەوەی بکەری ڕستە دەرکەوتەی فۆنەتیکی نییە ، بۆیە دۆخی بەرجەستەی وەرنەگرتووە، بەڵکو لەلایەن کات و کەسی کردارەکەوە دەستنیشانکراوە. واتە بکەری ڕستە خاوەن دۆخی بەرجەستە نییە، بەڵکو خاوەن دۆخی ئەبستراکتە.

## أ–دۆخی ڕێزمانی لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا Gramatical Case In Conditional Answer Sentence

دۆخی ڕێزمانی لەلایەن سەرەی حوکمکەرەوە بە تەواوکەرەکانیان دەدرێن ، و بەهۆیانەوە پەیوەندی نێوان ئارگومێنتەکانی ڕستەکە دەستنیشاندەکرێت ،(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :٧٦) بەشەکانی ڕستەی وەڵامی مەرج لە(DS)ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن و لە(SS)دۆخی ڕێزمانیان لەلایەن سەرە حوکمکەرەکانیانەوە پێدەدرێت، بەڵام لەکاتی تێپەڕ بون بە یاساکانی گوێزانەوەدا هەندێك لە کەرەستەکان لە ڕستەکەدا دەرنابڕدرێن ،هەر بۆیە هەندێك لە دۆخەکاندەبن بە(ئەبستراکت).

**١٣١-ئەگەر تۆ ناچیت بۆ بازاڕ، من دەچمە دەرەوە.**

لە ڕستەی(١٣١)دا، (من دەچمە دەرەوە) ڕستەی وەڵامی مەرجە. دەبینین لەشێوەی ڕستەیەکی تەواوە و پێکهاتووە، لە(بکەر، کردار ،سەربار) لەبەرئەوە کرداری ڕستە تێنەپەڕە، بۆیە کات و کەسی کردار دۆخی نۆمینەتیڤی بە بکەری ڕستە بەخشیوە. واتە لەم ئاستەی ڕستەدا کەرەستەکان شێوەی فۆنەتیکییان هەیە، بۆیە دۆخیشیان وەکو ڕستەیەکی ئاسایی وەرگرتووە. بەڵام ئەگەر هەمان ڕستە بەم شێوەیە دەرببڕدرێت.

**١٣٢-ئەگەر تۆ ناچیت بۆ بازاڕ، من دەچم.**

لە ڕستەی(١٣٢)دا (من دەچم) بەشی ڕستەی وەڵامی مەرجە، بەهۆی یاساکانی گواستنەوە هەندێ کەرەستەی لێ قرتێنراوە، بۆیە دۆخی داتیڤ لە ڕستەکەدا ئەبستراکت دەبێت. کەواتە دۆخی ڕێزمانی پەیوەندی بە ڕیزبون و دەرکەوتنی کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە ، هەر کەرەستەیەکی ڕستە ئەگەر دەرکەوتنی فۆنەتیکی نەبێت ، لە ڕستەکەدا ئەوا دۆخی بەرجەستە وەرناگرێت.

## ب–دۆخی بکەری لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا Nominative Case In Conditional answer Sentence

دۆخی بکەری(NoC) لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا لەلایەن کات و کەسی کرداری ڕستەی وەڵامی مەرجەوە وەردەگرێت ، کات و کەسی ڕستەی مەرج توانای بەخشینی دۆخی نییە بەو ئارگومێنتەی کە جێکەوتەی بکەری لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا گرتوە. (لەم جۆرە لە ڕستەی ئاوێتەدا، کرداری ڕستە سەرەکییەکە دۆخی ڕێزمانی بکەری لە گرێ(v p)دا لەڕێگەی جێناوەکەوە دەبەخشێت ، بەڵام ئەم دۆخە زۆر جار بەهۆی ئامادە نەبونی ڕەگەزەکەوە لەناو ڕستەدا ، جێبەجێ نابێت ، هۆی ئەم ئامادەنەبونەی بکەریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کرداری ڕستە سەرەکییەکە ڕۆڵی کەتیگۆری ڕستەی داوە بەو کەرەستەیەی کە هەڵگری ڕۆڵی بابەتانەی (–دیار)ی ڕەگەزێکە، کە دەبێت بە بکەر، ئەمە وای کردووە، کە ئەم کەرەستەیە بکەوێتە دەرەوەی ڕستە سەرەکییەکەو سەربەخۆ وەك ڕستەیەك دەربکەوێت (حمە ڕەحیم،عرفان مستەفا،٢٠٠٣: ٧٨).

١٣٣-أ-**ئەگەر تاقیکردنەوەم هەبێ، <u>من نانوم</u>.**

**ب-ئەگەر تاقیکردنەوەم هەبێ، <u>pro نانوم</u>.**

لە ڕستەی(١٣٣،أ،ب)دا (من نانوم،نانوم) ڕستەی وەڵامی مەرجن ، لە ڕستەی(١٣٣–أ)دا، بکەری ڕستە لەلایەن کات و کەسی کردارەوە دۆخی بکەری وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی(١٣٣–ب)دا، لەبەر ئەوەی بکەری ڕستە proیە، واتە بەشێوەی فۆنەتیکی دەرنەبڕدراوە، هەربۆیە کات و کەسیش ناتوانن دۆخی دیاری پێ ببەخشن بۆیە pro دۆخی ئەبستراکتی پێبەخشراوە.

## پ–دۆخی بەرکاری لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا Accusative Case In Conditional Answer Sentence

دۆخی (AcC)بەرکاری پێویستی بە وشەیەك دەبێت ، کە ببێت بەسەرەی حوکمکاری و بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن کرداری ڕستەکەوە دۆخ وەردەگرێت.( **Jonathan ,David Bobaljik, Wrmbrand,Susi,5** )

دۆخی ئەکیوزەتیڤ( AcC ) بەرکاری لەلایەن کرداری ڕستەی وەڵامی مەرج بە تەواوکەرەکانیان دەدرێت ، واتە بەرکار لەلایەن کرداری ڕستەی وەڵامی مەرجەوە حوکمدەکرێت و دۆخ وەردەگرێت.

**١٣٤-ئەگەر خوا یارمەتیمان بدات،ئێمە کوردستان یەکدەخەین.**

لە ڕستەی(١٣٤)دا(ئێمە کوردستان یەکدەخەین) ڕستەی وەڵامی مەرجە، بەرکاری ڕستە(کوردستان) لەلایەن کرداری ڕستە کە کردارێکی تێپەڕە، دۆخی ڕێزمانی دروستەیی(بەرکار)ی وەرگرتوە.

**١٣٥-ئەگەر ئێوە وانەکانتان بخوێنن ،دەتانبەین بۆ شاری یاری.**

لە ڕستەی(١٣٥)دا(دەتانبەین) ڕستەی وەڵامی مەرجە، دەبینین بکەر و بەرکار لە ڕستەکەدا قرتێنراون، و بە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دەربڕاوە بۆیە دۆخی بکەری و بەرکاری لە ڕستەکەدا دەرناکەون و دۆخەکانیان بەشێوەی (Abstract)دەبێت.

## ت-دۆخی نادیاری لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا Abbasive Case In Conditional Answer Sentence

دۆخی نادیاری لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا لەلایەن فریزی پێشناوی(بەبێ) بەو کەرەستەیە دەدرێت، کە دەبێتە تەواوکەری و دەکەوێتە پێش ڕستەی وەڵامی مەرجەوە.

**١٣٦-گەر چوی بۆ شار،بەبێ دیاری مەگەڕێرەوە.**

**١٣٧-گەر دەتانەوێ دڵخۆشبن،بەبێ ئەژی سەفەر مەکەن.**

لەڕستەی (١٣٧,١٣٦)دا دۆخی نادیاری لەلایەن(pp ) (بەبێ)وە ، بە ناوی (دیاری،ئەژی)دراوە، لە ڕستەی (١٣٦)دا (pp )(بەبێ) دۆخی نادیاری بە(دیاری)بەخشیوە، چونکە جۆری دیارییەکەی دەستنیشان نەکردووە. هەروەها لە ڕستەی(١٣٧)دا (pp )(بەبێ)دۆخی نادیاری بە( ئەژی) بەخشیوە ، چونکە نازانرێت ئەژی کێیە.

## بەشی دووەم:سیمانتیکی ڕستەی مەرج

### پاری یەکەم:١–تیۆری پێویست(تیۆری بەرهەمهێنان-Generative Theory)

ئەم تیۆرە لەپاش دەرچون و بڵاوبونەوەی کتێبی(ڕۆنانە سینتاکسییەکانsyntactic structure ) ی چۆمسکی لە ساڵی١٩٥٧ هاتە کایەوە ، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانە بو، کە ئاراستەی دروستەکارەکان (Structuer)ەکان دەکرا، کە سەرەتا لە ئەوروپا و دواتر دوای بڵاوبونەوەی کتێبی (Language)ی،(L.blom field ) وەك تیۆرییەك ناسراو جێگیر بو ، ڕۆنانکاری پێش (بەرهەمهێنان)لە ئەوروپا سەری هەڵداو بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا گرتبو.(لەم میتۆدەدا زمانەوانەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گرنگییان بەلایەنە هەستپێکراوەکانی زمان دەدا، واتە فۆرم. بە بۆچونی ئەوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دوو بابەتی بەرجەستەن، بۆیە جێگەی گرنگی پێدان بون، هەروەها بنەمایەکی تری دروستەکارەکان ئەوەبو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەبەشەوە دەچون بۆ گشت.(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٤)هەربۆیە تیۆرەکەی چۆمسکی وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ بۆچونەکانی دروستەکارەکان هاتە کایەوە، (چەمکی بەرهەمهێنان لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆرەکەیە و چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە و لەسەری وەستاو میکانیزمەکەی ڕونکردۆتەوە.(محەمەدئەمین،یوسف نوری،٢٠١٥ : ١٧)تیۆری بەرهەمهێنان گرنگی بە بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێ سنور لەڕستە دەدات بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە یاسا سینتاکسییەکان ، واتە قسەپێکەرانی هەر زمانێك دەتوانن بە چەند یاسایەکی کەم و سنوردار ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە بەرهەم بهێنن(ئەمین،وریا عومەر،٢٠٠٩ :٢٣٦ )، کە پەیوەستە بە توانستی کەسەکان و شارەزا بونیان لە یاساکانی زمانەکەیان. بنەمای کارکردن لەم تیۆردا دوولایەن بو:

لایەنی یەکەم ، گرنگی دان بو بەپەیوەندی نێوان هۆش و زمان ، کە زیاتر لەژێر کاریگەریی بۆچونەکانی (دیکارت و لۆجیکی نوێی کارناپ)(کەمال، دیارعەلی،٢٠٠٢ :١٦)دا بو، ئەوان گرنگییان بەلایەنی لۆجیکی زمان دەدا و(کارناپ)پێی وابو، ئەو کەرەستانەی کە لۆجیك پەیان پێنابات ئەوا ئەو کەرەستانە بەتاڵن لە واتا و کەرەستەی بێواتان. چۆمسکی لەم تیۆرەیدا هەوڵیدەدا، کە ڕێزمانێکی گشتی و سەراپا بەرهەم بهێنێت ، بۆ هەمو زمانەکان گونجاو بێت،(چۆمسکی لەو بڕوایە دایە، کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی زمانەوانی گەیشتنە بە میکانیزمی فێربونی زمان لای منداڵ.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٨)، ئەو زانایە پێی وایە، کە منداڵ توانایەکی خۆڕسك و بۆماوەی تێدایە،کە یارمەتی فێربونی زمان دەدات. ئەم توانایە(توانست) بنەمای دووەمی کارکردنی تیۆرەکەی بو. یەکێك لە بنچینە گرنگەکان کە چۆمسکی لەم تیۆرییەدا دایهێنا، دیاریکردنی ڕەفتاری زمانییە، کە بەرانبەرە بە توانست و چالاکی، لەناو پرنسیپەکانی زماندا و بەرانبەر بە زمان و

ئاخاوتنی سۆسێر دەوەستێتەوە. بیرۆکەی توانست کە لەلایەن چۆمسکییەوە داهێنراوە ، بۆ جیاوازی کردنە لەنێوان توانست و چالاکی ، بەلای چۆمسکییەوە توانست بریتییە ، لە بەشداری پێکردنی ئەو زانیارییە شاراوانەی کە لە ئاوەزی تاکەکاندا هەیە. توانست توانایەکی شاراوەیە لە ئاوەزی منداڵدا هەیە ، و بەهۆیەوە منداڵ ئامادەباشی تێدایە بۆ فێربونی زمان و تێگەیشتن لە زمان.(بەپێی بۆچونی چۆمسکی ، توانست بریتییە لە سیستمی شاراوەی ئەو یاسایانەی زانینی زمانی پێکدێنن لای قسەکەر.(هـ.د.ویدۆوسن،٢٠٠٨ :١٣٢) واتە توانست بریتییە ، لەو توانا و کارامەییە شاراوەیەی کە لە مێشکی هەر قسەپێکەرێکی ئاسایی زمانی بنەرەتی"یەکەم" دا هەیە و لەگەڵیدا لەدایك دەبێت و گەشە دەکات ، بەهۆیەوە دەتوانێت لە ڕستەو گوتنێك بگات ، کە پێشتر بەرگوێی نەکەوتبێت و بەکاری نەهێنابێت ، هەروەها دەتوانێت بەچەند یاسایەکی دیاریکراو ڕستەی جۆراو جۆر لە زمانەکەدا بەرهەم بهێنێت، کە ئەو ڕستانە لە هەردوو لایەنی گرامەر و سیمانتیکەوە دروستبن. زانیارییە گراماتیکییەکان بریتین لەو زانیارییانەی کە دەربارەی(فەرهەنگ کە وشەکانن، سینتاکس کە گرامەری زمانە، سیمانتیك و فۆنۆلۆجی)ن، مرۆڤ بەهۆی ئەو توانستەی کە لە ئاوەزیدایە دەتوانێت ، فرێز و ڕستەکان بەپێی یاساکانی زمانەکەی ڕیز بکات. واتە هەمو ئەو زانیارییانەی کە قسەکەر لەبارەی زمانەکەیەوە دەیزانێت بەهۆی توانستەکەیەوەیەتی کە لە منداڵییەوە لە ئاوەزیدایە و لەگەڵیدا گەشەی کردووە.

توانست ئەو زانیارییە زمانییە هەڵگیراوەیە، کە فێربوانی زمانێك – یان قسەکەری ڕەسەن – وەریدەگرێت و هەر هەمان زانیاریشە کە بەشێوەیەکی نائاگایی <<لاوعی>> بەکاریدەهێنێت ، لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا.(کەمال، دیارعەلی،٢٠٠٢ :١٣) بەو واتایەی توانست ، بریتییە لەو زانیارییانەی، کە هەمو تاکێك لە سەرەتای دروستبونیەوە لە ئاوەزیدا هەیە و بەهۆی دەوروبەرەوە گەشە دەکات ، بەهۆیەوە دەتوانێت ، هەردوو پرۆسەی وەرگرتن و بەکارهێنان (درکاندن) لە زمانەکەیدا ئەنجام بدات.

## ٢-ئاستەکانی توانست و ڕستەی مەرج: Competence Levels And Conditional Sentence

قسەپێکەرانی هەر زمانێك بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە ڕستەکانی زمان پشت بەو توانستە دەبەستن، کە لە هزر و ئاوەزیاندایە.(تێگەیشتن لە زمان پشت بە توانستی تاکەکان دەبەستێت ، کە پەیوەندی بە توانستی قسەکەرەوە هەیە لەکاتی قسەکردن یان تێگەیشتن لەو ڕستانەی کە پێشتر بەکاری نەهێناون ونەیبیستون.(cook&newson,1996:24 ) توانست(competence) لێوەشاوەیی و کارامەیی و توانای ئاوەزی قسەکەری زمانی بنەڕەتییە، کە کۆمەڵێ زانیاری لەبارەی سینتاکس و سیمانتیکی

زمانەکەیەوە لە منداڵییەوە لە ئاوەزیدا گەڵاڵە بووە، و دەیانزانین. توانستی زمانی ئاماژە بۆ توانای بەکارهێنانی کۆد و سیستمەکانی زمان دەکات بەشێوەیەکی ڕێك و پێك.(ئەو توانا و شارەزاییە هەندێ زانیاریی هۆشەکی دەگرێتەوە ، هەروەها ئەو یاسا سینتاکسییانە دەگرێتەوە ، کە بەکارهێنەری زمانێك دەیانزانێت و لەمێشکیدایە ، واتە توانا نابەرجەستەیەabstract (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٨).

توانست توواناو سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانی بنەڕەت پیشاندەدات لەکاتی بەکارهێنانی زماندا.( بەگوێرەی ئەوەی چۆمسکی لەساڵی(١٩٦٥)دا، ئاماژەی بۆ کردووە، توانست دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیری قسەکەر و گوێگر لەبارەی زمانەکەیانەوە واتە ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت.(cook&newson,1996:22) توانست مەعریفەی قسەکەرانە سەبارەت بە زمانەکەیان. (کەمال، دیار عەلی،٢٠٠٢ :١٧) ئەو توانا و لێوەشاوەییە کە کۆمەڵێك زانیاری زمانەوانی لەخۆ دەگرێت ، قسەکەر ئەو زانیارییانە لە زمان بۆ پەیوەندیکردن بەکار دەهێنێت ، ئەم توانا و شارەزاییە پێویستە بۆ سەرکەوتنی چالاکی(performance).هەمو قسە پێکەرێکی ئاسایی زمان خاوەن توانستە و ئەم توانستە لە ئاوەزیدا هەیە ، ئەم توانستەش ئەبستراکتە و تەنیا لە بەکارهێنان و لێکدانەوە بۆ ڕستە و گوتنەکانی زمان دەردەکەون ، قسە پێکەرانی زمان بەهۆی توانستەکەیانەوە دەتوانن ، ڕستەی گرامەری لە ڕستەی ناگرامەری جیا بکەنەوە ، و بەهۆی ئەم توانستەوە کردەی بەرهەمهێنانی ڕستە و لێکتر گەیشتن لە زمانەکەدا ئەنجام بدەن ، دەتوانین ئەم توانستە بە توانستی سینتاکسی ناوبهێنین.(cook&newson,1996: 80 ) هەر بەهۆی توانستەکەیانەوە قسەپێکەرانی زمان دەتوانن دروستێتی لۆجیکی ڕستەکان لەیەك جیابکەنەوە ، و لێکدانەوە بۆ ڕستە و دیاردەکانی دەورووبەریان بکەن. (توانست سیستمی ئەو یاسایانەیە، کە قسەکەر لەبارەی زمانەکەیەوە کۆنترۆڵی کردون و بەهۆیانەوە دەتوانێت:

أ–ژمارەیەکی نادیادر لە ڕستە دابڕێژێت و لێیان تێ بگات.

ب–جیاوازی لەنێوان ڕستەی دروست و نادروستدا بکات.

پ–ڕستەی لێڵ بناسێتەوە.(حسەین،ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨ :١)

**١٣٨-أ-* بتخوێندبایە ئەگەر، دەردەچویت بەیەکەم.**

**ب-ئەگەر بتخوێندبایە،بەیەکەم دەردەچویت.**

توانستی سینتاکسی ڕێگە بە قسەپێکەرانی زمانەکە نادات ڕستەی(١٣٨–أ)بەرهەمبهێنن، چونکە گرامەری زمانەکەمان ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ڕستەی لەو چەشنە نادات ، بەڵام قسەپێکەرانی زمانەکەمان دەتوانن ڕستەی (١٣٨–ب) بەرهەم بهێنن ، چونکە یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکەی نەبەزاندوین.

**١٣٩-أ-دکتۆرەکان دەڵێن،ئەگەر ئارا دەرمانەکانی بەباشی بەکاربهێنێت،زوتر لە نەخۆشییەکەی چاك نابێتەوە؟**

**ب-دکتۆرەکان دەڵێن،ئەگەر ئارا دەرمانەکانی بەباشی بەکار بهێنێت،زوتر لە نەخۆشییەکەی چاکدەبێتەوە .**

توانستی سیمانتیکی ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ڕستەی(١٣٩–أ)نادات ، قسەپێکەرانی زمان بەهۆی توانستی سیمانتیکییەوە هەست بە ناوێزەیی دەکەن ، ڕستەکە ڕستەیەکی نالۆجیکییە ، چونکە گەر کەسێك نەخۆش بێت و دەرمانەکانی بە باشی و لەکاتی خۆیدا بەکار بهێنێت ، ئەوا زوتر نەخۆشییەکەی چارەسەر دەبێت. بەڵام ڕستەی(١٣٩–ب)ڕستەیەکی ئاساییە ، و توانستی سیمانتیکی ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە ڕستە دەدات ، چونکە ڕستەکە ڕستەیەکی لۆجیکییە و لە زماندا پەسەند دەکرێت.

## أ–توانستی کۆمەڵایەتی Socio Competence :

لێکدانەوەی توانستی کۆمەڵایەتی دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (socioliguistic)ەوە (کەخوێندنەوە بۆ بەکارهێنانە جیاواز و هەمەجۆرەکانی زمان دەکات، کە بەپێی "توخم ،تەمەن،ئاستی ڕۆشنبیری،هەڵوێست،نەتەوە"، لەلایەن خەڵکەوە بەکاردێت.(perselin,17:2014 ) ناونانی توانستی کۆمەڵایەتی ، بوارێکە بۆ ئەوەی بەپێی کۆنتێکستی کەلتورە جیاوازەکان واتای جیاواز لە ڕستەو گوتنەکان بەرهەمبهێنین . توانستی کۆمەڵایەتی هەمو ئەو توانستانە دەگرێتەوە، کەمرۆڤ دەربارەی دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاوەزیدایە و دەیزانێت ، و لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا فێریاندەبێت و بەکاریاندەهێنێت ، توانستی کۆمەڵایەتی ، بریتییە لەو توانا و توانست و کارامەییەی، کە هەر قسەپێکەرێکی ئاسایی زمانی بنەڕەتی لە ئاوەزیدایە و بۆ پەیوەندیکردن لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی هەڵوێست و بۆنەی ئاخاوتنەکان زمان بەکاردەهێنێت . واتە توانستی بەکارهێنانی زمانە بەپێی بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان . لە توانستی کۆمەڵایەتیدا پێویستە دوو یاسا لەبەرچاو بگیرێت، ئەوانیش ، یاسای بەکارهێنانی زمان و یاسای لێکدانەوەی واتای دەربڕینەکان بەپێی چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.[١٠] ⟵

ئاشكرایە ، كە لەهەمو میللەتێكدا كۆمەڵێك بۆنەی كۆمەڵایەتی جیاجیا هەن ، هەربۆیە قسەپێكەرانی ئەو زمانەش بەپێی ئەو بۆنانە توانستی زمانی خۆیان بەكاردەهێنن.(توانستی كۆمەڵایەتی بریتییە لە پلانی ڕەفتاركردنی تاك لەهەڵوێستێكی دیاریكراودا ، ئەو ڕەفتارە پشت بە پاشزەمینە كۆمەڵایەتییەكانی تاك دەبەستێت لەبوارە جیاجیاكاندا . (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢: ٢٠) كۆمەڵێك هۆكار كاریگەرییان لەسەر توانستی كۆمەڵایەتی هەیە لەوانە (توخم،تەمەن،بۆنەی ئاخاوتنەكان) ، بۆ نمونە كەسانی بەتەمەن لەبەرئەوەی ئەزمون و دونیا بینیان زیاترە بۆیە توانستی كۆمەڵایەتیان بەهێزترە ، لە كەسێك كە لە تەمەنی هەرزەكاریدایە و ئەزمونی ژیانی كەمە. هەروەها توخم كاریگەری لەسەر بەكارهێنانی ئەو توانستە هەیە ، بۆ نمونە كاتێك دوو كەس پێكەوە گفتوگۆ دەكەن، ئەگەر هەمان توخم بن(نێر–نێر/مێ–مێ)ئەوا ئەو توانستەی لەكاتی گفتوگۆی نێوانیان بەكاریدەهێنن ، جیاواز دەبێت ، لە بەكارهێنانی ئەو توانستەی ئەگەر لەنێوان دوو توخمی جیاوازدا بێت . هەروەها بۆنەی ئاخاوتنەكانیش جۆری بەكارهێنانی توانستەكە دەگۆڕێت ، بۆنمونە توانستی بەكارهێنانی زمان لە بۆنەیەكی كۆمەڵایەتی وەك(داخوازی) جیاوازدەبێت لە بۆنەیەكی وەك(پرسە)، بێگومان بەكارهێنانی توانست لەو بۆنانەشدا دیسان دەكەوێتە ژێر كاریگەریی توخم و تەمەن ، چونكە بەكارهێنەرانی زمان بەپێی توخم و تەمەنەكانیان زمان لەو بۆنانەدا بەكاردێنن . هەر بۆیە بەپێی جیاوازی ئەو هەڵوێست و بۆنانەی كە تێیدان قسەپێكەران زمان بەكاردەهێنن.

خوازبێنیكرن: **١٤٠–ئەگەر ئێوەمان بەخێزانێكی باش نەزانییایە،داوای خزمایەتیمان لێنەدەكردن.**

**١٤١–گەورەماندەكەن ،ئەگەر كچەكەتان بكەن بە كچی ئێمە.**

دوعاكردن: **١٤٢–ئەگەر درۆم بۆ دروستدەكەی، خوا بتگرێ.**

ڕێزگرتن:بەڕێزتان،جەنابتان،ئێوە بۆ تاك...

لە ڕستەكانی (١٤٢,١٤١,١٤٠) بەپێی بۆنە كۆمەڵایەتییەكان ، قسەكەر توانستی زمانی خۆیان لە چوارچێوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا بەكاردەهێنێت. ڕستەی(١٤٠) بۆنەی ئاخاوتنەكە داخوازیكردنە ، بۆیە پێویستە قسەكەر ئەو توانستەی كە بۆ ئەو بۆنەیە دەگونجێت بەكاربهێنێت ، هەروەها توانستەكەش بەپێی (توخم ، تەمەن،كەلتور،ئاستی ڕۆشنبیری)دەگۆڕێت ، ئەم جۆرە دەربڕینانە زیاتر كەسانی بەتەمەن بەكاریدەهێنن، بەپێی توخمیش تاڕادەیەك ئەمجۆرە دەربڕینە بۆ هەردوو توخمەكە(نێر،مێ) دەگونجێت ، هەرەها بەپێی كەلتور و ئاستی ڕۆشنبیری ، ئەمجۆرە دەربڕینانە لەناو نەتەوەی كورد دا زیاتر بەكاردێن.

---

10– www.wikpediaorg.com

له ڕستەی(١٤١)دا، بۆنەی ئاخاوتنەکە دیسان بۆنەی داخوازیکردنە، بەڵام ئەمجۆرە دەربڕینە تاڕادەیەك تایبەتە بە توخمی(مێ)، هەروەها لەناو کەسانی بەتەمەندا زیاتر بەکاردێن ، دەتوانین بڵێین کەلتورەکەش تایبەتە بە نەتەوەی کورد. ڕستەی(١٤٢) بۆنەی ئاخاوتنەکە دوعا لێکردنە، بۆیە قسەکەر بەپێی هەڵوێست و بۆنەی ئاخاوتنەکەی توانستی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەو توانستەی لەم دەربڕینەدا بەکارهارتووە، تاڕادەیەکی زۆر تایبەتە بە توخمی (مێ)و ، هەروەها زیاتر کەسانێك بەکاریدەهێنن کە لەتەمەنێکی مامناوەندیدان.

## ب–توانستی پراگماتیکیPragnatics Competence :

توانستی پراگماتیکی بریتییە لەو زانیارییانەی ، کە دەربارەی زمان و چۆنیەتی گونجاندنی زمان بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان بەکاردێن ، لەگەڵ دەرخستنی مەبەست و هۆکارەکانی ئەو بەکارهێنانە لەو بارودۆخەدا( cook&newson,1996:23). توانستی پراگماتیکی ئاماژە بە توانای بەکارهێنانی زمان دەکات بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ، و بەپێی بارودۆخەکان زمان لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە بەکاردێن . بەشێوەیەکی تر دەکرێت بڵێین ، زمان بەپێی توانستی پراگماتیکی شێوەیەکی چەسپاو نەگۆڕی نییە، بۆ بەکارهێنانەکانی، بەڵکو بەپێی بارودۆخەکان و چوارچێوەی گوتنەکان دەتوانین زمان بەکاربهێنین ، واتە بەو جۆرەی کە بمانەوێت دەتوانین زمان بەکار بهێنین ، بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی لە ئاوەزماندایە.(توانستی پراگماتیکی پێکهاتەیەکی کارای بونیادی خودی مرۆڤ پێکدەهێنێت (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٩) توانستی پراگماتیکی لە "توانستی کۆمەڵایەتی و توانستی (دەربڕین)"پێکدێت، پراگماتیك هەمیشە لەشێوەی دیالۆگێك دەبێت واتە شوێنی ئاخاوتن دیاریدەکرێت ، هەروەها قسەکەر لەگەڵ گوێگر دەدوێت. ( perselin,17:2014) بۆ نمونە لەماڵەوە کەسێك بەهاوڕێکەی دەڵێت:

**١٤٣- ئەگەر لێرە بمێنمەوە،سەرمام دەبێت.**

ڕستەی(١٤٣)ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام بۆ داواکاریی بەکاردێت" کە هەستە دەرگاکە یان پەنجەرەکە پێوەبدە"واتە توانستی پراگماتیکی ، ئاماژە بەو واتایانە دەکات ، کە هەمیشە بەپێی دەوروبەرەکان دروست دەبن ، جیاوازە لەو واتا بڵاوەی کە بەشێوەیەکی فراوان لەناو خەڵکیدا بڵاو بۆتەوە ، بۆ ئەمەش بەشداری پێکردنی هەندێ زانیاری لەگەڵ قسەکەردا پێویستە . واتە بەپێی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر دەتوانین ، لەواتا پراگماتیکییەکان بگەین . یان ئەو توانست و ڕۆشنبیرییە شاراوەیەیە ، کە یارمەتی قسەپێکەرانی زماندەدات بەپێی بارودۆخ و بۆنەی ئاخاوتنەکان زمان بەکاربهێنن ، واتە قسەپێکەرانی زمان دەزانن ، کە چۆن و بۆ چ مەبەستێك زمان بەکار دەهێنن ، هەروەها ئەو توانستە ڕۆشنبیرییەیە کە یارمەتیماندەدات لە واتا شاراوەکانی گوتنەکان بگەین. (زانیاری و ڕۆشنبیرییەکە ، کە وابەستەیە بەوەی چۆن زمان بەپێی

بارودۆخەکان بەکاردێن (cook&newson,1996:23 )، (توانستی پراگماتیکی ، توانای ئاوەزی تاکەکانە بۆ گەیشتن بەواتا شاراوەکانی ڕستەکانی زمان ، هەروەها توانستی گەیاندنی زانیاری>>پێدانی زانیاری<< دەگرێتەوە ، کە پەیوەندی بە توانستی بەکارهێنەری زمانەوە هەیە.(perselin,17:2014 ) توانای بەکارهێنانی زمانە لە بارودۆخی جیاوازدا بەو واتایەی کە زمان یەك ڕێگای نییە بۆ بەکارهێنان ، بەڵکو دەتوانین وشە و ڕستەکانی زمان بەپێی مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی گونجاو لە باری جیاوازدا بەکاربهێنین . قسە پێکەرانی هەر زمانێك خاوەن توانستێکی پراگماتیکین ، زاراوەی پراگماتیك بەو واتایە دێت ، کە ڕستەکانی زمان بەپێی مەبەستی داهێنەرانی یان بەکارهێنەرانی زمان واتای جیاوازتر دەگەیەنن جیاواز لەواتای گشتی ڕستەکان . زۆرجار لەکاتی بەکارهێنانی زماندا ئەو بوارە فەراهەم نابێت، کە ڕستەو گوتنەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕێت ، بۆیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانی خۆیان دەردەبڕن ، ئەویش بەپێی ئەو هەڵوێستەی کە گوتنەکە تێیدا بەرهەمهاتوە ، مەبەستەکە لای گوێگر ڕوندەبێتەوە ، یان بەپێی بارودۆخ و دەوروبەری گوتنەکە توانای هەڵهێنجانی واتای پراگماتیکییان لە گوتنەکانی بەرامبەردا هەیە. ئەم توانستە لای هەمو بەکارهێنەرێکی زمانی بنەڕەتی هەیە ، بەڵام توانستەکە لای هەمو کەس وەك یەك نییە ، واتە توانستی پراگماتیکیی ڕێژەییە ، چونکە هەندێ کەس دەتوانن زوتر لە واتا شاراوەکانی گوتنێك بگەن ، بەپێچەوانەوە هەندێکی تریش پێویستیان بە ڕونکردنەوە دەبێت ، تاکو لە واتاکانی ئەو گوتنە بگەن، کە واتایەکی ئاشکرای نییە.

**١٤٤-ئەگەر دۆستێکی وەك تۆم هەبێت،هەمو دونیا پێم ناوێرن.**

دیارە بەپێی توانستی قسەکەر و ئەو کۆنتێکستەی کە دەربڕینەکەی تێدا بەکارهاتوە دەتوانین ڕستەی(١٤٤) بە واتای ئاشکرای دەربڕینەکان بەکاربهێنین:

١-ئەگەر هاتو ئەو دوو کەسە هاوڕێیەتی بەهێز لەنێوانیاندا هەبێت ، لە شوێنێکدا کە باسی دڵسۆزی نێوان هاوڕێکان بکرێت ، ئەوا ئەم ڕستەیە(١٤٤) مەبەستی "شانازیکردن و پیاهەڵدان "دەگەیەنێت ، واتە لە هەمو کاتێکدا هاوڕێکەی پشتیدەگرێت و یارمەتیدەدات.

بەڵام هەمان ڕستە بەگوێرەی پەیوەندی نێوان کەسەکان و بابەتی ئاخاوتنەکە دەکرێت، واتای پراگماتیکی بگەیەنێت ، واتە قسەکەر بەمەبەستی پراگماتیکی ئەو ڕستەیە بەکار بهێنێت ، گوێگریش دەتوانێت بەپێی ئەو توانستەی کە لەمێشکیدایە ، و بەپێی تۆن و بۆنە و شوێنی دەربڕینەکە لە واتا شاراوە و پراگماتیکییەکانی گوتنەکە بگات. دەکرێت ، ڕستەی (١٤٤) بەپێی دەوروبەرەکان چەند واتایەکی جیاواز بگەیەنێت بەمشێوەیە:

٢–ئەگەر ڕستەی(١٤٤) لە دەوروبەرێکدا کە بەمەبەستی گلەییکردن دەرببڕدرێت ، ئەوا دەکرێت ، بەمشێوەیە لێکبدرێتەوە(تۆ کەسێکی خراپی، دوو ڕوی، ئاژاوەچیت، درۆزنی،...)کە تۆ کەسێکی وابی پێویستم بە کەسی تر نییە.

٣–ئەگەر لە شەڕ(جەنگ)دا بوترێت، ئەوا واتای ئەوەی کە تۆ کەسێکی ئازا و بەجەربەزەی دەگەیەنێت.

٤–ئەگەر لە دەوروبەرێکدا کە بابەتێکی بازرگانی باس بکرێت ، ئەوا واتای تۆ کەسێکی لێهاتو شارەزا دەگەیەنێت.

## ١٤٥–ئەگەر تۆ ئەوە هەڵوێستت بێت،من چۆن بە هاوڕێمت دانەنێم.

دەکرێ ، ڕستەی(١٤٥)بەپێی کۆنتێکست و بارودۆخی گوتنەکە واتای جیاواز بگەیەنێت ، ئەمەش لەڕێگەی توانستی پراگماتیکییەوە دەبێت ، کە توانای گەیشتنی بەو واتایانەی هەیە، کە قسەکەر بەشێوەیەکی نائاشکرا دەری بڕیوە. هەروەها قسەکەر بەپێی توانستی خۆی دەتوانێت ڕستەیەك دەربڕێت ، کە مەبەستی پراگماتیکی هەبێت . ئەگەر شیکردنەوە بۆ ڕستەی (١٤٥) بکەین دەتوانین بە گوێرەی کۆنتێکستەکان چەند لێکدانەوەیەکی بۆ بکەین ، بەمشێوەیە:

١–ئەگەر لە دەوروبەرێکدا بێت ، کە قسەکەر توشی کێشەیەك هاتبێت و کەسی بەرانبەر (هاوڕێکەی) لەبری ئەوەی هاوکاری بکات ، و کێشەکەی بۆ چارەسەربکات، لەو کاتەدا لێی دور کەوتۆتەوە ، و پشتی تێکردووە، واتە هەڵسوکەوتی بەرانبەر قسەکەر نێگەتیڤانە بووە.یان کەسی بەرانبەر لەشوێنێکدا یان لە بارودۆخێکدا ، پێچەوانەی پێشبینییەکانی قسەکەر هەڵسو کەوتێکی نواندبێت ، بۆیە قسەکەر گلەیی لێدەکات.

٣–یان ئەگەر لە دەوروبەرێکدابێت کە(قسەکەر کارێکی خراپی کردووە و ویستویەتی هاوڕێکەی پشتگیری لێبکات و چاوپۆشی لەو کارەی بکات ، بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینی قسەکەر کاتێك هاوڕێکەی پشتی نەگرتوە ، و ئامادە نەبووە ببێت بە یارمەتیدەری لەو کارەدا ، ئەوا قسەکەر گلەیی لێدەکات) ، واتە دەتوانین چەند واتایەکی جیاواز لە ڕستەکە بەدەستبهێنین.

٣–یان ڕەنگە مەبەست ئەوە بێت کە ئەو لەبارودۆخێکدا یارمەتی قسەکەری داوە و بۆیە هەرچەند پێشتر هاوڕێی نەبوە بەڵام ئیتر دەبێت بە هاوڕێی چونکە پشتگیریی لێکردووە.

## ١٤٦–گەر زانیاریی باشت دەوێت، هاژە بکە بە سەرچاوەت.

له ڕستەی(١٤٦)دا ، بەپێی ئەو کۆنتێکستەی گوتنەکەی تێدا بەکارهاتوە ، دەکرێت واتا و مەبەستی پراگماتیکی بگەیەنێت ، ئەمەش پەیوەندی بە توانستی پراگماتیکی قسەکەر و گوێگرەوە هەیە ، کە توانستێکە پەیوەندی بە ئاستی زانیاری کەسەکان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن واتای پراگماتیکی لە ڕستەدا بەکار بهێنن و توانای گوێگریش کە دەتوانێت ، لە واتاو مەبەستی گوتنەکان بگات، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەئاوەزیدایە. دەکرێت ، ڕستەی (١٤٦) بەپێی توانستی پراگماتیکی و بەپێی دەوروبەرەکان بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین:

١-گەر لە دەوروبەرێکدا بێت ، بیەوێت زانیاری لەبارەی کەسێك یان شتێك یان بابەتێك بزانێت ، ئەوا قسەکەر بە مەبەستی پراگماتیکی ئەم ڕستەیە دەردەبڕێت و ئاڕاستەی هاژەی دەکات. دەکرێت، بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین (هاژە) کەسێکە هەمیشە بەشوێن پرسیارکردن و کۆکردنەوەی زانیارییەوەیە لەبارەی ڕوداو و کەسەکانی دەوروبەری ، واتە وەکو سەرچاوەیەك وەك (تیڤی،ڕادیۆ،...) سودی لێببینیت و پێویستت بەهیچ لەو سەرچاوانەی تر نابێت. ئەمەش وەك توانج بەکاردەهێنێت.

٢- ئەگەر لە دەوروبەرێکدا باس لە زیرەکی و ئاستی زانیاریی هاژە بکرێت،ئەوا ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە(هاژە) کەسێکە زانیاریی زۆری پێیەو خەڵکانی دەوروبەری دەتوانن سود لە زانیارییەکانی ببینن.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لەڕستەی (١٤٦)پشت بە توانستی پراگماتیکی قسەکەر و دەوروبەری ئاخاوتنەکە دەبەستێت.

## پ-توانستی کەلتور Culture Competence:

توانستی کەلتور پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ توانستی کۆمەڵایەتیدا هەیە ، و بریتییە لەو توانستەی لە ئاوەزی قسەپێکەرانی کۆمەڵگایەکی تایبەتدا هەیە و پەیوەستە بە کەلتوری ئەو کۆمەڵگایەوە ، بەو واتایەی کە تاکەکانی کۆمەڵ بەپێی کەلتوری کۆمەڵگاکە زمانەکە بەکاردەهێنن ، واتە بەپێی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین و گەورە دەبن، فێر دەبن، ئەوەش پشت بە کۆمەڵێك داب و نەریت دەبەستێت، کە تایبەتە بەو کۆمەڵگایە.(توانستی بەکارهێنانی زمانە بەپێی ئەو کەلتورەی زمانەکەی تێدا بەکاردێت (حسێن،بێری یاسین،٢٠١١ :٩٣ [11]) ئاشکرایە ، هەر کۆمەڵگایەك خاوەن کۆمەڵێك داب و نەریت و کەلتوری تایبەت بەخۆیەتی،بەو پێیەش توانستی مرۆڤەکان بەپێی ئەو کەلتور و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی جیاواز دەبێت ، بەو واتایەی لەهەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێك کەلتور هەیە ، و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەش پەیوەستن بەو کەلتورەوە و

---

١١-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ،محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :٢٠

توانستی ئاوەزیان بەپێی ئەو کەلتورانە دەگۆڕێت. (توانستی کەلتور ، یەکێکە لەو توانستانەی کە پەیوەندی بە زانیارییەکانمان دەربارەی کەلتوری کۆمەڵگاکان هەیە، هەروەها تێگەیشتن لەو وشە و زاراوانەی کە لە کەلتورە جیاوازەکاندا بەکاردێن ، بۆ تێگەیشتن لەوچەمك و زاراوانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو و بۆ ئەو کۆمەڵگا و کەلتورەی کە بەکاریانهێناوە، و بەپێی سەردەمەکە لە واتاکانیان تێدەگەین. ( eylfpil,e, 2011 :1) دیارە کە هەر کۆمەڵگایەك بەپێی کات کۆمەڵێك داب و نەریت و کەلتور دێنێتە ناوییەوە ، و بە تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەر ئەو داب و نەریت و کەلتورانەدا دێت ، و هەندێك جار بەشێك لەو داب و نەریتانە بەتەواوی کاڵ دەبنەوە یان لەناودەچن ، هەربۆیە قسەپێکەرانی هەر کۆمەڵگایەك بەپێی ئەو سەردەمەی تێیدان دەتوانن ، لە کەلتور و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی خۆیان تێبگەن. توانستی کەلتور پەیوەندی بە:

١-زانیاری و دونیا بینینی هەرکەسێکەوە هەیە، کە دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان هەیەتی.

٢-پێشخستنی هەڵسوکەوتی پۆزەتیڤیانە ، بەرانبەر جیاوازی کەلتوری .

٣-بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی کەلتورە جیاوازەکان ، و کارەکی کردنی بیرۆکە جیهانییەکان.

٤-برەوپێدان بە لێوەشاوەیی و کارامەیی بۆ پەیوەندییەکان و کارلێککردنی کەلتورەکان لەگەڵ یەکتردا( eylfpil,e,2011 :1).

بۆ نمونە توانستی کەلتوری کەسێکی کورد جیاوازە لە توانستی کەلتوری کەسێکی ئەوروپی(ئینگلیز)بەرانبەر بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ، زانینی جیاوازی ئەو توانستەش لە کاتی بەکارهێنانی زماندا هەستی پێدەکرێت.

### ١٤٧-گەر لە ڕێگا لانەدەن،بۆ کاتی بەربانگ دەگەنە لامان.

لەڕستەی(١٤٧) (کاتی بەربانگ)تایبەتە بە نەتەوەی موسوڵمان ، واتە لە توانستی نەتەوەی موسوڵماندا هەیەو دەزانێت ، کاتی بەربانگ چ کاتێکە بەڵام توانستی کەسێکی ئەوروپی (بەربانگ)ی تێدا نییە و هەربۆیە نازانێت کاتی بەربانگ ئێوارەیە.

یان بۆنەیەکی وەکو (جەژنی نەورۆز)کە بۆنەیەکی کوردەوارییە و تایبەتە بە نەتەوەی کورد ، لەبەرئەوە لە توانستی مرۆڤی کورد دا کۆمەڵێك وشە و کەرەستەی زمانی و داب و نەریتی تایبەت بەو جەژنە یان ئەو کەلتورە هەیە کە لە توانستی کەسێکی ئەوروپی ، یان کەسێك کە کورد نەبێت ، نییە.

### ١٤٨-ئەگەر ئاگری نەورۆز بکرێتەوە،هەمومان لەدەوری کۆ دەبینەوە.

لە ڕستەی(١٤٨)دا (ئاگری نەورۆز) تایبەتە بە نەتەوەی کورد ، بۆیە لەتوانستی کەسێکی کورد دا ئەوە هەیە و دەزانێت کردنەوەی ئاگری نەورۆز دەکەوێتە مانگی(ئازار–مارس)ەوە ، واتە بەهارەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك کە کورد نەبێت ، ئەو ڕستەیەی گوێ لێبێت ، نازانێت مەبەست لە چ مانگێکە، چونکە لە کەلتوری ئەواندا ئەم بۆنەیە(کردنەوەی ئاگری نەورۆز)نییە ، و وابەستە نییە بەکات و وەرزێکی دیاریکراوەوە.

## ت–توانستی تێبینیکردنObservation Competence :

توانستی تێبینیکردن توانا و شارەزایی و لێهاتویی کارامەیی مرۆڤە سەبارەت بە دیاردەکانی زمان، ئەم توانا و شارەزاییە ئەبستراکتە و لە ئاوەزی مرۆڤەکاندایە و بەهۆیەوە درك بە دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان دەکەن. (ئاستەکانی توانست بەیەکێك لە ئامانجەکانی زمانەوانی بەرهەمهێنان دادەنرێت. توانستی تێبینیکردن دەچێتە چوارچێوەی زانستی ئەزمونی.(empirical).(کمال،رشیدە العلوی،٢٠١٤ :٢٧)

توانستی تێبینیکردنی زمان ، یەکێکە لە بوارەکانی تێبینیکردن ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بایەخێکی تایبەت بەم جۆرە توانستە دەدەن ، ئەم جۆرە توانستە گرنگی بە تێبینیکردن و درککردن بە دیاردە زمانەوانییەکان دەدات لە کاتی بەکارهینانی زمان لەلایەن قسەپێکەرانییەوە (یونس،محمد محمد،٢٠٠٤ :٤٨). (زمانەوانان لەسەر ئەوە ڕێکەوتون ، ئەم توانستە مەرجێکی بنەڕەتی بێت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، کە دەبێتە خاڵی دەستپێکەر بۆ دۆزینەوەی دیاردە زمانییەکان.( کمال،رشیدە العلوی،٢٠١٤ :٢٧) واتە لەڕێگەی تێبینیکردن لە کاتی گفتوگۆ و بەکارهێنانی زماندا دەتوانین ، دیاردە زمانەوانییەکان کە پێشتر نەتوانراوە بدۆزرێتەوە، بیدۆزینەوەو دواتر لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەبارەیانەوە ئەنجامبدەین و ڕاستی بابەتە زمانەوانییەکان بخەینە ڕو. توانستی تێبینیکردن ، یارمەتیماندەدات یاسا سینتاکسییەکانی دوو زمان یان زیاتر بخەینە ڕو ، کە بەهۆیانەوە دەتوانین خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئەو زمانانە بخەینە ڕو . سەبارەت بەم بابەتە زمانەوانەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە ، ڕەوشتییەکان پێیان وایە، کە بابەتی تێبینیکردن پێویستە لەسەر شتێك بێت کە شایانی تێبینیکردن بێت، بەپێچەوانەی ڕەوشتییەکان بەرهەمهێنانییەکان پێیان وایە ، کە زانیاری زمانەوانی لەکاتی گفتوگۆدا بابەتی سەرەکیی تێبینیکردنە. ئەم جۆرە توانستە لەلایەن بەکارهێنەری نمونەیی زمانەوە بەدەستدەهێنرێت، کە لە ئاوەزیاندا هەڵیانگرتوە بەهۆیەوە سەرنج و تێبینییان لەسەر دیاردە زمانییەکان دەبێت، لەڕێی ئەو توانستەوە دەتوانن بەشێوەیەکی زانستی سەرنج و تێبینییان لەسەر قسە و شتەکانی دەوروبەریان هەبێت.(بەپێی بۆچونی ڕەوشتییەکان گرنگی و بایەخی توانستی تێبینیکردن بەرەو ئاراستەی زمانەوانی لە قسەکردنی قسەپێکەرانی زمانەوە بەدەستدەهێنرێت ، یان ئەو زانیارییە زمانەوانییەیە ، کە لەئاوەزی قسە پێکەرانی زماندایە و لەڕێگەی ڕۆشنبیریی زمانەوە

بەدەستی دەهێنن (وەریدەگرن) و قسە پێکەرانی نمونەیی لە ئاوەزیاندا هەڵیانگرتوە و بەکاریدەهێنن هەروەك بەرهەمهێن وایادەنێن ( کمال،رشیده العلوی،٢٠١٤ :٢٧). ئەگەر کەسەکان توانستی تێبینیکردنیان بەهێزبێت ، ئەوا دەتوانن ، لەسێ بواری فرواندا سودی لێوەرگرن:

أ–ئەنجامدانی پرۆسەکە تێبینیکردنی بابەتەکان ، بە شێوەیەکی زۆر باش.

ب–ئامادەکردنی ڕاپۆرت، بە باشی و بەشێوەیەکی زانستی.

پ– لە ڕاپۆرت و لە تێبینیکردندا ڕێگە بە خەملاندنە دروستەکان دەدرێت.

پێویستە بابەتی تێبینی لەسەرکراو بەشێوەیەکی زانستی و بەبێ کەم و کورتی بێت، بۆئەوەی توێژینەوەکان شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە بەخۆیانەوە ببینن . واتە هەمو ئەو تایبەتمەندییە گشتگیر یانەی کەپێویستە لە پرۆسەی تێبینیکردندا لەبەرچاو بگیرێت ، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە پێویست ناکات قسەکەر لەکاتی بەرهەمهێنانی ڕستەکاندا یاساکانی بەرهەمهێنانی ئەو ڕستانە یان ئەو هەنگاوانە بخاتەڕو ، کە ڕستەکانیان پێڕۆنراون ، چونکە لە ڕێگەی توانستی تێبینیکردنەوە دەتوانین یاساکانی ڕۆنانی ڕستە بدۆزینەوە.

**١٤٩-ئەگەر ئارا تۆپەکە هەڵدا،من دەیگرمەوە.**

لە ڕستەی (١٤٩)لەڕێی تێبینیکردنەوە دەزانین، هەردوو کرداری(هەڵدان،گرتنەوە)لەو ڕستەیەدا دژواتان .

هەروەها توانستی تێبینیکردن ، یارمەتیماندەدات لەکاتی ئاخاوتندا ، باری دەرونی و ئاستی ڕۆشنبیری بەرانبەر (قسەکەر) بزانین.

**١٥٠- گەر( جوعمە ) چون بۆ مزگەوت،منیش دێم.**

**١٥١-ئەگەر یارمەتیم بدەی،لە( قانجازەکە )(*)دا بەشت ئەدەم.**

لە نمونەی(١٥٠)دا لە ئەنجامی تێبینیکردن لە ئاخاوتنی قسەکەردا دەتوانین ئەوە بەدەستبهێنین ، کە ئەو کەسە کەسێکی نەخوێندەوار و بەتەمەنە ، دیارە ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی(جوعمە)وە ، لە ڕستەکەدا بەدەستهاتووە.

*–لە ڕستەی١٥٠–جومعە–جوعمە،جێگۆڕکێ بە فۆنێمەکانی(م،ع) کراوە، لەڕستەی ١٥١–قازانج –قانجاز تێیدا جێگۆڕکێ بە فۆنێمەکان کراوە، ئەمەش یەکێکە لەیاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی تێیدا جێگۆڕکێ بە یەکێك یان زیاتر لە دەنگەکان دەکرێت ، بەمەبەستی ئاسانکردنی کردەی ئاخاوتن یان بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکانەوە جێگۆڕکی بە فۆنێمەکان دەکرێت.

هەروەها لە(١٥١)دا بەهۆی بەکارهێنانی(قانجاز) لە بری قازانج لە ڕستەکەدا دەتوانین ، ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کەسە بەدەستبهێنین، کە ئەو کەسە ئاستی خوێندەواری بەرز نییە.

بە واتایەکی تر دەکرێت بڵێین ، بەهۆی توانستی تیبینیکردنەوە ئێمە دەتوانین یاسا فۆنۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانەکەمان دیاری بکەین و بیانزانین.

## ج-توانستی پەسنکردن Discription Competence:

زانستی نوێی زمان لەڕێگەی توانستی پەسنکردنەوە دەتوانێت ئەوە ڕونبکاتەوە، کە زمانەکان هەمو یەك شێوەنین ، بەڵکو تایبەتمەندی دەنگسازی سینتاکس و واتاسازییان جیاوازە. پەسنکردن بریتییە ، لە ناساندنی ئەو دیاردە و شتانەی کە لە دنیای دەرەوەدا هەن . دیارە زمانیش یەکێکە لەو دیاردانەی کە پێویستی بە پەسنکردن و ناساندن هەیە ، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی زمانەکان لێك جیابکرێنەوە. (پێویستە سینتاکس مەرجەکانی توانستی پەسنکردن دەستەبەر بکات ، بۆ پێشکەشکردنی تایبەتمەندییە وردەکانی زمان کە قسە پێکەرانی ئەو زمانانە دەیزانن).( **چۆمسکی،١٩٩٣ :٩٠**) هەرچەندە چۆمسکی زۆر گرنگی بەم بابەتە نەداوە و پێی وابووە ، کە قسەکەران دەتوانن ، لەڕێگەی زانیارییە زمانەوانییەکانی خۆیانەوە وەسفی دیاردەکان بکەن، نەك لەڕێگەی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆوە.

ئەم توانستە پێویستە بۆ پەسنکردن و وەسفکردنی ڕستەکانی زمان، بۆ ئەوەی ڕستەی دروست و گرامەری بەرهەمبهێنێت ، و ڕێگر بێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەی نادروست.(مەرجی یەکەم بۆ توانستی پەسنکردن ، ئەوەیە کە سیستمی یاسا سینتاکسییەکان سەرکەوتو و تەواو بن لە بەرهەمهێنانی هەمو ڕستە گونجاو "ڕێگە پێدراوەکان". بەڵام ئەگەر ڕستەیەکی دروست و ڕستەیەکی نادروستی گرامەری بەرهەمهات، ئەوا بەڵگەیە لەسەر سەرنەکەوتنی توانستی پەسنی "بۆ ئەوەی بگەین بە توانستی پەسنکردن پێویستە کەرەستە زمانییەکان بەردەست و کراوە و جۆراو جۆر و دەوڵەمەند بن بۆ چارەسەرکردنی دیاردە زمانییە بینراوەکان لە زمانی مرۆڤە بەتواناکان (**هەمان سەرچاوە :٩٠**) سینتاکسی تەواو ئەو ڕستەسازییەیە ، کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەسنی"وەسفی" یاساکانی زمان دەکات، کە قسەپێکەرە ڕۆشنبیرەکانی زمانەکە دەیانزانن ، واتە ئەو ڕۆشنبیریی و کارامەییەیە ، دەربارەی زمانەکەیان دەیزانن . توانستی پەسنکردن یارمەتی قسەکەر دەدات بزانێت ، کەرەستەکان چۆن و لە کوێی ڕستەدا بەکاردێن. بەهۆی ئەم توانستەوە دەتوانرێت یاسا سینتاکسییەکان و سیستمی گرامەری زمان ڕێکبخرێت ، ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی دروست وەسفی ڕستەکانی زمان بکات ، و شوێنی کەرەستەکان لەڕستەکەدا دیاری بکات.(چۆمسکی گرنگی بە شێوەیەکی پەسنی بونیادنەر دەدات ، کە تێیدا ڕستەسازی دەبێت دروستەی ڕستەکان ڕونبکاتەوە ، بۆ

ئەوەی بەشی سەرەکی و بەشی لاوەکی لەڕستەدا دیارییبکرێن وەك (pp,vp ,np, sub,...) هەروەها چۆنیەتی پێکەوە بەستنی ئەم بەشانە بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان ئەو بەشانە لەیەکتر جیا بکاتەوە.(کمال،رشیده العلوی،٢٠١٤ : ٣٠)بۆ نمونە هەمو قسە پێکەرێکی بنەڕەتی زمانی کوردی دەزانێت ، کە کرداری (هات)کردارێکە و پێویستی بە تەنیا یەك جێکەوتە هەیە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە ، هەروەها ئەو کەرەستەیەی کە کرداری هاتنەکە ئەنجامدەدات، دەبێت توانای جوڵەی هەبێت ، و بەپێی یاسای گرامەری زمانەکەش کردار لە کۆتایی ڕستەکەوە دێت.

**١٥٢-ئەگەر ئارۆ هات، پێی بڵێ چاوەڕێم بکات.**

لە ڕستەی(١٥٢)دا، کرداری(هات)، کردارێکی تێنەپەڕە ، ئەمجۆرە کردارانە پێویستییان بە یەك جێکەوتە دەبێت بۆ تەواوکردنی واتای گشتی ڕستەکە ، بۆیە تەنها (ئارۆ)ی هەڵبژادووە بۆ تەواوکردنی ڕستەکە.

**١٥٣-با ئەرین کتێبەکە بکڕێت،منیش دەیخوێنمەوە.**

لەڕستەی(١٥٣)دا ، کرداری ڕستە مەرجییەکە (کڕی) کردارێکی تێپەڕە ، ئەم جۆرە کردارانە دوو جێکەوتە هەڵدەبژێرن بۆ تەواوکردنی واتای ڕستە، بۆیە لەڕستەی(١٥٣) کڕی ، هەردوو جێکەوتەی(ئەرین)کە بکەری ڕستەیە و(کتێب)کە بەرکاری ڕستەیە هەڵبژاردووە . هەمو قسەپێکەرێکی ئاسایی زمانی بنەڕەتی دەزانێت ئەو کردارانە لە چ جۆرە ڕستەیەکدا بەکاردێنن.

**١٥٤-<u>دکتۆرەکان پێیان وت</u>،ئەگەر واز لە جگەرە کێشان بهێنێت،<u>زو چاکدەبێتەوە</u>.**

لە ڕستەی(١٥٤)دا، لەڕێگەی پەسنکردنی کەرەستەکانەوە دەتوانین ئەو بەشانەی ڕستە لەیەکتر جیا بکەینەوە(دکتۆرەکان پێیان وت زو چاکدەبێتەوە)بەشی سەرەکی ڕستەکەیە و (ئەگەر واز لە جگەرەکێشان بهێنێت)ڕستەی شوێنکەوتو/ڕستەی مەرجییە . ئەمەش لەڕێگەی پەسنکردنی ئەو بەشانەی ڕستەوە بە دەستدەهێنرێت ، چونکە بەپێی یاسای ڕۆنانی ڕستەی مەرج ئەو بەشەی کە ئامرازەکە لەپێشیەوەیە، ئەوا ئەو بەشە بە ڕستەی مەرج ناودەبرێت. (بەپێی تیۆری بارە سنوردارەکان ، کە جۆرێکە لە سیستەمی شیکارکردنی دروستەی ڕستە و لەسەر بنەمای داڕشتنێکی بیرکارییانە داڕێژراوە و پەیوەندی نێوان چەند هەنگاوێك دەخاتە ڕو، هەر هەنگاوێکیش پشت بە هەنگاوەکەی پێش خۆی دەبەستێ.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :١٧)

## چ–توانستی شیکەرەوەیی Interpretative Competence:

توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕستە و کەرەستەکانی زمانە کە لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە بەدەستدەهێنرێت ، توانستی شیکەرەوەیی دەتوانرێت لە پرۆسەی پێوانەکردن و شیکردنەوە ، ڕونکردنەوەدا بەکاربهێنرێت. ئەمجۆرە توانستە لای هەمو کەس یەك شێوە نییە ، چونکە هەندێ کەس توانستی شیکەرەوەییان زۆر بەهێزە و ڕاستەوخۆ ئەتوانن شیکردنەوە بۆ گوتنەکانی زمان بکەن ، بەڵام هەندێ کەسی تر هەن ، ئەم توانستەیان لاوازە و ئەو توانایەی نییە ، کە شیکردنەوەی بەهێز بۆ گوتنەکانی زمان بکات. (توانستی شیکەرەوەیی هەوڵدەدات، بگاتە ڕۆشنبیرییەکانی ئاوەزی مرۆڤ "Jespersen" پێی وایە ، کە بنەڕەتی زمان لە ئاوەزی قسەکەردایە و لەڕێگەی ئەزمونەوە دێتە بون ، ئەمەش چەمکی بونیاد دەهێنێتە بون کە بەهۆیەوە گوزارشتی ئازاد دێتەئاراوە.(Chomsky,1994 ;12 ) بۆ گەیشتن بە توانستی شیکەرەوەیی پێویستە توانای شیکردنەوەی دیاردە زمانەوانییەکانمان هەبێت ، بەپێی بارودۆخی گوتنەکان و ئەمەش پشت بە ئاوەزی تاکەکان دەبەستێت ، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ دیاردە جۆراو جۆرەکانی زمان بکرێت ، شیکردنەوەی زمانیش پشت بە کۆمەڵێك بیروڕا دەبەستێت ، کە لەزماندا چەسپاون و لەژێر کۆمەڵێك مەرجدا کاری شیکردنەوەی زمان و دیاردە زمانەوانییەکان ئەنجامدەدرێت.

توانستی شیکەرەوەیی شێوەیەکی خستنەڕو دابیندەکات ، کە بۆ جیاکردنەوەی کەرەستەکانی زمان سودی لێوەردەگرین. (بۆ گەیشتن بە توانستی شیکەرەوەیی لە قۆناغی یەکەمدا دەبێت ، تیۆرییە زمانییەکان لە ڕێگەی توانای زمانەوانییەوە ڕێکبخرێن و جیابکرێنەوە ، بەمە ئەوە ئاشکرا دەبێت ، چۆن ئەزمونەکان لە قۆناغی ئامانج ، یان کۆتاییدا تێکەڵدەبن (کمال،رشیده العلوی،٢٠١٤ :٣٠) واتە دەبێت لەڕێگەی تیۆرییەکی تایبەت و دەستنیشانکراو شیکاری دیاردە زمانییەکان بکرێت.

**١٥٥–ئەگەر ئالان پشتی قایم نەبێت،ئاوا بێخەم پاڵی لێناداتەوە.**

ڕستەی(١٥٥)، بەپێی توانستی شیکەرەوەیی دەکرێت ، چەندین لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەمشێوەیە:

١– دەکرێت، بڵێین لەوانەیە مەبەست ئەوە بێت ، کە ئالان پاڵی بەشتێکی ئەستورەوە داوە و مەترسی کەوتنەخوارەوە ، و بەربونەوەی نییە، بۆیە ئاوا بێخەمە. کە ئەمە لێکدانەوەیەکی سیمانتیکیە و چەند لێکدانەوەیەکی تریش بەپێی دەوروبەری جیاواز هەڵدەگرێت لەشێوەی واتای پراگماتیکیدا بەمشێوەیە:

٢– ئەگەر ئالان خوێندکار بێت و لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا سەعی نەکات، ئەوا ئالان پشتی بە مامۆستایەك یان خوێندکارێکی تر بەستوە ، کە بەڵێنی دەرچونی پێداوە بۆیە خۆی ماندو ناکات.

٣-یان لەوانەیە ئالان کێشەیەکی کردبێت ، بەڵام پشتی بە کەسێك قایمە کە کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکات بۆیە ئاوا پاڵی لێداوەتەوە.

٤-یان لەوانەیە ئالان  لە ئیش و کارەکانیدا پشتی بە هاوڕێکەی قایم بێت .

٥-یان ئەگەر گفتوگۆکە باسی لایەنی دارایی کەسەکان بکات ئەوا دەکرێت ، بەمشێوەیە شیکردنەوە بۆ ڕستەی(١٥٥) بکەین کە ئالان باری ئابوری (دارایی) باشە ، بۆیە ئەگەرچی قەیرانیش لە وڵاتدا، هەبێت ئەو کیشەی نییە.

دیارە ئەم شیکردنەوانەش پشت بە توانستی کەسەکان دەبەستێت ، کەبەبێ ڕونکردنەوە دەتوانن ئەو ڕستانە شیبکەنەوە، یان هەندێ جار پێویستە ڕستەکان ڕونبکرێتەوە، چونکە کەسەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ شیکردنەوە بۆ ڕستەکان بکەن.

## ١٥٦-تۆ زۆر دەڕۆیی،ئەگەر سنورت بۆ دانەنرێت.

بەپێی توانستی شیکەرەوەیی دەکرێ ، ڕستەی(١٥٦)چەند شیکردنەوەیەکی سیمانتیکی بۆ بکرێت، بەمشێوەیە:

١-ئەگەر لەکاتی پێدانی زانیاری بێت، بۆ شوێنێك ئەوا مەبەست ئەوەیە لەو شوێنە زۆرتر دەڕۆی.

هەروەها بەپێی دەوروبەری گوتنەکە دەکرێت ،چەند لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکرێت، بەمشێوەیە:

٢-گەر لەکاتی گفتۆکردنی نێوان دوو کەس بێت، ئەوا دەکرێت ، مەبەست ئەوە بێت، تۆ سنوری خۆت دەبەزێنی ، یان لەبابەتی ئاخاوتنەکە دوردەکەویتەوە.

٣-یان هەندێ کردار دەکات کە زیاترە لە ئاست و دەسەڵاتی خۆی ، یان هەندێك هەڵسوکەوت دەکات، کە نابێت ئەو هەڵسوکەوتانە بکات ، واتە لە سنوری خۆی تێدەپەڕێت.

## ١٥٧-ئەگەر لە ئاوی قوڵدا مەلە بکەیت،دەخنکێیت.

دەکرێت ، ئەم ڕستەیە(١٥٧) بەچەند شێوەیەك بەپێی توانستی شیکەرەوەیی کەسەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت ئەگەر بەپێی سیمانتیك لێکدانەوەی بۆ بکەین ، ئەوا بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ دەکەین:

١-ڕەنگە قسەکەر تەنیا مەبەستی ئاگادار کردنەوە بێت ، لەوەی کە ئەو ناتوانێت بەباشی مەلە بکات ، بۆیە گەر بچێتە ئاوێکی قوڵ دەخنکێت . واتە وەکو ئاگادار کردنەوە ، وریا کردنەوە ، ڕستەکە بەکارهاتووە.

٢- لەوانەیە بەپێی کۆنتێکستەکە قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستی هەڕەشەکردن بێت ، کە گەر لە خۆیەوە بچێتە ناو بابەت و ئیشێکی گەورە کە بەباشی شارەزایی تێدا نییە، ئەوا لەکۆتاییدا زیان دەکات.

دیارە هەڵهێنجانی ئەم واتایانە و شیکردنەوەیان پشت بەو توانستە دەبەستێت ، کە هەر قسەپێکەرێکی ئاسایی لە ئاوەزیدایە.

یان:

**١٥٨-ئەگەر یاری بە ئاگر بکەیت،دەستت دەسوتێ.**

ڕستەی (١٥٨) بەپێی کەسەکان چەند واتایەك لەخۆ دەگرێت ، بەپێی واتای سیمانتیکی دەکرێت، بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین:

١-دەکرێت ، مەبەست لەوە بێت کە ئەو دەستی سوتاوە ، چونکە یاری بە ئاگر کردووە ، واتە وریاکردنەوەی گوێگرە ، کە پێشتر ئەوەی زانیوە ، گەر یاری بە ئاگر بکات ، دەسوتێت.

٢-دەکرێت ، مەبەست ئاگادار کردنەوە بێت ، بەوەی کە ئەگەر یاری بە ئاگر بکەیت دەسوتێیت.

بەڵام ئەگەر بەپێی دەوروبەر کە واتای پراگماتیکی دەگەیەنێت، لێکدانەوەی بۆ بکەین ، ئەوا بەمشێوەیە دەبێت:

٣- لەوانەیە مەبەست هەڕەشەکردن و ترساندن بێت ، کە ڕەنگە لەگەڵ کەسێك توشی کێشەیەك بوبێت و لەو کێشەیەدا زەرەری زۆری کردبێت و زیانی بەرکەوتبێت ، بۆیە پێی دەڵێت ئەگەر لەگەڵ مندا یان ئەوەی دەتەوێت بیکەیت، کێشە دروست بکەیت،زیانت پێدەگات. بێگومان شیکردنەوەی ڕستەکان بەپێی کۆنتێکست و بەپێی توانستی کەسەکان دەبێت.

**پاری دووەم:تیۆرەکانی واتا**

## أ-سیمانتیکی لێکدەرەوەInterperative Semantics Theory :

لێکدەرەوەیی زاراوەیەکە، لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا ئاماژە بە جۆر و شێوەی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی داڕشتن و نواندن دەکات. (مەحوی،محەمەد،٢٠٠٦ :٣) ئەو ڕەخنانەی کە لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی دەگیران ، بەتایبەت ئەو ڕەخنانەی کەپەیوەندی بە سیمانتیکەوە هەبو، وای لە هەندێ زمانەوانی ئەو سەردەمە کرد ، کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باس لە سیمانتیك بکەن. یەکەم هەوڵێك کە لەو

بوارەدا دراوە، هەوڵەکانی هەردوو زمانەوانی ئەمریکی(کاتزو فۆدۆر)ی خوێندکاری چۆمسکی بون ، ئەم دوو زانایە بۆ یەکەمجار لە تیۆرەکەیاندا بەناونیشانی (The structure of semantic Theory)پێکهاتەی تیۆری سیمانتیکی ، ئاماژەیان بە واتا داوە.(لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو واتا ناسە بنەمایەکی ئەوەندە ڕون و ئاشکرای لە خۆ گرتبو ، کە دواتر توانی بنەمایەکی لێکۆڵینەوە واتاییەکان لە چوارچێوەی ڕێزمانی گواستنەوەدا بەکار بێت.(سەفەوی،کوروش،٢٠٠٦ :٣١) هەر بۆیە ئەم تیۆرە بەتەواوکەری تیۆرەکەی چۆمسکی دادەنرێت (کاتز و فۆدۆر ، هەوڵیاندا گریمانەی واتایی لە تیۆریی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دا بەرەو پێش ببەن ، لەپاڵ ئەوەدا ویستیان بەشێوەیەکی گشتگیر لێکۆڵینەوە لە پرسی سیمانتیك بکەن ، لە تەواوی زمانە سروشتییەکان دوو جۆر یاسای سیمانتیکییان داڕشت:

١-یاسا فەرهەنگییەکان.**Lexical rules**

٢-یاسا لێکدەرەوەییەکان.(پرۆژە سازدان) **interperative rules** (ئیبراهیم،بەشدارمحەمەد،٢٠١٤ :٣٦)

یاسا فەرهەنگییەکان ، باس لەواتای فەرهەنگی وشەکان دەکات لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا . یاسا لێکدەرەوەییەکان ، لێکدانەوەی واتایی بە ڕستە بەرهەمهاتوەکان دەبەخشێت و باس لە لێکدان و خستنە پاڵ یەکی ئەو وشانە دەکات ، کە ڕستەی پێڕۆدەنرێت. (یاساکانی لێکدانەوەیی بریتییە ، لە دیاریکردنی ئەو ڕێگایەی کە بەهۆیەوە لێکسیمەکانی پێ دەخرێتە پاڵ یەك بەمەبەستی لێکدانەوەی سیمانتیکیانە بۆ فرێز و ڕستەکان (هەمان سەرچاوە:٣٦).(ئەو دوو زانایە تیۆرییەکەیان لەسەر بناغەی شیکردنەوەی هەر واتایەك لەواتاکانی وشە بۆ سیما پێکهێنەرەکانی دامەزراندووە ، بەشێوەیەك بتوانرێت ، لە گشتەوە بۆ تایبەت هەنگاو بنرێت. (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٠ :٥٦) واتە دەستنیشانکردنی واتای وشە سەرەتا بەپێی سیماسینتاکسییەکان ، پاشان بەرەو سیمای سیمانتیکی ، تاکو دەگاتە ئاستێك کە سیمای جیاکەرەوەیە و بەدوایدا هیچ خاڵێك نامێنێت بۆ جیاکردنەوەی (وشەکان) (بە پێچەوانەی سیمانتیکی بەرهەمهێن ، ئەم ڕێبازە سیمانتیکی لێکدانەوە هەوڵیاندا لایەنی ڕێزمانی لە لایەنی واتا جیا بکەنەوە.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :١٠٢)بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆرەکە ئەوەیە ، کە ئاستی سینتاکس بە خاوەنی ئەو هێزو توانایە دادەنێت ، کە ڕێزمان بەرهەمدەهێنێت ، تێیدا یاسا سیمانتیکییەکان نواندنی واتایی و یاسا دەنگسازییەکان نواندنی دەنگی بەدەرکردە(out put)ی پێکهاتە سینتاکسییەکان دەبەخشن ، دواتر لەمانەوە دەربڕین و واتا هەڵدەهێنجرێت.(ئیبراهیم،بەشدار محەمەد،٢٠١٤ :٤٠) واتە ڕێزمان دەبێتە بناغە بۆ ئەوەی کە سیمانتیك و دەنگ ببنە خاوەن نواندنی واتایی و نواندنی دەنگی. چونکە لەم تیۆرەدا گرنگی بە واتای پێکهاتەی ڕستە دەدرا نەك واتای وشەکان ، ئامانجی ئەم تیۆرە جیاکردنەوەی پەیوەندییە واتاییەکانی وەك(هاوواتا، دژواتا،فرەواتا،هاوبێژ،...)ە، لە ڕستەدا، کە

ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕوی سیما سیمانتیکییەکانیەوە دیاریدەکرێت ، هەروەها خستنەڕوی پێکهاتەی سینتاکسی کە یاساکانی فرێز پێکهێنان و یاسا فەرهەنگییەکان لەخۆ دەگرێت ، و بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێشومار لە ڕستە بەرهەمبهێنێت . لە ئەنجامی شیکردنەوەی وشەکانی فەرهەنگ سێ زانیاری لەبەرچاو دەگیرێت:

١-سیمای سینتاکسی:کە وشەکان (پۆلە ئاخاوتنەکان) لەڕستەدا ، بەهۆی هەندێ سیمای تایبەت بە پۆلەئاخاوتنەکان ، یان ئەرکی ڕێزمانییانەوە لە ڕستەدا دیاریدەکرێت.

٢-سیمای سیمانتیکی:چەمکە گشتی و هاوبەشەکانی نێوان وشەکان دەستنیشان دەکات ، کە سەر بەیەك کێڵگەی واتایین ، لەڕێگایانەوە وشەیەك لە وشەیەکی تر جیا دەکاتەوە(دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :١٦٩).

٣-سیمای جیاکەرەوە:دەکەوێتەوە کۆتایی پرۆسەی شیکردنەوەکەوە، کە بەهۆی سیمای جیاوازی وردی کەرەستەکان لێك جیا دەکاتەوە و دەناسرێتەوە، لێرەوە جیاوازی نێوان دوو وشە ، کە هەندێ جار لە ڕواڵەتدا وەك هاوواتا دەبینرێن ، دیاریدەکرێت.

ئافرەت=<< +مرۆڤ+هەراش±شوکردن>>

ژن=<<+مرۆڤ+هەراش+شوکردن>>

زۆر جار وا هەستدەکرێت ، کە ئەم دوو وشەیە هاوواتای تەواون ، بەڵام لە ڕێگەی شیکردنەوەی کەرەستەکان بۆ سیما جیاکەرەوەکانیان بۆمان ڕوندەبێتەوە ، کە ئەم دوو وشەیە هاوواتای تەواو نین.

کچ=<<+مرۆڤ + هەراش+مێ>>

کوڕ =<<+مرۆڤ+هەراش-مێ>>

واتە لەکاتی شیکردنەوە ناوی (کچ،کوڕ) بۆ سیما پێکهێنەرەکانیان دەردەکەوێت ، کە لە یەك خاڵدا جیاوازن، ئەو خاڵەش دەبێتە سیمای جیاکەرەوە لەنێوان ناوی کچ و کوڕ.

بنەمای کارکردن لەم تیۆرە لەسەر ئەم گریمانانە بو:

١-دەستنیشانکردنی پەیوەندییە واتاییەکان، لە ڕستەدا وەك(هاوواتا،دژواتا،هاوبێژ،فرەواتا،...)لەڕێگە زانیارییە سیمانتیکیەکانەوە دەبێت. واتا دەکرێت ، بەهۆی دەستنیشانکردنی سیماواتاییەکانی وشەکان لە فەرهەنگدا واتای وشەکان ڕونبکرێتەوە، بەڵام ئەم زانیارییانە ناتوانن واتای پڕاوپڕی ڕستە دەستنیشان بکەن.

٢–دروستەی قوڵ هەمو ئەو زانیارییانەی کە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە پێویستن ، زانیارییەکان چ (سینتاکسی ، سیمانتیکی)بن لەخۆ دەگرێت.

**١٥٩ -لا پەڕە تر ئەگەر سپی تۆ بە من بدەیت سوپاست دەکەم**

٣–یاساکانی گواستنەوە کاریگەرییان لەسەر دەستنیشانکردنی واتای ڕستە نییە.

بەپێی سیمانتیکی لێکدەرەوە ڕستەی(١٥٩)یەك واتا لە خۆ دەگرێت و تەنیا یەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ، چونکە گواستنەوەکان کاریگەرییان لەسەر واتای ڕستەکە نابێت، بەڵام دەکرێت ئەم ڕستەیە بەپێی ڕیزکردنی کەرەستەکان لە دروستەی ڕوکەشدا ئەوەش بەپێی بەکارهێنانی(تر)لە ڕستەکە دەکرێت، زیاتر لە واتایەکی هەبێت بەمشێوەیە:

**١-ئەگەر لا پەڕەیەکی تری سپیم پێ بدەیت،سوپاستدەکەم**.( سپی وەك ئەوەی پێشتر)

**٢-ئەگەر لا پەڕەیەکی سپی ترم پێ بدەیت ،سوپاستدەکەم**. (سپیتر لەوەی پێشتر)

**ب–مۆدێلەکانی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوە:**

**١–تیۆری ستانداردStandard Theory :**

ئەم تیۆرە بەدەرچونی کتێبی دووەمی چۆمسکی لەژێر ناوی(هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکس–ڕوکارە سینتاکسییەکان)لە ساڵی١٩٦٥ سەری هەڵدا. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیۆریە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانە بو، کەلە تیۆری یەکەمی چۆمسکی(دروستە سینتاکسییەکان)دەگیرا ، یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە تیۆری دروستە سینتاکسییەکانی چۆمسکی دەگیرا ئەوەبو ، کە چۆمسکی لەو تیۆرییەیدا لایەنی سیمانتیك و(DS) فەرامۆشکردبو هەمو گرنگییەکی بە لایەنی سینتاکس و (SS) دەدا. سەرەتای بیری سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانەکانی (کاتزو فۆدۆر) بەسیمانتیك ، و بڵاوبونەوەی (دروستەی سیمانتیکی)لەساڵی ١٩٦٣ لەلایەن(کاتزو فۆدۆر)، هەروەها کتێبی(تیۆرییەکی پڕاوپڕ)ساڵی ١٩٦٤لەلایەن (کاتزو پۆستاڵ) وای لە چۆمسکی کرد کە بیر لە دانانی تیۆری ستاندارد بکاتەوە ، لە ئەنجامدا تیۆری ستانداردی بڵاو کردەوە کە تێیدا تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە بەشێوەیەکی پێشکەوتوتر دەرکەوت.( بەهێنانە ناوەوەی پێکهاتەی سیمانتیکی بۆ ناو پێکهاتەکانی شیکردنەوە ، لەگەڵ هەندێ دەستکاری و هەموارکردن modification لە پێکهاتەی بەرهەمهێناندا. (ئیبراهیم،بەشدار محەمەد،٢٠١٤ :٥١) چۆمسکی لەم تیۆرەیدا گرنگی بەهەمو پێکهاتەکانی زمان دا (LF,PF,SS,DS,LEXS). هەروەها چۆمسکی لەم تیۆرەیدا پێکهاتەی بنجی لە ڕستەدا بۆ یاسا

پێکهێنەرەکان و وشە فەرهەنگییەکان دابەشکرد و گرنگی زیاتری بە(DS)دەدا ، و ڕێزماندروستی لەم تیۆرەدا گرنگی پێدرا و بە یاسای پێکهاتەکانەوە پەیوەستکرا، کە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی فرێزەکانی ناو ڕستە لەخۆ دەگرێت، وەك(VP(VP+NP یش لە(V+NP) پێکدێت.(ئاستی بەرهەمهێنان دروستەی قوڵ (توانست) بەرهەمدەهێنێت ، هەمو واتاکە لەخۆ دەگرێت ، و دروستە قوڵەکەش بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە بۆ دروستەی ڕوکەش دەگوێزرێتەوە و بەهۆی ئەم یاسایانەوە پارێزگاری لە واتای ڕستەکان دەکرێت **(هەمان سەرچاوە :٥٢)**. واتە بەهۆی توانستەوە دەتوانین ، ڕستە بەرهەمبهێنین کە سەرەتا لە(DS)دواتر لە(SS)دا بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە دەتوانرێت ڕستەکان فۆرمی(PF) و (LF)یان پێبدرێت . هەروەها لەم تیۆرەدا چۆمسکی هەردوو لایەنی توانست ، توانا (competence) ، چالاکی (Performance) لەیەك جیاکردەوە. (ئەم تیۆرییە وەهایادەنێت و گریمانەکەی وەهایە ، کە دەبێت لێکدانەوەی سێمانتیکیی لەسەر ئاستی قوڵ deep levelڕوبدات **(مەحوی،محەمەد،٢٠٠٦ :٢٠٠)**. بەو واتایەی کە یاساکانی گواستنەوە هیچ کاریگەرییەکیان لە دەستنیشانکردن و لێکدانەوە سیمانتیکی نابێت، هەمو بەرپرسیارێتییەکی واتایی بە(DS)درا . مۆدێلی تیۆری ستاندارد لە هێڵکاریی ژمارە(٦)دا دەخەینەڕو:




نواندنی فۆنەتیکیی **(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٨)**

بەپێی تیۆری ستاندارد (DS)لێکدانەوەی واتایی ڕستە بەتەواوی دیاریدەکات و یاساکانی گواستنەوە نابێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستە لە (SS).

**١٦٠-أ-ئەگەر ئاری ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت،کاروان لێی دەکڕێت.**

**ب-ئەگەر کاروان ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت،ئاری لێی دەکڕێت.**

**١٦١-أ-ئەگەر ئاری یەکەم بێت،بەڕێوەبەر خەڵاتی دەکات.**

**ب-ئەگەر ئاری یەکەم بێت،لەلایەن بەڕێوەبەرەوە خەڵاتدەکرێت.**

بەپێی تیۆری ستاندارد هەریەکە لە ڕستەی(١٦٠،أ،ب)خاوەن یەك ڕۆنانی بنجی(DS)ن ، واتە دەبێت ئەو ڕستەیە (١٦٠–أ) ڕستەیەکی هاوواتا بێت لەگەڵ(١٦٠–ب)بەڵام ئەو دوو ڕستەیە هاوواتا نین ، بەڵکو دوو ڕستەی جیاوازن لەبەرئەوەی لە ڕستەی

١٦٠–أ–ئاری بفرۆشە، کاروان کڕیارە.

ب–کاروان بفرۆشە، ئاری کڕیارە.

بێگومان هۆکاری ئەم جیاوازیانەش بەهۆی جێگۆڕکێی هەردوو ناوی(ئاری و کاروان)ە ، لە ڕستەکە ئەگینا هەردوو ڕستەکە لە(DS)یەك ڕۆنانیان هەیە . ئەمەش پێچەوانەی بۆچونەکانی تیۆری ستانداردە ، کە دەیانوت یاساکانی گواستنەوە کاریگەری لەسەر واتا نابێت لە(SS).

## ٢–تیۆری ستانداردی فروانکراو Extended Standard Theory ( EST ):

ئەم تیۆرییە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا لەسەر دەستی چۆمسکی هاتە ئاراوە ، ئەم تیۆرە دەرەنجامی ئەو ڕەخنانە بو ، کە لەتیۆری ستاندارد دەگیرا ، بەتایبەت ڕەخنەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان و سیمانتیکی پۆلێنکاری و ڕەخنەکانی فیلمۆر وای لە چۆمسکی کرد، کە پێداچونەوە بە تیۆری ستاندارد دا بکات ، هاتنە کایەی ئەم تیۆرە بۆ لەناوبردنی تیۆری ستاندارد نەبو ، بەڵکو فراواکردنی تیۆرییەکە بو. دیارترین ئەو ڕەخنانە ئەوەبو ، کە لە تیۆری(ستاندارد)دا ، چۆمسکی سیمانتیکی ڕستەی بەتەواوی وابەستەی(DS)کردبو. تیۆری ستانداردی فراوانکراو کۆمەڵێك جیاوازی لەگەڵ تیۆرەکەی پێشتردا هەبو(یەکێك لە جیاوازییەکانی ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری پێشتر لەوەدایە کە ، دروستە سینتاکسییەکان لێکدانەوەی واتایی لەخۆ دەگرن ، واتە لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتنراوە ، کە هەردوو دروستەی قوڵ و ڕوکەش واتای ڕستە دیاریدەکەن.(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٠)(ئەم تیۆرییەیان وەهایدادەنێت و گریمانەکەی ئەوەیە ، کە بۆ هەندێك چەشنی ڕستەی دیاریکراو لێکدانەوەی سیمانتیکی وابەستەی هەردوو دروستەی قوڵ و دروستەی ڕوکەشە. گریمانەکە بەجیا هێنرایە ئاراوە ، چونکە هەندێك گواستنەوە ، کە بە سینتاکسیی پاساویاندرابوەوە ، وەها

دەردەکەوتن ، گۆڕانکاریی بەسەر واتادا بهێنن. ئەگەر واتا لەنێوان دروستەی قوڵ و دروستەی ڕوکەشدا بگۆڕێت ، ئەوا دەبێت دروستەیەکی ڕوکەش واتایەکی جیای لەو واتایە هەبێت ، کە دروستەی قوڵ هەیەتی.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠٩ :٢٠٢) واتە واتا پەیوەستکراوە بەهەردوو ئاستی(DS)و(SS)لەم تیۆرەدا ئەوە ڕەتکرایەوە ، کە یاساکانی گواستنەوە کاریگەری لەسەر واتا نابێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، یاساکانی گواستنەوە لەهەندێ باردا گۆڕانکاری بەسەر واتای ڕستەدا دێنن و کاریگەرییان لەسەر واتا دەبێت و دەکرێ ، هەندێ جار ڕستە لە(DS)یەك بنجی هەبێت ، بەڵام کە(PF) وەردەگرێت ، لە(SS)واتای جیاواز بگەیەنێت . لەم تیۆرەدا گرنگی زیاتر بە(SS)دراو ئەوە ڕونکرایەوە ، کە یاساکانی گواستنەوە کاریگەرییان لەسەر دەستنیشانکردنی واتای ڕستە لە(SS)دەبێت.بەمە گرنگی و بایەخی هەردوو ئاستی(DS و SS)یەکسانکرانەوە. لەم تیۆریەدا گرنگی (DS)لە دەستنیشانکردنی واتا کەمکرایەوە گرنگی زیاتر بە(SS)درا ، چونکە هەندێ دیاردەی زمانی وەك فۆنێمە ناکەرتییەکان هێز و ئاوازە(stress,intonation) لە(SS)دا دەردەکەون و کاریگەرییان لەسەر دەستنیشاکردنی واتای ڕستە هەیە و لە(DS)دا هەستیان پێناکرێت.

**١٦٢-ئەگەر ئاکار کتێبەکەی برد، بەڕێوەبەر ئاگادار بکەنەوە.**

بەپێی شوێنی سترێس لە ڕستەکەدا مەبەستی ڕستەکە لە دروستەی ڕوکەشدا ڕوندەبێتەوە.

١-ئەگەر ئاکار بردی نەك کەسی تر.

٢-ئەگەر کتێبەکەی برد نەك تێنوسەکە.

٣-ئەگەر بردی نەك هێنای یان فڕێیدا.

دیارە ئەم واتایانە لە ڕستەی(١٦٢ )دا، بەهۆی سترێسی ڕستەکەوە دیاریدەکرێت ، کە مەبەستی قسەکەر چی بووە. ئەمەش بێگومان لەSS دا دەسنتیشاندەکرێت ، هەروەها تۆنی ڕستەکە واتای جیاواز دەگەیەنێت .

**١٦٣-أ-ئەگەر یاران هاوکاری مامۆستاکەی بکات،مامۆستا سوپاسی دەکات.**

**ب-ئەگەر یاران هاوکاری مامۆستاکەی بکات،مامۆستا سوپاسی دەکات ؟**

دەکرێت، بەپێی تۆنی ڕستەکە لە (SS) واتای جیاواز بگەیەنێت ، لە ڕستەی (١٦٣) دا بەپێی تۆنی ڕستەکە دەکرێت ، ڕستەیەکی مەرجی بێت ، یان ڕستەیەکی پرسیاری بێت ، بەوەی کە ئایا مامۆستا سوپاسی یاران دەکات لەوەی کە هاوکاریکردووە . هەربۆیە لەم تیۆرەدا واتا بە هەردوو ئاستی(DS,SS) پەیوەستکرا. هەروەها (ئەو ڕستانەی کە گۆکراو و دەربڕاوە ئاوەڵکارییەکانی وەك(هەر،تەنیا/تەنها،یش،...)

تێدایە ئەوا بەگوێرەی جێکەوتە و شوێنی ئەو ئاوەڵکارانە واتای ڕستەکە جیاواز دەبێت ، و واتای جیاواز بە ڕستەکان دەبەخشن. (مەحوی،محەمەد،٢٠٠٩ :٢٠٢)وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوندەبێتەوە:

(تەنیا)

١٦٤-أ-**ئەگەر تەنها ( تەنیا )من بخوێنم،سەرکەوتو دەبم**.(تەنها من بخوێنم کەسی تر نا)

ب-**ئەگەر من تەنها( تەنیا ) بخوێنم،سەرکەوتو دەبم**.(تەنها بخوێنم هیچی تر نەکەم)

(هەر)

١٦٥-أ-**ئەگەر هەر تۆ بەشدار بیت،باشتر دەبێت**.(کەسی تر نا)

ب-**ئەگەر تۆ هەر بەشدار بیت،باشتر دەبێت**.(بەشداری بکەیت)

(یش)

١٦٦-أ-**ئەگەر ئێمەیش یاری بکەین،دەیبەینەوە**.(ئێمە وەك ئێوە،ئەوان)

ب-**ئەگەر ئێمە یاریش بکەین ،دەیبەینەوە**.(یاری کردن لەگەڵ کاری تردا)

(ش)

١٦٧-أ-**ئەگەر ئێستاش یاری بکەم،دەیبەمەوە**.(پێشتر و ئێستاش)

ب-**ئەگەر ئێستا یاریش بکەم،دەیبەمەوە**.(یاری لەگەڵ کاری تریش)

دەبینین هەریەك لە ڕستەکانی(١٦٤,١٦٥,١٦٦,١٦٧) (أ،ب) بەگوێرەی جێکەوتەی ئاوەڵکارەکان (تەنها/ تەنیا،هەر،یش) واتای جیاواز دەگەیەنن.

هەروەها پاشگری(**تر**)دەتوانێت بەپێی شوێنی خۆی لە ڕستەدا واتای جیاواز دروست بکات. بۆنمونە:

١٦٨-أ-**ئەگەر سەرچاوەیەکی تری باشم دەستکەوت،ئاگادارت دەکەمەوە**.(سەرچاوەیەکی باش وەك ئەوانەی پێشتر).

ب-**ئەگەر سەرچاوەیەکی باشترم دەستکەوت،ئاگادارت دەکەمەوە**.(سەرچاوەیەك باشتر لەوانەی پێشتر).

بەپێی ئەم تیۆرە گواستنەوەکان بۆتە هۆی ئەوەی کەوا ئەم ڕستەیە(١٦٨) دوو لێکدانەوە لەخۆ بگرێت ، ئەوەش بەهۆی گۆڕینی شوێنی پاشگری(تر) لە ڕستەکەدا دروستبوە.

مۆدێلەکانی ئەم تیۆرییە لە هێڵکاریی ژمارە(٧)دا دەخەینە ڕو:




نواندنی فۆنەتیکی **(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٠)**

ئەگەر بەراوردی هێڵکاری ژمارە(٧,٦)بکەین ، ئەوا ئەو جیاوازییە بەدیدەکەین، کە لە هەردوو تیۆرییەکەدا هەیە، لە تیۆری ستاندارد دا (یاساکانی سیمانتیك) تەنیا بە (DS) پەیوەستکرابو ، بەڵام لەم تیۆرەدا (ستانداردی فراوانکراو) (یاساکانی سیمانتیك) بە هەردوو ئاستەکەوە (DSوSS ) پەیوەستکراوە . (دەتوانرێ بوترێ کەوا پەیوەندی تیۆری ستانداردی فراوان کراو ئاگادار کردنەوەیەك بو بە ئاوا بونی ئەستێرەی ڕۆنانی ژێرەوە و زۆربەی دەسەڵاتەکان بەڕۆنانی سەرەوە سپێردرا ، کەوای لێهات بە جۆرێ ڕۆنانی سەرەوە لە لێکدانە واتاییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی ببینێ و ڕۆڵی ڕۆنانی ژێرەوە لە ئەوەندە بئاخێنرێ کە ببێتەوە پرەنسیپی داڕشتنەکانی گوێزانەوە و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی بابەتانە ، یان پەیوەندییە واتاییەکان، Thematic relation کە لە نێوان کردارو ئەو ناوانەی دەوریاندا ڕودەدا.**(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩ :١٠٥)** لەم

تیۆرە ئاماژە بە گۆڕینی واتای ڕستە کراوە، کاتێك هەندێ لەیاساکانی گواستنەوەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت:

**١٦٩-أ-ئەگەر هەندێك لە خوێندکارەکان دەرچن و دەرنەچن،مامۆستا تاقیکردنەوەکە دووبارە دەکاتەوە.**

ئەگەر سەیرێکی ڕستەکانی(١٦٩) بکەین دەبینین ، جۆرێك لە لێڵی پێوە دیارە ، دەکرێت ، دوو لێکدانەوەی بۆ بکەین:

أ-ئەگەر هەندێك لە خوێندکارەکان دەرچن یان دەرنەچن ، مامۆستا تاقیکردنەوەکە دووبارە دەکاتەوە.

ب-ئەگەر هەندێ لە خوێندکارەکان دەرچن و هەندێکیان دەرنەچن ، مامۆستا تاقیکردنەوەکە هەر دووبارە دەکاتەوە.

بەپێی ئەم تیۆرییە (DS) و (SS) پێکەوە کاریگەرییان لەسەر دەستنیشانکردنی واتا دەبێت.

**١٧٠-ئەگەر کوڕو کچێکی منداڵت بینی،ئاگادارمان بکەنەوە.**

ڕستەی(١٧٠) بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە ، و لەناو یاساکانیشدا یاسای قرتاندن لە(SS) ڕستەیەکی لێڵی لێدروستبوە ، بۆیە دەکرێت ، ئەو ڕستەیە دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت ، بەمشێوەیە:

أ-ئەگەر کوڕو کچێکی منداڵت بینی، ئاگادرمان بکەنەوە.(کوڕ و کچێك کە هەردووکیان منداڵن)

ب-ئەگەر کوڕ و کچێك کە منداڵە بینیت، ئاگادارمان بکەنەوە.(کچێکی منداڵ)

## ٣-تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو: Revised Extended Standard Theory(REST)

ئەم تیۆرییە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لەلایەن چۆمسکی و هەندێك لە هاوبیرانی هاتۆتە ئاراوە ، ئەم تیۆرە بەسەرداچونەوەیەك بو بۆ تیۆری ستانداری فراوانکراو(ئەم قۆناغە بە گواستنەوەیەکی پێشکەوتو دادەنرێت لە گرنگیدان بە سیستەمی ڕێزمان ، و گرنگی بە توانستی لێکدانەوە دەدات ، بۆ ئەو سیستەمەی کە نەخشە بۆ تیۆرێکی زمانی گشتی دەکێشێت.(حمە غەریب،بەهرە سەلام،٢٠١٦: ٣٧) لەم تیۆرەدا چۆمسکی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر تیۆرەکەی پێشوی (ستانداردی فراوانکراو)دا هێنا، لەو گۆڕانکاریانە ، گەڕانەوەبو بۆ گرنگیدان بە (SS)، چۆمسکی لەم تیۆرییەدا هەمو قورساییەکی واتای ڕستە بە(SS) بەستبووەوە ، واتە لەم تیۆرەدا چۆمسکی تەنیا (SS) بە دەستنیشانکەری واتای ڕستە دەزانێت و ڕۆڵ و گرنگی(DS) لە دەستنیشانکردنی

واتای ڕسته ڕەتکردەوە . هەروەها یەکێکی تر لەو گۆڕانکارییانەی چۆمسکی لەم تیۆرەیەیدا(ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراودا) کردی کەمکردنەوە و سنورداکردنی یاساکانی گواستنەوە بو.(لەم تیۆرییەدا چۆمسکی ئاماژەی بەوە کردوە ، کاتێك کەرەستەیەك لە ڕستەدا دەقرتێنرێت ،ئەوا پێویستە شوێنپێیەك بۆ گوێزراوەکان لە جێکەوتە ئەسڵیەکانیانداهەبێت، و لەسەر ئاستی ڕوکەش ببینرێنەوەو بۆ لێکدانەوی سیمانتیکیی لەبەردەستدا بن (مەحوی،محەمەد،٢٠٠٩ :٢٠٤).

مۆدیلەکانی ئەم تیۆرییە لە هێڵکاریی ژمارە(٨)دا دەخەینەڕو:




بۆ ئەم نەخشەیە سودمان لە (قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٤)بینیوە .

**١٧١-أ-ئەگەر هەستی بێت بۆ ئاهەنگەکە، pro لێمان تێکدەدات.**

**ب-ئاهەنگەکەمان لێ تێکدەدات، گەر هەستی بێت.**

**پ-ئەگەر هەستی بێت بۆ ئاهەنگەکە، لێمان تێکدەدات.**

ئەگەر سەیرێکی ڕستەی(١٧١،أ،ب،پ) بکەین دەبینین ڕستەکان لە (SS)دا جیاوازن بەڵام لە(DS)دا یەك واتایان هەیە ، هەروەها دەبو لەشوێنی بکەرە قرتاوەکە شوێنپێیەك بەجێبهێڵرێت ، ئەمەش لە ڕستەکانی (١٧١،ب،پ) هەستی پێناکرێت، بۆیە بەپێی تیۆری ستانداردی فراوانکراو ڕستەکانی(١٧١،ب،پ)و ڕستەی (١٧١،أ) بەپێی ڕۆنانی ڕستەکان ڕستەیەکی یەکسان نابن.

لێکدانەوەی سیمانتیکی پێشنیازکراو لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو(دەستپێدا هێنراو)دا ، لەگەڵ ڕستەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت ، بەوجۆرەی کە لەگەڵ نمونە پێشنیازکراوەکانی زمانی ئینگلیزیدا دەگونجێت (ئیبراهیم،بەشدار محەمەد،٢٠١٤ :٦٤) ، چونکە زمانی کوردی شوێنپێ بۆ کەرەستە قرتێنراوەکانی زمان دانانێت.وەك ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا بەرچاو دەکەوێت.

## پ–تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنGenerative Semantic Theory :

هەمو قسەپێکەرێکی زمان توانای بەرهەمهێنانی لە هەمو ئاستەکانی زماندا هەیە ، سیمانتیکی بەرهەمهێن گرنگی بە بەرهەمهێنانی واتا دەدات ، و واتا دەکاتە بناغە و کرۆکی داڕشتن و دروستەی ڕستە و گرنگی بەلایەنی هۆشەکی زمان دەدات . واتە گرنگی بەهێنانە ناوەوەی واتا دەدات، کە لەئەنجامی ڕیزبونی کەرەستەکان گوتنەکان دێنە بەرهەم ، جیاواز لەواتای لێکسیکی و ئەو واتایەی کە خەڵك بەکاریهێناوە.

سیمانتیکی بەرهەمهێن ناوی پرۆگرامی ئەو توێژینەوەیەیە ، کە لە چوارچێوەی بابەتی زمانەوانیدا ئەنجامدراوە ، سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابونی دەگەڕێتەوە بۆ کارە جۆربەجۆرەکانی خوێندکارانی چۆمسکی (جۆن ڕۆس، پاول پۆستاڵ) دواتریش (جێمس ماککاولی و جۆرج لۆکۆف) وەك کەرەستەیەکی زمانەوانی برەویان پێدا ، پاشان وەك تیۆرێك گەشەی پێدرا و ناسێنرا. خاوەنی(بیری ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان لەناو تیۆری زانستی زمانی بەرهەمهێنان لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زمانەوانە ئەمریکییەکان بون.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠٦ :٦لەحەسەن،فەرهاد توفیق،٢٠١٠ :٢٥) ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرە ، گرنگیدانی زیاتر بو بە(DS)و فراوانکردنی بو بەشێوەیەك (DS)فراوانتر بکرێت ، زیاتر لەوەی تیۆری ستاندارد باسکراوە بەشێوەیەك ، کە پێکهاتەی فەرهەنگی ببێتە بەشێك لە(DS). چونکە بە بڕوای ئەوان یاساکانی گواستنەوە کاریگەری لەسەر لایەنی واتایی ڕستە نابێت ، بەڵکو هەندێك لە یاساکانی گواستنەوە پێش تێپەڕبون بۆ (DS)لە فەرهەنگدا بەسەر کەرەستەکاندا دێن ، ئامانجێکی تری ئەم تیۆرییە خستنەڕوی یاسا زمانییەکانە ، بۆ ئەوەی ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ڕستەی دروست بدات ، لە هەردوو لایەنی گرامەری و سیمانتیکی و بەربەست بێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەی نادروست ، لە هەدوو لایەنی گرامەری و سیمانتیکی. واتە بەستنەوەی دروستەی ڕوکەشی ڕستە بە دروستەی قوڵی واتاوە، ئەم تیۆرە گرنگی بەواتای

وشەکان دەدات و واتا نابەستێتەوە بە دەوروبەر( پراگماتیك)ەوە ، بەڵکو واتای ڕستە لەخودی وشەکان لە ڕستەکەدا بەرهەمدەهێنێت. ئەم تیۆرە وەك جیگرەوەیەك بۆ تیۆرەکەی چۆمسکی(تیۆری ستانداردی فراوانکراو) سەری هەڵدا ، چونکە چۆمسکی لە تیۆرەکەیدا زیاتر گرنگی بە سینتاکس دەدا وەك لەواتا، کە دەکرێت بوترێت، گرنگیدانی چۆمسکی بە واتا لەم تیۆرەیدا وەك پێویست نەبوە و واتا تاڕادەیەك فەرامۆشکراوە هەربۆیە (سیمانتیکی بەرهەمهێن) هاتەکایەوە.

زانایانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان بڕوایان وابو، کە پێکهاتەی بەرهەمهێنان لە تیۆری زمانەوانیدا پێویستە سیمانتیك بێت نەك سینتاکس ، چونکە ڕێزمان لە پەسنکردنی واتای ڕستەوە دەستپێدەکات، دواتر دروستەی سینتاکسیی بەرهەمدەهێنێت.( قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١١) هەربۆیە لەو سەردەمەدا ئەو کۆمەڵە زمانەوانە بیری ئەم تیۆرییەیان خستەڕو.(ڕێبازی سیمانتیکی بەرهەمهێنان سەرەتا زۆر توندبون لەسەر بۆچونەکانیان ، و لایان وابو هەرەس هێنانە بە بۆچونە زمانییەکەی چۆمسکی ، بەڵام دواتر زێدەڕۆییەکەی خۆیان سەبارەت بە دابڕینی ڕێزمان و واتا کەم کردەوە.(قادر،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩:٩٥)بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێن ئاستی (DS) ڕستە خاوەن واتایە و هەمو واتاکان لەم ئاستەدایە، بەڵام ئەو واتایانە واتای سێبەرن و واتای دروستەی ڕستە لە(SS)دایە.(بەپێی ئەم تیۆرییە سیمانتیك دەبێتە بناغەیەك بۆ دروستەی سینتاکس ، و دەتوانرێت لێیەوە دروستەی سینتاکسی بەرهەمبهێنرێت.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠٦ :٦)واتە پێکهاتەیەکی سیمانتیکی لە(DS)دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی دروست ئەمەش پێچەوانەی تیۆری ستانداردی فراوانکراوە، کە دەڵێت، هەردوو ئاستی (SS-DS)ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی واتای ڕستە هەیەلە(SS)دا.

مۆدێلی ئەم تیۆرییە سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە هێڵکاریی ژمارە(٩) دا دەخەینەڕو:




(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :١٢)

**١٧٢-أ-منداڵەكە،ئەگەر،كەوت،تووڕەدەبێت،دایك،ئارا**

**ب-ئەگەرمنداڵەكە كەوتبێت،دایكی لە ئارا تووڕە دەبێت.**

بەپێی تیۆری سیمانتیكی بەرهەمهێن سەرەتا ئاستی واتا دەستپێدەكات ، كە لە ئاستی (DS) واتا بەوكەرەستانە دەدرێت ، كە پێویستن بۆ دروستەی ڕستە هەڵبژێردراوەكە ، بەواتایەكی تر هەمو دەربڕاوە زمانییەكان پێش ئەوەی بە یاساكانی گواستنەوەدا تێپەڕ بن خاوەنی واتان ، بۆ نمونە ئەوكەرەستانەی لەگەڵ ئەم كردارەدا دەگونجێن واتای ڕستە دەستنیشاندەكەن. واتە قسەكەر بۆ ئەوەی ئەو ڕستە یان بیرەی، كە دەیەوێت، بە بەرامبەری بگەیەنێت، سەرەتا لە(DS)دا وشەو كەرەستەی پێویست بۆ گەیاندنی بیرەكەی هەڵدەبژێرێت.(پەسەندكارەكان كە ئاستی ژێرەوەیە لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی ڕستە پێكەوە ، دوو هۆكاری گرنگی یاسای شێواز بەندانەن، بۆ دروستكردنی ڕستەكان و دیاری كردنی واتاكانیان ، و ڕەواندنەوەی لێڵی ڕستەن(حمەكریم،نەریمان حەسەن،٢٠١٥: ٣٣) دواتر ئەو كەرەستانە بە قۆناغی گوێزانەوەدا تێپەڕ دەبن ، و لەم قۆناغەشدا كۆمەڵێك یاسا بەسەر ڕستەیەكەدا جێبەجێ دەبێت ، ئەو یاسایانە چ یاسای بەخورتی (Obligatorby Rules) بن ، یاخود یاسا سەرپشكییەكان (Optional Rules)بن ، پاشان ڕستەكە بۆ ئاستی (SS) دەگوێزرێتەوە واتە یاساكانی گواستنەوە پردی بەیەك گەیاندنی هەردوو ئاستی(DS,SS)ە.لەم ئاستەدا(SS) كەرەستەكان نواندنی فۆنەتیكیان دەبێت واتە بەدەنگ دەنوێنرێن. واتای ڕستە لەم ئاستەدا بەپێی كۆنتێكستەكە ڕوندەبێتەوە.

لە نمونەی(١٧٣)دا بەراوردی هەردوو تیۆری سیمانتیكی(بەرهەمهێن و لێكدەرەوەیی)دەخەینە ڕو :

**١٧٣-أ-ئەگەر منداڵەكە كەوتبێت ،دایكی لە كانی تووڕە دەبێت .**

**ب-ئەگەر كانی منداڵەكەی خستبێت،دایكی لێی تووڕە دەبێت .**

ئەگەر سەیری ڕستەی(١٧٣،أ،ب) بكەین، لەڕوی فۆرم و دروستەوە جیاوازن ، لەڕوی كەرەستەوە تەنیا لە ڕستەی(١٧٣،أ)كەوتن . لەڕستەی(١٧٣،ب)فۆرمی ڕابردوی كردارەكە (خست)بەكار هاتوە، بەڵام لەڕوی واتاوە وەك یەكن لە سیمانتیكی لێكدەرەوە دا دەكرێ ، ئەم دوو ڕستە بەو شێوەیە دابڕێژرێن، بەڵام بەپێی سیمانتیكی بەرهەمهێن ئەو دوو ڕستەیە یەك سیمانتیكی قوڵیان هەیە ، لە ئاستی قوڵی سیمانتیكی بەرهەمهێندا خاوەن هیچ زانیارییەكی سینتاكسی نین ، بەڵكو كەرەستەكان هەڵدەبژێرێن بۆ ڕۆنانی ڕستە.

**پاری سێیەم/یەکەم/واتا و سێبەرەکانی واتا:**

## ١-أ-دروستەی قوڵ-Deep Structuer :

ئاستی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستەیە و بە قۆناغی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستە دادەنرێت ، تێیدا لێکسیك ئەو کەرەستانە دیاریدەکات ، کە بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی کە لە ئاوەزی قسەکەردایە و پێویستیەتی. دیاریکردنی کەرەستە و وشەکان لەسەر بنەمای بونی پەیوەندی ناوکۆیی و پەیوەندی هاوبەشی ئەو وشانەیە لەگەڵ یەکتردا (پەیوەندی پریدیکات و ئارگومێنت ، ئەمەش بەستراوە بەپێدانی ڕۆڵی سیمانتیك بە ئارگومێنتەکانی ، بەهەڵاوێرکردنی واتایی (semantic selection) ئاماژەی پێدەدرێت ، مەبەست لەڕۆڵی سیمانتیك ، ڕۆڵی سیمانتیکی ئارگومێنتەکانە ، کە وەریان گرتوە ، لەڕێی ئەو پەیوەندییەی ، کە لەگەڵ پریدیکاتدا هەیە.(قادر،تارا موحسین،٢٠١١ :٢٧ ) لەم ئاستەدا کردار بەپێی پێویستی خۆی ئەو ئارگومێنتانە هەڵدەبژێرێت، کە پێویستیەتی . هەر لەم ئاستەدا چەمکە ئەرکییەکانی وەك (بکەر،بەرکار،کردار،...) دیاریدەکرێن.(ئەوەی گرنگە لەم ئاستەدا ئەوەیە ، دروستەی قوڵ بە دیاریکەریی ئاستی سیمانتیکی دەربڕاوەکان دانراوە . تەنانەت پەیوەندیکردنی هەرچەشنێکی زانیاری بەرجەستە نابێت ، بەبێ بونی پێکهاتەی دروستەی قوڵ.(حسەین،شیلان عومەر،٢٠١١ :٦٠) لەم ئاستەدا ناتوانرێت تایبەتمەندی سینتاکسی زمانێکی دیاریکراو بزانرێت ، چونکە ڕستەکان بەپێی یاسا سینتاکسییەکان ڕیز ناکرێن.(زمانە سروشتیەکان لەڕوی بەرهەمهێنانی دروستەی قوڵەوە چون یەکن و هەر ئەو یاسایە لە هەمویاندا بەدی دەکرێت ، چونکە زۆربەی بەڵگەی مەنتیقی و تەجریبی دەیسەلمێنن ، کە زمانی مرۆڤ هەمو بەپێی هەمان پێڕەو کاردەکەن و هەڵدەسوڕێن ، و ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت ، هەر لەسیمادایە ، ئەگینا لە بنجدا هەمو یەکن و یەکدەگرن.(حسەین،ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨ :٣) لەم ئاستەدا واتا ئاشکرا نییە، تا ئەو کاتەی ڕستە دەگوازرێتەوە بۆ(SS) دەبێتە خاوەن (PF).

## ١-پێکهاتەی ڕستەی مەرج لە دروستەی قوڵدا The Deep Structure Of Conditional Sentence:

بۆ هێنانە ئارای هەر ڕستەیەك پێویستە سەرەتا کەرەستەکان لە فەرهەنگدا هەڵبژێرێن ، بۆیە لەم ئاستەدا DS ، ڕیزکردنی کەرەستەکان بەپێی یاسایەکی تایبەت نییە ، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد دەنرێت ، کە قسەکەر مەبەستیەتی واتایەك بگەیەنێت. ڕستەی مەرجیش کە جۆرێکی ڕستەی ئاڵۆزە و تایبەتە بەبواری نامەکەی ئێمە ، لەم ئاستەدا واتە دروستەی ڕستەی مەرج لە(DS)کە لە دوو بەش(ڕستەی سەرەکی ، ڕستەی شوێنکەوتو)پێکدێت. قسەکەر سەرەتا بیرێك لە ئاوەزیدایە ، بۆ گەیاندنی ئەو بیرەش

پێویستی بە هەڵبژاردنی کەرەستەکان یان بەشەکانی ڕستە هەیە ، و بەشەکانی ڕستەکە هەڵدەبژێرێت ، واتە ڕۆنانی ئەمجۆرە ڕستانە پێویستی بە دوو ڕستە دەبێت (ڕستەی سەرەکی ، ڕستەی شوێنکەوتو)(لەم ئاستەدا جێکەوتەکانی ڕستە دیاریدەکات ، جێکەوتەی ڕستەکانیش بەپێی جۆری کردارەکە دەگۆڕێن، هەروەها ڕۆڵی بابەتانە لەم ئاستەدا بە کەرەستەکان دەدرێت.(ئەحمەد،بڕوا ڕەسول٢٠١٢ :٤٨)بەڵام لایەنی سینتاکسی ئەم ڕستانە بەپێی یاسای زمانەکە نییە ، زۆرجار بەشەکانی ڕستە(ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتو)تێکەڵ دەکات. واتە بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمان کەرەستەکان ڕیز ناکات.وەك لە نمونەی (١٧٤)دا خراوەتە ڕو:

(LX)

↓

**١٧٤- تاقیکردنەوە، ئەگەر ئارینا یارمەتی بدابایە،من تاقیکردنەوەکەم دەردەچو.**

↓

(DS)

↓

**ئەگەر ئارینا لە تاقیکردنەوە یارمەتیم بدابایە.من لە تاقیکردنەوەم دەردەچو.**

↓

یاساکانی گواستنەوە

↓

**ئەگەر ئارینا لە تاقیکردنەوەکەدا یارمەتی بدابایەم،دەردەچوم.**

## ٢–واتای ڕستەی مەرج لە دروستەی قوڵدا The Meaning Of Conditional Sentence In Deep Structure :

خاڵی پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا لە پەیوەندی (PF وLF )دا، جێبەجێ کراوە و لەڕێگەی (αبجوڵێنە)وە بە(SS)بەستراوەتەوە.(cook&newson,1996:47 )مەبەست لەواتای ڕستەی مەرج لە(DS)دا ئەو واتایەیە، کە نابەرجەستە(Abstract)یە واتە ئەو واتایەیە ، کە نەزانراوە بە سێبەرە واتاش ناو دەبرێت، (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٣ :١٢٥) کاتێك دەبێتە واتایەکی بەرجەستە کە ڕستەکە خاوەن(PF)، واتای ڕستە لەم ئاستەدا(DS) ڕون نابێتەوە ، چونکە لەم ئاستەدا واتای فەرهەنگی کەرەستەکان دیاریدەکات، کاتێك دەتوانین ، لە واتای ڕاستەقینەی ڕستەکە بگەین ، گەر بو بە خاوەن(PF)بێت واتە واتای ڕستە بەپێی کۆنتێکستەکە ڕوندەبێتەوە. لەم ئاستەدا(DS) ڕستەکان خاوەن یەك دروستەن ، بەڵام کاتێ بە یاساکانی گوێزانەوە تێپەڕ دەبن هەندێ جار ئەو ڕستانە زیاتر لە دروستەیەکیان دەبێت:

**١٧٥-شارا خوێندکارێکی ئەگەر باش نەبوایە خۆشیان نەدەویست مامۆستاکان.**

لەڕستەی(١٧٥) دا ، واتای ڕستە ئەبستراکتە ، کاتێك دەبێت بەواتایەکی بەرجەستە، ئەگەر ئەو ڕستەیە فۆرمی (PF) وەرگرێت ، هەروەها واتای وشەکان لەم ئاستەدا (DS) بەواتا فەرهەنگییەکانی وشەکان بەکاردێن، تەنیا لە بەکارهێناندا بەپێی دەوروبەرەکە واتاکەی ڕوندەبێتەوە ، بۆیە ئەم ڕستەیە لە(SS)ڕستەیەکی لێڵە چونکە (باش) دوو واتای هەیە:

باش ـــــ چاك

باش ـــ زیرەك

ئەگەر باس لە ئاستی زیرەکی شارا بکرێت، ئەوا باش بەرانبەر بە (زیرەك)بەکاردێت ، بەڵام گەر باس لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی شارا بکرێت ، ئەوا باش بەرانبەر بە(چاك)بەکاردێت ، ئەمەش لە(SS) واتاکان ڕوندەبێتەوە.

یان :

**١٧٦-خوێندکار هەمو پێشبڕکێ ئەگەر بەشداری بکەن دەیبەنەوە .**

SS–ئەگەر هەمو خوێندکارەکان بەشداری پێشبڕکێیەکان بکەن،دەیبەنەوە.

SS –ئەگەر خویندکارەکان بەشداری هەمو پێشبڕکێیەکان بکەن،دەیبەنەوە.

ڕستەی(١٧٦) واتاکەی (Abstract)ە تا ئەوکاتەی دەگوێزرێتەوە بۆ (SS)چونکە (QP)(هەمو)لە کاتی گواستنەوە بۆ(SS) بەپێی شوێنی بەکارهێنانی دەکرێ دوو واتای هەبێت.

**١٧٧-أ-ئەگەر هەمو خوێندکارەکان بەشداری پێشبڕکێیەکان بکەن،دەیبەنەوە.**(هەمو خوێندکارەکان نەك هەندێکیان)

**ب-ئەگەر خوێندکارەکان بەشداری هەمو پێشبڕکێیەکان بکەن،دەیبەنەوە.**(هەمو پێشبڕکێیەکان نەك هەندێ لە پێشبڕکێیەکان)

لە ڕستەی(١٧٧،أ،ب)دا ئەوە ڕوندەبێتەوە ، کە ڕستەکان لە(DS)، خاوەن دروستەیەکە، بەڵام بەپێی بەکارهێنانی(Q,P)(هەمو) لە(SS)دەکرێت ، ڕستەکە ببێتە خاوەن دوو واتا ، ئەویش بەپێی شوێنی کەرەستەکان لە دروستەی ڕوکەشی ڕستەکەدا (SS) ، هەروەها بەپێی کۆنتێکستی گوتنەکە واتاکە ڕوندەبێتەوە.

## ب–دروستە ناوەندییەکانIntermediate Structures :

### ١–دروستەی ڕستەی مەرج لە دروستە ناوەندییەکاندا:

مەبەست لە دروستە ناوەندییەکان ئەو ئاستەیە کە تێیدا ڕستەکانی زمان بە کۆمەڵێك یاسادا تێپەڕ دەبن، چ یاساکان بەخورتی(Obligatory Rules) ، یان سەرپشکی(Optional Rules) بن. لەم ئاستەدا ڕستەکان کۆمەڵێك یاسایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت ، ئەوانیش بریتین لە (Obligatory Rules وەك (یاساکانی کات، سنور و جیاکەرەوەکان،جوڵەی جێناوەکان،پاشکۆکان)،Optional Rules وەك (زیادکردن،لادان، جێگۆڕکێ، جێگرتنەوە...) **(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :٣٢)** لەئەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە زۆر جار ڕستەی فرەواتا و هاوبێژ لە زماندا دێنە ئاراوە.

## أ–یاسا بەخورتییەکان:Obligatory Rules

ئەو یاسایانەن کە پێویستە قسەپێکەرانی زمان لە(SS)دا جێبەجێیان بکات، ئەگەر نا ڕستە بەرهەم ناهێنرێت. بەواتایەکی تر ، جێبەجێ نەکردنی یاسا بەخورتییەکان دەبێتە هۆی بەدەست نەهاتنی کردەی لێکگەیشتن. بەشێوەیەکی گشتی یاسا بەخورتییەکان لەزمانی کوردیدا یاساکانی (کات، جوڵەی جێناوەکان،سنور جیاکەرەکان،پاشکۆکان) دەگرێتەوە.(**Grinder John.t,1973,1** ) [١٢]

١–**یاساکانی کات**:پێکەوە هاتن و پێکەوە گونجاندنی کاتی کرداری هەردوو ڕستەکە دیاریدەکات.

**١٧٨-أ-ئەگەر ئارینا <u>بزانێت</u> <u>تاقیکردنەوەکە</u> <u>دوادەخرێت</u>،<u>دەچێت</u> بۆ گەشت.**

**ب-ئەگەر ئارینا <u>بیزانیایە</u> <u>تاقیکردنەوەکە</u> <u>دواخراوە</u>،<u>دەچو</u> بۆ گەشت.**

لە ڕستەی(١٧٨،أ،ب)کاتی ڕستەکان لەگەڵ یەکدا گونجاوە ، لە(أ)دا کرداری ڕستەی مەرج (ڕانەبردوە)بۆیە کرداری ڕستەی سەرەکیش(ڕانەبردوە)، لە ڕستەی(ب)دا کرداری ڕستەی مەرج(ڕابردوی تەواو)ە، بۆیە کرداری ڕستەی سەرەکیش (ڕابردوە).

٢–**یاسای سنور جیاکەرەوەکان**:ئەم یاسایە بریتییە لە جیاکردنەوەی وشەکان لە یەکتر ، و دیاریکردنی سنوری ستراکچەری هەریەکەیان لە ستراکچەرێکی گەورەتردا ، کە ڕستەیە. بەواتایەکی تر ئەو بەشانەی ڕستەکە پێکەوە دەگونجێن لەیەکتر جیادەکاتەوە.

---

١٢– بۆزانیاری زیاتر بڕوانە،محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :٢٩

**٣–یاسای جوڵەی جێناوەکان**:بریتییە لە جوڵەی پرۆنانەکان کە بەپێی کاتی کردار تێپەر (Transtive)و کرداری تێنەپەر(unTranstive) (جێناوەکان بەپێی دەرکەوتن ، و دەرنەکەوتنی بەرکار شوێنەکانیان دەگوێزرێتەوە(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :٣٠).

**١٧٩-أ-ئەگەر ئێوە ئێمەتان ڕزگار نەکردایە، لەناو دەچوین.**

**١٨٠-ئەگەر من بە مامۆستام نەوتبایە،تاقیکردنەوەکەمان دووبارە نەدەکردەوە.**

**١٨١-ئەگەر ئێمە دەرفەتمان بە ئەوان نەدابا،بەسەرماندا سەرکەوتو نەدەبون .**

**١٨٢-ئەگەر ئێمە دەرفەتمان پێ نەدابان،بەسەرماندا سەرکەوتو نەدەبون.**

**٤–یاسای گواستنەوەی پاشکۆکان**:ئەم یاسایە تایبەتە بەو پێشگر و پاشگرانەی کە دەچنە سەر کار، کە مەبەست لێی مۆرفیمە بەندەکانە–جگە لە مۆرفیمەکانی کات.(کەمال، دیار عەلی،٢٠٠٢ :٦٠)بەواتایەکی تر یاسای گواستنەوەی هەندێ لە مۆرفیمە بەندەکانە لە ڕستەدا. وەك مۆرفیمەکانی دووبارە بونەوە.

**١٨٣-DSئەگەر جارێکی تر دوە هاتم،کتیبەکەت بۆ دوە ئەهێنم. ⟵ SS - ئەگەر جارێکی تر هاتمەوە،کتێبەکەت بۆ ئەهێنم.**

## ب–یاسا سەر پشکییەکان:Optional Rules

ئەو یاسایانەن کە بەکارهێنانیان لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە ، و دەتوانێت بە ئارەزوی خۆی یاساکان جێبەجێ بکات ، یان جێبەجێیان نەکات.(هەمان سەرچاوە :٦٧) چونکە جێبەجێ کردن و جێبەجێ نەکردنی یاساکان کار لەگرامەرێتی ڕستە ناکات ، یاسا سەر پشکییەکان بریتین لە:

**١–لادان–Deletion**:بریتییە لە لابردنی کەرەستە زیادەکان ، یان ئەو کەرەستانەی کە لە ڕستەکەدا دووبارە بونەتەوە.

**١٨٤-أ-ئەگەر ئارینا هەژار هات،دێین بۆ ماڵتان.**

**ب-ئەگەر ئارینا هات،دێین بۆ ماڵتان.**

لەڕستەی(١٨٤،أ)ناوی (هەژار) زیادەیە هەر بۆیە لە ڕستەی(١٨٤،ب) لابراوە.

**٢–زیادکردن–Addetion**:بریتییە لە زیادکردنی کەرەستەیەك بۆ ڕستە.

**١٨٥-أ-ئەگەر ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی بکەوێتە بازاڕەوە، دەیکڕم.**

**ب-ئەگەر ڕۆمانە نوێیەکەی بەختیار عەلی بکەوێتە بازاڕەوە، دەیکڕم.**

لە ڕستەی(١٨٥،ب)دا (adj) ی (نوێ) بۆ ڕستەکە زیاد کراوە ، زۆرجار بەمەبەستی ڕەوینەوەی لێڵی ئەو کەرەستانە بۆ ڕستەکە زیاد دەکرێت ، چونکە لە ڕستەی(١٨٥،أ)دا، نازانرێت مەبەست لەکام ڕۆمانی (بەختیار عەلی )یە، بەڵام کە وترا ڕۆمانە نوێیەکەی بەختیار عەلی وەك لە(١٨٥،ب)، قسەکەر یەکسەر دەزانێت مەبەست لە ڕۆمانی(هەورەکانی دانیال)ە.

**٣-جێگۆڕکێ-Replacement**:بریتییە لە گۆڕینی شوێنی کەرەستەیەك ، یان وشەیەك ، لە ڕستەدا ئەم جۆرە گۆڕانەش زیاتر بۆ پێشەوە دەبێت ، و کەتیگۆری بەرکاریش زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت. (محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :٣٣) زۆر جار بەمەبەستی جەختکردن و دەرخستنی ئەو کەرەستەیەی کە مەبەستە لە ڕستە دەهێنرێتە پێشەوە.

**١٨٦-أ-ئەگەر تۆ کتێبەکەت بردبێ، لێت زویر دەبم.**

**ب-ئەگەر کتێبەکە تۆ بردبێتت، لێت زویر دەبم.**

لە ڕستەی(١٨٦،أ)دا (تۆ) لەشوێنی ئاسایی خۆی بەکار هاتوە ، بەڵام لە ڕستەی (١٨٦-ب)دا ، مەبەستی قسەکەر(کتێب)ەکەیە ، بۆیە جێگۆڕکێ بە بەرکاری ڕستە (کتێب) کراوە و هێنراوەتە پێشەوە.

**٤-جێگرتنەوە-Fixture**: بریتییە لە لادانی کەتیگۆرییەکی ڕستە ، و دانانی کەتیگۆرییەکی تر لە جێگەکەی کە هەمان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت.(کەمال، دیارعەلی،٢٠٠٢ :٦٩)

**١٨٧-أ-ئەگەر کتێبەکەت خوێندەوە،کتێبەکەم بۆ بهێنەوە.**

**ب- ئەگەر کتێبەکەت خوێندەوە ، بۆمی بهێنەوە.**

لە ڕستەی(١٨٧،ب)دا، ناوی (کتێب) لە ڕستەکە لابراوە بۆیە جێناوی لکاوی(ی)کە بۆ( کتێبەکە) دەگەڕێتەوە زیاد کراوە ، و جێگەی کتێبەکەی لە ڕستەی(١٨٧-أ)دا گرتۆتەوە.

**٢-واتای ڕستەی مەرج لە دروستە ناوەندییەکاندا:**

کاتزو فۆدۆر پێیان وابو ، کە گواستنەوەکان لە دروستە ناوەندییەکان کاریگەرییان لەسەر واتا نابێت ، و واتای ڕستە ناگۆڕێت ، هەربۆیە یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی دەگیرا

ئەوەبو، کە گواستنەوەکان دەکرێت ، ببنە هۆی گۆڕانی واتاو واتای جیاواز لە ڕستەدا بەرهەمبهێنن ، ئەم بۆچونەش لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا خرایەڕو ، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ئاستەدا ڕودەدەن، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر واتای ڕستە دەبێت ، و زۆرجار واتایەکی تەواو جیاواز لەو واتایەی لە(DS)دا هەیە، بەرهەمدێت. (حمەکریم،نەریمان حەسەن،٢٠١٥ :٣٣) ڕستەی مەرج بەپێی دروستە ناوەندییەکان دەکرێت چەندین واتای جیاواز بگەیەنن، یان واتایەکی جیاوازتر لەو واتایەی کە لە دروستەی ڕوکەشدا هەیەتی ، هەروەها جیاواز لەواتای ڕستەی مەرج لە دروستەی قوڵدا ، چونکە کەرەستەکانی ڕستە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و بە یاساکانی گواستنەوەدا تێپەڕ دەبن ، هەربۆیە زۆرجار لەم ئاستەدا(ئاستە ناوەندییەکان)واتای ڕستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، واتە ئەو واتایانەی کە لەم ئاستەدا هەیە لێڵە ، چونکە دانە لێکسیکییەکان نەبون بە خاوەن فۆرمی فۆنەتیکی و یەکەکان لەم ئاستەدا گۆنەکراون ، ئەمەش لە لەدروستەی ڕوکەشدا کاریگەری لەسەر گۆڕانی واتا دەبێت ، چونکە کۆمەڵێك هۆکار کاریگەریان لەسەر واتای ڕستە دەبێت لە دروستەی ڕوکەشدا لەوانە: فۆنیمە ناکەرتییەکان ، وەك هێز و ئاوازە(Stress,Notations)هەربۆیە زۆرجار ڕستەکان لەم ئاستەدا واتاکانیان بەتەواوی ڕون نابێتەوە ، تا ئەو کاتەی فۆرمی فۆنەتیکی لە دروستەی ڕوکەشدا وەردەگرن ، واتە لە دروستەی ڕوکەش(SS)دا ، واتاکەی ڕوندەبێتەوە ، ئەوەش بەپێی کۆنتێکست و هێز وئاوازەی دەربڕینەکە ، کە کاریگەری لەسەر واتای ڕستە هەیە. واتە ئەم ئاستە(ئاستە ناوەندییەکان)کاریگەری لەسەر گۆڕانی واتای ڕستە هەیە بۆ نمونە ڕستەیەکی وەك:

**١٨٨-أ-ئەگەر هەمو کوڕو کچەخوێندکارەکان بەشدار بن، یارییەکە خۆشتر دەبێت.**

دەکرێت، ئەم ڕستەیە بەپێی دروستە ناوەندییەکان چەند واتایەکی هەبێت ، ئەو واتایانەش (واتای مەبەست)ن لەڕیزکردنی کەرەستەکان لە دروستەی ڕوکەشدا دەردەکەوێت.

دەکرێت، ڕستەی (١٨٨)بەپێی ڕیزبونی کەرەستەکان لە دروستە ناوەندییەکان ئەم واتایانە بگەیەنێت.

١-ئەگەر هەمو کوڕەکان، و کچە خوێندکارەکان،بەشدار بن یارییەکە خۆشتر دەبێت.

٢-ئەگەر هەمو (کوڕو کچەکان)کە خوێندکارن بەشدار بن، یارییەکە خۆشتر دەبێت.

واتا بەپێی یاساکانی گواستنەوە لە دروستەی ناوەندیدا ڕستەکە چەند واتایەکی جیاواز لە خۆ دەگرێت. واتای ڕستەکەش لە(SS) بەتەواوی ڕوندەبێتەوە.

**ب-ئەگەر ئاری خانوەکەی بفرۆشێت، ئارێز دەیکڕێت.**

دەکرێت، بەپێی هێز و ئاوازەی ڕستە ئەم ڕستەیە دوو واتا بگەیەنێت:

١-دەکرێت، ڕستەکە ڕستەیەکی هەواڵی بێت.کە ، ئەگەر ئاری خانوەکەی بفرۆشێت ، ئاریز دەیکڕێت.

٢-ڕستەکە ڕستەیەکی پرسە.کە ئایا ، ئەگەر ئاری خانوەکەی بفرۆشێت، ئاریز دەیکڕێت؟ئەمەش بەهۆی ئاوازەی ڕستەکەوە دەزانرێت ، کە مەبەست لە ڕستەی (١٨٨،ب)چییە.

## پ- دروستەی ڕوکەش Surface Structure :

ئەو ئاستەیە، کە تێیدا کەرەستەکان پاش تێپەڕبون بە دروستەی ناوەندیدا دەبێتە دانەیەکی گۆکراو، واتە خاوەن فۆرمی فۆنەتیکی دەبێت(PF)ئەم ئاستە(شێوەی دەرەوەی ڕستە پیشاندەدات. (حسەین،ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨ :٤) لەم ئاستەدا کەرەستەکان بەپێی تایبەتمەندی سینتاکسی زمانەکان ڕیزدەکرێن ، و دەخرێنە پاڵ یەك.(ڕۆنانی سەرەوە پەیوەندی بە ڕیزبونی کەرەستەکانەوە هەیە ، لێرەشەوە بۆ دەنگ بۆ ئەوەی بەدوای یەکداهاتنی دەنگەکانی تێیدا دەستنیشان بکرێت.(کەمال،دیارعەلی،٢٠٠٢ :٢٩)واتە لەم ئاستەدا (SS)کەرەستەکان شێوەی فۆنەتیکیان دەبێت و بەدەنگ دەردەبڕدرێن ، و هەر لەم ئاستەدا دەتوانرێت یاسا سینتاکسییەکانی زمان دیاری بکرێت. دروستەی ڕوکەش دابەشدەبێت بۆ(PF)کەتێیدا ئەو کەرەستانەی کە لێکسیك هەڵیاندەبژێرێت بەمەبەستی گەیاندنی بیرێك لەم قۆناغەدا گۆدەکرێن و دەبێتە ئاستی بەرجەستە. پاشان (LF) ئەو کەرەستانە بەشێوەیەك لەگەڵ کۆنتێکستی ڕستەکەدا بگونجێت ، واتە کەرەستەکان لەناو خۆیاندا ئەگریمینتیان هەبێت بۆدەربڕینی ئەو بیرە ، و گەیاندنی ئەو مەبەستەی کە لە ئاوەزیدایە(ئەم ئاستە ئاستێکی هەڵواسراو تەنها نییە،بەڵکو بە ئاستەکانی دیکەی ڕێزمانەوە پەیوەندیدارە و پێکەوە کاردەکەن.لەم ڕوانگەیەوە ئاستی فۆرمی لۆجیکی تایبەتمەندی سینتاکسی فۆرمەکان دەنوێنێت بۆ هەڵهێنجانی واتا و ڕاستی لەو فۆرمانە کە بەشێوەیەکی سینتاکیانە داڕێژراوە. (قادر،کاروان عومەر،٢٠١٢ :٥٩ ) پێویستە فۆرمی فۆنەتیکی(PF)بەو کەرەستانە ببەخشێت. پاشان بەپێی یاسای زمانەکەو بەپێی لۆجیك کەرەستەکان ڕیز دەکرێن و دۆخی ڕیزمانی بە کەرەستەکان دەدرێت.

## ١-فۆرمی فۆنەتیکی و ڕستەی مەرج Phonatics Form And Conditinal Sentence :

فۆرمی فۆنەتیکی ئەو پێکهاتەیەیە، کە بەرانبەر هەر ڕۆنانێکی زمانی درکاندنێکی تایبەت دیاریدەکات لەڕێگەی درکاندنی مۆرفیمەکانەوە(کەمال،دیار عەلی،٢٠٠٢ :٣١) واتە لەم ئاستەدا کەرەستەکان دەبنە خاوەن (PF) ، ئەو کەرەستانەی کە پێویستن بۆ دروستەی ڕستەیەك لەم ئاستەدا بە دەنگ دەنوێنرێن.(لەم ئاستەدا

ڕستەکان بێ کەم و کورت دەبن ، واتە ڕستەیەکی تەواو دەبن لەڕوی سینتاکسەوە ، بەپێی یاسای تایبەت بە زمانەکە کەرەستەکان ڕیز دەکرێن.(حسەین،شیلان عومەر،٢٠١١ )

**١٨٩-با تۆ خوێندنەکەت تەواو بکەیت،دیارییەکی بەنرخت بۆ دەکڕم.**

ڕستەی(١٨٩)کە ڕستەیەکی مەرجییە لە(SS) بەدەنگ دەربڕاوە واتە ڕستەکە خاوەن(PF)یە.

**٢–فۆرمی لۆجیکی و ڕستەی مەرج Logical Form And Conditional Sentence :**

فۆرمی لۆجیکی بە نێوەندگیری نێوان ڕوخساری ڕستە(پێکهاتەی ڕوخساری ڕستە) و واتای هەریەك لەو پێکهاتانە دادەنرێت ، واتای سینتاکسی بە ڕستە دەبەخشێت ، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ واتای پێکهاتەکانی ئەو ڕستەیە ، فۆرمی لۆجیکی هیچ کەرەستەیەك بۆ ڕستە زیاد ناکات جگە لە دەربڕینی جیاواز واتە شیکردنەوەی جیاواز بە ڕستەکان دەبەخشێت.(cook&newson,1996:153 )(فۆرمی لۆجیکی دروستەیەکی فرێزە ، کە لە (دروستەی ڕوکەش)ەوە بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە هەڵدەهێنجرێت ، و دەشبێتە تێکردەیەك بۆ یاساکانی لێکدانەوە.(قادر،کاروان عومەر،٢٠١٢ :٦٧) لەم ئاستەدا ڕستەکانی زمان بەشێوەیەکی لۆجیکیانە دادەڕێژرێن ، ئەم ئاستە پەیوەندی بەهەردوو ئاستی سینتاکس و سیمانتیکەوە هەیە.(ئاستی فۆرمی لۆجیکی ئەو ئاستەی زمانە، کە چەشنێکی تایبەتییە و فۆرم و شێوەی لۆجیکی دادەڕێژرێت ، واتە داڕشتەکەی دادەڕێژێت و دەیخاتەڕو ، بەواتایەکی تر ئاستی لۆجیکی ڕستەیەك، لە ڕاستیدا، داڕشتەی واتاکەی نییە، ئاستی لۆجیکی بەتەنها داڕشتەیەکە، داڕشتەی ڕستەسازیی و داڕشتەی واتا بەیەکەوە گرێدەدات.(مەحوی،محەمەد،٢٠٠١ :٢٦) واتە لەم ئاستەدا(LF)کەرەستەکان بەشێوەیەك دادەڕێژرێن، کە لەگەڵ یاساکانی زمانەکە بگونجێت و واتای تەواوی لێبەدەست بهێنرێت ، هەربۆیە (LF )وەك پردێك دادەنرێت ، کە پەیوەندی دەنگ و واتا پێکەوە دەبەستێت.

**١٩٠-با هەمو منداڵەکان ئامادەبن،چیرۆکتان بۆ دەگێڕمەوە.**

لە ڕستەی(١٩٠)دا، پەیوەندی لۆجیکی لەنێوان بەشەکانی ڕستەکەدا دروستبوە ، چونکە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە ئامادەبونی منداڵەکانەوە بەستراوەتەوە. چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ڕستە بەپێی ئاستەکان لە هێڵکاری ژمارە(١٠)دا دەخەینەڕو:

دروستەی قوڵ

↓

یاساکانی گواستنەوە

↓

دروستەی ڕوکەش

فۆرمی لۆجیکی(پێکهاتەی سینتاکسی،سیمانتیکی)　　فۆرمی فۆنەتیکی(پێکهاتەی دەنگی)

(cook&newson,1996:47)

ئەگەر بەپێی هێڵکاری ژمارە(١٠)شیکاری بۆ ڕستەی(١٨٧) بکەین ئەوا بەمشێوەیە دەبێت:

منداڵ با ئامادە بن هەمویان چیرۆك بۆ ئێوە دەگێڕمەوە.(DS )

منداڵەکان با هەمو ئامادەبن چیرۆك بۆتان دەگێڕمەوە.(a ) بجوڵێنە.

با هەمو منداڵەکان ئامادە بن،چیرۆکتان بۆ دەگێڕمەوە.(SS ).

دروستەی ڕوکەش SS کە هەردوو ئاستی(PF )و(LF )پێکەوە دەبەستێت، واتە دوای ئەوەی شێوەی فۆنەتیکی بە دەنگەکان درا بەپێی ڕیزبونی کەرەستەکان و کۆنتێکستی گوتنەکە دەتوانرێت ، واتای ڕستەکە بەدەست بهێنرێت. زۆرجار ڕستەکانی زمان لە ئەنجامی تێپەڕبونیان بە یاساکانی گوێزانەوەدا لە ئاستی(LF)چەندین دیاردەی واتایی وەك (هاوواتا)،(دژواتا) ،(فرەواتا)،...پەیدا دەبێت.

## ٢-أ-هاوواتایی لەفۆرمی لۆجیکی ڕستەی مەرجدا Synonym :

هاوواتایی بریتییە لەو وشە و وتانەی کە هەمان واتایان هەیە، یان واتاکانیان لەیەکەوە نزیکە. واتە ئەو وشە و وتانەن کە دەتوانن لە هەمو کاتێکدا یان لە هەندێ شوێندا لەگەڵ وشەیەکی تر لە زمانەکەدا ئاڵوگۆڕ بکرێن بەبێ ئەوەی ئەو ئاڵوگۆڕکردنە کاریگەری لەسەر واتای گشتی ڕستەکە هەبێت.(هاوواتایی بریتییە ، لەوەی کە دوو وشە یان زیاتر لە فۆرم و نوسین و خوێندنەوەدا جیاواز بن ، بەڵام یەك واتا بگەیەنن ، یان واتاکانیان لێك نزیك بن ، ئینجا لە هەر کات و شوێن و سیاقێکی دیاریکراو ، و بیئەیەکی زمانیدا بێت).(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٠ :٨٢)

دڵخۆش=ئاسودە=شادمان

**١٩١-أ-ئەگەر ئەرین دڵخۆش بێت، منیش دڵخۆشدەبم.**

**ب-ئەگەر ئەرین( ئاسودە/شادمان )بێت، منیش ئاسودە ئەبم.**

لە ڕستەی(١٩١،أ)هەمان واتای ڕستەی(١٩١،ب)ی هەیە و دەتوانین لەبری یەك بەكاریانبهێنین.

چاك=باش

**١٩٢-أ-ئەگەر پارەیەكی باشم دەستكەوێت، خانوەكەم چاكدەكەم.**

**ب-ئەگەر پارەیەكی چاكم دەستكەویٚ، خانوەكەم چاكدەكەم.**

لە ڕستەی(١٩٢،أ)هاوواتای ڕستەی(١٩٢،ب)یە چونكە لەو ڕستانەدا وشەكانی باش و چاك هاوواتان.

**جۆرەكانی هاوواتا:**

**١-هاوواتایی تەواو Perfect Synonym :**

هاوواتای تەواو زۆر كەمە لە زماندا، تەنانەت هەندێك باوەڕیان وایە ، كە لە زماندا نییە. لەڕاستیدا زۆر گرانە دوو وشە بەیەك واتا بمێننەوە و بژین لە زماندا ، چونكە ئەمە لەتوانای زمان كەمدەكاتەوە. (فەتاح،محەمەد مەعروف،١٩٩٠ :١٦٤) لە ئاستی ڕستەدا هاوواتای تەواو ، واتە بونی ڕستەیەك كە هاوواتا بێت لەگەڵ ڕستەیەكی تردا لەهەمو كاتێكدا بتوانرێت ئەو ڕستانە لەبری یەك بەكاربهێنرێن ، و قسەپێكەرانی زمان هەست بەجیاوازی ڕستەكان نەكەن. لەڕاستیدا بونی هاوواتای تەواو زۆر دەگمەنە لە زماندا، كە دوو ڕستە بۆ هەمان واتا بەكاربهێنرێت ، هەروەها بونی ئەم دیاردەیە فێربونی زمان قورستر دەكات ، بۆ ئەوانەی بیانەویٚ فێری زمانەكە ببن ، چونكە بونی چەند وشەیەك بۆ هەمان واتا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم فێربونی زمانەكەدا. بەڵام لە هەمان كاتیشدا ئاسانكاری بۆ قسەپێكەرانی بنەڕەتی ئەو زمانە دەكات ، چونكە لە بری بەكارهێنانی وشەیەك یان ڕستەیەك دەتوانن وشە و ڕستەی تر بەكاربهێنن ، بۆ گەیاندنی هەمان واتا. واتە هاوواتایی لە زماندا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە.دەتوانین بڵێین ، ئەم وشانە لە زمانی كوردیدا هاوواتای تەواون (هاوكاریكردن ــیارمەتیدان،پێدان ـــ بەخشین،...)

هاوكاریكردن=یارمەتیدان

**١٩٣-أ-ئەگەر مامۆستاكەم هاوكاری نەكردبایەم، ئەم نامەیەم ب نە دەنوسی.**

**ب-ئەگەر مامۆستاكەم یارمەتی نەدابایەم، ئەم نامەیەم بۆ نە دەنوسی.**

ڕستەی(١٩٣،أ،ب) ڕستەیەکی تەواوە و خاوەن هەردوو پێکهاتەی دەنگ و واتایە ، چونکە کەرەستەکان بەدەنگ نوێنراون و بەپێی یاسای زمانەکە داڕێژراون ، هەروەها پێکهاتەیەکی واتایی بە کەرەستەکان دراوە، و لەمەشەوە دەتوانین ، ئەو دوو ڕستەیە (١٩٣،أ،ب)بە هاوواتا دابنێین ، لە ڕستەی (١٩٣)دا هاوکاریکردن ، یارمەتیدان دەتوانن جێگەی یەك بگرنەوە و لەبری یەکتر بەکار بهێنرێن ، و هەمو کەسێکیش لێیان تێدەگات.

**١٩٤-أ-ئەگەر خوێندکارێکی زیرەك بیت، مامۆستا خەلاتت پێدەبەخشێت.**

**ب-ئەگەر خوێندکارێکی زیرەك بیت، مامۆستا خەلاتت پێدەدات.**

لە ڕستەی(١٩٤أ،ب)دا ڕستەیەکی تەواوە ، خاوەن هەردوو پێکهاتەی دەنگ و واتایە و بەهۆی پێکهاتە دەنگیەکەیەوە کەرەستەکان گۆکراون و هەروەها کەرەستەکان خاوەن پێکهاتەیەکی واتایین ، و لەڕێگەی فۆرمی لۆجیکی(پێکهاتەی واتایی)دەتوانین هەردوو ڕستەکە بەهۆی وشەکانی (بەخشین،پێدان) بە هاوواتای یەکتر دابنێین و بتوانن لەهەمو کاتێکدا لە بری یەك بەکار بێن.بەو واتایەی پێدان یان پێبەخشینی خەڵات بە زیرەکی خوێندکارەکەوە پەیوەستە. واتە زیرەکی خوێندکارەکە مەرجە بۆپێدان یان پێنەدانی خەڵاتەکە لەلایەن مامۆستاکەیەوە.

## ٢-هاوواتایی ناتەواو Partial Synonym :

ئەم جۆرە هاوواتاییە لەو وشانەدا بەدیدەکرێت، کە واتاکانیان لە یەکەوە نزیکن، بەڵام هەر وشەیەك بەلای کەمەوە لەسیمایەکی گرنگ جیاوازی لەگەڵ ئەوی تریان هەیە.(عەلی،تالیب حوسێن،٢٠١٤ :٥٢)بونی دوو وشە یان ڕستە یان زیاتر کە لە هەندێ شوێندا دەتوانن جێگەی یەك بگرنەوە ، بەڵام بۆ هەمو کاتێك ناگونجێت لەبری یەك بەکاربهێنرێن. واتە لەهەندێ کۆنتێکستی تایبەتدا دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە.(دوو وشە یان زیاتر لەڕوی واتاوە لەیەك نزیك دەبن ، و لەهەندێ شوێندا جێی یەکتر دەگرنەوە.(معین،سازان رەزا،٢٠٠٥ :٢٠)

وەك: خۆی پیشاندا،خۆی دەرخست،بینین،چاو پێکەوتن،دروستکردن،بەرهەمهێنان

**١٩٥-أ-گەر خۆیم پیشاندا، دەیناسمەوە.**

**ب-گەر خۆیم بۆ دەرخات، دەیناسمەوە.**

لە هەریەك لە ڕستەکانی(١٩٥)(أ،ب)دا کە خاوەن پێکهاتەی دەنگی و واتایین ، و بەهۆی پێکهاتەی واتایی ڕستەکانەوە دەتوانین هەردوو ڕستەی (خۆیم پیشاندات) و (خۆیم بۆ دەرخات) بە هاوواتای یەکتر دابنێین و

فۆرمی لۆجیکی ڕستەکان ئەوە دەردەخات ، کە ئەم دوو ڕستەیە لە هەمو بارێکدا ناتوانن ببنە هاوواتای یەکتر، لە بری یەکتر بەکاربێن.

**١٩٦-أ-ئەگەر ئارینا حەز بە خۆ دەرخستن بکات، سەرکەوتو نابێت .**

**ب-ئەگەر ئارینا حەز بە خۆپیشاندان بکات،سەرکەوتو نابێت.**

لە ڕستەی(١٩٦أ،ب)دا، هەردوو کرداری(خۆ دەرخستن و خۆ پیشاندان) لەو ڕستانەدا نەبون بە هاوواتاو ناتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن.دیارە کە بەهۆی فۆرمی لۆجیکی ئەو ڕستانەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە ئەم کەرەستانە ناتوانن لەو شوێنانەدا جێگەی یەکتر بگرنەوە.

**١٩٧-أ-ئەگەر حکومەت هاوکارمان بێت، دەتوانین ژمارەیەکی زیاتری پەنابەر وەربگرین.**

**ب-ئەگەر حکومەت هاوکارمان بێت،دەتوانین ژمارەیەکی زیاتری ئاوارە وەربگرین.**

لە ڕستەی (١٩٧ ،أ،ب) بەهۆی فۆرمی لۆجیکی ڕستەکانەوە دەتوانین ئەو ڕستانە بە هاوواتای ناتەواو دابنێین ، چونکە ناتوانن لە هەمو بارێکدا ببن بە هاوواتای یەکتر و لەبری یەك بەکاربێن.

**ب–دژ واتایی لە فۆرمی لۆجیکی ڕستەی مەرجدا Antonyms:**

دژواتا وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی پەیوەندییە واتاییەکان بەکاردێت ، بریتیە لە بەکارهێنانی دوو وشە ، دوو فرێز، دوو ڕستە، یان زیاتر کە دژی یەکتر بن. بە واتایەکی تر دژواتا ، بریتییە لە بەکارهێنانی دوو وشە، یان زیاتر لە ڕستەدا کە دژی یەك بن ، و واتای جیاوازیان هەبێت(سەعید،بێخاڵ عەبدوڵلا،١٩٨٩ :٨٤) ، کە لەڕێگەی شیکردنەوەی کەرەستەکان بۆ سیما سیمانتیکییەکان دەتوانین ئەم پەیوەندییە واتاییە لە وشەکاندا بدۆزینەوە. ئەو وشانە کە دژواتان لە ڕێزماندا هەمان ئەرکیان هەیە ، و سەر بەهەمان پۆلی ئاخاوتنن بۆ نمونە لەناودا (ژن×پیاو، کوڕ×کچ) ئاوەڵناو (جوان×ناشرین، کورت×درێژ) کردار (هاتن×ڕۆشتن ، پێدان×وەرگرتن) ئاوەڵکار(خێرا×لەسەرخۆ،زو×درەنگ). دژواتا بەشێکە لە واتاسازی ، پەیوەندییەکی واتایی دژ و پێچەوانە و جیاوازییە ، کە لە وشەیەك ، یان لەنێوان دوو وشە، یان دوو فرێز، یان دوو ڕستە بەدیدەکرێت.(ئەحمەد،مەسعود بەکر،٢٠١٥ :٣٧)دەتوانین سێ جۆر دژواتا لە زمانا دەستنیشان بکەین.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٠ :١٠٨) ئەوانیش دژواتایی (جیاوازی،پێچەوانە،بەرانبەریی) ئێمە لەم نامەیەدا ئاماژە بە دوو جۆر دژ واتا دەکەین، ئەوانیش:

## ١-دژواتایی پێچەوانە Convereseness :

ئەم پەیوەندییە دژواتاییە بە بەراوردکردنی وشەی وەکو (کڕین) و (فرۆشتن)،(دان) و (وەرگرتن)، (ژنهێنان) و(شوکردن) دەردەکەوێت.(فەتاح،محەمەد مەعروف،١٩٩٠ :١٦٧) واتە ئەو وشە و ڕستانەن کەواتای پێچەوانە دەگەیەنن لەگەڵ وشەیەکی تر یان ڕستەیەکی تری زمانەکەدا.(هاتن×چون،...)(سەعید،بێخاڵ عەبدوڵڵا،١٩٨٩ :٨٢)

(هاتن×چون)

**١٩٨-أ-ئەگەر ئەوان هاتن، پێم بڵێ.**

**ب-ئەگەر ئەوان چون، پێم بڵێ.**

(پێدان×وەرگرتن)

**١٩٩-أ-ئەگەر کتێبەکەت پێدا، منیش دەیخوێنمەوە.**

**ب-ئەگەر کتێبەکەت وەرگرت، منیش دەیخوێنمەوە.**

(کڕین×فرۆشتن)

**٢٠٠-أ-ئەگەر ئێمە تاقمەکەمان لەتۆ کڕی، نرخەکەیمان بۆ کەمبکەرەوە.**

**ب-ئەگەر تۆ تاقمەکەت بەئێمە فرۆشت، نرخەکەیمان بۆ کەمبکەرەوە.**

لە هەریەك لە ڕستەکانی(١٩٨,١٩٩,٢٠٠)(أ،ب)دا، خاوەن هەردوو پێکهاتەی دەنگی و واتایین ، و بەهۆی پێکهاتەی دەنگییەکانیانەوە ڕستەکان دەربڕاون ، هەروەها پێکهاتەی واتایی ڕستەکان ئەوە ڕوندەکاتەوە لە ڕستەکانی(١٩٨،أ،ب)دا، هەریەك لە کردارەکانی(هاتن،چون) دەتوانن ، بە تەنها وەك ڕستەش ڕۆڵ ببینن ، وەك(ئەگەر هاتن،پێم بڵێ-ئەگەر چون،پێم بڵێ) ئەو ڕستانە دژ واتای یەکترن. هەروەها ڕستەکانی(١٩٩أ،ب) بەهەمان شێوە(پێدان،وەرگرتن)دژواتای یەکترن ، ڕستەی(٢٠٠أ،ب)یش (کڕین،فرۆشتن) دژ واتای یەکترن.

## ٢-دژواتایی جیاوازی: incompatibility

ئەم جۆرە لە دژواتا لەسەر بنەمای جیاوازی و پەسەندکردن و پەسەند نەکردن لەنێوان کەرەستەکان دێتە ئاراوە.(ئەم پەیوەندییە بە بەراوردکردنی هەندێ وشە وەك نێر و مێ دەردەکەوێت ، کەڕەتکردنەوەی یەکێکیان ، پەسەندکردنی ئەوەی تریانە ، هەروەها بەپێچەوانەشەوە.(فەتاح،محەمەد،مەعروف،١٩٩٠ :١٦٥)

پەیوەندی جیاوازی بەستراوە بە بیرۆکەی نەرێوە.(معین،سازان رەزا،٢٠٠٥ :٢٥) بەو واتایەی ئەرێی یەکێکیان نەرێی بەرانبەر دەگەیەنێت، (ئەم جۆرە پێوەندییە لەنێوان دوو کەرەستەدا دەبێت ، کە پەسەندکردنی یەکێکیان واتای ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان دەگەیەنێت(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٠ :١٠٨)

ئەو وشانەن ، کە هەمو نیشانە سێمانتیکیەکانیان هاوبەشە، یەك نیشانەی سێمانتیکییان نەبێت. نیشانە ناوازەکەیان دەتوانرێت ، وەك دوو نیشانەی جیاوازیی حاڵەت بەهەمان ڕەهەندەوە بەشبکرێت (مەحوی، محەمەد ،٢٠٠٩ :٧٠).وەك: دایك –باوك،کچ–کوڕ،...

**٢٠١-أ-ئەگەر کوڕەکەی مامۆستام بینی، پێی دەڵێم سەردانت بکات.**

**ب-ئەگەر کچەکەی مامۆستام بینی، پێی دەڵێم سەردانت بکات.**

کوڕ=>>+مرۆڤ، ± هەراش،+نێر<<

کچ=>>+مرۆڤ، ± هەراش،–نێر <<

لە ڕستەکانی(٢٠١أ،ب)دا، کەدوو ڕستەی دژن، دژواتایی هەریەك لە ڕستەکانی(٢٠١،أ،ب)بەهۆی بونی وشەی (کچ،کوڕ) لە ڕستەکاندا دروستبووە ، کە دوو وشەی دژ و جیاوازن و دژواتایی جیاوازی ، لە ڕستەکاندا دروستکردووە، بەڵام مەرج نییە ، هەمو جیاوازییەکان دژواتایی دروستبکەن ، بۆنمونە ئاوەڵناوی ڕەنگ کە ناکرێت ، بە دژواتایان دابنێین بۆنمونە، ڕەنگی ڕەش و سپی ناتوانن هەمو کاتێك ببنە دژواتایی یەکتر بۆ نمونە:

**٢٠٢ –ئەگەر کراسەکە سپییەکەت بۆنەهێنام،کراسە ڕەشەکەم بۆ بهێنە.**

لە (٢٠٢)(سپی و ڕەش)دژواتایی دروستناکەن چونکە مەرج نییە کراسەکە ،کە سپی نەبو ڕەش بێت ، بەڵکو لەوانەیە سور،زەرد،پەمەیی،...بیت.

**٣–دژواتای بەرانبەری:**

ئەم جۆرە لە دژواتا لەو وشە و فرێز و ڕستانەدا دروستدەبێت کە واتاکانیان بەرانبەر یەکترن، وەك: بەخشین،وەرگرتن،....

**٢٠٣،أ- ئەگەر مامۆستاکەی دیارییەکە بە ئارۆ ببەخشێت،زۆر دڵخۆشدەبێت.**

**ب- ئەگەر ئارۆ دیارییەکە لە مامۆستاکەی وەربگرێت،زۆر دڵخۆشدەبێت.**

لە ڕستەی (٢٠٣،أ،ب)دوو ڕستەی بەرانبەرن بەهۆی هەردوو کرداری(بەخشین،پێدان)کە دژی یەکترن دژواتای بەرانبەری دروستبوە.

### دووەم/بۆچونەکانی کاتزو فۆدۆر و ڕستەی مەرج:

کاتزوفۆدۆر لەساڵی١٩٦٣ تیۆرییەکیان بەناوی (The structure of semantic theorys)بڵاو کردەوە، کە تێیدا گرنگیان بەسیمانتیك دەدا و لەڕێگەی شیکردنەوەی کەرەستەکان بۆ سیما واتاییەکان کە بە هێمای(+،−)ئاماژە بە بونی ئەو سیما یان نەبونی ئەو سیمایە لەو کەرەستە فەرهەنگی و ڕێزمانییە دەکەن، لەمەشەوە دیاردە واتاییەکانی ناو ڕستە دەدۆزرێنەوە، ئەمەش وەك ڕەخنەیەك بەرانبەر بە بۆچونەکانی چۆمسکی کە لە لە تیۆری ڕستەسازی بەرهەمهێنان خستبویە ڕو ، چونکە چۆمسکی لەم تیۆرییەیدا هەمو قورساییەکانی خستبووە سەر سینتاکس، و سینتاکسی بە تاکە بنەمای بەرهەمهێنانی ڕستە دادەنا ، بەبێ گوێدانە لایەنی واتایی ڕستەکان. واتە لەم تیۆرییەدا چۆمسکی تەنیا گرنگی بە سینتاکس دەدا(ئەو دوو زانایە پێیان وابو ئامانجی سیمانتیك لێکدانەوە و خوێندنەوەی ڕستەیە **(ئیبراهیم،بەشدار محەمەد،٢٠١٤ :٥١)** لەڕێگەی دەستنیشانکردنی سیما واتاییەکان کە سەرەتا بە سیماسینتاکسییەکان دەستپێدەکات ، دواتر سیما سیمانتیکییەکان ، پاشان سیماجیاکەرەوەیی ، دیاردە واتاییەکانی ناو ڕستە وەك (هاوبێژ،فرەواتا،هاوواتا، دژواتا،...) لەیەك جیادەکرێتەوە.(کاتزو فۆدۆر شیکردنەوەیەکی پوختیان بۆ وشە و واتاکانی وشە کردووە. بۆ ئەم مەبەستە سێ یەکەیان ژمارد، کە تێیدا وەکو کلیلێك بۆ لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی دانراوەکان، کە وشەیان پێکدەهێنابەکارهێنا، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشە بو. ئەو یەکانەش بریتی بون لە:دەستنیشانکردنی ڕێزمانی و دەستنیشانکردنی واتایی و دیاریکردنیان.**(ئەحمەد،مەسعود بەکر،٢٠١٥ :٢٩)**ئەو دوو زانایە هەوڵیانداوە، دیاردەی واتا بە هەستکردنەوە ببەستنەوە ، و لەڕێگەیەوە ناوێزەیی ڕستەکە ڕون بکەنەوە (بیردۆزی واتاسازی توانای لێکدانەوەی قسەکەران ڕاڤە دەکات و وەسفی دەکات، بەو سیفەتەی کە دەتوانن ژمارەی خوێندنەوەی ڕستەیەك دەستنیشان بکەن.**(عەلی، تالیب حوسێن،٢٠١٤ :٥٠)**.

**٢٠٤-أ-ئەگەر پیاوێکی دانا بێت،خەڵکی پرست پێدەکەن.**

**ب-ئەگەر پیاوێکی زانا بێت،خەڵکی پرست پێدەکەن.**

دانا= >>+مرۆڤ،+بەتەمەن،+نێر،−بوارێکی تایبەت<<

زانا=>>+مرۆڤ،+بەتەمەن،+نێر،+بوارێکی تایبەت<<

ڕستەی(٢٠٤،أ،ب) ڕستەیەکی مەرجییە ، و تێیدا مەرجێك خراوەتە ڕو ، چونکە خەڵکی لە کارو باردا پرس بە کەسێك دەکەن، گەر زانا یان دانا بێت ، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو دوو کەرەستەیە بۆ سیما واتاییەکانیان دەبینین ئەو ڕستانە کە خەڵك بە هاوواتای تەواویان دادەنێن دەردەکەوێت ، کە ئەو دوو ڕستەیە هاوواتای تەواو نین ، چونکە لە یەکێك لە سیماکاندا جیاوازن ، چونکە دەتوانیت بۆ هەمو کاروبارەکان پرس بە پیاوی دانا بکەیت ، واتە شارەزایی لە هەمو شتێکدا هەیە ، بەڵام پیاوی زانا شارەزایی لەبوارێکی تایبەت هەیە و تەنها لەو بوارانەدا دەتوانیت پرسیان پێبکەیت ، هەربۆیە نابن بە هاوواتای تەواو ، چونکە هاوواتای تەواو پێویستە دوو ڕستەکە لەهەمو سیماواتاییەکاندا وەك یەك بن و بۆ هەمو دەوروبەرێك دەستبدات.

**٢٠٥- أ-ئەگەر ڕاهێنەرەکەم پاڵپشتیم بکات،بەشداری پێشبڕکێیەکە دەکەم.**

**ب-ئەگەر ڕاهێنەرەکەم یارمەتیم بدات،بەشداری پێشبڕکێیەکە دەکەم.**

پاڵپشتیکردن=<<هاوکاریکردن،مەشق پێکردن،هاندان>>

یارمەتیدان=>>هاوکاریکردن،مەشق پێکردن<<

لە ڕستەی (٢٠٥،أ،ب)کە دوو ڕستەی مەرجین و تێیدا مەرجێك دانراوە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکە ئەویش پاڵپشتکردنی، یارمەتیدانی ڕاهێنەرەکەیە واتە گەر ڕاهێنەرەکە پاڵپشتی، یارمەتی نەدات ،بەشداری پێشبڕکێیەکە ناکات. هەربۆیە ئەو ڕستانە کە خەڵك بە هاوواتای تەواو لێی تێگەیشتون ،هاوواتای تەوا نین، چونکە سیماسیمانتیکیەکانی هەردوو کەرەستەی(هاوکاریکردن،پاڵپشتیکردن) جیاوازن.

## بەشی سێیەم/پراگماتیکی ڕستەی مەرج

### پاری یەکەم:پراگماتیك و پێشگریمانە(پەیوەندی و بابەتێتی)

زۆرجار لە سیمانتیکدا لێکدانەوەی دەربڕاوەکان ئاسان نییە، و ناتوانێت واتای تەواوی دەربڕاوەکان ڕون بکاتەوە ، بەڵکو پێویست دەکات بۆ گەیشتن بە واتای تەواوی دەربڕاوەکان بگەڕێینەوە بۆ ئەو کۆنتێکستەی ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە (پراگماتیك ، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە بەکارهێناندا ، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان ڕستەکان و دەوروبەر و ئەو بارانەی زمانی تێدا بەکاردێت. (هـ.د.ویدۆوسن،٢٠٠٨ :١٤٨) واتە هەر کات بەکارهێنان و لێکدانەوەی گوتنەکان پەیوەستکرا بە کات و شوێن و ئاوازەی دەربڕینەوە ، ئەو کات لێکدانەوەی پراگماتیك سەرهەڵدەدات ، چونکە زۆرجار بەکارهێنانی ڕستەکانی زمان لە کۆنتێکستێکی تایبەتدا واتا و مەبەستێك دەگەیەنن ، جیاواز لەو واتایەی بەهۆی ڕیزبونی ئارگومێنتەکان و ستراکچەری ڕستەکانەوە دروست دەبێت.

پراگماتیك گرنگی بە دوو لایەن دەدات و لێکۆڵینەوە لە دوو لایەن دەکات ، کە بریتین لە: واتای زاراوە زمانەوانییەکان بەپێی کۆنتێکستە جیاوازەکان واتە بارودۆخی گوتنەکان ، هەروەها تێگەیشتن لەو زاراوانە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە یاساکانی زمانەوە نییە(stephanmC.Levinson,1997 :9) واتە پراگماتیك ، زانستی بەکارهێنانی ڕستەکانی زمانە بەپێی کۆنتێکستە جیاوازەکان ، و لێکدانەوەی واتای گوتنە بەپێی ئەو کۆنتێکستەی گوتنەکەی تێدا دەربڕاوە.(بۆ گەیشتن و شارەزابون لەواتا پراگماتیکییەکانی زمان پێویستمان بە زانینی کۆنتێکستی ئەو بەکارهێنانە دەبێت، کە بریتییە لە ، قسەکەر، گوێگر، کات، شوێن، بابەتی ئاخاوتن، شێوازی دەربڕین، ئاوازەی گوتنەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی هێمای نازمانی وەك، نیشانە و وێنە و ئاماژەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی جەستە(عەلی،شێرزادسەبری،٢٠١٤ :٩)هەروەها باکگراوەندی زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر و کەلتور و ئاستی ڕۆشنبیری نێوان قسەکەرو گوێگر زەمینەی گەیشتن بە واتا پراگماتیکییەکانی زمان ئاسانتر دەکەن. دەتوانین بڵێین ، پراگماتیك بەکارهێنانی زمان لەگەڵ بەکارهێنانی هێماو ئاماژە نازمانییەکان دەگرێتەوە ، کە لە کۆنتێکستێکدا بەکاردەهێنرێن بەمەبەستی گەیاندنی واتایەکی شاراوە. واتە هەردوو لایەنی قسەکەر و گوێگر تێیدا بەشدارن ، بەشێوەیەك کە قسەکەر بەمەبەستێکی دیاریکراو زمان بەکاردەهێنێت ، هەروەها گوێگریش بە پشت بەستن بە زانیاری هاوبەشی نێوانیان و بابەت و چوارچێوەی ئاخاوتنەکە لە واتای پراگماتیکی و واتا شاراوەکانی گوتنەکان دەگات ، قسەکەریش دەزانێت کە گوێگر دەتوانێت لە واتا پراگماتیکییەکان بگات.

پێشگریمانەش بابەتێکی واتاییە و زیاتر لە چوارچێوەی پراگماتیکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ، چونکە بۆ هەڵهێنجانی واتا پێشگریمانەکراوەکان گوێگر پشت بە دەوروبەر و کەلتور و کات و شوێنی ئاخاوتنەکە دەبەستێت ، ئەمانەش ئەو بنەمایانەن کە پراگماتیکی لەسەر بونیادنراوە.(ئەو واتایانەی کە لەئەنجامی پێشگریمانەوە بەدەستدێن واتایەکی پراگماتیکییە و گوێگر ئەنجامیدەدات.(دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :١٥٥)کەواتە (پێشگریمانە، بریتییە لەو واتا شاراوانەی کە گوێگر لە گوتنەکانی قسەکەردا پێی دەگات. ئەمەش بەپشت بەستن بە باکگراوەندی(backgraound)زانیاری هاوبەش و دەوروبەری ئاخاوتن و شێوازی گوتنەکان بەدەستدەهێنرێت.( ذهبیة،حمود الحاج،٢٠١٢ :١٣٦) بەواتایەکی تر پێشگریمانە بریتییە لەوەی ، قسەکەر شتێ دەڵێت گوێگر بەپێی باکگراوەندی زانیاری هاوبەشی لەگەڵ قسەکەر و بەپێی کەلتور و دەوروبەر و ئاوازەی گوتنەکە کۆمەڵێك واتای تری لەشێوەی پێشگریمانە لێهەڵدەهێنجێنێت. (واتا پێشگریمانە کراوەکان لە گوتنەکانی قسەکەردا هەیە ، بەڵام ئەوەی پێی دەگات کاری گوێگرە ، چونکە پێشگریمانەکردن کاری گوێگرە.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٠٣) کۆمەڵێك هۆکار یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێت کاری پێشگریمانە ئەنجامبدات لەوانە: باکگراوەندی ڕۆشنبیری نێوان قسەکەر و گوێگر ، بەکارهێنانی هێما و ئاماژە نازمانییەکان ، تۆنی دەربڕینەکە ، بابەت و دەوروبەری ئاخاوتنەکە ، کە بریتییە لە (کات، شوێن،بابەتی قسە لەسەرکراو). دەکرێ ، هەندێ جار پێشگریمانە بەشێك بێت لەو دەربڕینەی کە قسەکەر دەریبڕیوە ، یان تەواوی ئەو دەربڕینە بێت ، ئەمە جۆرێکی پێشگریمانە پیشاندەدات ،کە ئەویش پێشگریمانەی سیمانتیکییە ، یان ئەوەی گوێگر پێشگریمانەی کردووە بەشێك نییە لە دەربڕینەکانی قسەکەر، بەڵکو زانیارییەکانی گوێگر یارمەتیدەری بون لە هەڵهێنجانی واتا پێشگریمانەکراوەکانیدا ،ئەم جۆرەیان بە پێشگریمانەی پراگماتیکی ناو دەبرێت.

پراگماتیك و پێشگریمانە پەیوەندییەکی پتەو بە یەکەوەی بەستون ، چونکە بۆ گەیشتن بە واتا شاراوە و پراگماتیکییەکانی ڕستەکان ، و هەروەها ئەنجامدانی کاری پێشگریمانە جگە لە پێشگریمانەی سیمانتکیی، پشت بە دەوروبەر و بۆنەو شێوازی دەربڕین و بونی داب و نەریت و کەلتوری هاوبەش و زانیاری و ڕۆشنبیری هاوبەش دەبەسترێت ، بەواتایەکی تر دەکرێت بڵێین ، بە پشت بەستن بە بنەماکانی پراگماتیك گوێگر دەتوانێت کاری پێشگریمانە ئەنجامبدات ، چونکە پێشگریمانە بابەتێکە لەبابەتەکانی پراگماتیك ، واتە بەشێکە لە پراگماتیك ، بەڵام پراگماتیك فراوانترە و کۆمەڵێك بابەت لە خۆ دەگرێت ، لەوانە:(پێشگریمانە، لێکەوتەی ئاخاوتەیی، نیشانکاریی،...)واتە پراگماتیك زانستێکی سەربەخۆیە، بەڵام پێشگریمانە بابەتێکە لە بابەتەکانی زانستی پراگماتیك. بۆنمونە:

**٢٠٦-ئەگەر ئاری کەسێکی بوێر نەبوایە، لێرە باسمان نەدەکرد.**

<<ئاری کەسێکی چاونەترس  ئازایە.

ئەگەر لە شوێنێکدا بێت و مەبەست پیاهەڵدان بێت . بەڵام هەمان ڕستە گەر قسەکەر بە پێکەنینەوە یان بە زەردەخەنەوە دەریبڕێت دەکرێت پێشگریمانەکان بەمشێوەیە بێت:

<<ئاری کەسێکی ترسنۆکە.

## ١-پێشگریمانە (دیاردەو پێناسە)

پێشگریمانە یان گریمانەی پێشینەیی، کە بەرانبەر(presupposition)ی ئینگلیزی و(الفرضية المسبقة)ی عەرەبی بەکاردێت ، بۆ یەکەمجار زانا فرێگە لە ساڵی(١٨٩٢) لێکدانەوەی بۆ کردووە و دەڵێت:(ئەگەر هەر شتێك دوپاتکرابێتەوە ، هەمیشە پێشگریمانەیەکی ڕونی هەیە وەك ناوە سادە و لێکدراو ، تایبەتەکان ، کە بەکارهێنراون و ئاماژەکردنێکیان تێدایە.(**146: Betty J.Birner,2013** )

پێشگریمانە ،دیاردەیەکی واتاییە و بەشێکی زانستی زمانە پەیوەندی بە توانست و چالاکی قسەکەر و گوێگرەوە هەیە ، بەشێوەیەك کە قسەکەر لەڕێگەی ئاخاوتنەوە(دەربڕین)ەوە بەگوێگری دەگەیەنێت ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بریتییە لە چالاکی ئاخاوتن ، دەکرێت ، ئەو دەربڕینە هەڵگری چەند واتایەکی تر بێت، گوێگریش بەپێی توانستی زمانی ، و هەروەها زانیارییە پێشینەکانی خۆی لەو بابەت و ئەو کۆنتێکستە لە ڕێی توانست و بەپێی ئەو بارە دەروونییەی تێیدایە ، بە واتا شاراوەکانی گوتنەکان دەگات، واتە پێشگریمانە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە تاکەوە. پێشگریمانە بەشێکە لە توانستی گوێگر دەربارەی زانیارییەکانی زمان ، یان پێشگریمانە، بریتییە لەو زانیارییە شاراوانەی لەلایەن قسەکەرەوە ئاراستەی گوێگر دەکرێت، جا زانیارییەکان چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەربڕابن.(گوێگریش بە پشت بەستن بە باکگراوەندی زانیاری هاوبەشی لەگەڵ قسەکەردا ، و هەروەها بە پشتن بەستن بەکۆنتێکستی گوتنەکان دەتوانێت ، کۆمەڵێك واتای تر لە شێوەی پێشگریمانە دابڕێژێت. (كەمال،دیار عەلی،٢٠٠٩ :١٠٣)زۆرجار لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا قسەکەر وتەیەك دەردەبڕێت ، گوێگر بەبێ ئەوەی بیر لە پێشگریمانە بکاتەوە، کۆمەڵێك واتای تر بۆ ئەو دەربڕینە دادەنێت ، کە ئەمەش بریتییە لە کردەی پێشگریمانە کردن.

واتە پێشگریمانە ، ئەودەربڕینەیە کە لەناو کۆنتێکستی گوتنەکەدا واتای پڕاوپڕی خۆی دەستەبەر دەکات. دەکرێت زانیارییەکان ڕاستەوخۆ بن ، واتە گوێگر لە چوارچێوەی ستراکچەری ڕستەکە پێشگریمانە بەدەست بهێنێت ، یان زانیارییەکان شاراوە و نا ڕاستەوخۆن . گوێگر بۆ گەیشتن بە واتا پێشگریمانەکراوەکانی ئەوجۆرە ڕستانە پێویستی بە زانیاری زیاتر دەبێت ، تاکو بتوانێت کاری پێشگریمانە

به ئەنجام بگەیەنێت . واتە پێشگریمانە بەرهەمی وەرگرە و بەپێی بابەت و ستراکچەری ڕستەکە ، و هەروەها بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی دەرەوەی ڕستەکە دەتوانێت کاری پێشگریمانە ئەنجامبدات.(کەریم،عومەر مەحمود،٢٠٠٩ :٤١)

**٢٠٧-أ-ئەگەر هاوڕێکەی هانی بدات،ئاری لە خوێندنەکەی سەرکەوتو دەبێت.**

دەکرێت، ڕستەی(٢٠٧)بە دوو شێوە پێشگریمانەی بۆ بکرێت:

١-گەر پێشگریمانەکە ڕاستەوخۆ لە ستراکچەری ڕستەکەوە بەدەستبێت. ئەوا گوێگر بەمشێوەیە پێشگریمانە بۆ ڕستەی(٢٠٧،أ)دەکات:

<<ئاری خوێندکارە.

<<هاوڕێکەی کەسێکی باشە ، و دەیەوێت ئاری لە خوێندندا سەرکەوتو بێت.

بەڵام گەر ڕستەی(٢٠٧،أ)لەدەوروبەرێکدا ، کە باس گرنگی نەدانی ئاری بەخوێندن و هاوڕێکانی ئاری بکرێت، ئەوا، دەکرێت ئەم پێشگریمانانەی هەبێت:

<<ئاری خوێندکارە.

<<هاوڕێکەی حەزی بە سەرکەوتنی ئاری نییە ، و بەردەوام هانی دەدات بۆ ئەوەی نەخوێنێت.

کردەی پێشگریمانە نابەسترێتەوە بە ئەرێ و نەرێی ڕستەوە ، واتە لە هەردوو دۆخەکەدا ڕستەکە هەمان پێشگریمانەی لێبەدەستدەهێنرێت. (محەمەد،دارا حەمید، ٢٠١٢ :١٠٤) بەمشێوەیە گەر کاری ڕستە (٢٠٦) نەرێ بکرێتەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەرئەنجامەکانی پیشگریمانە نابێت و بە نەرێکراویش هەمان پێشگریمانە بە دە ست دە هێنرێت.

**٢٠٧-ب-ئەگەر هاوڕێکەی هانینەدات،ئاری لە خوێندنەکەی سەرکەوتو دەبێت.**

<<ئاری خوێندکارە.

<<هاوڕێکەی ئاری کەسێکی باش نییە.

<<هانی ئاری بۆ دورکەوتنەوەی لە خوێندن دەدات.

ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە پێشگریمانە  لە ئینتەلمێنت جیا دەکاتەوە ، چونکە لە گرتنەوەدا نەرێ کردنی ڕستەکە کاریگەری  لەسەر گرتنەوە دەبێت . بەڵام پێشگریمانە بە ئەری و نەرێ وەك خۆی دەمێنێتەوە. (دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :١٥٧) گرتنەوە(Entailment) دیاردەیەکی پراگماتیکی نییە ، بەڵکو پەیوەندییەکی لۆجیکی نێوان دوو ڕستەیە ، کە تێیدا دروستی ڕستەی دووەم ، بەخورتی دوای دروستی ڕستەی یەکەم دێ.( کەمال، دیارعەلی،٢٠٠٩ :٩٩) واتە گرتنەوە ئەو پەیوندییەیە ، کە لەسەر بنەمای لۆجیکی نێوان دوو ڕستە یان زیاتر دروستدەبێت و ڕۆڵ  و بۆچونی تاکەکەسییەکانی تێدا کورت دەبێتەوە، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەو جۆرە ڕستانەدا هەیە پەیوەندییەکی لۆجیکییە و دوورە لە تێڕوانین و خواست و ئارەزوی قسەکەر ، قسەکەر ناتوانێت هیچ مەبەستێکی خۆی بترنجێنێتە ناوییەوە بەشێوەیەك لەمەبەستی بگۆڕێت ، چونکە پەیوەندی نێوان ڕستەکان پەیوەندییەکی ناچارییە.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٠٤)

**٢٠٨-أ-ئەگەر بەقسەی پزیشکەکەت بکردایە،نەخۆشنەدەکەوتی.**

>>ئەو نەخۆشە.

**ب-ئەگەر بەقسەی پزیشکەکەت نەکردایە،نەخۆشدەکەوتی.**

>>ئەو نەخۆشە.

دیارە نەرێکردنی ڕستەکە ئینتەلمێنتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە ، چونکە ئەو بە قسەی پزیشکەکەی کردووە و خۆی پاراستووە هەربۆیە نەخۆش نەکەوتووە لە ڕستەی (٢٠٨،ب)دا ، نەرێکردنی ڕستەکە کاریگەری لەسەر گرتنەوەکە هەیە ، گرتنەوەکەی هەڵوەشاندۆتەوە.

هەروەها لە پێشگریمانەدا دەکرێ ، ئەو شتە لە دنیای واقعدا نەبێت ، بەڵکو تەنیا لەڕێگەی خەیاڵکردنەوە بێت ، بەڵام گرتنەوە دەبێت ئەو شتە لە واقعدا هەبێت ، ئەگینا ئینتەلمێنتەکە هەڵدەوەشێتەوە. واتە ڕاستی بونی شتەکانی دەوروبەری بەدەستهێنانی ئینتەلمێنتە. ئەمەش خاڵێکی تری جیاوازییە لەنێوان پێشگریمانە و گرتنەوەدا(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٠٤).

**٢٠٩-ئەگەر بێن،دۆناڵی مراوی دەبینن،کە دەفڕێ.**

>>دۆناڵد باڵندەیە.

لەڕوی لۆجیکەوە ڕاستی ڕستەی دووەم پەیوەستە بە ڕاستی ڕستەی یەکەمەوە.

**٢١٠-أ-ئەگەربێم،باڵندەیەکی جوانت بۆ دێنم.**

**ب-<<ئەگەر بێم،کەروێشکێکی جوانت بۆ دێنم.**

دیارە پەیوەندی لۆجیکی لەنێوان ئەو دوو ڕستەیە(٢١٠،أ،ب)دا، نییە بۆیە ئینتەلمێنتەکە هەڵوەشاوەتەوە. چونکە کەروێشك جۆرێك نییە لە باڵندە بەڵکو (کەناری،کۆتر،...)جۆرەکانی باڵندەن.

بەکورتی دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە جیاوازی نێوان پێشگریمانە و ئینتەلمێنت بخەینە ڕو:

١-پێشگریمانە پەیوەست نییە بەمەرجی ڕاستی دەربڕینەکان ، بەپێچەوانەوە ئینتەلمێنت مەرجی ڕاستی دەکاتە بنەمای ئینتەلمێنت.

٢-نەرێکردن کاریگەری لەسەر پێشگریمانە نابێت، بەڵام نەرێکردن زۆرجار ئینتەلمێنت هەڵدەوەشێنێتەوە.

٣-پێشگریمانە پەیوەست نییە بە لۆجیك بونی شتەکان لە سروشتدا واتە ، مەرج نییە شتە باس لێوەکراوەکە لۆجیکی بێت. بە واتایەکی تر باکگراوەندی زانیاری دەبێتە بنەما بۆ هەڵهێنجانی پێشگریمانە، بەڵام لە ئینتەلمێنتدا، پێویستە شتە باس لێوەکراوەکە لە لۆجیکدا بونی هەبێت. بەو واتایەی لۆجیك دەبێتە بنەمای ئینتەلمێنت.

٤-پێشگریمانە دەکرێت ، لەجۆرێك زیاتری ڕستە وەك(پرس،سەرسوڕمان،فەرمان)دا بەدەستبهێنرێت ، بەڵام ئینتەلمێنت لە ڕستە هەواڵیەکاندا بەکاردێت(Geoffery, Leech,1977:53 ).

٥-پێشگریمانە تەنیا کاری گوێگرە ، بەپێچەوانەوە گرتنەوە هەردوو لایەنی قسەکەر و گوێگر بەشداری تێدا دەکەن.[١٣]

**٢١١-ئەگەر ئازاد یەکەم بێت،باوکی ئۆتۆمبێلی بۆ دەکڕێت.**

<<ئازاد خوێندکارە.

<<ئازاد خوێندکارێکی زیرەکە.

دیارە ئەو واتایانەی کە لە ڕستەی (٢١١)دا ، بەدەستهاتوە لە خودی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکەوە بوە بەبێ پێویستی گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی دەوروبەری ڕستەکە.

---

١٣-سەبارەت بە پێشگریمانە و جیاوازی لەگەڵ گرتنەوە بڕوانەئەم سەرچاوانە(کەمال، دیار عەلی،٢٠٠٩ .محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ .دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ )

واته زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خراونەتە ڕو.

**٢١٢-ئەگەر ئێوە ڕازی بن ،ئالان کۆبونەوەکە بەڕێوە دەبات.**

<<کۆبونەوەیەك دەکرێت.

<<پێشنیاز دەکەن ئالان کۆبونەوەکە بەڕێوە ببات.

<<ئالان کەسێکی وریایە ، و دەتوانێت سەرپەرشتی کۆبونەوە بکات.

لە ڕستەی(٢١٢)دا، قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی نەگەیاندووە، لەبەرئەوە گوێگر پێویستی بە زانیاری زیاترە،تاکو بتوانێت کۆمەڵێك واتا لە شێوەی پێشگریمانە لەو ڕستەیەدا بەدەستبهێنێت.

بۆنمونە: کۆبونەوەکە لەچ بوارێکدایە (سیاسی، حکومی، پەروەردەیی، تەندروستی، هونەری،...)، هەروەها پێویستی بە ناسینی کەسایەتی (ئالان)ە (کەسێکی زیرەکە،کەسێکی نزیك لە دەسەڵاتە،....).

**٢١٣-ئەگەر موچە لەکاتی خۆیدا بدرێت،بازاڕ دەبوژێتەوە.**

<<موچە دوا دەکەوێت.

دیارە هەڵهێنجانی پێشگریمانە لە ڕستەی (٢١٣)دا ، ڕاستەوخۆ لە ستراکچەری ڕستەکەوە بەدەستهاتوە.

سەبارەت بە پێناسەکردنی پێشگریمانە ئەوا چەندین پێناسە بەپێی بۆچونی زمانەوانەکان بۆ دیاردەکە کراوە،بەڵام ئێمە لێرەدا پێناسەی چەند زمانەوانێك دەخەینەڕو:

١-پێشگریمانە ، پەیوەستە بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و فرێز و ڕستە ، ئەم ئامرازە زمانەوانیانە دەرخەری پێشگریمانەی ناوەکی یان شاراوەن ، کە دەتوانرێت ، لە بارودۆخەکاندا ببێت بە پێشگریمانەی ڕاستی.(George ,Yule,1996:27 ) یان (پێشگریمانە بریتییە لەوەی ، کە قسەکەر پێشگریمانە بۆ دۆخێك دەکات ، کە پێشتر گوتنەکەی لەسەر بونیاد نرابێت.( **هەمان سەرچاوە:25**)

٢-پێشگریمانە ، لەلایەن گوێگر یان خوێنەرەوە ئەنجامدەدرێت دەربارەی ئەو واتایانەی ، کە لە گوتنەکانی قسەکەر یان نوسەردا هەیە.(George, Yule,2006:248 )یان پێشگریمانە بریتیە، لەو واتایانەی کە قسەکەر لە گوتنەکانیدا بەڕاستی دەزانێت و گوێگریش دەزانێت ئەو واتایانە چین.(**هەمان سەرچاوە:117** )

٣–هەر زانیارییەك كە ڕستەكە دەریببڕێت و لەژێر كاریگەری پرۆسەی ئەرێ و نەرێدا نەگۆڕێت ، ئەوە پێی دەوترێت پێشگریمانە.(Elizabeth, Bates,1996:21 ) واتە ئەو زانیارییانەی كە لەو ڕستەیەدا هەڵدەهێنجێنرێن بە ئەرێ و نەرێی ڕستە بەدەستدەهێنرێت. پرۆسەی ئەرێ و نەرێی ڕستە وەك تاقیكردنەوەیەك بەكاردێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین ، كە ئەو زانیارییانەی لە ڕستەكەدا هەن پێشگریمانەیان لێهەڵدەهێنجێنرێت. یان (پێشگریمانە ، ڕێگەیەكە لە بەكارهێنانی ڕستە ، بەمەبەستی قسەكردن لەسەر چەند زانیارییەك ، كە پێشگریمانە كراوە و لەلایەن قسەكەرەوە هاوبەشی پێكراوە(هەمان سەرچاوە :25 ).

٤–پێشگریمانە، ئەو بیرو بۆچونەیە ، كە كۆمەڵێك زانیاری دەگرێتە خۆ ، بەڵام ئەو زانیارییانە بە ئاشكرا ئاماژەی بۆ نەكراوە.(Dawn, Archer…,2012:30 ) واتە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەبەستی گوتنەكە ناكات ، بەڵكو گوێگر بەپێی باكگراوەندی زانیاریی ، و بەپێی كۆنتێكستەكەی پێشگریمانە لەو گوتنە هەڵدەهێنجێنێت و بە واتا شاراوەكانی گوتنەكە دەگات.

٥–دیاردەی پێشگریمانە كردن ، یان پێشگریمانە بۆچونێكی واتاییە ، بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان ڕستەكانی زمان، لێرەدا پەیوەندی دوو لایەنی بریتییە، لە پەیوەندی ناوخۆیی زمانی نێوان ڕستەكان لە لایەك و پەیوەندی دەرەكی(دەرەوەی زمان)ی ڕستەكان بە دەوروبەری خۆیانەوە لە لایەكی ترەوە.(كەمال، دیار عەلی:٢٠٠٩، ٢٩) یان(پێشگریمانە بریتییە ، لە هەڵهێنجانی واتایەك لە ڕستەیەكی دیاریكراودا ، لەلایەن وەرگری ڕستەكەوە(هەمان سەرچاوە :٩٨).

٦–پێشگریمانە، بابەتێكی واتاییە ، ئاماژە بۆ ئەو واتایانە دەكات ، كە لەلایەن گوێگرەوە لە گوتنەكانی قسەكەردا هەڵدەهێنجرێت(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٠٣).

٧–ئاماژە هێماییەكانی نوسەر گریمانەی پێدانی هەندێ زانیاری نوێیە، بە خوێنەر، كە بەهۆیەوە مەبەستەكانی پراگماتیك دەگەیەنێت.(عەلی،بەكر عومەر،٢٠١٤ :٢٥)

٨–پێشگریمانە بریتییە ، لە هەڵهێنجانی واتایەك لە دەربڕینێكی دیاریكراودا لەلایەن وەرگری گوتارەكەوە، چونكە لە ڕاستیدا وەرگری گوتارەكە پێشگریمانە دەكات نەك قسەكەر.(دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :١٥٥)

كەواتە دەتوانین بڵێین ، پێشگریمانە بریتییە ، لە بەدەستهێنانی كۆمەڵێك زانیاریی زیادە لەلایەن گوێگرەوە لەو دەربڕینانەی كە قسەكەر ئاڕاستەی (گوێگری)دەكات ، واتە گوێگر پێشگریمانە لە گوتنەكانی قسەكەردا هەڵدەهێنجێنێت. كۆمەڵێك زانیاری لەشێوەی پێشگریمانە بەدەستدەهێنێت ، ئەو زانیارییانەش شاراوەن، واتە قسەكەر بە ئاشكرا لە دەربڕینەكانیدا ئاماژەی بۆ نەكردون و دەرینەبڕیون. بەدەستهێنانی ئەو

زانیارییانەش دەکرێت ، تەنیا لە ڕێگەی ستراکچەری ڕستەکەوە بێت ، واتە چۆنیەتی ستراکچەری ڕستە دەتوانێت کۆمەڵێك زانیاری لەشیوەی پێشگریمانە بە گوێگر بدات ، یان لە ڕێگەی پشت بەستن بە زانیارییەکانی دەرەوەی ڕستەکە. واتە پێشگریمانە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بە واتا شاراوەکانی گوتنەکان، بەبێ ئەوەی پێویستی بە شیکردنەوە هەبێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ، پێشگریمانە پەیوەستە بەوەی دەبڕینەکان ، لە دەوروبەردا چ واتایەك دەگەیەنن و بەپێی زانیارییە پێشینەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر ئەو واتایانە ڕوندەبێتەوە.

## ٢-پێشگریمانەو کەلتور Presupposition And Cultures :

یەکێك لە بابەتەکانی پراگماتیك کە زمانەوانان ئاماژەیان بۆ کردووە پێشگریمانەیە ، واتە هەڵهێنجانی چەند واتایەك لە ڕستەیەکدا لەلایەن گوێگرەوە. لێکدانەوەی ئەم بابەتە بەزۆری دەچێتە ناو زانستی پراگماتیك ، چونکە بەدەستهێنانی واتاکانی ناو دەربڕینە زمانییەکان تاڕادەیەکی زۆر پشت بە کۆنتێکست دەبەستن ، و کەلتوریش بەشێکە لە کۆنتێکست ، بۆیە (زۆرجار پێشگریمانە وەك بەربەستێك دەبێت لە تێگەیشتنی هەندێ لە دەربڕاوەکان ، بەتایبەت ئەگەر کەسەکان شارەزای کەلتوری یەکتر نەبن ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر لەکات و شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا بکرێت ، ئەوا دەبێتە یەکێك لە بنەماکانی کردەی لێکگەیشتن.(Jacob, L.Mey,2001:264 ) بەو واتایەی گەر کەسەکان شارەزایی کەلتوری یەکتر بن ، کردەی لێکگەیشتن ئاسان دەبێت ، چونکە کردەی لێکگەیشتن تەنیا بەهۆی ڕیزبون و ڕێکخستنی وشەکان ( word order)ی زمان نایەتە ئاراوە ، بەڵکو کەلتور ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ ڕونکردنەوەی واتای دەربڕاوەکان (مەسجەکان) . کەلتوری هاوبەش لە کردەی لێکگەیشتندا یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بەواتا شاراوەکانی گوتنەکان ، بەشێوەیەك تا چەند لێکنزیکی و شارەزایی لەنێوان هاوبەشەکانی ئاخاوتن (قسەکەر ،گوێگر) هەبێت ئەوەندە کاری پێشگریمانەکردن ئاسانتر دەبێت. بەپێچەوانەشەوە دوری کەلتورەکان هەڵە تێگەیشتن لە مەبەستی گوتنەکاندا دێنێتە ئاراوە ، و کاری پێشگریمانەکردن قورستر دەکات.(چەمکی پێشگریمانە ، بوارێکی فراوان دەگرێتەوە لەوانەش زانیاری گشتی و دەوروبەری بار (دۆخی گوتنەکە) و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان قسەپێکەران.(دزەیی،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ :١٥٦)کەواتە کەلتور ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ڕونکردنەوەی واتا پێشگریمانە کراوەکاندا.

ستالنکر، دەڵێت: (گەیاندن گونجاو نابێت ، ئەگەر هاوبەشەکانی ئاخاوتن باکگراوەندێکی هاوبەشیان نەبێت ، چونکە هەبونی ئەم باکگراوەندە پێویستە بۆ گەیاندن و بەبێ هەبونی باکگراوەندی هاوبەش گەیاندنەکە گونجاو نابێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە هەندێ زانیاری شاراوە بەدەستنەهێنن) . (عەلی،

شێرزاد سەبری،٢٠١٤ :١٥٢) ئاشكرایە ، میللەتان خاوەنی چەندین بۆنەو كەلتورن هەندێك لەو بۆنە و كەلتورانە بون بە بۆنە و كەلتورێكی گشتی و لای هەمو یان زۆربەی میللەتان دەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بۆنە و كەلتور هەن كە مۆركی نەتەوەیەكی دیاریكراوی پێوەیە. یەكێك لە تایبەتمەندییە پراگماتیكییەكانی پێشگریمانە پەیوەستە بە زانیاریمان دەربارەی ئەو كۆمەڵگایەی تێیدا دەژین.

پێشگریمانە و كەلتور پەیوەندییەكی پتەویان پێكەوە هەیە ، چونكە دەتوانین لە چوارچێوەی هوشیاریی كۆمەڵایەتی لێكدانەوە بۆ گوتنەكان بكەین ، لەبەرئەوەی گوێگر بەگوێرەی شارەزایی خۆی لە كەلتوری ئەو كۆمەڵگایەی كە ئاخاوتنەكەی تێدا ئەنجامدراوە دەتوانێت ، پێشگریمانە بۆ ئەو دەربڕینانە بكات ، گوێگر بۆ هەڵهێنجانی پێشگریمانە پێویستی بە زانیاریی دەوروبەری زمانی دەبێت. هەروەها پێویستی بە زانیاریی هاوبەش و كەلتوری هاوبەشیان هەیە. كەواتە كەلتور ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە هەڵهێنجانی واتا لەشێوەی پێشگریمانەدا. بەبێ بونی كەلتورێكی هاوبەش یان شارەزابونی كەلتوری نەتەوەكان كاری پێشگریمانە سەركەوتو نابێت ، چونكە پاشخانی زانیاری كەسەكان بەپێی ئەو كۆمەڵگایەیە كە تێیدا دەژی، لەناو ئەو كۆمەڵگایەش كۆمەڵێك داب و نەریت هەیە، كە گوێگر شارەزایانە و دەیانزانێت ، بە پشت بەستن بەو پاشخانە كۆمەڵایەتییەی كە لەگەڵ قسەكەردا هەیەتی كردەی پێشگریمانەكردنەكەی بۆ ئاسان دەكات.(بۆ تیشك خستنە سەر پێشگریمانەی پراگماتیكی ، پێویستە پێشگریمانەكە لەژێر ڕوكەشی كەلتورەوە بدۆزینەوە ، بۆ ئەمەش دەبێت سەیری كەلێن و وردەكاری شوێنە شاراوەكانی گوتنەكان بكەین كە تێیدا دەتوانرێت واتا شاراوەكان بخرێنە ڕو ، بۆ ئەوەی لە واتا شاراوەكانی گوتنەكان بگەین.(**Jacob, L.Mey,2001:264** )هەر ڕستەیەك كە دەردەبڕێت ، گوێگر كۆمەڵێك پێشگریمانەی بۆ دەكات، هەڵهێنجانی ئەو واتایانەپشت بە كۆمەڵێك بنەما دەبەستێت ، كەلتوریش یەكێكە لە بنەماكان بۆ بەدەستهێنانی پێشگریمانە.

**٢١٤-ئەگەر ئەمساڵیش فیستیڤاڵەكە كرا، ئێمە جلوبەرگی كوردەواری دەپۆشین.**

>>فیستڤاڵێكی كەلتوری هەیە.

>>فیستیڤاڵەكە نەتەوەییە.

>>ئەو فیستیڤاڵە تایبەتە بە نەتەوەی كورد.

>>ساڵانە ئەو فیستیڤاڵە دەكرێت.

دیارە هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی (٢١٤)دا، لەشێوەی پێشگریمانەدا لەئەنجامی شارەزایی گوێگرە لەبارەی كەلتوری كورد.

**٢١٥-ئەگەر ئاگری نەورۆز لەسەر قەلا بکرێتەوە،منیش بەشداریدەکەم.**

<<یادێکی نەتەوەیی هەیە.

<<لەو یادەدا ئاگر دەکرێتەوە.

<<ئەو یادە تایبەتە بە نەتەوەی کورد.

<<لە ئێوارەی(٣/٢٠)هەمو ساڵێك یادی ئەم بۆنە نەتەوەییە دەکرێتەوە.

<<ئەو شوێنەی یادەکەی تێدا دەکرێتەوە، شوێنەوارێکی کۆنی لێیە.

ئەگەر کەسێکی ئەوروپی گوێی لە ڕستەی (٢١٥) بێت، ناتوانێت ئەو پێشگریمانانە لە گوتنەکەدا هەڵبهێنجێنێت ، چونکە باکگراوەندی زانیاری ئەو کەسە ئاگری نەورۆزی تێدا نییە ، هەربۆیە کردەی پێشگریمانە سەرکەوتو نابێت . چونکە پێویستی بە ڕونکردنەوە و پێدانی زانیاری دەبێت دەربارەی ئاگری نەورۆز و هۆکاری کردنەوەی ئەو ئاگرە.

**٢١٦-ئەگەر بۆ ئاهەنگەکە قاتی شاڵ بپۆشیت،قۆزتر دەردەکەویت.**

<<قاتی شاڵ جۆرێکە لە جۆرەکانی جلی کوردی.

<<خەڵکی لەبۆنە و ئاهەنگەکاندا زیاتر جلی کوردی دەپۆشن.

لە ڕستەی(٢١٦)دا (قاتی شاڵ) ، جۆرێکە لە جلوبەرگی کوردی ، جلی کوردیش بەشێکە لە کەلتوری کورد، بۆیە کەسێکی بیانی نازانێت قاتی شاڵ چ جۆرە جلێکە هەربۆیە ناتوانێت ، بەشێوەیەکی دروست پێشگریمانە بۆ ئەو ڕستەیە بکات.

**٢١٧-ئەگەر سەرۆك بەش ڕێگەمانبدات،لەڕۆژی جلی کوردیدا ئاهەنگێك سازدەکەین.**

<<ڕۆژێکی تایبەت بە جلی کوردی هەیە.

<<ئەو ڕۆژە تایبەتە بەنەتەوەی کورد.

<<هەمو ساڵێك لەو ڕۆژەدا پۆشینی جلی کوردی لە شوێنە فەرمییەکاندا ئاسایی دەبێت.

**٢١٨-ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە،دوژمنان ئێمەیان لەناودەبرد.**

<<پێشمەرگە هێزێکی کوردییە ، و بەرگری لە خاك و نەتەوەی کورد دەکات.

<<دوژمنانی کورد بە درێژایی مێژو هەوڵ بۆ لەناوبردنی کورد دەدەن.

دیارە لە ڕستەی(٢١٨)هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە کەلتوری کورد ، وشەی پێشمەرگە تایبەتە بە میللەتی کورد.

**٢١٩-گەر لە جەژنی قوربانـدا قوربـانی بکەیت، خێرێکی گەورەت بۆ دەنوسرێت.**

<<جەژنی قوربان بۆنەیەکی ئاینی تایبەت بە نەتەوەی موسوڵمانە.

<<خەڵك لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانەوە قوربانی دەکەن.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لەشێوەی پێشگریمانە لە ڕستەی(٢١٩)دا ، لە ئەنجامی شارەزا بونە لە کەلتوری موسوڵمانان ، بێگومان گەر کەسێکی ئەوروپی یان کەسێك کە سەر بە هەمان دین نەبێت ڕستەی (٢١٩)گوێ لێبێت ، ناتوانێت پێشگریمانەکە بە سەرکەوتویی ئەنجامبدات ، چونکە لە کەلتوری ئەودا بۆنەیەك نییە بەناوی جەژنی قوربان و قوربانیکردنەوە.

**پاری دووەم:**

**پۆلێنکردنی پێشگریمانە و ڕستەی مەرج :**

هەر ڕستەیەك ، کە دەردەبڕدرێت چ سادە بێت یان تێکەڵ(لێکدراو ، ئاڵۆز)، پێشگریمانەیەك یان زیاتر لەخۆ دەگرێت. هەڵهێنجانی ئەم پێشگریمانانەش لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و بابەتی قسە لەسەر کراو و ئەو کۆنتێکستەی گوتنەکەی تێدا بەرهەمهاتووە دەبێت. زۆرجار قسەکەر ڕستەیەك دەڵێت بەهۆیەوە گوێگر دەتوانێت ، چەند واتایەك لەو دەربڕینە لەشێوەی پێشگریمانە هەڵبهێنجێنێت. بێگومان هەڵهێنجانی چەند واتایەك لە ڕستەیەکدا دیاردەی ئیکۆنۆمیکردن لە زماندا دەهێنێتە ئاراوە ، بەوەی قسەکەر وزەیەکی کەمتر بۆ گەیاندنی بیرەکانی ناو مێشکی بەکار دەهێنێت و گوێگر بە پشت بەستن بەو بنەمایانەی، کە کاری پێشگریمانەی لێبەدەستدێت ، پێشگریمانە بۆ ئەو گوتنانە دەکات ، واتە گوێگر کاری پێشگریمانە ئەنجامدەدات.

کاتێك ئێمە زاراوەیەك یان ئاماژەیەك بەکاردەهێنین ، دەتوانین ، بەئاسانی پێشگریمانەی ئەوە بکەین ، ئەو گوێگرانە دەتوانن ئەو ئاماژانە بناسنەوە ، کە قسەکەر مەبەستی بو.(**George, Yule,2006: 117** ) قسەکەر ئەو مەسجە زمانییەی بەشێوەیەکی وا دادەڕێژێت ، کە گوێگر بتوانێت پێشگریمانەیەك یان چەند

پێشگریمانەیەك لەو مەسجە هەڵبهێنجێنێت ، لەوانەشە ئەو پێشگریمانانە ڕاست نەبن ، بەتایبەت ئەگەر ئەو دوو کەسە سەر بە دوو کۆمەڵ و نەتەوەی جیاواز بن ، بەڵام گوێگر بەپێی زانیارییەکانی خۆی پێشگریمانە بۆ ئەو ڕستانە دەکات ، لەزۆرکاتدا قسەکەر بە پشت بەستن بە باکگراوەندی زانیاری هاوبەشی نێوانیان دڵنیایە لەوەی کە گوێگر دەتوانێت لەو واتا شاراوانە بگات ، کە ئاراستەی گوێگری کردووە. سەبارەت بە ڕستە مەرجییەکان کە جۆرێکی ڕستەی ئاڵۆزە قسەکەر لەکاتی دانانی مەرجێك ، بۆ جێبەجێ بونی کارێك یان ئەنجامدانی کارێك کۆمەڵێك ئەگەر(احتمال)، یان واتای تر لەشێوەی پێشگریمانە دادەنێت ، کە گوێگر پێیان دەگات. واتە ڕستە سەرەکییەکە بەپێی ڕستە مەرجییەکە پێشگریمانەی بۆ دەکرێت.(kattunen ، زاراوەی (فلتەر) بۆ ئامرازە گەیەنەرەکانی وەك(ئەگەر)ی بەکارهێناوە ، بۆ ئەوەی ڕێگە بە پێشگریمانەکردن بدات لە بەشی گەورەتردا واتە پێشگریمانە زیاتر لە یەك ڕستە بەدەستدێت (وەك ڕستەی مەرجییەکان کە لە دوو ڕستە پێکدێن ، ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتو).(**Betty, J.Birner,2013 : 157** ) بەو واتایەی کە ئەم ئامرازانە ڕێگە بە تێپەڕبونی ڕستەی سەرەکی دەدەن ، لەوێشەوە دەتوانرێت ، پێشگریمانە بۆ ڕستەکە بکرێت ، ئەرێ و نەرێ کاریگەری لەسەر پێشگریمانەی ڕستە مەرجییەکان نابێت. بۆ نمونە:

**٢٢٠-أ-ئەگەر کارەکە بۆ یاران جێبەجێ بکەیت،من پاداشتت دەکەم.**

سەرەتا گوێگر بەپێی ئەو پاشخانە هاوبەشەی لەگەڵ قسەکەردا هەیەتی و بەپێی کۆنتێکستی ئاخاوتنەکە دەتوانێت ، کۆمەڵێك واتای تر لەشێوەی پێشگریمانە بۆ ڕستەی(ئەگەر کارەکە بۆ یاران جێبەجێ بکەیت) بکات. وەك:

لە ڕستەی (٢٢٠)دەکرێ ، پێشگریمانەی ئەوە بکەین کە:

<<یاران پێویستی بە یارمەتی هەیە.

<<قسەکەر یاران دەناسێت.

لەمەشەوە گوێگر دەتوانێت چەند واتایەکی تر لە ڕستەی وەڵامی مەرجەکە بەدەستبهێنێت ، بەپێی ئەو مەرجەی کە خراوەتە ڕو. لە ڕستەی وەڵامی مەرجی(پاداشتت دەکەم) پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت ، کە:

<<قسەکەر دەزانێت کە گوێگر دەتوانێت یارمەتی یاران بدات.

<<قسەکەر هەوڵدەدات گوێگر ڕازی بکات بۆ ئەوەی کارەکە بۆ یاران بکات.

<<قسەکەر دەیەوێت کارەکە بۆ یاران جیبەجێ بکرێت.

بەنەرێکردنی ڕستە مەرجییەکە هەمان پێشگریمانەبەدەستدەهێنرێت.

**ب-ئەگەر کارەکە بۆ یاران جێبەجێ نەکەیت،من پاداشتت دەکەم.**

<<یاران پێویستی بە یارمەتی هەیە.

<<قسەکەر یاران دەناسێت.

هەروەها لە ڕستەی وەڵامی مەرج هەمان پێشگریمانە بەدەستدەهێنرێت.

<<قسەکەر دەزانێت، گوێگر دەتوانێت یارمەتی یاران بدات.

<<قسەکەر نایەوێت، کارەکە بۆ یاران جێبەجێ بکرێت.

ڕستە مەرجییەکان چەند جۆرێك پێشگریمانە لەخۆ دەگرن لەوانە:

## ١-پێشگریمانەی پراگماتیکی Pragmatics Presupposition:

پێشگریمانەی پراگماتیکی ، مەرجی پێشینەی زانیارییە زمانەوانییەکان و هەمو ئەو زانیارییانەی ، کە بەهۆی کۆنتێکیستە جیاوازەکانەوە بەدەستی دەهێنین دەربارەی گوتنەکان دەگرێتە خۆ، ئەو زانیاریانەی قسەکەر بە ناڕاستەوخۆ لە گوتنەکانیدا ئاڕاستەی گوێگری دەکات ، گوێگریش لەڕێگەی زانیارییە پێشینەکانییەوە پێشگریمانەی بۆ دەکات. جا زانیارییەکان چ گشتی بن ، واتە زانیارییەکان لای هەمو کەس زانراو بن ، یان زانیاری تایبەت بن و پەیوەندی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەبێت.

ئەمجۆرە لە پێشگریمانە ، لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و گونجاندنی ئەو دەربڕین و ڕستانە بە کۆنتێکستەوە دروستدەبێت.(Stephan,C.Levinson,1983:177 )دەکرێت ، هەندێك جار ڕستەیەك بەپێی واتا سیمانتیکیەکەی ڕستەیەکی لێڵ و تەمومژو بێت ، بەڵام بەپێی کۆنتێکستێکی دیاریکراو کە گوتنەکەی تێدا بەرهەمهاتووە ،دەکرێت لە ڕاستی و ناڕاستی گوتنەکە بگەین. واتە ئەم جۆرە لە پێشگریمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکۆنتێکستەوە هەیە ، و ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە دەوروبەرەوە و پشت بە مەرجی ڕاستی نابەستێت لە گوتنەکاندا. بۆ گەیشتن بە واتا شاراوەکانی گوتنەکان گوێگر هەمیشە پێویستی بە زانیارییەکانی زمان و دەرەوەی زمان هەیە واتە پێویستی بە دەوروبەری زمان دەبێت ، و دەوروبەر ئەوە دەردەخات کە ڕستەکان ڕاستن یان ناڕاست. دەوروبەری پراگماتیکیش بریتییە لە(کەلتور، کات ، شوێن ، پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، بابەتی ئاخاوتن ، شیوازی دەربڕین، شوێنی دەربڕین) پێشگریمانەی پراگماتیکی ، لێکدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی واتا سیمانتیکییەکانە ، چونکە وشەکان جگە لەواتای سیمانتیکی

هەڵگری واتایەکی شاراوەن. بەهۆی پراگماتیکەوە دەتوانین واتاکەی ڕون بکەینەوە بەپێی ڕاستی ئەو بارودۆخەی گوتنەکەی تێدا بەرهەمهاتوە(دەوروبەری ئاخاوتنەکە)، واتە پراگماتیك پشت بە ڕاستی و واتای ئاشکرای گوتنەکان نابەستێت.(Dawn, Archer…,2012:32 ) بەڵکو پشت بە دەوروبەری ئاخاوتن دەبەستێت، و کات و شوێن و چوارچێوەکە مەبەستی گوتنەکە ڕوندەکاتەوە.(لە پراگماتیکدا گریمانەی پێشینە بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بە دەوروبەرەوە ، و پشت نابەستێت بە مەرجی ڕاستی **(مەحمود،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩ :١٠٤)**.بەشێوەیەکی تر دەکرێت بڵێین، ئەمجۆرە لە پێشگریمانە وابەستەی دەوروبەرە و مەرجی ڕاستی گوتنەکان نابێتە هۆی دروستبون یان هەڵوەشاندنەوەی پێشگریمانە. (پێشگریمانەی پراگماتیکی ، پشت بەو زانیارییە هاوبەشە دەبەستێت کە لەلای هەر یەك لە قسەکەر و گوێگر سەبارەت بە بابەتی گوتنەکە پارێزراوە.**(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١٤)** واتە دەوروبەری ئاخاوتن و پەیوەندی قسەکەر و گوێگر بنەما سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی ئەمجۆرەیە لە پێشگریمانە.

**٢٢١-ئەگەر کوڕەکەی کارزان هاوڕێی ئارۆ بێت، پێویستی بە کەسی تر نییە.**

ئەگەر ڕستەی(٢٢١)لەشوێنێکدا بێت و بابەتەکە باسکردنی ئارۆ بێت ، قسەکەر بەشێوەیەکی سارد ، لەکاتی قسەکردنەکەدا لێوی لار کاتەوە ، ئەوا گوێگر پێشگریمانەی ئەوە دەکات ، کە:

<<کوڕەکەی کارزان کەسێکی خراپە.

<<هەرکەس هاوڕێیەتی بکات وەك خۆی لێدەکات.

بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی جدی ئەو دەربڕینە دەربڕێت ئەوا گوێگر پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە:

<<کوڕەکەی کارزان کوڕێکی چاکە.

<<هەرکەس هاوڕێیەتی بکات وەك خۆی لێدەکات.

**٢٢٢-ئەگەر ئێمە خۆمان ناوبانگی ئاریمان نەبیستایە ،بە قسەکانی کاروخ بڕوامان نەدەکرد.**

دەکرێت ، ڕستەی(٢٢٢) بەپێی کۆنتێکستە جیاوازەکان چەند واتایەك لەشێوەی پێشگریمانەی لێهەڵبهێنجێنرێت ، ئەگەر ئەو ڕستەیە لە کۆنتێکستێکدا بوترێت ، بابەتی ئاخاوتنەکە پیاهەڵدان بێت ، ئەوا گوێگر پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە:

<<ئاری کەسێکی باشە.

<<ئاری دڵسۆزی هاوڕێ و کەسەکانیەتی.

<<لە تەنگانەدا یارمەتی هاوڕێ و کەسەکانی دەدات.

ئەگەر هەمان ڕستە لەهەمان شوێندا بوترێت ، بەڵام قسەکەر تۆنی دەنگی بگۆڕێت و زەدەخەنەیەك لەگەڵ گوتنەکەدا بکات ، ئەوا ئەو واتا پێشگریمانەکراوانەی کە گوێگر بەدەستی دەهێنێت بەتەواوی پێچەوا دەبێتەوە.

<<ئاری کەسێکی باش نییە.

<<ئاری لەگەڵ هاوڕێ و کەسەکانی باش نییە.

<<ئاری کەسێکی خۆ پەرستە ، و هیچ بە تەنگی هاوڕێ و کەسەکانییەوە نییە.

هەڵهێنجانی ئەو واتا جیاوازانە لە ئەنجامی جیاوازی شێوازی دەربڕینەکانەوە دەبێت.

**٢٢٣-ئەگەر بەڕێزتان نەبونایە، یاران سەرکەوتو نەدەبو.**

دەکرێت، وشەی (بەڕێز)لە ڕستەی(٢٢٣)دا بە واتای سیمانتیکی و هەروەها واتای پراگماتیکیش لێکبدرێتەوە:

١-ئەگەر قسەکەر بەجدی و بەڕێزەوە ئەو قسەیە بکات ئەوا(بەڕێز) بەواتا لێکیسکی و سیمانتیکییەکەی خۆی بەکارهاتوە.

<<ئەو کەسە کەسێکی باشە و کارێکی باشی کردووە.

<<یارمەتی یارانی داوە.

٢- هەمان دەربڕین ، گەر قسەکەر بە زەردەخەنەوە بە توانجەوە ڕستەکە دەربڕێت ئەوا:

<<ئەو کەسە کەسێکی خراپە و کارێکی خراپی کردووە.

<<ئامانجی سەرنەکەوتنی یاران بووە.

## ٢-پێشگریمانەی سیمانتیکی Semantics Presupposition :

پێشگریمانەی سیمانتیکی زیاتر لە فەلسەفە و لۆجیك نزیکدەبێتەوە، وەك لە زمان و زانستی زمان.( katz ,Jerrold J. and D Terence langendoen,1976:1)بە واتایەکی تر(ئەمجۆرە لە پێشگریمانە ، لە

بنەڕەتدا خۆی لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی زمان دەبینێتەوە ، و لەبنەڕەتدا لە فەلسەفەی زماندا وەسفکراوە بە پشت بەستن بە ڕاستکردنەوەی کێشەکان یان سەلماندی ڕاستی و دروستیان( Elizabeth, Bates,1996: 20).

پێشگریمانەی سیمانتیکی ، پەیوەست نییە بە کۆنتێکستەوە ، بەڵکو لەڕێگەی کەرەستە و ستراکچەری ڕستەکانەوە(لێکسیك+ستراکچەر)بەدەستدەهێنرێت. بەبێ ئەوەی کۆنتێکست کاریگەری لەسەر هەبێت. پێشگریمانەی سیمانتیکی دەکرێت ، ڕاستەوخۆ لەواتای وشەکان لێکسیکی یان چەند پێکهاتەیەکی تایبەت لە ڕستەکەدا بەدەستبهێنرێت ، هەروەها ئەم چەشنە پەیوەندی بە لۆجیکی ڕستەکەوە هەیە.( Jacob, L.Mey,2001:28) پێشگریمانەی سیمانتیکی ، لە ئاستی واتای ڕستەکاندا کاردەکات و یەکێکە لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکان بەشێوەیەك ، کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ فرێزەکانی ناو ڕستەدا هەیە فرێزی ناوی ، فرێزی کرداری.(مەحمود،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩ :٩٩)پێشگریمانەی سیمانتیکیی وابەستەیە ، بە پەیوەندی لۆجیکی نێوان دوو ڕستە کە ڕاستی ڕستەی یەکەم مەرج دەبێت بۆ ڕاستی پێشگریمانە واتە ڕستەی دووەم، ئەم پێشگریمانەیە جەخت لەسەر ئەو زانیارییانە دەکاتەوە ، کە لە ڕستەکەدا هەیە. لەم چەشنەدا گوێگر بۆ هەڵهێنجانی واتا پێشگریمانەکراوەکانی گوتنەکان پێویستی بە زانیاری دەرەکی یان کۆنتێکستی ئاخاوتنەکە نییە ، چونکە پێشگریمانەی سیمانتیکی (زیاتر لە واتای کەرەستە زمانییە پێکهێنەرەکانی گوتنەکانەوە بەدەستدەهێنرێت ، واتە بەپێی لۆجیکی ڕستەکە دەبێت ، بەبێ پێویستی گەڕانەوە بۆ دەوروبەر.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١٢)واتە لەڕێی واتا لێکسیکی(سیما سیمانتیکییەکان)وستراکچەری ڕستەکە و لەسەر بنەمای ڕاستی ڕستەکە گوێگر کۆمەڵێك واتا لە شێوەی پێشگریمانە هەڵدەهێنجێنێت.

هەندێ جار ئەو پرسیارە دەکرێت ، کە پێشگریمانە وەك یەکێك لە بابەتە واتاییەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەڵام (stalnker)ئەوەی ڕونکردۆتەوە ، کە پێویستە زاراوەی پێشگریمانە لە چوارچێوەی پراگماتیك لێکدانەوەی بۆ بکرێت ، ئەگەرچی دانی بەوەشدا ناوە کە سیمانتیك ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە شیکارکردن و ناساندنی پێشگریمانەکان لە کۆنتێکستەکاندا ستالنکر دەڵێت: (من پێم وایە ، کەوا پێویستە گوێگر لە ڕێگەی هەمو ئەو زانیارییانەی کەوا قسەکەر ڕاستەوخۆ خستویەتیە ڕو و ئاشکرایکردووە دەتوانێت ، پێشگریمانە ئەنجام بدات.(Jacob, L.Mey,2001:184 )واتە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتنەکە.کەواتە دەتوانین بڵێین پێشگریمانە دوو لایەنییە ، هەندێ جار دەکرێ لە ستراکچەر و پەیوەندی لۆجیکی ڕستەکە پێشگریمانە بە دەست بهێنرێت ، کە پێشگریمانەی سیمانتیکی دەگرێتەوە ، یان بەپێی بارودۆخی گوتنەکە و شێوازی گوتنەکە پێشگریمانە بەدەست بهێنرێت ، کە پێشگریمانەی پراگماتیکی دەگرێتەوە. هەمو ڕستەکانی زمان

سێ جۆر زانیاری لەخۆ دەگرن و بەو ڕێگەیەش دەتوانین، هەردوو جۆری پێشگریمانەی سیمانتیکی و پراگماتیکی بەدەستبهێنین ئەو زانیاریانەش بریتین لە:

١–ئەو واتایەی ، کە لە ناواخنی ڕستەکەدا هەیە و وشە لێکسیکییەکان دروستیدەکەن.

٢–ئەو واتایەی ، کە لە ڕستەکەدا هەیە ستراکچەری ڕستەکە دروستیدەکات.

٣–ئەو واتایەی ، کە پێشگریمانە دەکرێت بەپێی زانیارییەکانی گوێگر بەدەستدەهێنرێت.

ئەم سێ جۆرەی زانیاری لەسەر بنەمای ڕاستی دەستەبەر دەکرێن.(Elizabeth, Bates,1996: 20 )

**٢٢٤–ئەگەر ئازاد کرێی خانوەکە دوا بخات، خاوەن ماڵەکە لە خانوەکە دەریدەکات.**

دەکرێت، لە ڕستەی(٢٢٤)دا، لە ڕێگەی ستراکچەری ڕستەکەوە کۆمەڵێك واتا لەشێوەی پێشگریمانە هەڵبهێنجێنرێت:

<<ئازاد لە خانوی کرێدا دەژی.

<<ئازاد باری دارایی باش نییە.

<<ئازاد ناتوانێت لەکاتی خۆیدا کرێی خانوەکە بدات.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٢٤)دا لەستراکچەری ڕستەکەوە بەدەستهاتوە ، واتە گوێگر لەڕێی ئەو زانیاریانەی کە قسەکەر لەڕستەکەدا دەریبڕیوە دەتوانێت ، پێشگریمانە بۆ ڕستەکە بکات ، بەبێ پێویستی گەڕانەوە بۆ دەوروبەر.

**٢٢٥–أ–ئەگەر موچەکانمان چاکبکرێتەوە، بایکۆتی دەوامکردن ناکەین.**

<<موچە دەستکاریکراوە و وەك خۆی نادرێت.

<<ئەوان بایکۆتی دەوامکردنیان کردووە.

**ب–تا/ئەگەر موچەکانمان چاکنەکرێتەوە، بایکۆتی دەوامکردن دەکەین.**

<<موچەدەستکاریکراوە، وەك خۆی نادرێت.

<<ئەوان بایکۆتی دەوامکردنیان کردووە.

لە ڕستەی(٢٢٥)دا، هەڵهێنجانی ئەو واتا پێشگریمانە کراوانە لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکەوە بەدەستهاتوە، بۆیە بە نەرێکردنیشی هەمان پێشگریمانە بەدەستهاتووە.

**٢٢٦-ئەگەر ئاری کرێی خوێندنەکەی نەدات، لەخوێندن دور دەخرێتەوە.**

<<خوێندنی ئەهلی هەیە.

<<ئاری خوێندکارە.

<<ئاری لە خوێندنی ئەهلی دەخوێنێت.

<<ئاری بە پارە دەخوێنێت.

<<ئاری کرێی خوێندنەکەی نەداوە.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٢٦)دا ، لەشێوەی پێشگریمانە ڕاستەوخۆ لە ستراکچەری ڕستەکەوە بەدەستهاتوە ، بەبێ ئەوەی گوێگر بۆ هەڵهێنجانی ئەو واتایانە پێویستی بە گەڕانەوە هەبوبێت بۆ دەوروبەر.

**٢٢٧-ئەگەر لە پێشناگاکەدا کتێبی زمانەوانی باشم بەرچاو کەوتبایە، دەمکڕی.**

<<پێشانگایەکی کتێب کراوەتەوە.

<<لە پێشانگاکەدا کتێبی زمانەوانی باش نەبووە.

لە ڕستەی (٢٢٧)بونی کرداری ڕابردوی دانانی و وشەکانی پێشانگا و کتێبی زمان ، و ستراکچەری ڕستەکە هۆکاری بەدەستهێانی ئەو واتایانەن لەشێوەی پێشگریمانەدا.

### ٣-پێشگریمانەی دەرونی Phycho Presupposition :

ئەم جۆرە لە پێشگریمانە دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانیی دەرونییەوە ، ئەم لقەی زمان وەك دیاردەیەکی زیندو باس لە زمان دەکات و گرنگی بە هەڵسوکەوتی زمانی تاك دەدات. جاك ریچارد دەڵێت: (زمانەوانی دەرونی ئەو زانستەیە ، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زمانی مرۆڤ و کردە دەرونییەکان لەکاتی بەکارهێنانی زمان ، لەڕوی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن و وەرگرتن دەدات(دزەیی،عەبدولواحید موشیر:٢٠١٤، ١٧).

بەیتس جۆرێکی پێشگریمانەی دەستنیشانکردووە ، کە بە گریمانەی پێشەکی دەرونی ئاماژەی پێداوە و پەیوەستە بە دەرونی نێرەرەوە، بەیتس پێی وایە ئەم چەشنە کردەی بەکارهێنانی ڕستەیەکە کە تێیدا قسەکەر زانیاری نوێ بەهۆی ئاستی دروستەکەوە بە گوێگر دەبەخشێت.(عەلی،بەکر عومەر،٢٠١٤ :٢٩) قسەکەر و گوێگر لەکاتی ئاخاوتندا زەمینەی لێکگەیشتن(زانینی) باری دەرونی بەرامبەریان بۆ فەراهەمدەبێت ، واتە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە هەریەك لە قسەکەر و گوێگر دەتوانن باری دەرونی بەرانبەر تێبینی بکەن و بزانن باری دەرونی بەرانبەر چۆنە(ئاسایی،هەڵچو،...) بەجۆرێك کە باری دەرونی لەکاتی ئاخاوتندا ڕەنگدانەوەی لەسەر قسەکەر دەبێت ، بۆیە هەندێ جار قسەکەر بەپێی ئەو بارە دەروونییەی تێیدایە توشی(تەتەڵەکردن، سوربونەوە ، زەردهەڵگەڕان ، یان لەرزین ) دەبێت ، گوێگریش بەپێی باری دەرونی خۆی و بەپێی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە قسەکەر لەکاتی گوتنەکەدا نواندویەتی ، و بەپێی کۆنتێکستەکە پێشگریمانە بۆ گوتنەکان دەکات ، واتە ئەم جۆرەی پێشگریمانە پەیوەندی بە باری دەرونی گوێگرەوە هەیە ، گوێگر بەپێی باری دەرونی خۆی و هەڵسوکەوتی قسەکەر لەکاتی ئاخاوتنەکەدا پێشگریمانە بۆ گوتنەکانی قسەکەر دەکات. بەواتایەکی تر دەکرێت ، لەڕێی پێشگریمانەکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ باری دەرونی گوێگر بکەین.

پێشگریمانەی دەرونی بەکارهێنانی ڕستەکانە بەمەبەستی دروستکردنی هەر کۆمێنتێك دەربارەی ئەو زانیارییانەی کە قسەکەر بەشداری پێکردووە ، بەپێی باری دەرونی هەردوولا (قسەکەر،گوێگر)پێشگریمانە دەکرێت.(Elizabeth, Bates,1996: 25 )واتە قسەکەر و گوێگر بەشدارن تێیدا. ئەمجۆرە پێشگریمانەیە لەڕوکاری دەرەوەی قسەکەر و ڕوکاری دەرەوەی گوێگر بەدیدەکرێت.

Lakoff، پێشگریمانەی دەرونی بەمجۆرە پێناسە دەکات ، کە گرامەر و تۆنی دەربڕین کاریگەری لەسەر پێشگریمانەی دەرونی دەبێت.(Elizabeth,Bates,1996: 25 )واتە شێوازی ستراکچەر و باری دەرونی قسەکەر کاریگەری لەسەر هەڵهێنجانی ئەو پێشگریمانانە دەبێت. دەکرێت ، ڕستەیەك بەچەند شێوەیەك پێشگریمانەی لێهەڵبهێنجرێت ، کە بێگومان هەڵهێنجانی ئەو شێوە جیاوازانەی پێشگریمانە لەیەك ڕستەدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان سایکۆلۆژی و زمان کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە ، هەرکەسەو بەپێی باری دەرونی خۆی پێشگریمانە بۆ ڕستەکە دەکات ، بێگومان باری دەرونی کەسەکانیش لەیەك جیاوازن. ئەم جیاوازییەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پێشگریمانەکان دەبێت. واتە دەبێت بارە دەرونییەکان لە کۆنتێکستی تایبەتدا تاقیبکرێنەوە بۆئەوەی پێشگریمانەی دەرونی جیاواز بەدەستبهێنین، دەتوانین پێشگریمانەی دەرونی بە پێشگریمانەی پراگماتیکییەوە ببەستینەوە، چونکە گوێگر بەپێی دەوروبەر و باری دەرونی پیشگریمانە بۆ گوتنەکان دادەنێت.(زمان ڕەنگدانەوەی باری دەرونی قسەکەرە، باری دەرونیش ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە کارکردنی مێشکەوە ، لێرەدا زمان دەبێتە ئاوێنەی کارکردنی مێشك ، کارکردنی مێشکیش لە

کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١١).بۆیە دەکرێت لە ڕستەی(٢٢٧)چەندین پێشگریمانە بەپێی باری دەرونی گوێگر هەڵبهێنجێنین.

### ٢٢٨-باوك ئەگەر لە تاقیکردنەوەکان دەربچن،دەتانبەم بۆ گەشت.

ئەگەر کەسێکی هێمن و بیر کراوە ئەم ڕستەیەی گوێ لێبێت ، ئەوا بەمشێوەیە پێشگریمانە بۆ ڕستەی(٢٢٨) دەکات:

<< باوك ; دەیەوێت منداڵەکان هانبدات بخوێنن.

<<باوك ; داوا لە منداڵەکان دەکات بخوێنن.

<<باوك ; منداڵەکانی دەباتە گەشت.

بەڵام گەر کەسێکی هەڵچو ، کە باری دەرونی نالەباربێت ، گوێی لەم ڕستەیە بێت ، ئەوا بەمشێوەیە پێشگریمانە دەکات:

<<باوك ; منداڵەکان هەڵدەخەڵەتێنێت.

<< باوك ; درۆ لەگەڵ منداڵەکاندا دەکات.

<<باوك ; منداڵەکانی ناباتە گەشت.

### ٢٢٩-ئەگەر بەشەو بچینە دەرەوە،ئاریز لەگەڵمان نایەت.

ئەگەر کەسێکی هێمن و ژیر ئەو قسەیەی گوێ لێبێت ، بەمشێوەیە پێشگریمانە بۆ ڕستەی (٢٢٩) دەکات:

<<ئاریز بە شەوان خەریکی خوێندنە ، و نایەوێت بچێتە دەرەوە.

<<ئاریز پابەندە بە قسەکانی دایك و باوکییەوە.

بەڵام هەمان ڕستە گەر کەسێکی شەڕەنگێز پێشگریمانەی بۆ بکات ، ئەوابەمشێوەیە پێشگریمانەی بۆ دەکات:

<<ئاریز کەسێکی ترسنۆکە ، و دەترسێت بەشەوان بێتە دەرەوە.

<<لە ماڵەوە ڕێگە نادەن ئاریز شەوان بچێتە دەرەوە.

**٢٣٠-ئەگەر خۆتان پرسیار لە ڕابردوی ڕێبین بکەن، هەمو شتێکتان بۆ ڕوندەبێتەوە.**

دەکرێت ، ڕستەی(٢٣٠)بەپێی باری دەرونی گوێگر هەروەها بەپێی شێوازی دەربڕینەکە پیشگریمانەی جیاوازی لێبەدەستبهێنرێت ، بەمشێوەیە:

گەر قسەکەر بەشێوەیەکی جوان و لەکۆنتێکستێکدا کە بەمەبەستی پیاهەڵدان ئەو ڕستەیە دەرببڕێت ، ئەوا گوێگر گەر کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بێت بەمشێوەیە پێشگریمانە دەکات:

<< ڕێبین خاوەنی ڕابردویەکی پاکە.

<<ڕێبین خاوەنی کەسایەتییەکی باش و ڕێك و پێکە.

هەمان دەربڕین لەهەمان کۆنتێکستدا بەڵام قسەکەر بەپێکەنینەوە، یان بە توڕەییەوە ڕستەکە دەربربڕێت ، گوێگر گەر کەسێکی هەڵچو بێت ، ئەوا پێشگریمانەی ڕستەکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەکات:

<<ڕێبین خاوەن ڕابردویەکی خراپە.

<<ڕێبین کەسێکی باش نییە.

دیارە هەڵهێنجانی ئەو واتا جیاوازانەی پێشگریمانە لە هەمان ڕستەدا بە شێوازی دەربڕین و باری دەرونی گوێگرەوە بەستراوەتەوە.

هەروەها بەپێی باری دەرونی قسەکەر دەکرێت ، گوێگر پێشگریمانەی جیاواز لە ڕستەیەکدا بەدەست بهێنرێت، بۆ نمونە:

**٢٣١-ئەگەر من پەنجەرەکەم بشکاندبایە، نەمدەشاردەوە.**

ئەگەر قسەکەر لەبارێکی دەرونی نالەباردا بێت ، وەك ئەوەی ، کە لەکاتی قسەکردنەکەدا زەرد هەڵگەڕێت، بشڵەژێت ، بلەرزێت،...ئەوا گوێگر بەمشێوەیە پێشگریمانە بۆ ڕستەی(٢٣١) دەکات کە:

<<پەنجەرەکە شکێنراوە.

<<قسەکەر پەنجەرەکەی شکاندووە.

بەڵام هەمان ڕستە گەر قسەکەر لەکاتی گوتنی ڕستەکەدا باری دەرونی ئاسایی بێت و ڕەنگی تێکنەچێت ، ئەوا گوێگر پێشگریمانەی ئەوە دەکات:

<<پەنجەرەکە شکێنراوە.

<<قسەکەر ڕاست دەڵێت و پەنجەرەکەی نەشکاندووە.

دیارە هۆکاری جیاوازی پێشگریمانەکان لەو ڕستەیەدا بۆ جیاوازی باری دەرونی گوێگر و هەروەها باری دەرونی قسەکەر دەگەڕێتەوە ، کە بێگومان ڕەنگدانەوەی لەسەر پێشگریمانەکان دەبێت.

## ٤-پێشگریمانەی لۆجیکی Logical Presupposition :

لۆجیك زانستێکە بەدوای بنەما گشتییەکانی بیرکردنەوەی ڕاست و دروستدا دەگەڕێت ، لۆجیکبونی زمان پەیوەندی بە زمان و بیرەوە هەیە، واتە هەر ڕستەیەك گەر ئاوەزی مرۆڤ درکی پێ بکات و قبوڵی بکا ئەوا ئەو ڕستەو دەربڕینە لە ڕوی لۆجیکەوە ڕستەیەکی دروست دەبێت.(لۆجیك یاساکانی بیرکردنەوەیە ، و هەروەها لۆجیك زمانی گەیاندنی هزرە.(عەبدالقادر،ماهر،١٩٨٠:١٢) پێشگریمانەی لۆجیکی مەرجێکە بۆ بەدەستهێنانی واتا لە ڕستەکاندا ، ئەمەش بەوە دەبێت ، کە زانیاری ڕستەکە لۆجیکی بن و پێشگریمانە دەکرێت ڕاست بێت یان ناڕاست (Elizabeth, bates,1996:21)واتە ئەمجۆرە لە پێشگریمانە پەیوەستە بە بونی دیاردەکە یان ئەو شتەی کە باسکراوە لە سروشتدا ، واتە بونی ئەو دیاردەیە دەبێتە بنەما بۆ هەڵهێنجانی کۆمەڵێك واتا لەشێوەی پێشگریمانەدا.(مەرجێکی هەرە دیاری پێشگریمانەی لۆجیکی بەپێی بۆچونی زانای جێرمانی فرێگە ، ڕاستی گوتنەکانە لە جیهانی هەستپێکراودا ، چونکە فرێگە لەو بڕوایەدایە ، کە بەهای ڕستە لە ڕاستی ڕستەکان لە واقیعدا بەرجەستە دەبێت. تەنانەت لە دۆخی نەرێکردنیشدا.( levinson,1957 :169)[١٤]

**٢٣٢-أ-ئەگەر قەڵای شێروانە لە کەلار نۆژەن بکرێتەوە، لە لەناوچون دەپارێزرێت.**

<< قەڵایەك هەیە بەناوی شێروانە.

<<قەڵای شێروانە لە کەلارە.

<<قەڵای شێروانە شوێنەوارێکی دێرینە.

<<قەڵای شێروانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

ئەگەر ڕستەکەش نەرێ بکرێتەوە ، دەتوانین ، هەمان ئەو واتایانە لەشێوەی پێشگریمانە بەدەست بهێنین.

---

١٤-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٠٩

**ب-ئەگەر قەڵای شێروانە لە کەلار نۆژەن نەکرێتەوە، لە لەناو چون نا پارێزرێت.**

<< قەڵایەك هەیە بەناوی شێروانە.

<<قەڵای شێروانە لە کەلارە.

<<قەڵای شێروانە شوێنەوارێکی دێرینە.

<<قەڵای شێروانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٣٢،أ،ب)دا بەهۆی بونی قەڵای شێروانەوەیە لەڕوی لۆجیکییەوە نەك نۆژەنکردنەوە یان نۆژەن نەکردنەوەی قەڵاکە.

**٢٣٣-أ-ئەگەر بچیتە کتێبخانەی گشتی کەلار، کتێبی چاکت دەستدەکەوێت.**

<<لەکەلاردا کتێبخانەی گشتی هەیە.

<<ژمارەیەکی زۆر کتێب لە کتێبخانەکەدا هەیە.

<<کتێبی باش لە کتێبخانەی گشتی کەلاردا هەیە.

گەر هەمان ڕستە نەرێ بکرێت ، پێشگریمانەکانی لەدەست نادات.

**ب-گەر نەچیتە کتێبخانەی گشتی کەلار،کتێبی چاکت دەستناکەوێت.**

<<لەکەلاردا کتێبخانەی گشتی هەیە.

<<ژمارەیەکی زۆر کتێب لە کتێبخانەکەدا هەیە.

<<کتێبی باش لە کتێبخانەی گشتی کەلاردا هەیە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو پێشگریمانانە  لە ڕستەی (٢٣٣،أ،ب)دا، لە ڕاستی بونی کتێبخانەکەیە لە شارەکەدا نەك دەستکەوتن یان دەستنەکەوتنی کتێب.

**٢٣٤-گەر ئەستێرەکانی ئاسمانی بۆ دابگریت،ئازاد ئاریناى کچیت ناداتێ.**

<<ئەو ئاشقە.

<<ئەو ئاشقی ئارینایە.

<<باوکی ئارینا کەسێکی کەلە ڕەقە.

<<باوکی ئارینا ڕازی نابێت ئارینا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا بکات.

هەرچەندە لە لۆجیکدا شتی وا نییە ، چونکە کەس دەستی بە ئەستێرەکانی ئاسمان ناگات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك حاڵەتێك بەکاردێت لەڕوی میتافۆرییەوە بۆ شتێك کە مەحاڵ (ئەستەم) بێت ، وەك سەرچاوەیەکیش بۆ بەدەستهێنانی پێشگریمانەی لۆجیکی بەکارهاتووە.

### ٥-پێشگریمانەی پەسنی Description Presupposition :

ئەمجۆرە پیشگریمانەیە بە پەسنکردن(وەسفکردن)ی ئەو شتە یان ئەو دیاردەیەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت پەیوەستە، لەسەر بنەمای ڕاستی ئەو شتەی کە وەسفدەکرێت ، گوێگر بە پشت بەستن بەو پەسنکردنە دەتوانێت کۆمەڵێك واتا لەشێوەی پێشگریمانە بەدەست بهێنێت.(ئەم جۆرە پێشگریمانەیە هەبونی ڕاستییەك دەخاتە ڕو ، ئەو ڕاستییە لە وەسفکردندا دەردەکەوێت ، کە تێیدا سنوری ڕاستییەکە بەکەم و زۆر یەکلایی دەکرێتەوە(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١٧).

**٢٣٥-گەر ماتۆڕە سێ تایەییەکەم بەدڵ بێت،دەیکڕم.**

<<ئارەزوی کڕینی ماتۆڕ دەکات.

<<ماتۆڕی سێ تایەیی هەیە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە شێوەی پێشگریمانە لە ڕستەی(٢٣٥)دا، لە ئەنجامی وەسفکردنی ماتۆڕەکەوە بەدەستهاتووە.

**٢٣٦-ئەگەر منداڵە قژ کاڵەکەم بینی،ئاگادارتاندەکەمەوە.**

<<منداڵێك ونبوە.

<<منداڵەکە قژی کاڵە.

بەدەستهێنانی واتا پێشگریمانەکراوەکان لە ڕستەی(٢٣٦)دا لەو وەسفەوە هاتوە ، کە قسەکەر وەسفی منداڵەکەی کردووە.

**٢٣٧-أ-ئەگەر پشیلە سپییەکەی ئاکام بە دیوارەکەدا هەڵگەڕابایە،قاچی بریندار دەبو.**

<<ئاكام پشیلەی هەیە.

<<ڕەنگی پشیلەکە سپییە.

**ب-ئەگەر پشیلە سپییەکەی ئاکام بەدیوارەکەدا هەڵنەگەڕابا، قاچی بریندار نەدەبو.**

<<ئاکام پشیلەی هەیە.

<<ڕەنگی پشیلەکە سپییە.

دیارە هەڵهێنجانی ئەو پێشگریمانانە لە ڕستەی(٢٣٧،أ،ب)دا لە وەسفکردنی پشیلە سپییەکەیە، نەك بریندار بون یان بریندار نەبونی قاچەکانی.

## ٦-پێشگریمانەی لێکەوتەیی Implicative Presupposition :

پێشگریمانە و لێکەوتە دوو بابەتی سەرەکی پراگماتیکن ، و لێکنزیکی لەنێوانیاندا هەیە ، لێکەوتە بریتییە ، لەو زانیارییانەی کە قسەکەر بە ناڕاستەوخۆ بە گوێگری دەگەیەنێت ، و گوێگریش واتاکانی دەزانێت ، مەرج نییە هەمیشە پێویستی بە کۆنتێکست هەبێت.(پێشگریمانەی لێکەوتەیی لەوەوە پەیدا دەبێت ، گەر گوتنەکە ئەو کردارانەی تێدا بێت، کەپێی دەوترێت کرداری لێکەوتەیی یان هەواڵێك پیشاندەدات ، کە بە ئەرێ و نەرێ کردنی کردارەکە لێکەوتەکە لەدەست نادات و پێشگریمانەی لێدەکەوێتەوە.( **cohen,L,J,1977 147:)** [١٥] زۆربەی ئاخاوتنەکان کە مرۆڤ دەریدەبڕێت هەڵگری کۆمەڵێك لێکەوتەیە. ئەمجۆرە لە پێشگریمانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە دەبێت ، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین ، لێکەوتە لە ڕستەکەدا بەدەست بهێنین. ئەم کردارانە پێشگریمانەی لێکەوتەیی لێبەدەستدەهێنرێت(ڕێکخستن،خۆ دورخستنەوە، ڕودان، لەبیرچون،...).

**٢٣٨-أ-ئەگەرئارینا لەگەڵ هاوڕێکەی بڕۆشتبایە بۆ چاوپێکەوتنەکە، لە کارەکە وەردەگیرا.**

<<ئارینا چاوپێکەوتنی کاری ئەنجامداوە.

<<ئارینا لە کارەکە وەرنەگیراوە.

**ب-ئەگەر ئارینا لەگەڵ هاوڕێکەی نەڕۆشتبایە بۆ چاوپێکەوتنەکە، لە کارەکە وەردەگیرا.**

---

١٥-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١٧.

<<ئارینا چاوپێکەوتنی کاری ئەنجامداوە.

<<ئارینا لەکارەکەی وەرنەگیراوە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٣٨،أ،ب)دا وەرگرتن و وەرنەگرتنی ئارینا لە کارەکەدا بەندە بە ڕۆشتن و نەڕۆشتنی هاوڕێکەی لەگەڵ ئاریناداا.

**٢٣٩-ئەگەر ئاری لە کردنەوەی دەرگاکە یارمەتی نەدابام،دەرگاکە نەدەکرایەوە.**

<<ئارینا لەکارەکە وەرنەگیراوە.

<<دەرگایەك هەیە داخراوە.

<<هەوڵدراوە بۆ کردنەوەی دەرگاکە.

<<هەوڵەکە بۆ کردنەوەی دەرگاکە سەرکەوتو بوە.

**ب-ئەگەر ئاری لە کردنەوەی دەرگاکە یارمەتی دابام،دەرگاکە دەکرایەوە.**

<<دەرگایەك هەیە داخراوە.

<<هەوڵدراوە بۆ کردنەوەی دەرگاکە.

<<هەوڵەکە بۆ کردنەوەی دەرگاکە سەرکەوتو نەبوە.

دیارە ، هەڵهێنجانی واتاکان لە شێوەی پێشگریمانە لە ڕستەی(٢٣٩،أ،ب)، بەندە بە یارمەتی دان و یارمەتی نەدانی ئاری ، نەك سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لە کردنەوەی دەرگاکە.

**٢٤٠-أ-گەر مامۆستایانی گوندەکەمان باش بن،خوێندکارەکان نمرەی باش بەدەستدەهێنن.**

<<ئێمە گوندنیشینین.

<<لە گوندەکەمان خوێندگا هەیە.

گەر ڕستەکە بە نەرێش دەربېڕێت ، دەتوانین ، هەمان پێشگریمانەی لێهەڵبهێنجێنین.

**ب-گەر مامۆستایانی گوندەکەمان باش نەبن، خوێندکارەکان نمرەی باش بەدەست ناهێنن.**

>>ئێمە گوندنیشینین.

>>لە گوندەکەماندا خوێندنگا هەیە.

دیارە هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی( ٢٤٠،أ،ب)دا ، بۆ بونی خوێندنگاکە دەگەڕێتەوە نەك بەدەستهێنان یان بەدەستنەهێنانی نمرەی باش لەلایەن خوێندکارەکانەوە.

دەکرێت ، ڕستەی (٢٤٠)چەمك و واتای **پرس** بگەیەنێت ، گەر تۆنی ڕستەکە بگۆڕین بەشێوەیەك کە وشەی (باش نەبن)سترێسی بخرێتە سەر ، لەوکاتەدا دەکرێت پێشگریمانەی ئەوە بکەین کە:

>>لەگوندەکەماندا خوێندنگا هەیە.

>>لەگوندەکەماندا مامۆستای لێیە.

>>گوێگر لە ئاستی زانستی مامۆستا و خویندکارەکانی گوندەکەی دڵنیا نییە.

## ٧-پێشگریمانەی ڕاستەقینەیی Factive Presupposition :

ئەمجۆرە پێشگریمانەیە پەیوەندی بە ڕاستی ڕودانی شتەکەوە هەیە ، ئەرێ و نەرێ کاریگەری لەسەر پێشگریمانەکان نابێت. ئەو جۆرەیە لە پێشگریمانە کە کردارەکانی (زانین،درکپێکردن،ڕازیبون، هێنانەدی، شارەزابون،دڵخۆشبون،...) لەدوای فرێزەکاندا دێن.(George, Yule,1996:27 ) بە واتایەکی تر ئەمجۆرە پێشگریمانەیە دەربڕینێکی دیاریکراو دەگرێتەوە بۆ گریمانەکردنی ڕاستی و دروستی ئەو زانیارییانەی لە ڕستەکەدا دراون ، ئەگەر کرداری ڕستەکە لە واقعدا بونی هەبێت ،ئەوا ئەو پیشگریمانەیە پێشگریمانەی ڕاستەقینەیە.(ئەو پێشگریمانانەن کە بەشێوەیەکی گشتی لەدوای کاری هەندێ لەم چاوگانەوە دێن ، پەشیمانبونەوە، سەیربون،ئاگادار بون، خۆشحاڵبون. (کەمال،دیار عەلی،٢٠٠٩ :١٠٥) هەروەها کردارەکانی (داوای لێبوردنکردن،خەمخواردن، دڵتەنگ بون،پێکەنین ،گریان،هێنانەدی،...) ئەوکردارانەن کە پێشگریمانەی ڕاستەقینەی لێبەدەستدەهێنرێت.(کردارە ڕاستەقینەییەکان بە نەرێ کردن یان ئەرێ بونیان هەمان پێشگریمانەی ڕاستەقینە دەنوێنن.(مەحمود،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩ :١٠٩) واتە دەکرێت، بڵێین ، ئەمجۆرە لە پێشگریمانە پەیوەندی بە ڕاستی ڕوداوەکانەوە هەیە و لە کاتی ئەرێ و نەرێدا پێشگریمانەکە بە جێگیری دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت.

**٢٤١-ئەگەر بمزانیبایە یارا لە تاقیکردنەوەکە یەکەمی هێناوە،خەڵاتم بۆ دەهێنا.**

>>یارا تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە.

<<یارا لە تاقیکردنەوەکە  زۆر سەرکەوتو بوە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٤١)دا لە ئەنجامی بونی کرداری (زانین)ە ، لە ڕستەکەدا.

**٢٤٢-ئەگەر کارەکەیان بە ئاشکرا بکردبایە، گرفتیان دەهاتە  پێش.**

<<کارێك کراوە.

<<کارەکە بە نهێنی ئەنجامدراوە.

لەڕستەی(٢٤٢)دا لە ئەنجامی بونی کارەکە و ئەنجامدانی کارەکە سەرچاوەی هەڵهێنجانی پێشگریمانەیە.

**٢٤٣-با ئەرین داوای لێبوردن بکات،مامۆستا لێی خۆشدەبێت.**

<<ئەرین خوێندکارە.

<<ئەرین هەڵەی بەرانبەر مامۆستاکەی کردووە.

<<مامۆستا لە ئەرین توڕە بوە.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٤٣)بۆ بونی کرداری (داوای لێبوردنکردن) دەگەڕێتەوە ، لە ڕستەکە ، کە کردارێکە لە واقعدا دەکرێت ڕوبدات.

**٢٤٤-ئەگەر بەشداری ئاهەنگەکەتان بکردبایە، پەشیمان دەبونەوە.**

<<ئاهەنگێك سازکراوە.

<<ئاهەنگەکە چێژ بەخش نەبوە.

<<بەشداری ئاهەنگەکەیان نەکردووە.

لە ڕستەی(٢٤٤)دا بەدەستهێنانی پێشگریمانەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە لە ڕاستیدا ئاهەنگێك سازکراوە و بە ئەرێ و نەرێ هەمان پێشگریمانە بەدەستدەهێنرێت.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لەشێوەی پێشگریمانە لە ڕستەکانی(٢٤١,٢٤٢,٢٤٣,٢٤٤)لە ئەنجامی بونی ئەو کردارانەیە(زانین،کردن،داوای لێبوردن کردن)کە لە ڕستەکەدا هەن.

## ٨-پێشگریمانەی بەراوردی Comparative Presupposition :

ئەمجۆرە لە پێشگریمانە بەراوردی کەسێك یان شتێك دەکات لە دوو کاتدا ، زۆر جار بەهۆی ستراکچەر و هەندێ ئامرازی تایبەت یان تۆنی ڕستەکە ئەم پێشگریمانەیە بەدەستدەهێنرێت.(ئەمجۆرە پێشگریمانەیە لەپاڵ ئاوازەی ڕستە پشت بە هەندێ کەرتی دەنگی و گیرەکی ، یان هەر کەرەستەیەکی تری ناو ڕستە دەبەستێ ، بەواتایەکی تر پشت بەهەندێ لە یەکە فەرهەنگییەکان دەبەستێ.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١١٩)

**٢٤٥-أ-ئەگەر ئەمساڵیش پێشبڕکێ ئە نجامبدرێت ،ئاری بەشداری دەکات.**

<<ساڵی پاریش پێشبڕکێ ئەنجامدراوە.

<<ئاری بەشداریکردووە.

<<ئاری ئەمساڵیش بەشداری دەکاتەوە.

ئەگەر ڕستەکە نەرێش بکرێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پێشگریمانەکە نابێت.

**ب-ئەگەر ئەمساڵیش پێشبڕکێ ئە نجامبدرێت،ئاری بەشداری ناکات.**

<<ساڵی پاریش پێشبڕکێ ئەنجامدراوە.

<<ئاری ساڵی پاریش بەشداری نەکردووە.

<<ئاری ئەمساڵیش بەشداری پێشبڕکێیەکە ناکات.

دیارە ، هەڵنجانی ئەو واتایانە لەشێوەی پێشگریمانە لە ڕستەی(٢٤٥،أ،ب)دا ، بەهۆی بونی سەفێکسی(یش)ە لە ڕستەکەدا. کەمەبەستی بەراوردکردن دەگەیەنێت.

**٢٤٦-ئەگەر یانەی هەولێر لە یانەی شێروانە بە توانا تر بوایە،ئەوان یارییەکەیان دەبردەوە.**

<<یارییەك ئەنجامدراوە.

<<یارییەکە لەنێوان هەردوو یانەی هەولێر و شێروانە ئەنجامدراوە.

<<یانەی شێروانە لەو یارییەدا لە یانەی هەولێری بردۆتەوە.

هەڵهێنجانی ئەو واتا پێشگریمانە کراوانە لە ڕستەی(٢٤٦)دا ، بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی(تر)ی (adj)ی پلەی (بەراورد)ە لە ڕستەکە.

**٢٤٧-ئەگەر خوانەکەی ماریان خۆشترین نەبوایە، ئەوا براوەی بەرنامە نەدەبو.**

>>دوو کەس یان زیاتر خوانیان ئامادەکردووە.

>>خوانەکەی ماریا لەوانەی تر خۆشتر و ڕازاوەتر بوە.

دیارە، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٤٧)دا ، بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی(ترین)(adj)ی پلەی (باڵا)یە لە ڕستەکەدا.

## ٩-پێشگریمانەی پرسیارکردن Interrgative Poresupposition :

ئەم جۆرە لە پێشگریمانەدەکرێت ، لەڕێگەی کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە بەدەست بهێنرێت ، کە مەبەست و واتای پرس دەگەیەنێت. واتە ڕاستەوخۆ وشەی پرس لە ڕستەکەدا هەبێت ، یان دەکرێت ، بەهۆی تۆنی ڕستەکەوە بەدەست بهێنرێت ، یان لەڕێی ستراکچەری ڕستەکەوە ، کە بێگومان گوێگر بەهۆی باکگراوەندی زانیارییەکانییەوە دەزانێت ، کە مەبەستی قسەکەر لە ڕستەکە چییە ، واتە ڕستەکە هەواڵییە یان پرس یان هەر مەبەستێکی تر.(ئەمجۆرە پێشگریمانەیە لەکاتی وەڵامدانەوە دا وشەکانی پرس بە وشەی تر دەگۆڕێ، ئەمەش بۆخۆی هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی جۆرێکی جیاواز پێشگریمانە دروست بێت.(محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢ :١٢٠)

**٢٤٨-ئەگەر دکتۆر پێت بڵێت، کەی واز لە جگەرە کێشان دەهێنیت، چی پێ دەڵێیت ؟**

ڕستەی(٢٤٨)دەکرێت، پێشگریمانەی پرسیاری لێ بەدەستبهێنرێت ،کە ڕاستەوخۆ وشەی پرس لە ڕستەکەدا بەکاهاتووە ، یارمەتی گوێگر دەدات بۆ بەدەستهێنانی پێشگریمانە.

>>تۆ جگەرە دەکێشیت.

>>جگەرەکێشان زیانی پێگەیاندویت.

>>لەوانەیە پزیشك ئاگادارت بکاتەوە لە مەترسی زیانەکە.

>>پرسیارەکە بەسودە بۆ وەڵام دانەوە.

**٢٤٩- ئەگەر ئە مجارە هەڵبژاردن بکرێتەوە، دەنگ بەکێ دەدەیت ؟**

ڕستەی(٢٤٩)ڕستەیەکی مەرجی پرسیارییە ، بەهۆی بونی ئامرازی پرس(کێ)کە ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا هاتووە گوێگر دەزانێت مەبەستی پرسیار کردن ، و بەدەستهێنانی وەڵامی پێویستە بۆ ئەو پرسیارەی کە کردویەتی ، گوێگر دەتوانێت ، دوو جۆر لە پێشگریمانە لە ڕستەی(٢٤٩)دا ، بەدەستبهێنێت ئەوانیش (پێشگریمانەی پرسیاری ، پێشگریمانەی بەراوردی) بەمشێوەی لای خوارەوە گوێگر دەتوانێت پێشگریمانەی پرسیارکردن بەدەستبهێنێت:

<<هەڵبژادن دەکرێت.

<<هەندێك لایەن کاندیدیان هەیە.

<<قسەکەر دەیەوێت، بزانێت گوێگر دەنگ بە چ لایەنێك دەدات.

هەروەها دەکرێت ، هەمان ڕستە **پێشگریمانەی بەراوردی** لێهەڵبهێنجێنرێت، بەمشێوەیە:

<<هەڵبژاردن دەکرێت.

<<پێشتر هەڵبژاردن کراوە.

<<پێشتر گوێگر دەنگی داوە(مافی دەنگدانی هەبوە).

<<قسەکەر دەیەوێت بزانێت ، گوێگر دەنگ بە چ لایەنێك دەدات.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٤٩)لەشێوەی پێشگریمانە ، بۆ بونی وشەی(ئەمجارە)و سەفێکسی دووبارە بونەوەی(ەوە) لە ڕستەکەدا دەگەڕێتەوە.

هەروەها دەکرێت ، بەهۆی تۆنی دەربڕین و جۆری ستراکچەری ڕستەکە پێشگریمانە بەدەستبهێنین ، بەبێ ئەوەی وشەی پرس لە ڕستەکەدا هەبێت.

**٢٥٠-أ-ئەگەر تۆ پاسکیلەکەت خراپ کردووە، پێمان بڵێ؟**

<<پاسکیلەکە بەکارهێنراوە.

<<پاسکیلەکە خراپ بوە، شکێنراوە.

نەرێکردنی ڕستەکە کاریگەری لەسەر ئەنجامی پێشگریمانە نابێت و هەمان پێشگریمانە بەدەستدەهێنرێت.

**ب-ئەگەر تۆ پاسکیلەکەت خراپ نەکردووە، پێمان بڵێ؟**

<<پاسیکلەکە بەکارهێنراوە.

<<پاسکیلەکە خراپ بوە.

دیارە ، هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لەڕستەکانی(٢٥٠،أ،ب)دا لە ڕێگەی تۆن و ستراکچەری ڕستەکەوە دەزانین ، کە مەبەست و واتای پرس دەگەیەنێت. ئەوەش ئەوەیە ، کە پاسکیلێك خراپ بوە ئەو کەسەی پاسکیلەکەی خراپکردووە لای قسەکەر ڕون نییە.

## ١٠-پێشگریمانەی بون Existential Presupposition :

پێشگریمان بون لەڕێی ئاماژەکردن بۆ ناوی کەسێك، یان شتێك ، یان دیاردەیەك ، کە قسەکەر لەستراکچەری ڕستەکەدا ناوی بردووە لەلایەن گوێگرەوە بەدەستدێت ، ئەمجۆرە لە پێشگریمانە بەهۆی(NP ، یان DEP)یە کەوە ئەنجامدەدرێت کە بۆ کەسەکان یان ئەو شتەی کە باسی لێوە کراوە دەگەڕێتەوە. بەواتایەکی تر ئەمجۆرە لە پێشگریمانە لەسەر بنەمای DEP دروستدەبێت.(دەرخەر،دەرخراو) واتە پێشگریمانەی بون بەهۆی بون و ڕودانی شتێك دەبێت لە دەوروبەردا.(ئەمجۆرە تەنها لە دروستکراوە خاوەندارییەکاندا نییە بەڵکو لە زۆربەی (Np )ەکاندا هەیە.(**George, Yule,1996:27** )(ناوە تایبەتیەکانیش پێشگریمانەی بونن ، چونکە وەك ناسیاری دەرە ئاماژەیان هەیە و ئاماژە بۆ کراوەکانیان لە یەکێك لە جیهانە شیاوەکانی وەرگردا هەن.(**کەمال، دیار عەلی،٢٠٠٩ :١٠٤**)

**٢٥١-ئەگەر نرخێکی باش بۆ کاروان دابنێن، خانوەکەی دەفرۆشێت.**

<<کاروان خانوی هەیە.

<<کاروان بەنیازە خانوەکەی بفرۆشێت.

ئەو واتا پێشگریمانەکراوانە لە ڕستەی(٢٥١)دا بۆ بونی خانوەکەی ئازاد دەگەڕێتەوە ، کە خانویەکی هەیە ، نەك فرۆشتن یان نەفرۆشتنی خانوەکەی.

**٢٥٢-ئەگەر پێویستت بە ئۆتۆمبیل بو،ئەوەی کاکم ببە.**

<<کاکی ئۆتۆمبێلی هەیە.

لە ڕستەی(٢٥٢)دا، کاکی خاوەنی ئۆتۆمبێلە ، ئەمەش سەرچاوەی هەڵهێنجانی پێشگریمانەی ڕستەکەیە.

**٢٥٣-ئەگەر کەش و هەوا خۆشبێت، پێبشرکێکە لەسەر شاخی گۆێژە ئەنجامدەدەین.**

>>شاخێك هەیە بەناوی گۆیژە.

>>دەکرێت پێشبڕکێی لەسەر ئەنجامبدرێت.

لە ڕستەی(٢٥٣)دا، بونی شاخی گۆیژە سەرچاوەی بەدەستهێنانی واتا پێشگریمانەکراوەکانە ، نەك ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی پێشبڕکێکە.

## ١١-پێشگریمانەی ناڕاستەقینە No Factive Presupposition :

ئەمجۆرە لە پێشگریمانە ئەو کردارانەی تێدایە کە ڕاستی نین وەك( خەوبینین،خەیاڵکردن،واپیشاندان( George, Yule,1996:28) ئەمجۆرە پێشگریمانەیە لەگەڵ ئەو کردارانەی کە ڕاستەقینە نین ڕاڤە دەکرێت. ئەو پێشگریمانانەی بەهۆی ئەم جۆرە کردارانەوە کە لە ڕستەکەدا دێن، دەکرێن لە واقعدا نین ، واتە لەگەڵ لۆجیك یەکناگرنەوە. بە واتایەکی تر ئەمجۆرە پێشگریمانەیە لەکات و شوێنی قسەکردنەکەدا لۆجیکی نین و لە واقیعدا بەدینایەت، دەکرێت ، لەکات و شوێنی تردا بەدیبێت ، پێشگریمانەی ناڕاستەقینە ، تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵکردن بەدەستدەهێنرێت. هەروەها لە کردارەکانی (وادانان،وادەرخستن،ڕۆڵ بینین،هێنانە پێش چاو)ئەمجۆرە پێشگریمانەیە بەدەستدەهێنرێت. بە نەرێکردنیشی دەتوانرێت هەمان پێشگریمانە بەدەست بهێنرێت.

**٢٥٤-ئەگەر خەیاڵەکەتان لێتێکنەدابام،ئێستا بە کەشتییەکەم خەریکی گەشتکردن بوم.**

>>ئەو کەشتی نییە.

>>خەیاڵ بە خاوەندارێتی کەشییەکەوە دەکات.

**٢٥٥-ئەگەر لە شانۆکەدا وا پیشاندەین ئالای سەربەخۆیی هەڵدەکەین،بینەرەکان هەمو دڵخۆشدەبن.**

>>ئێمە سەربەخۆ نین.

**٢٥٦-أ-ئەگەر وا خۆت دەرخەی خەلاتەکە بۆ تۆ دەرچووە،هەموان دەشڵەژێن.**

>>خەلاتەکەی بۆ دەرنەچووە.

**ب-ئەگەر وا خۆت دەرنەخەی کە خەلاتەکە بۆتۆ دەرچووە،هەموان دەشڵەژێن.**

>>خەلاتەکەی بۆ دەرنەچووە.

**٢٥٧-أ-ئەگەر ڕۆڵی کەسێکی سەرمایەدار بگێڕیت، سەرکەوتو دەبیت.**

<<ئەو سەرمایەدار نییە.

**ب-ئەگەر ڕۆڵی کەسێکی سەرمایەدار نەگێڕیت، سەرکەوتو دەبیت.**

<<ئەو سەرمایەدار نییە.

لەڕستەکانی(٢٥٤,٢٥٥,٢٥٦,٢٥٧)کردارەکانی (خەیاڵکردن، واپیشاندان، وادەررخستن، ڕۆڵبینین) سەرچاوەی بەدەستهێنانی پێشگریمانەی ناڕاستەقینەن ، چونکە لەواقعدا هیچ کارێك لەو کارانە ڕونادات ، واتە لەکاتی ئاخاوتنەکەدا ڕونادات بەڵام دەکرێت لەکاتی تردا ڕوبدات.

## ١٢-پێشگریمانەی لێکسیکی Lexicon Presupposition :

پێشگریمانەی لێکسیکی بەهۆی شیکردنەوەی کەرەستەکان بۆ سیماسیمانتیکییەکانیان بەدەستدێت ، بەهۆی ئەم سیمایانەوە گوێگر لە واتای لێکسیکی کەرەستە بەکارهاتوەکانی ڕستەکە تیدەگات و لە واتاکەی دڵنیا دەبێت.(پێشگریمانەی لێکسیکی ، بریتییە لە جەختکردن لە واتای لێکسیکی وشەکان بەهۆی ئەم واتایانەوە دەتوانین واتایەکی تر کە نادیارە لە ڕستەکەدا بەدەستبهێنین ، ئەوکردارانەی ئەمجۆرە پێشگریمانەیەی لێبەدەستدێت بریتین لە: سەرکەوتن،هەوڵدان،وەستان،دەستپێکردن،دووبارە( George, Yule,1996:28) واتە بەکارهێنانی فۆرمێك کەواتایەکی لێکسکی لەخۆیدا هەڵگرتووە لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی دەربڕینی واتایەکی شاراوە ، واتە گوێگر لەڕێگەی واتای لێکسیکی وشەکان یان کەرەستەکانەوە دەتوانێت ، پێشگریمانە بۆ ئەو واتایە بکات کە قسەکەر مەبەستی بوە ، (فیچەرە لێکسیکیەکان و پێناسەی واتایی و فەرهەنگیی دیارخەری ئەو گریمانەیەن ، کە کردارەکە بەماتی لەخۆیدا هەڵیگرتون.(**مەحمود،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩ :١١٠)**

هەروەها دەتوانرێت لەم کردارانەش ئەمجۆرە پێشگریمانەیە بەدەستبهێنرێت.

(بوژانەوە،تەواوکردن،بڕییەوە،توانین،وازهێنان،هاتن،ڕۆشتن،جارێکیتر،گەڕانەوە،بەدەستهێنان،لێسەندنەوە، شکستهێنان،جێهێشتن،گەیشتن،وەستان، بەردەوامبون،...)

دەستپێکرنەوە>>کەسێك کە پێشتر کارێکی کردووە ،دواتر وازی لێهێناوە ئێستا دووبارە گەڕاوەتەوە سەر ئەوکارە<<

وازهێنانەوە>>کەسێك کە پێشتر چەند جارێك وازی لە کارەکەی هێناوە و دووبارە چۆتەوە سەری ئێستا دیسانەوە وازی لێهێناوەتەوە<<

دووبارە>>پێشتر کارێکی کردووە ئێستا دووبارەی دەکاتەوە<<

جێهێشتن>>کەسێك شوێنێك بەجێدەهێلێت و لەو شوێنەی پێشتری نامێنێتەوە ، دەستکردنە بە ڕۆشتن<<

گەیشتن>>کەسێك لە شوێنکی ترەوە دێت و لەشوێنە تازەکە دەمێنێتەوە<<

هاتن>>کەسێك لەشوێنێکەوە هاتوە بۆ ئەو شوێنەی ئێستای<<

ڕۆشتن>>کەسێك لە شوێنی خۆی دەڕوات بۆ شوێنێکی تر<<

**٢٥٨-أ-ئەگەر ئاری یارییەکە بەجێبهێلێت،ڕاهێنەرەکەی لێی توڕە دەبێت.**

<<ئاری یاریزانە.

<<ئاری خەریکی یاریکردنە.

بە نەرێکردنیش هەمان پێشگریمانە بەدەستدەهێنرێت.

**ئەگەر ئاری یارییەکە بەجێنەهێلێت،ڕاهێنەرەکەی لێی توڕە دەبێت.**

<<ئاری یاریزانە.

<<ئاری خەریکی یاریکردنە.

هەڵهێنجانی واتا پێشگریمانەکراوەکان لە ڕستەی (٢٥٨)دا ، لە ئەنجامی بونی وشەی (جێهێشتن) لە ڕستەکەدا بەدەستهاتووە.

**٢٥٩-ئەگەر ئەو کارەم بۆ بکەیت،دووبارە سوپاست دەکەم.**

<<پێشتر سوپاسی کردووە.

<<دووبارە سوپاسی دەکاتەوە.

بەکارهێنانی (دووبارە)لە ڕستەکەدا واتای ئەوەیە ، کە پێشتر قسەکەر سوپاسی کردووە.

**٢٦٠-أ-ئەگەر بتوانم سەرپەرشتی کوڕەکە بکەمەوە، پێتاندەلێم.**

<<کوڕێك ئەنجامدەدرێت.

<<توانای بەڕێوەبردنی کۆڕەکەی هەیە.

<<پێشتر سەرپەرشتی هەمان کۆڕی کردووە.

بە نەرێکردنیش هەمان پێشگریمانە بەدەستدەهێنرێت.

**ب-ئەگەر نەتوانم سەرپەرشتی کۆڕەکە بکەمەوە، پێتاندەڵێم.**

<<کۆڕێك ئەنجامدەدرێت.

<<توانای بەڕێوەبردنی کۆڕەکەی هەیە.

<<پێشتر سەرپەرشتی هەمان کۆڕی کردووە.

بەدەستهێنانی ئەو واتایانە لەڕستەی(٢٦٠،أ،ب)دا لە ئەنجامی بونی کرداری (توانین)ە لە ڕستەکەدا.

**٢٦١-ئەگەر ئارین بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، سەرکەوتو دەبێت.**

<<ئارین پێشتر کاری کردووە.

<<ئارین وازی لە کارەکەی هێناوە.

<<ئومێد دەکرێت ، ئارین بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

بونی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٦١)لە ئەنجامی کرداری (بگەڕێتەوە) دروستبووە ، واتە پێشتر کاری کردووە گەر بگەڕێتەوە سەر کارەکەی تێیدا سەرکەوتو دەبێت.

**٢٦٢-گەر کاکی بزانێت کاروان دەستیکردۆتەوە بە جگەرەکێشان، لێی توڕە دەبێت.**

<<کارزان پێشتر جگەرە کێش بوە و وازی لێهێناوە.

<<کاروان دووبارە دەستیکردۆتەوە بە جگەرە کێشان.

هەڵهێنجانی ئەو واتایانە لە ڕستەی (٢٦٢)بۆ بونی کرداری (دەستیکردۆتەوە)دەگەڕێتەوە لە ڕستەکە ، کە واتای دووبارەکردنەوەی ئیشێك یان شتێك دەگەیەنێت.

## ١٣-پێشگریمانەی دروستەیی Strucural Presupposition :

ئەمجۆرە لە پێشگریمانە لە ڕۆنان و ستراکچەری ڕستەکەوە بەدەستدەهێنرێت ، واتە لە پێشگریمانەی دروستەییدا قسەکەر لەڕێگەی ستراکچەری ڕستەکەوە کۆمەڵێك زانیاری به گوێگر دەدات ، ئەو زانیارییانە دەبنە بنەما بۆ هەڵهێنجانی واتای تر لە ڕستەکە .واتە پێشگریمانەی دروستەیی لەڕێی ڕیزکردن و خستنەپاڵ یەکی کەرەستەکانی ڕستەکەوە بەدەستدەهێنرێت(قسەپێکەران دەتوانن ، ئەو ستراکچەر و پێکهاتانە بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی کە هەن لەشێوەی پێشگریمانە لەلایەن گوێگرەوە( George, Yule,1996:28). واتە ستراکچەر و دروستەی جیاواز پێشگریمانەی جیاوازی لێبەدەستدەهێنرێت.

**٢٦٣-ئەگەر لە کار دواکەویت، بەڕێوەبەر دەرتدەکات.**

<<ئەو فەرمانبەرە.

<<ئەو خەریکە لە کارەکەی دوادەکەوێت.

<< لە ئەگەری لەدەستدانی کارەکەی ئاگاداری دەکاتەوە.

دیارە، هەڵهێنجانی ئەم پێشگرمانانە لە ڕستەی(٢٦٣)دا، بەهۆی ستراکچەری ڕستەکەوە دروستبوە. ڕستەکە ڕستەیەکی هەواڵی ئاگادار کردنەوەیە.

**٢٦٤-أ-ئەگەر دەستبەنێکی تری جوانم پێ بدەیت، سوپاستدەکەم.**

<<پێشتر دەستبەنێکی پێدراوە.

<<داوای لێدەکات دەستبەنێکی تری وەك ئەوەی پێشتر جوانی پێ بدات.

**ب-ئەگەر دەستبەنێکی جوانترم پێ بدەیت، سوپاستدەکەم.**

<<پێشتر دەستبەنێکی پێدراوە.

<<دەستبەنەکەی پێشتری جوان نەبووە.

<<داوا دەکات دەستبەنێکی جوانتر لەوەی ئێستای پێبدات.

بەدەستهێنانی ئەو واتا جیاوازانە لە ڕستەی(٢٦٤،أ،ب)دا بەهۆی پاشگری(تر)ەو بەدەستهاتوە ، بەمشێوەیە: لە ڕستەی(٢٦٤،أ)دا (تر)وەك پاشگرێکی دووبارە بونەوە بەکارهاتووە ، کە پێشتر دەستبەنێکی بردووە ، ئێستاش دەستبەنێکی تری دەوێت.

لە ڕستەی(٢٦٤،ب)دا (تر)وەك ئاوەڵناو(پلەی بەراورد) بەکارهاتووە، کە دەستبەنێکی دەوێت کە لەوەی پێشتر جوانتر بێت.

## ١٤-پێشگریمانەی نەرێ Negation Presupposition :

فرێگە جۆرێکی تر لە پێشگریمانە دیاریدەکات ، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی تایبەتەوە لە ڕستەکاندا ، یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەرێکردنەوە واتای نەرێ دەگەیەنن.( Betty, J.Birner,2013 147:)هەندێ لە ڕستە مەرجییەکان جۆرێك لە پێشگریمانەی لێهەڵدەهێنجێنرێت کە نەرێیە، واتە کرداری ڕستە پێشگریمانەکراوەکان نەرێن. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کردارانەوە دەبێت ، کە لە خودی خۆیاندا چەمك و واتای نەرێ دەگەیەنن. لەکاتی پێشگریمانە دانان بۆ ئەو ڕستانەی کە کردارەکانی (کردن، بون،دان،...) تێدایە جۆرێك لە پێشگریمانەی لێبەرهەمدێت کە بە پێشگریمانەی نەرێ ناو دەبرێت. واتە لەکاتی پێشگریمانەکردندا کردارەکان دەبن بە نەرێ. هەروەها پریفێکسی(ب)کە دەچێتە سەر کرداری دانانی ڕستەکە ئەوکات پێشگریمانەکان دەبن بە نەرێ.(بیخوێندبا،بهاتبا،بڕۆشتبا،...)واتە دەکرێت، کردارە ڕابردوەکان پێشگریمانەی نەرێی لێبەدەستبێت ، هەروەهاکرداری ڕانەبردوی کاتی ئێستا و داهاتو ئەو کردارانەی کەبەهۆی ئامرازەکانی نەرێ(نە)نەرێدەکرێن، پێشگریمانەی نەرێیان لێبەدەستدێت.بۆنمونە:(ببێت—نەبێت،بخوێنێت—نەخوێنێت،...).

**٢٦٥-ئەگەر ئاری پارەی هەبوایە، ئۆتۆمبێلەکەی دەکڕی.**

<<ئاری پارەی نییە.

<<ئاری ئۆتۆمبێلی نییە.

بەدەستهێنانی ئەو واتایانە لە ڕستەی(٢٦٥)دا، بۆ بونی کرداری ڕابردوی دانانی(هەبوایە)دەگەڕێتەوە، کە واتای نەبونی ئەو شتە دەگەیەنێت و پێشگریمانەی نەرێی لێبەدەستهاتووە.

**٢٦٦-ئەگەر ژیلا کەسێکی ڕاستگۆ بوایە، خەڵکی خۆشیاندەویست.**

<<ژیلا کەسێکی ڕاستگۆ نییە(درۆزنە).

<<خەڵکی خۆشیان ناوێت.

واتە کرداری ڕستەکان جۆرێك لە پێشگریمانەیان دروستکردووە ، کە نەرێن.

**٢٦٧-ئەگەر یاران کرێی خوێندنەکەی بدابایە،ئێستا لەگەڵمان دەبو.**

<<یاران کرێی خوێندنەکەی نەداوە.

<<یاران لەگەڵیان نییە.

لە ڕستەی(٢٦٧)دا هەڵهینجانی ئەو واتایانە بۆ بونی کرداری ڕابردوی دانانی(بدابایە)دەگەڕێتەوە ، کە لەخۆیدا واتای نەرێی هەڵگرتووە.

**٢٦٨-ئەگەر ئەرین بڕۆشتبایە بۆ خوێندنگە،مامۆستا باوکی بانگ نەدەکرد.**

<<ئەرین نەڕۆشتووە بۆخوێندنگە.

<<مامۆستا باوکی بانگکردووە.

لە ڕستەی(٢٦٨)دا ، بەدەستهێنانی واتاکان بۆ بونی کردرای(بڕۆشتایە)دەگەڕێتەوە، کە چەمکی نەرێ دەگەیەنێت.

هەروەها دەکرێت هەردوو ڕستەکە(ڕستەی سەرەکی+ڕستەی مەر ج)نەرێ بن و ڕستە پێشگریمانەکراوەکانیش نەرێ بن.

**٢٦٩-أ- هەستی تا مۆڵەتی شۆفێری دەرنەهێنێ،باوکی ئۆتۆمبێلی بۆناکڕێت.**

<<هەستی مۆڵەتی شۆفێری نییە.

<<هەستی ئۆتۆمبێلی نییە.

لە ڕستەی(٢٦٩)دا کرداری(دەرنەهێنێ)کە نەرێیەو پێشگریمانەی نەرێشی لێبەدەستهاتووە ، ئەگەر کردارەکە بگۆڕین بۆ ئەرێ دەتوانین ، هەمان پێشگریمانە بەدەستبهێنین.

**ب-ئەگەر هەستی مۆڵەتی شۆفێری دەربهێنێ،باوکی ئۆتۆمبێلی بۆ دەکڕێت.**

<<هەستی مۆڵەتی شۆفێری نییە.

<<هەستی ئۆتۆمبێلی نییە.

**٢٧٠-ئەگەر ئاکاریش بیخوێندبا ،دەبو بە خاوەن بڕوانامە.**

<<ئاکار خوێندنی تەواو نەکردووە.

<<ئاکاربروانامەی نییە.

هەڵهێنجانی واتا پیشگریمانەکراوەکان لە ڕستەی(٢٧٠)دا بۆ بونی کرداری بیخوێندبا دەگەڕێتەوە ، واتە شتێك کە لەڕابردودا بوە و ئەو نەیکردووە بۆیە نەیتوانیوە بڕوانامە بەدەستبهێنێت.

# ئەنجامەکان

١–ڕستەی مەرج لە ڕوی دروستەوە جۆرێکە لە ڕستەی ئاڵۆز ، ئامرازەکانی (کە،ئەگەر،تا،با) لە داڕشتنیدا بەشدارن، بەڵام جۆرێکی تریش لە ڕستەی مەرج هەیە کە وەك ڕستەی لێکدراو دەردەکەوێت ، ئامرازەکانی (ئەگینا،دەنا،ئەگەرنە) لە داڕشتنیدا بەشدارن.

٢–پارتیکڵی(با)بەشداری داڕشتنی ڕستەی مەرجی ئاڵۆز دەکات.ئەم ئامرازە لە ڕوی واتاوە بەرانبەر بە ئامرازەکانی(تا،هەتا،هەتاوەکو،تاوکو)دەوەستێتەوە، گەر ڕستەیەك کردارەکەی ئەرێ بێت و ئامرازی (با) بەشداری تیدا کردبێت لەکاتی گۆڕینی ئامرازی (با)بۆ( تا)و هاوواتاکانی ڕاستەوخۆ کرداری ڕستەکە دەبێت بە نەرێ.

با ئەرین بێت، منیش ڤارینتان لەگەڵ دەنێرم. ⟵ تا ئەرین نەیەت، منیش ڤارینتان لەگەڵ نانێرم.

٣– دەتوانرێت ، زۆربەی ئامرازە مەرجییەکان بە ئامرازی (ئەگەر)بگۆڕدرێن ، بەواتا ئامرازی (ئەگەر)ئامرازی سەرەکی ڕستەی مەرجە لە زمانی کوردیدا. ئامرازەکانی (ئەگینا،دەنا،ئەگەرنە)کە زۆرێك لە زمانەوانان بە ئامرازی گەیەنەر ناویان بردون، ئامرازی گەیەنەر نین،بەڵکو ئامرازی لێکدەرن. زۆرجار ئامرازی (تا)لەگەڵ ئەو ڕستە مەرجیانەدا بەکاردێت کە کرداری ڕستەکە نەرێیە، بەڵام دەکرێت ، لە ڕستە مەرجییە ئەرێیەکانیشدا بەکاربێت ، واتە دەتوانین هەمان ڕستە کە ئامرازی (ئەگەر،گەر،...)تێدایە بەبێ دەستکاریکردنی کرداری ڕستەکە ئامرازەکە بگۆڕین بۆ(تا) ، هەرچەندە پێشتر هەندێ زمانەوان پێیان وابو کە ئەم ئامرازە تەنیا بەشداری داڕشتنی ڕستەی مەرجی نەرێ دەکات.

ئەگەر زیاتر سەرکەیتە سەری، زیاتر توڕە دەبێت. ⟵ تا زیاتر سەرکەیتە سەری،زیاتر توڕە دەبێت.

٤– لە ڕستەی مەرجدا چەند جۆرێك دۆخ هەن ، کە بە کەرەستەکان دەدرێت ئەوانیش(دۆخی نۆمینەتیڤ، دۆخی ئەکیوزەتیڤ، دۆخی داتیڤ، دۆخی دیارخەری، دۆخی ئامانج، دۆخی بانگکردن).ئامرازە گەیەنەرەکان لە ڕستەی مەرجدا ڕێگرن لە پێدانی دۆخی ڕێزمانی بە کەرەستەکانی ڕستەی وەڵامی مەرج.

٥–جۆرەکانی توانست کە ژمارەیان شەش جۆرە یارمەتی قسەکەر دەدەن ، ڕستەی دروست لە هەردوو لایەنی گرامەر و سیمانتیکەوە پێبەرهەم بهێنن ، و لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ ڕستەکان بکەن و بەهۆیەوە دەتوانن ، سەرنج و تێبینییان لەسەر ڕستە و شتەکانی دەوروبەریان ببێت.ئەوانیش:(توانستی کۆمەڵایەتی، توانستی پراگماتیکی، توانستی کەلتور، توانستی پەسنکردن، توانستی تێبینیکردن، توانستی

شیکەرەوەیی).توانستی تێبینیکردن ، لەبواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکاندا پێڕەو دەکرێت ، بەهۆیەوە دەتوانرێت دیاردە زمانییە تایبەتییەکان بدۆزرێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجامبدرێت. بۆنمونە دۆزینەوەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمان بەهۆی ئەم توانستەوە دەزانرێت.

٦-بۆچونی سیمانتیکی لێکدەرەوە لەبارەی واتا جیاوازە ، و ئەمەش وایکردووە کە تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی بۆ سێ قۆناغ دابەش بێت ئەوانیش بریتین لە(تیۆری ستاندارد، تیۆری ستانداردی فراوانکراو، تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو) لە تیۆری ستانداردا ، یاساکانی سیمانتیك تەنیا بە دروستەی قوڵەوە پەیوەستکرابو، و لەم تیۆرەدا DSبەدیاریکەری واتا دادەنرێت و گواستنەوەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی واتا لە دروستەی ڕوکەشدا نابێت، بەڵام لە تیۆری سیمانتیکی فراوانکراودا ، یاساکانی سیمانتیك بە هەردوو ئاستی DSو SSپەیوەستکرا ، و یاساکانی گواستنەوە لەهەندێ باردا گۆڕانکاری بەسەر واتای ڕستە لە دروستەی ڕوکەشدا دەهێنن ، بەڵام لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراودا تەنیا دروستەی ڕوکەش دەستنیشانکەری واتای ڕستەیە ، و DSهیچ کاریگەرییەکی لەسەر واتای ڕستە نابێت.

٧- تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێن ، زیاتر گرنگی بە دروستەی قوڵ داوە لە دەستنیشاکردنی واتای ڕستەدا ، پێی وایە یاساکانی گواستنەوە کاریگەرییان لەسەر واتای ڕستە نابێت ، بەڵکو پێکهاتەی سیمانتیکی لەDS دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی دروست ، و بەپێی بۆچونەکانی ئەم تیۆرە سیمانتیك دەبێتە پێکهاتەی زمانەوانی و لێیەوە دەتوانرێت دروستەی سینتاکسی لێبەرهەم بهێنرێت.هەروەها لەم تیۆرەدا گرنگی بەواتای وشە دەدرێت و لەواتای وشەکانەوە واتای ڕستە بەدەستدەهێنرێت ، ئەمەش بەپێچەوانەی سیمانتیکی لێکدەرەوەییە ، چونکە لەم تیۆرەدا گرنگی بەواتای پێکهاتەی ڕستە دراوە نەك واتای وشەکان.

٨-پێشگریمانەو کەلتور پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە، کەلتور بەیەکێك لە بنەماکانی لێکگەیشتنی پراگماتیکی دادەنرێت، لەناو جۆرەکانی پێشگریمانەدا پێشگریمانەی نەرێکراو زۆرجار لەو ڕستە مەرجییانەدا دێت کە ئەرێن ، بەڵام لە ناوەرۆکدا چەمك و واتای نەرێ دەگەیەنن.

ئەگەر بەباشی پابەندی دەوام و خوێندنەکەت بویتایە،لە تاقیکردنەوەکان دەردەچویت.

<<لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی: کتێب:

١- ئەمین ،وریا عمر،ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،٢٠٠٩،چاپی دووەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

٢-دزەیی ،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤،رێزمانی کوردی،چاپی یەکەم،ناوەندی ئاوێر.

٣- دزەیی ،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤،زمانەوانی دەرونی،چاپی یەکەم،ناوەندی ئاوێر.

٤- دزەیی ،عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤،زانستی پراگماتیك،چاپی دووەم،ناوەندی ئاوێر.

٥- حەمەد مەلازادەیی ،یارا قادر،٢٠١٣،مۆرفۆسینتاکس لەشێوەزاری کۆیەدا،چاپخانەی کەمال،سلێمانی.

٦-سەفەوی،کورش،٢٠٠٦،،چەند لایەنێکی واتاسازی.و.دلێر صادق کانەبی،چاپی یەکەم،دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان.

٧-سەعید ،یوسف شەیف،٢٠٠٩،دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

٨- عەلی ،بەکر عومەر،٢٠١٤،چەند لایەنێکی زمانەوانی نوێ،ناوەندی ئاوێر.

٩- عەلی ،تالیب حوسێن،٢٠٠٩،هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا.

١٠- عەلی ،تالیب حوسێن،٢٠١٤،زانستی زمان و زمانی کوردی.

١١- عەلی ،شێرزاد سەبری،٢٠١٤،پراگماتیك،ئەکادیمیای کوردی.

١٢-فەتاح ،محەمەد مەعروف،١٩٩٠،زمانەوانی،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر.

١٣- قادر ،سەباح ڕەشید،٢٠٠٩،هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەGB لە زمانی کوردیدا.هەولێر.

١٤-قادر ،کاروان عومەر،٢٠١٢،فۆرمی لۆجیکی لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی بینایی،سلێمانی.

١٥-مەحمود ،ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩،پراگماتیکی ڕستەی پرسیاری و فەرمان لە کرمانجی خواروردا،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی.

١٦- محەمەد ،دارا حەمید،٢٠١٠،واتاسازی،چاپخانەی ژیر،سلێمانی،چاپی یەکەم.

١٧- محەمەد ،دارا حەمید،٢٠١٣،هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم.

١٨- محەمەد ،سەڵاح حەوێز،٢٠١٤،پرەنسیپی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا،ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

١٩- محەمەد ،حاتەم ولیا،٢٠٠٩،پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆك.

٢٠- موکریانی ،کوردستان،٢٠٠٤،سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ،چاپی یەکەم،دەزگای ئاراس،هەولێر.

٢١- موکریانی ،کوردستان،١٩٨٤،ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی،هەولێر

٢٢- مەحوی ،محەمەد،٢٠٠١،ڕستەسازی کوردی،زانکۆی سلێمانی.

٢٣- مەحوی ،محەمەد،٢٠٠٦،ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەرۆك وابەستە،زانکۆی سلێمانی.

٢٤- مەحوی ،محەمەد،٢٠٠٩،زانستی هێما واتا و واتالێکدانەوە،بەرگی دووەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٢٥-مەحوی،محەمەد و عومەر ،کاروان، حسەین، شیلان عومەر،٢٠١٠، دروستەی کردار بنەما و دیاردە، ز.سلیمانی.

٢٦-محەمەئەمین ،یوسف نوری،٢٠١٥،ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە،چاپی یەکەم،چاپخانەی نارین،هەولێر.

٢٧-هـ.ج.ویدۆوسن،٢٠٠٨،سەرەتایەك بۆ زمانەوانی،و.د.هۆشەنگ فاروق،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆك.

**نامەی ئەکادیمی:**

٢٨- ئەحمەد،بڕوا ڕەسول،٢٠١١،دۆخ لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکا-کۆیە.

٢٩- ئیبراهیم،بەشدار محەمەد،٢٠١٤،واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، ز.سلێمانی.

٣٠-ئەحمەد،مزگین عەبدولڕەحمان،٢٠٠٦،دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،ز.سەلاحەدین.

٣١–ئەحمەد،مەسعود بەکر،٢٠١٥،دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا،نامەی ماستەر،ز.سەلاحەدین.

٣٢– برزۆ، ئومێد بەرزان،٢٠٠٩،مۆرفۆسینتاکس لەشێوەزاری خانەقیندا،نامەی دکتۆرا،ز.سلێمانی.

٣٣–ڕەشید،لاوین تەحسین،٢٠١٢واتای لۆجیکی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی لۆجیکییە، نامەی ماستەر،ز.سەلاحەدین.

٣٤–سەعید،بێخاڵ عەبدوڵلا،١٩٨٩ ، واتاسازی وشە لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە،نامەی ماستەر ،

ز. سەحەلا حەدین.کۆلێجی ئاداب.

٣٥– شوانی،ڕەفیق محەمەد محێدین،٢٠٠٢،ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا.نامەی دکتۆرا،ز.سلێمانی.

٣٦– حسەین،ئازاد ئەحمەد،٢٠٠٨،سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا،نامەی دکتۆرا. ز.سلێمانی.

٣٧–حم غریب،بەهرە سەلام،٢٠١٦،شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا،نامەی ماستەر، ز.سلێمانی.

٣٨–حمەڕەحیم،عرفان مستەفا،٢٠٠٣،ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا،نامەی ماستەر،ز.سلێمانی.

٣٩–حەسەن،فەرهاد تۆفیق،٢٠١٠،پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،ز.سلێمانی.

٤٠–حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩،کەرەستە بەتاڵەکان لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە،نامەی دکتۆرا، ز.سەلاحەدین.

٤١–حسەین،شیلان عومەر،٢٠١١،پەیوندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا، ز.سلێمانی.

٤٢–حمەکریم،نەریمان حەسەن،٢٠١٥،دروستەی سیمانتیك لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،ز.سلێمانی.

٤٣–عەلی ،ئازاد ڕەمەزان،١٩٩٩،لەیاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرج لەزمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، ز.سەڵاحەدین.

٤٤–عەلی ،بەکر عومەر،١٩٩٢،بەستن و کرتاندن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،ز،سەلاحەدین.

٤٥–عومەر،نەوزاد ئەنوەر،٢٠٠٨،کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،ز.کۆیە.

٤٦–عەبدوڵڵا،مەهاباد کامیل،٢٠١٠،چەند کردەیەکی سینتاکسی لەشێوەزاری هەورامیدا،نامەی دکتۆرا،زسلێمانی.

٤٧–فەرهادی،ساجیدە عەبدڵڵا،٢٠٠٣،ڕستە وپاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی.نامەی دکتۆرا،ز.سەلاحەدین.

٤٨–فەرەج،شاخەوان جەلال،٢٠١١،تابو وەك نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور،نامەی دکتۆرا، ز.سلێمانی.

٤٩– قادر،تارا موحسین،٢٠٠٤،جێناو لێکدانەوەیەکی نوێ لەزمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،ز،سلێمانی.

٥٠– قادر،تارا موحسین،٢٠١١،زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام،نامەی دکتۆرا،ز.سلێمانی.

٥١– کەمال،دیار عەلی،٢٠٠٢،ڕێزمانی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە،نامەی ماستەر، ز.سەلاحەدین.

٥٢– کەمال،دیار عەلی،٢٠٠٩،گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەوە،نامەی دکتۆرا،ز.سەلاحەدین.

٥٣–کەریم،عومەر مەحمود،٢٠٠٩،سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانەی پێشەکییەکان،نامەی دکتۆرا،ز.کۆیە،کۆلێجی زمان.

٥٤– محەمەد،دارا حەمید،٢٠١٢،شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە.نامەی دکتۆرا،ز.سلێمانی.

٥٥–معین،سازان ڕەزا،٢٠٠٥،واتا و دەوروبەر،نامەی ماستەر،ز.سەلاحەدین.

٥٦–مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٠٩،دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا،ز.سلێمانی.

٥٧–محەمەد،فەریدون عەبدول،١٩٩٩،چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی،نامەی ماستەر،ز.سەلاحەدین.

**سەرچاوەکان:بە زمانی عەرەبی:**

٥٨– الشمسان ،أبو أوس ابراهی،١٩٨١،الجمله الشرطية عندالنحاه العرب.

٥٩– رحيم،نعمة،٢٠٠١،مناهج البحث اللغوي بين التراث والمعاصرة،منشورات المجمع العلمي،بغداد.

٦٠–ذهبية،حمود الحاج،السانيت التلفظ و تداولية الخطاب،الطبعةالثانية،دار الامل للطباعة و النشر والتوزيع،المدينةالجيدة،تيوى ورز،٢٠١٢.

٦١– جومسكى،نوام،١٩٩٣،المعرفة اللغوية،طبيعتها و اصولها ترجمة،محو فيتح،دار الفكر العربى،مصر.

٦٢– كمال ،رشيده العلوى،٢٠١٤،النحو التوليدى بعض الاسس النضرية والمنهجيه.

٦٣–على،محمد محمد يونس،٢٠٠٤،مدخل الى السانيات،دار الكتب،ليبيا.

٦٤– عبدالقادر،ماهر،١٩٨٠،محاضرات في المنطق،دار الفكر.

**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:**

65-Abbas Mustafa Abbas,2012, conditional sentence in English and Kurdish, Acontrasitive study,N50.

66-Betty Schrampher Azar,1999,Understanding And Using English Grammar, Third Edition.

67-Betty.J.Binner,2013,introduction to Pragmatics.

68 -Chomsky,Noam,1994,Bar phrase Stracture,MIT,CambrdigeMA.

69-Cohen,L,J,1977,The sementcs of Metaphor.cole and Morgan.

70-David Crystal,2003,A Dictionary of Linguistics&Phonetics,fifth edition.

71-Dawn Archer,Karin Aijmer and Anne Wichmann,2012,Pragmtics.

72-Elizabeth Bates,1996,Language and Context The Acquisition of Pragmatics.

73-Eylfpilp e,2011,Understanding Culture Competence,NewsletterNo.7.

74-Grinder,Gohn.T,1973,Transformational Grammar.Holt,Rinchart and Balk Wimstom,ING.USA.

75- Geoffery Leech,1977,semantics,A division of penguin Books.

76-Geoffery Leech,Benita Cruickhank,Roz Ivannc,2001, A-Z of English Grammar&Uage.

77-George yule,1996,Pragmatics,oxford introduction to language study.

78-George yule,2000,The study of Language,third edition.

79-Jerrold Jikatz and Dternce,1976 , Pragmmatics and Presuposition, linguistics of society of Amrican.

80 –Jacob L.Mey,2001,Pragmatics An Introduction,second edition

81-Jonathan David bobaljik and susi Wrmbrand ,case in GB minimalism,University of conneceticut.

82 -L.G,Alexander,1997,English Gramar,Longman

83-Per silen,Devloping Stratigc Competence In Oral Introctaion English As A foreign Language,2014,Universetiy OF Gothen Burg.

84-Randolph Quirq,Sidney Green baum,1973 AUniversity Grammar of English.

85-R.L.Trask,1993,A Dictionary of Grammatical terms Linguistics.

86-Stephan Gramley&Kurt-Michael patzod,A Survey of Modern English.

87-Stephan C.Levinson,1997,pragmatics,Cambridge University Press.

88-Sidney,Green baum,Rendolph Quirk,1990,Students Grammar of English Language.

89-V.J.Cook and Mark Newson,1996,Chomskys Univrsal Grammar,AN Antroduction,Second edition.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

٩٠– ئەمین ،وریا عومەر،٢٠١٥،دۆخ و ئەرکی بەشەکانی ڕستە،ئەکادیمیای کوردی،ژ٣٤.

٩١– عەلی ،بەکر عومەر، حسەین ، ئازاد ئەحمەد ٢٠١٢،،تێڕوانینێکی نوێ بۆ ڕستەی ئاڵۆز، گ.ز.کۆیە. ٩٢– عەبدوڵڵا، یادگار،پێکهاتەی سەرەکی ڕستەی کوردی،کاروان،ژ٢٣٤.

٩٣–فەخری،نەسرین،١٩٩٩،مەرج و چەمکی مەرج لەڕوانگەی زمانەوە،وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ،ڕامان،ژ٣٦.

٩٤-محەمەد ،فەریدون عەبدول،١٩٩٧ ،کاری ڕانەبردووی ئیلزامی لەڕستەی کوردی خوارودا، زانکۆ،ژ ١.

**مالپەڕەکان:**

-https;//en.m.wikpediaorg/wiki/Gra.

**وانەکانی خوێندنی بالا:**

١-وانەکانی کۆرسەکانی خوێندنی بالا ماستەر،زانکۆی گەرمیان ٢٠١٤- ٢٠١٥ڕستەسازی:د.بەکر عومەر عەلی.

٢-وانەکانی کۆرسەکانی خوێندنی بالا/ماستەر،زانکۆی گەمیان٢٠١٤-٢٠١٥زارەکان:د.فەریدون عەبدول محەمەد.

# ملخص البحث

هذة الرسالة الموسومة ب(بناء الجملة الشرطية في اللغة الكوردية والتحليل الدلالي)،وتتناول دراسة كيفية و اسس بناء الجملة الشرطية و اقسامها،وتحليل الجملة الشرطية تحليللاً دلالياً،حيث تطرق الباحثة الى التحليل السيمانتيكى(الدلالى)و البراگماتيكى التداولي للجملة الشرطية.

واعتمدت الباحثة المنهج الوصفي التحليلي في دراستها،و تميكن اهمية البحث انها اول دراسة للجملة الشرطية تجمع فيهما المستويين اللغوي والدلالي في اللغة الكوردية حسب نظرية التوليدية التحويلية.

وقسمت الباحثة الدراسة الى مقدمة و ثلاثة فصول كالأتي:

الفصل الاول:ويتألف من ثلاثة مباحث:

المبحث الاول خصص لدراسة بناء الجملة الشرطية تعريفاً و مفهوماً.

المبحث الثاني:عرضت فية الباحثة ملخصاً عن النظرية المعتمدة في الدراسة وهى نظرية التوليدية التحويلية لجومسكى و نظرية الحالCase كنظرية اساسية للدراسة.

اما المبحث الثالث:فقد خصص لدراسة نظرية الجملة الشرطية، الجملة الرئيسة والجملة المتابعة حسب انواع الحال .

الفصل الثاني ويتكون من ثلاثة مباحث ايضاً:

البمحث الاول تحليل السيمانتيكي الدلالي للجملة الشرطية حسب نظرية الدلالة التوليدية.

المبحث الثاني و يتناول الكفائة اللغوية و مستوياتها و تحليل الجملة الشرطية حسب تلك المستويات.

المبحث الثالث ويتناول عدة مواضيع منها عرض نظريتي الدلالي(التحليلي)و(الدلالي التوليدي) و دراسة المعنى و العلاقات الدلالية الترابطية.

اما الفصل الثالث فيتكون من مبحثين:

المبحث الاول:يتناول التداولية و نظرية(الفرضية المسبقة)و عرض التراث اللغوي كاحدى اهم اسس الفرضية المسبقة.

المبحث الثاني:عرض انواع الفرضية المسبقة و تحليل الجملة الشرطية حسب تلك الانواع.

وفي الختام عرضت الباحثة اهم النتائج التي توصلت اليها في دراستها،تحقبما قائمة بالمصادر و المراجع التي استفادت منها في دراستها.

**Abstract**

This Study entitled(**Conditional Sentences Structure In Kurdish Language And its Semantic Analysis**),The study covers quantity , rules of making conditional sentences,types of conditional sentences . Basides:the study covers an analysis of meaning and due to this the researcher analyses conditional sentences both semantically and pragmatically.

The researcher used descriptive analytical method for analyzing study,and it is worth mentioning that this is the first study carried out based on both semantic and syntactic filders of linguistic study according to Government and bindingtheory.

The study falls in to:an introduction and three parts:

**Part one** :consists of three section:

Section one is dedicated to the term of conditional sentences with its definition.

Section two:the researcher present here,a summary of Government and Binding theory,case theory as two theories that the whole study is based on.

Sections three:coves parts of conditional sentnces according to the aspectual method.

**Part two**:contains three sentences as well.

Section one:sheds light one the analysis of conditional sentences semantically.

Section two:is about levels of linguistic analysis analyzing conditional sentencesaccordingtothoselevels:

Section three:it covers topics like semantic analysis ,semantic binding and semanticrelations.

**Part Three**:contains two sections:

Section one:is about pragmatics,presupposition,language origin as one of the basicsourcesofpresupposition.

Section two:covers types of presupposition and analyzing conditional sentencesaccordingtothosetypes.

In conclusion:the researcher sheds light one findings of the study with reference to those sources that has been used in the current study and an abstract in both Arabic and English language is presented.

Kurdistan Regional Government/Iraq

Ministry of Higher Educational and Scientific Research

Garmian University

Collage of Education

Department Of Kurdish Language

# Conditional Sentences Structure In Kurdish Language And Its Semantic Analysis

A Thesis (Trifa Mohammed Faraj) Submitted to Collage of Education Council - Garmian University and It is a part of

M.A. Achievement needs In Kurdish Language

Supervised by

Assist.Prof.Dr.Dara Hameed Mohammed

2016AD 2016K